

رۆمان
سژین
ئەنوەر عەباسی
(هەرەس)

# ســـــژیـن

**ئەنوەر عەباسی (هەرەس)**

**رۆمان**

هەموو مافەکانی ئەم بەرهەمە بۆ نووسەر پارێزراوە.

فایلی پی دی ئێفی ئەم ڕۆمانە تەنیا لەبەر خوێنەرانی نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڵاو کراوەتەوە. ئەگەر دانیشتووی باشووری کوردستان یان ولاتانی ئوروپاییت، ئەرکی ئەخلاقیت دەبێ کە لە ڕێگەی کتێبفرۆشییەکان یان لە ڕێگەی ئامازۆنەوە ئەم کتێبە دابین بکەیت.

سژین

بابەت: ڕۆمان

نووسەر: ئەنوەر عەباسی (هەرەس)

دیزانی رووبەرگ: پەپوولە یوسفی

نیگاری کۆتا لاپەڕە: هەستی هیچ

نۆبەی چاپ: چاپی چوارەم

چاپەمەنی: کاف

چاپی یەکەم: سوید ٢٠١٨ – کتاب ئەرزان

چاپی دووهەم: سوید ٢٠٢٠ – کتاب ئەرزان

چاپی سێهەم: هەرێمی کوردستان ٢٠٢١ – مەم و زین

ISBN: 9789188005823

Sijin

Novell

Anwar Abasi (Haras)

edition 2022

KAF book

هیچ شتێک ڕوو نادات، هەموو شتێک ڕۆتینە و ئەمە خۆی گرینگترین ڕووداوە. ئەوانەی کە ڕووداوێکتان بۆ بەرجەستە دەکەنەوە و شاخ و باڵی پێ دەدەن، فریوتان دەدەن. من فریوتان نادەم. هیچ ڕووداوێک لە ئارادا نییە، ڕووداوی سەرەکی، زەمانە!

بە نێو بیرەوەرییەکاندا دەگەڕێم و وەکوو لاپەڕەی ئاڵبۆمی وێنەکان، لاپەڕە لاپەڕە ئەڕۆمە پێشەوە. لە سەر هێندەک لە خەونەکان ڕادەمێنم و بزەیەکم دێتە سەر لێو و چاوم بە یادگارەکان شێدار ئەبێ.

ئەڕۆمە خوارەوە هەتا سیگارێک بکێشم، **سۆفیا** لە پشت پێشخانەکە دانیشتووە. لایەکی ڕوومەتم قورس ئەبێ و ئەمە یانی خەریکە سەیرم ئەکات. سڵاوی لێ ناکەم و ئەڕۆمە دەرەوە. ئەمڕۆ بڕیارم دا کە وەکوو جاران لەگەڵی ڕووخۆش نەبم. هەر وا لاپەڕە هەڵئەدەمەوە، کە بە دەنگی

هەڵکردنی چەرخەکەم کە بۆ داگیرساندی جگەرە لە گیرفانم دەرمهێناوە، دائەچڵەکێم.

هەر کەسێک بە شتێک چێژ لە سیگار وەرئەگرێ. کەس هەیە بە دیتنی دووکەڵەکەی چێژ ئەبا، واتە ئەبێ لە کاتی سیگارکێشاندا و ئەو کاتەی کە دووکەڵەکە ئەداتە دەرەوە، سەیری دووکەڵەکەی بکات و هەرچی دووکەڵی زیاتر بێت، بە لایەوە خۆشترە. کەسی وا هەیە هەر بەوەی کە سیگارەکە لە نێو قامکەکانیدا بێت و بچێت کەیف دەکات و کەسی وایش هەیە بە ئازارێک کە لەگەڵ لێدانی هەر مژێکدا بە قوڕگی ئەگات، چێژ ئەبینێت. ئەمەی کۆتایی کەمێک سەرنجڕاکێشترە، کەسێکم لەبیرە کە وا بوو. هەمیشە وایە. مەودای نێوان لە بیرمان و لە بیرنەمان، پەتێکی ناسکە. سیگارکێشان... ئەم خۆشترین و بێماناترین داهێنانەی مێژوو. ئاهـ بەداخەوەم کە ئەبێ ئەمە وەبیر تۆم بخاتەوە...

.١

کاتژمێر پێنج بۆ شەشی بەیانی، ترمینالی ئازادیی تاران، ئەگەر ناخۆشترین و خەمناکترین شوێن و کاتی دنیا نەبێ، بەدڵنیاییەوە یەکێک لە ناخۆشترینەکانە، بەتایبەت ئەگەر تازە لە شارێکی بچووکی کوردستانەوە بە مەبەستی کارکردن هاتبێتی و هێشتا خەوی لەبارچووی نێو ئوتوبوسەکان[1] لە چاوانتا خوێنی لێ بچۆڕێ.

خەڵک بە چاوی خەواڵوو و دەست و لاقی شلەوە خۆیان دەگەیەننە لای ئوتوبوسەکان و سەرە ئەگرن، مرۆڤ وەبیری فیلمە ترسناکەکان ئەکەوێتەوە. ئەوان "زۆمبییەکان"ن کە تەنانەت پێکەوە قسەیش ناکەن، یەک ڕیتم و شل و وێڵ و مێگەلی ڕێ دەکەن.

[1] - پاس، باس، بۆس!

ئەم دیمەنانە بۆ هیوا تازە نین، پێشتریش هاتووە بۆ تاران. لە ڕاستیدا لە چواردە ساڵییەوە بەردەوام هەموو ساڵێک هاوینان کە خوێندنگاکان دائەخران، بۆ ماوەی سێ مانگ بۆ کار دەهات بۆ تاران و لە ئامێزی ئەفسون و ئازار و خۆشەویستی و نەفرەتی ئەم بووکە هەزار زاوایەدا ئەبوو بە پیاو. هەمیشە پێم وابوو یەکێک لە هۆکارەکانی ئەوەی کە هیوا لە تەمەنی خۆی گەورەتر پیشان ئەدات، هەر ئەم سەفەرانەی تارانی بێت.

زۆر بەپەلە نییە. بەهەرحاڵ کرێکاری شتێک نییە کە مرۆڤ بەتاسەیەوە بێت و هەڵات هەڵاتی بۆ بکات. دەی، ڕەنگە سەردەمانێک وا بووبێت، بەڵام ئێستا دنیا تۆزێ گۆڕاوە، لانی کەم ئەتوانێ ئەم یەکەم ڕۆژی هاتنەی بەدڵی خۆی کەمێک بسووڕێتەوە.

ئەگەر شارەزای تاران بن، بەدڵنیاییەوە ئێستا پێتان وایە کە دەمهەوێ هیوا بەرم بۆ مەیدانی ئازادی. بەڵام بە ویستی من نییە، هەرچەن ئەگەر بە ویستی منیش بووایە، وام نەدەکرد. ئێستا لەمێژە لە فەرهەنگی ئێرانیدا ڕۆیشتن بۆ لای ئازادی، بووە بە شتێکی دێمۆدە و کۆپانە. خۆم زۆرم ڕق لەم وشەیە، مەبەستم وشەی **کۆپانە**یە، ڕەنگە ئێوە هەر نشتانبیستبێ. بەهەرحاڵ، وشەیەکی دێز و نالەبارە، لەو وشانەیە کە هەموو کەس دەتوانێ بەرانبەر بە خەڵک بەکاری بهێنێ بەبێ ئەوەی کە پێویستی بە سەلماندنی بێت. بازنەیەکی بەربڵاوی مانایی لە خۆ دەگرێ و بە شێوەیەکی بێبەزەییانەیش ڕێژەییە و هەڵبەت بەداخەوە بەکارهێنانیشی زۆر ئاسانە. بەڵام لە لایەکی دیکەشەوە ئاسانکاریت بۆ دەکات، واتە بەبێ ئەوەی کە ئاماژەیەکی نەژادپەرەستانە یان دژەژن یان هەرچەشنە سووکایەتییەکی "چینتەوەر"ی تێدا بێت، مەبەستەکە ئەگوازێتەوە، جگە لەوەیش وشەیەکی زۆر کوردییە. خەریک بوو

ئەموت، ئیتر کەمتر خەڵکێک ئەبینی کە بڕۆن و دەست بە کەمەر لە لای "ئازادی" ڕاوەستن و وێنە بگرن. ئەویش کراوە بە شتێکی پیس و دێز و باشتر بڵێم؛ کۆپانە... مەبەستم ڕۆیشتن بەرەو ئازادییە و ڕاوەستان لە لای و وێنەگرتن لەگەڵی.

مەیدانی ئازادی هیوا دەترسێنێ. ئەگەر جارجارەیەکیش بەناچاری دەیدیت، بەبێزارییەوە چاوی دادەخست. چەندەها بیرەوەریی ناخۆش لە نێو ئەم مەیدانەدا پەنگی خواردووەتەوە کە پەردە لادان لە سەریان تەنیا ئەبنە هۆی ئازار. (منیش بەپێی گرێبەستێکی نەنووسراو هەتا "ناخۆشترین هەواڵی دنیا[2]" نەگاتە دەستم، قەت هیچکام لەو بیرەوەرییانە باس ناکەم). ئیتر هیوا بڕیاری دابوو ئەو دوو لاقە چڵکنە درێژە هەر سەیریش نەکات.

جانتاکەی کردەوە شانی و بە جێگای ئەوەی کە بەرەو ئەو شوێنە بڕوات کە چاوەڕێی بوون، ئوتوبوسێکی هەڵبژارد و بەبێ ئەوەی کە بزانێت بۆ کوێ دەڕوات، سواری بوو. من بووایەم، وام نەدەکرد، نەمدیبوو هیوایش کاری وا بکات. بەهەرحاڵ، مرۆڤ کە سۆز و بەڵێنی دا، دەبێ بیباتە سەر. خەڵک نیگەران دەبن، خەڵکیش مرۆڤن... هەڵبەت ئەمەیان ئەبی کەمێک بەپارێزەوە بڵێم. زۆربەی ئەو ڕستانەی کە بارێکی مانایی ئاوا لەخۆ دەگرن، دەکرێ خراپ بەکار ببرێن، وەکوو براون... .

چەندین ئێزگە تێپەڕی، خەڵک سوار دەبوون و دادەبەزین و هیوا هەر وا دانیشتبوو و هیچ شتێک ئەوەندە سەرنجی ڕانەکێشا کە نەیهەوێ لە پشت شووشەوە سەیری بکات. بەنابەدڵی لە ئێزگەیەک دابەزی و

---

[2] – هەواڵێک کە بە هۆی ڕادەی سامناک بوونییەوە، تەنانەت ناوێرم ئاماژەشی پێبکەم.

کەمێک پیاسەی کرد. پارکێکی بچووک دەرکەوت کە گەڵای دارەکانی لە ژێر تیشکی خۆری بەیانی درەوشانەوەیەکی سەیریان بوو.

هیوا ڕۆیشتە نێو پارکەکەوە و لە سەر کورسیەک دانیشت. ئەگەرچی خۆر هەڵاتبوو، بەڵام هێشتا کەمێک سارد بوو و کورسییە ئاسنییەکەش کە بە شەونم تەڕ ببوو، ساردتر. هیوا هەستی کرد کە شتێک کەمە، نەیدەزانی چییە، بەڵام بە لای خۆیەوە بیری کردەوە، ڕەنگە ئەو شتە دەنگ بێت. دەنگەکان ئاسایی نەبوون. "بێدەنگییەکی نائاسایی"... ئەم دوو وشەی یەک دوو جار دووبارە کردەوە. بیری کردەوە کە چەن باشی وتووە؛ "بێدەنگی نائاسایی" و لەم شاکارەی خۆی هەستی بە غرور کرد. دەنگەکان لەو پارکەدا تەنیا بە دەنگی فوارەیەکی بچووکی ئاو و هێندەک بۆڵەبۆڵی دوور کە سەرچاوەکەی دیار نەبوو، کۆتاییان پێ دەهات.

هەستی کرد خەوی دێت. بەهەرحاڵ، تەنیا کەروێشکەخەوێکی یەک دوو ساعەتەی لە نێو ئوتوبوسەکەدا کردبوو، بەڵام بۆ ئاوا بەیەکجاری؟ خۆ تا یەک دەقە پێشتر نەک خەوی نەدەهات، بەڵکوو زۆریش بە وزە و سەرحاڵ بوو. جانتاکەی خستە ئەو سەری کورسییەکەوە کە سەر بکاتە سەری و سەرخەوێک بشکێنێ، بەڵام هەر سەری کردە سەر جانتاکەی دیتی لە پەنجەرەی ماڵێکەوە کە بە سەر پارکەکەدا دەیڕوانی، کەسێک سەیری دەکات. کە کەمێک چاوی ورد کردەوە، پیاوێکی پەنجا شەست ساڵانی دیت کە لە پشت شووشەی پەنجەرەکەوە سەیری دەکرد. ڕەنگە هیوا شەرم گرتی کە هێزی دایە خۆی و ڕاستەوە بوو و هەرچۆنێک بوو لە خەوتن پەشیمان بووەوە.

بە دەردی تارانی دەڵێن، هیوا منداڵی شارستان بوو. ئەم وشەی شارستانە لە زمانی فارسیدا جیاوازیی هەیە لەگەڵ ئەو بەکارهێنانەی

کە خۆمان لە کوردیدا هەمانە. شارستان لە فارسیدا بە یەکەیەکی گەورەتر لە شار و بچووکتر لە پارێزگا دەوترێ. واتە هەر شارستانێک لە کۆمەڵێک شار و شارۆچکە و دێهات پێک هاتووە. هەروەها لە زمانی بازاڕیی خەڵکدا بە هەموو شارەکانی دیکەی ئێران جگە لە تاران، دەوترێ شارستان. بۆیە بەگشتی باری مانایی بچووککردنەوە و تەحقیری هەیە. بە شێوەیەک لە شێوەکان ئەتوانین بڵێین جۆریک ئاپارتایدە بۆ جیاکردنەوەی تارانی لە غەیری تارانی. ڕەنگە ئەگەر کوڕێکی تارانی بووایە و ئەوەندەی هیوا خەوی بهاتبا، شەرمی لە کەس نەدەکرد و خرپ بۆی دەخەوت. بۆ کەسێک کە لە دۆخی هێزدا بێت، دنیا زۆر جیاوازە لەگەڵ کەسێک کە لە دۆخی لاوازیدایە.

لە ڕاستیدا ئەمەوێ ناوێک بۆ ئەم شەرمکردنەی هیوا پەیا بکەم، با ناوی شەرمکردن نەبێ. ئەوەی کە ناتەوێ لە نێو شارێکی غەریبدا یان لە نێو خەڵکی نەناسراودا بکەویتە بەر سەرنج. بە جۆرێک هەوڵدان بۆ هاوڕەنگبوون... یان نا، لانیکەم بۆ ناهاوڕەنگ و زەقنەبوون.

ڕەنگە نموونەی هەرە بەرچاو و پێشڤەچووی ئەم هەڵسوکەوتەم لە **برایم** ـدا دیتبێ. برایم سی ساڵە لە سوێد دەژی و یەکێک لە خووخدەکانی ئەوەیە کە دوای سەعات ١٠ی شەو ئەگەر ئاودەستەکەی پڕیش بێت لە پیسی، سیفوونەکە ناکێشێت. ئەڵێ نەوەک دەنگەکەی بڕوات بۆ دراوسێکان، نەوەک خەوتبێتن.

ئەگەر لێی بپرسی، ڕەنگە زۆریش شانازی بەم هەڵسوکەوتە مرۆڤدۆستانەی خۆیەوە بکات و لەوانەیە وەکوو ئەوەی کە شاخی گای شکاندبێ، لەملاولایش باسی بکات. یان ڕەنگە لە نێو خەیاڵی خۆیدا کاتێک کە لەگەڵ بەرپرسێکی سەرەوەی خۆی یان بەڕێوەبەرەکەی لە سەر کاردا موناقشە دەکەن، ئەوە بەڕووی دا بدات و بڵێ: بزانە، تۆ

سویدیی ڕەسەنی و من کەسێکی ڕۆژهەڵاتی ناوینی کە ئێستا ئیتر بوومەتە سویدی. بەڵام ئایا تۆ بەقەد من شعورت هەیە کە کاتژمێر ١٠ی شەو بەولاوە سیفوونی ئاودەستەکەت نەکێشی، نەوەک دراوسێکانت خەوتبێتن؟

و پاشان سەرخۆش لەوەی کە ئەو موناقشە خەیاڵییەی لە بەڕێوەبەرەکەی خۆی بردووەتەوە، ئەڕوات کە پێش کاتژمێر ١٠ بەزۆریش بووبێت کاری ئاودەستەکەی تەواو بکات. بەڵام هەر کە لە سەر توالێتەکە دادەنیشێت، دەکەوێتەوە بیری کە بەڕێوەبەرەکەی لە ئاپارتماندا ناژی و خانوویەکی ڤیلایی گەورەی هەیە کە نزیکترین دراوسێکەی ٢٠ مەترێک لێوەی دوورە. بۆیە برایم خەوەکەی ئەزڕێت و لە جێگای خۆیدا دادەنیشێت کە بیر لە موناقشەیەکی دیکە بکاتەوە (بەڕاستی شوێنێک هەیە لە ئاودەست خۆشتر بۆ بیرکردنەوە؟) و دوای نیوسەعات کە بە هیچ ئاکامێک نەگەیشتووە و ئەیهەوێ لە سەر کاسەی توالێتەکە هەستێ، ئەکەوێتەوە بیری کە سەعات لە ١٠ لای داوە و هەمدیسان هەمان چیرۆک...

بەڵام لە ڕاستیدا ئەو کارە زیاتر لەوەی کە بۆ ئازارنەدانی جیران بکات، بۆ ئەوەی ئەکات کە وەکوو کەسێکی بیانی، لەوە زیاتر زەق و بەرسەرنج و بەرچاو نەبێت.

یانی ئەگەرچی ئەگەری ئەوەی کە جیرانێکی دەنگی سیفوونەکەی ئەم ببیستێ کەمە (ئەویش ئەگەر خەوتبێت یا نا...)، بەڵام ئەو نایهەوێ ئەم ڕیسکە بکات کە گفتوگۆیەکی ئاوا لە نێوان پیرەژن و پیرەپیاوەکەی نهۆمی خوارەوە ساز بێت:

- ئەرێ خانم، ئەوە دەنگی چی بوو؟

- هیچ، کوڕە ئەو سەرڕەشەی سەرێیە، زۆری خواردووە لە عیسام تەڵەبە بتەقێ.

یان ئەم گفتوگۆیە لە نێوان پیاوە ڕەبەنە شیکپۆشەکەی نهۆمی سەرێ لەگەڵ یەکێک لەو کچانەی کە هەمیشە ئەیانهێنێتەوە و تا بەیانی جیرەی تەختە نوێنەکەیان دێت:

- ...ئەو سەرڕەشەی هاوسێمانە...
- ئەم سەرڕەشە پیسانە هەمیشە گوویان دێت.
- گووی کردە شەوەکەمانەوە، تازە ئەمویست بڵێم ڕاوەستە با کەمێک بیخەمە دواوە... .

ئای... نا بەدڵنیاییەوە نایهەوێ ئەم گفتوگۆیە ساز بێت، بەتایبەت کە لەوانەیە سبەی لە نێو ئاسانسۆرەکەدا تووشیان بێت و ناچار بێت چەن خولەکێک ئەو نیگا قورسانەیان تەحەمول بکات.

هیوا هەستا و دەستی دایە جانتاکەی. هەمیشە عادەتی وا بوو کە ئەگەر زۆر حەزی بکردایەت لە شوێنێک بمێنێتەوە، لە خۆی وەگوومان دەکەوت. بۆیە  هەستا و بەرەو درگای پارکەکە وەڕێ کەوت.

**.٢**

لە پەنجەرەی ژوورەکەوە سەیرێکی دەرەوەی کرد و دیسان وەکوو چەندین جاری پێشوو سەیری کاتژمێرەکەی دەستی کردەوە و لە بەرخۆیەوە ورتەیەکی لێ وەهات. بەپێی شێوازی ژیانی، بایەخی زۆری بە کات دەدا. هەمیشە هەموو شت دەبوو لە کاتی خۆیدا ئەنجام بدرێت. هەموو شتێک دەبوو لە کاتی خۆیدا لە جێگای خۆیدا بێت. کاتێک کە بە هەر هۆکارێک ئەم ڕێکییە تێک دەچوو، هەستی بە نائارامی دەکرد. ئەم هەستە بۆ ئەو، بە مانای ئەگەری هەبوونی مەترسی بوو. کاتێک کە

سەرە تێک ئەچێت، ئاوەڵایی دەکەوێتە مەترسییەوە. ئەمە ڕەنگە وەکوو دژیەکییەک بێتە پێشچاو، بەڵام وا نییە. ڕاستییەکە کە مرۆڤ تەنیا بە تێپەڕینی تەمەن، پێی دەگات.

هەڵمەت لە نێو ناسنامەدا ناوی **محەمەد** بوو، باپیرەی کە پیاوێکی زۆر دیندار بوو، ئەم ناوەی بەگوێیدا دابوو. بەڵام پاش ئەوەی کە لە ژێر کاریگەریی سیستەمی پەروەردەی حکومەتی و جەوی باوی کۆمەڵگایەک کە هەمان سیستمی پەروەردە و میدیاکان بەدییان هێنابوو، لە پانزە ساڵانەوە بڕوای بەوە هێنا کە ئێران باشترین وڵاتە و ئارییایبوون شانازییە و عەرەب پەست و بێقیمەتن، بە هاوڕێکانی وتبوو: لەمە بەدوا پێم بڵێن داریوش. دوای یەک دوو ساڵ کە بە هۆی خزمێکیانەوە سەری کردە کتێب خوێندن و لەگەڵ سۆسیالیزم ئاشنا بوو و هێندەک چاوی کراوە، بە نێو کەسانی دیاری سۆسیالیستی ئێرانی و کورد و جیهاندا گەڕا کە ناوی یەکێکییان بۆ خۆی هەڵبژێرێت، بەڵام خۆ نەدەکرا ناوی مارکس و ئێنگلز و شتی وا بێت، لە نێو فارسەکانیشدا ئەوەی سۆسیالیست بوو، ناوی عەرەبی هەبوون کە ئەویش نەدەکرا، چونکا هێشتا ڕەگێکی دژی عەرەبی تێدا مابوو. لە نێو کوردەکانیشدا کەسی هەرە دیار و خۆشناو و شۆڕشگێڕ **کاک فواد** بوو، کە ئەویش ناوەکەی عەرەبی بوو. هەتا ڕۆژێکیان تووشی ناوی **شەهید ئارام** بوو. **ئارام** زۆر باش بوو. ئەمجار ئەیوت بە ئارام بانگم بکەن. دوایی کە زانی لە نێو فارساندا ئارام ناوی کچە، هێندەک لە ناوەکەی پەشیمان بووەوە، چونکا زۆری پێوەندیی لەگەڵ فارسان هەبوو، بەڵام هیچ بیانوویەکی نەبوو کە بیگۆڕێ. تەمەنیشی کەمێک تێپەڕیبوو و خەڵکێکی زۆر بەو ناوە دەیانناسی، بۆیە ئەگەر ئەمجار ناوی بگۆڕیبایە، دەبوو زۆر وشیار بێت، چونکا ئەمە دوایین جارە کە ئەو کارە دەکات. هەروەها بەهەرحاڵ، بۆ گۆڕینی دوبارەی ناوەکەی دەبوو ویژدانی ئاسوودە با. یەک دوو

ساڵ دوای ئەوە کە کەمێک مێشکی زیاتر کراوە و پێگەیشت، بڕوای تەواوی بەوە هێنا کە کوردستان وڵاتێکی داگیرکراوە و دەبێ ڕزگار و سەربەخۆ بێت. ئەگەرچی هێشتا خۆی بە چەپ دادەنا، بەڵام هەستە نەتەوەییەکەشی بەهێز بوو و ناوی ئارام جگە لەو کێشەیەی کە باسمان کرد، زۆر ناسک و هێدی و نەرمونیان بوو و بۆ کەسێکی وەکوو ئەو نەدەبوو. هەر بۆیە دوای گەڕانێکی پڕ لە واسواس، ئەمجار ناوی **هەڵمەت** ی بۆ خۆی هەڵبژارد. سەرنجڕاکێش بوو، لە کوردیدا شۆڕشگێڕانەیە و فارسەکانیش وەبیر **هاملێت** ئەخاتەوە. تازە بەدڵنیاییەوە هەموو کەس لێی دەپرسن کە ناوەکەی بە چ مانایە و ئەویش ئەتوانێ بۆیان شی بکاتەوە کە چونکا کورد نەتەوەیەکی شۆڕشگێڕن، ناوەکانیشیان ئەو ئێلێمانانەی تێدایە. نمونەی وەکوو سەنگەر و نەبەز و دلێر و هێرش و شۆڕش-یان بۆ دێنێتەوە و بەئاسانی نیوکاتژمێرێک ئەبێ بە تاکە قسەکەر.

نازانن چەندە خۆشە مرۆڤ مانای ناوەکەی خۆی بۆ خەڵکانێک لە نەتەوە و زمانەکانی دیکە شی بکاتەوە، بەتایبەت کە ناوەکەت ناوێک بێت کە خۆت هەڵتبژاردبێت و بەتەواوی لێی ڕازی بیت. ئەوەندەی سەرنجم دابێ، ئەم هەستە لە نێو کورددا زۆر بەهێزترە لە نەتەوەکانی دەوروپشتی.

نەتەوەیەک کە ناسنامەکەیان لێی دزیوە، هەمیشە لە دەرفەت دەگەڕێ کە گوێیەک بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی کە باسی ناسنامەی دزراوی خۆی بۆ بکات و ئەمە لە بەشی ناوشیاری مێشکی تاکی کورددا جێگیر بووە. هاوکێشەکە ئاوای لێ دێت: ئەگەر ناوێکی کوردیت هەیە، کەواتە ڕیساڵەتێکت پێ سپێردراوە.

لە هاڵەکەدا بە یەک ئاڕاستەدا خێرا خێرا دەهات و دەچوو، بەڵام تووڕە نەبوو، نائارام بوو.

هاڵێکی بچووک و جەموجۆر و ڕێکوپێک بوو. مێزێکی کار کە لە تازە دەچوو و کورسییەکی گەورەی تەگەرداری چەرمی لە پشت بوو و دو مۆبلی قاوەیی چەرمیش کە ئەگەرچی کەمێک کۆنە دیار بوون، بەڵام هێشتا بایی ئەوەندەیان تێدا بوو کە پێیان بڵێی نەرم و خۆش، لە پێش مێزەکە دانرابوون کە مێزێکی بچووکیش لە نێوەڕاستیاندا بوو. لای ڕاستی مێزی کارەکە پەنجەرەیەکی گەورە بوو کە لە نهۆمی سێهەمەوە دەیڕوانیە دەرەوە و بە پەردەیەکی تۆڕیی سپی داپۆشرابوو. لەوپەڕی هاڵەکە و بەرانبەر مێزی کار، کتێبخانەیەکی بچووکی دیواری خۆی دەنواند و لە دەستی ڕاستی ئەوەوە و لەو شوێنەی کە کتێبخانەکە تەواو دەبوو، ڕێڕەوێکی تەنگ کە لە نێوەڕاستیدا ئاودەست و حەمام بوو و لە کۆتاییدا دەگەشتە ژوورێکی نووستن، دیار بوو. موکێتێکی ئەستووری بەنەوشیی سادە لە عەرز ڕاخرابوو، کە سووچاوسووچ لە دیوارەکان توند ببوو. بە یەک چاولێکردن دەکرا بزانی تەنیا شتێک کە لەمماڵەدا گرینگیی پێ نەدراوە، تەبابوونی ڕەنگەکانە بەیەکەوە، قاوەیی و سپی و بەنەوش و چەندین ڕەنگی ناتەبای دیکە. هەڵبەت ئەمە زیاتر لەوەی کە لەبەر تایبەتمەندییە کەسییەکانی هەڵمەت بێت، لەبەر ئەوە بوو کە لە هەرزانبازاڕەکاندا هەر ئەوانەی دەست کەوتبوو و کڕیبووی.

**.٣**

هیوا هێشتا زۆر لە پارکەکە دوور نەکەوتبووەوە کە هەستی کرد ئیتر خەوی نایە، ئەگەرچی چاوی لەبەر بێخەوی ئەیکزاندەوە.

کەم کەم تاران خەریک بوو ڕووخساری جوانی خۆی پیشان ئەدا. تاوی بەیانی باڵی بە سەر قەرەباڵغی و هەراسانی شاردا کێشابوو و ئەم کۆرپە چڵێس و چەتوونەی ژێر کردبووەوە. هەرچەن هیوا کەم کەم خەریک بوو بە خۆی بڵێ: "ئیتر خەریکە بێتام ژیر و بێدەنگ ئەبێ!" هێندەک فشاری هێنا بۆ مێشکی، هەتا بزانێ ئێستا لە کوێی تارانە، بەڵام بێسوود بوو. لە جادەیەکی باریکەوە بەرەو خوار شۆڕ بووەوە. ئەیویست هێندەک بە نێو کۆڵاناندا بگەڕێ. ڕەنگە ئەم ناوچەیەی تارانی پێشتریش دیتبێت. ئاشنا بوو بۆی، بەڵام تارانە ئیدی، قەت فێری هەمووی نابی. لەم شارەدا هەمیشە ئەو شوێنەی کە هەست ئەکەی پێشتر دیوتە، دوای چەن دەقەیەک لێت ئەبێ بە جەنگەڵە ئەستەمەکانی ئەمازۆنەوە (بە هەر مانا).

نیوسەعاتێک زیاتر بە پێیان ڕۆیی، هەتا بە شوێنێک گەیشت کە هەستی ئەکرد ئیتر لە نێو ماڵ و کۆڵاناندایە. عادەتی وا بوو کە بۆ هەر شارێک یان هەر ناوچەیەکی تاران چووبا، کۆڵانگەڕییەکی تێروتەسەلی دەکرد. وەکوو خۆی ئەیوت، حەزی دەکرد لە ڕۆحی شارەکان تێبگات و ڕۆحی شارەکان لە نێو ماڵەکان و کۆڵانەکاندایە. لە شێوەی کۆڵانێک ئەتوانی پەی بە زۆر شت بەری. شێوەی ماڵەکان چۆنن؟ دیوارەکانیان چەن بەرزن؟ ئەگەر ئاپارتمانن، چەند نهۆمن؟ و شێوەی پەنجەرەکان چۆنە؟ دەنگی منداڵان لە نێو کۆڵانەکان دێت یان نا؟ منداڵەکان پێکەوە **تۆپێن** دەکەن یان **شەشخان** یان **حەوت سەنگ** و **ئیستۆپ هەوا**، یان ڕەنگە **مێشێن**؟ مۆدێلی ماشێنەکان و چرپی دارەکان و دەنگی جریوەی چۆلەکە و قەڵەوی و لەڕیی پشیلەکانی کۆڵان و زۆر تایبەتمەندیتر کە کۆڵان و ناوچە و شارێکی لە کۆڵان و ناوچە و شارەکانی دیکە جیاواز دەکرد.

ئەگەر هەڵمەت بووایە، زۆری حەز ئەکرد لەگەڵ هیوا یەک دوو کاتژمێرێک بە نێو ئەم کۆڵانانەدا پیاسە بکات. ئەگەرچی ئەویش وەکوو هیوا زۆربەی کات حەزی لەوەیە کە بەتەنیا ئەو کارە بکات، بەڵام هۆکارەکانی ئەو بۆ کۆڵانگەڕی کەمێک جیاوازن لە هی هیوا. هیوا چێژی لەوە وەردەگرت کە لە ڕووی ڕواڵەتی کەسەکان و شتەکانەوە لە مێشکی خۆیدا شیمانە ساز بکات و بەو شیمانانە مەتەڵ دروست بکات و خۆیشی مەتەڵەکە هەڵبێنێ و دوایی گومان بکاتە وەڵامەکەی خۆیشی و یەک دوو وەڵامی تر بداتەوە و ئینجا وەڵامەکان پێکەوە هەڵسەنگێنێ و بەم بیرکردنەوە خۆی ماندوو بکات. بەڵام هەڵمەت نا، ئەو زیاتر بۆ چاوکان ئەگەڕێ. چاوکانی پشت پەنجەرە. چاوەکان لە پشت پەنجەرەکانەوە ئیمکانی ئەوەت پێ ئەدەن کە بۆ ماوەیەکی کەمیش بێت بچیتە سەر تەختەی شانۆ. ئەتخاتەوە بیری ئەوەی کە چەن ئەکتەرێکی باشی. چاوەکانی پشت پەنجەرە ئەڵێی چاوەکانی خودان. سەیرت ئەکەن کە بە پیاسە بە کۆڵانێکی ئەودا دەڕۆی و تۆ ئەتوانی بە جوانترین شێوازێک کە ئەیتوانی و ئەیزانی، پیاسە بکەی. ئاخر چاوەکانی خودا خەریکن سەیرت ئەکەن.

هەردوو هۆکار لە کۆتاییدا یەک ئەنجامی هەیە، بەلاڕێبردنی مێشک لە ژیانی ڕۆژانە، لە ژانی تێگەیشتن لە بۆشیی ژیان. لە "بیرکردنەوە"ی کوشندە و ڕەها و لە خوراندنی ئەو برینانەی کە لە ناخی مرۆڤدان و ڕەنگە باشتر بێت کە لێیان گەڕێین، هەتا تێپەڕینی کات و گۆڕینی شوێن سارێژییان بکات، بە لەبیربردنەوە... بە جێگۆڕکێ.

هەڵمەت و هیوا هەردووکیان ئاگاداری ئەم تایبەتمەندییانەی یەکترین و زۆر جار جێگۆڕکێی پێ دەکەن. واتە ڕەنگە ڕۆژێک هەڵمەت بەدەم پیاسەکردنەوە و بیهەوێ وەکوو هیوا لە ڕووی ڕواڵەتی کەسەکانەوە

بۆ خۆی شیمانە و پرسیار ساز بکات، یان هیوا بیهەوێ وەکوو هەڵمەت لەبەر چاوەکانی خودادا پیاسە بکات، ئەمە لە کاتێکدایە کە هیچکامیان پێیان وا نییە کە ئەوەندە بۆ ئەوەی تریان گرینگایەتیی هەبێت کە تەنانەت بیریشی لێ بکاتەوە.

بە درێژایی پیاسەکردنی بە نێو ئەو کۆڵانانەدا، هیوا نەیتوانی مەتەڵێک بۆ خۆی ساز بکات، بەڵام هەستی دەکرد ڕۆحی ئەو چەن کۆڵانەی زۆر چاک ناسیوە. تەنیایی و پیری؛ ئەم دوو وشە ڕۆحی ئەو کۆڵانانەیان پێک دەهێنا. ماڵەکان بەدەگمەن یەک یان دوو نهۆم بوون، زۆربەیان بەرز و ئاپارتمانی. کۆن کە نا، بەڵام هەتا ئاستی نەخۆشی چڵکن و بۆر بوون. پەنجەرەکان، بەڵام بە شێوەیەکی سەرسووڕهێنەر خاوێن دەیاننواند. زۆربەی ماڵەکان لە پشت پەنجەرەکانیان گوڵیان دانابوو، ئەگەرچی هیوا گومانی هەبوو کە گوڵی سروشتی بن.

بەقەد یەک دوو دیوارەوە بە سپرای ڕەش و سوور بە فارسی شت نووسرابوو، بەڵام کەسێک هاتبوو بۆ ئەوەی کە ڕەشیان کاتەوە بە هەمان ئەو ڕەنگانە نووسراوەکەی تێک دابوو. نەک ڕەشییان بکاتەوە، بەڵکوو پیتەکانی تێک دابوو. هیوا یەکێکیانی بۆ نەخوێندرایەوە، بەڵام ئەوی دیکە کە سوورەکەیان بوو و ڕاست لە سەر دیواری بەرانبەر دەرگای ماڵێکی دوو نهۆمیی کۆندا نوسرابوو، ئاوای لێ هاتبوو: "لە شارێدا دوایین خەونیچکەم با تێ ئەکەم." بە ڕەنگێکی سوور کە کەمێک جیاوازیی هەبوو، تێک درابوو. هیوا کەمێک لێی ڕاما و بۆی دەرکەوت کە یەکەم جار پێش ئەوەی کە تێک بدرێت، نووسرابوو: "سارا ئاخیری ئەتدرم."

شتێک لەم ڕستەیەدا هیوای ختیلک دا و ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە بگەڕێتەوە و دیسان سەیرێکی نووسراوە ڕەشەکە بکاتەوە. بەدڵنیاییەوە

نەیدەتوانی بڵێ یەکەم جار چی نووسرابوو، بەڵام توانیی نووسراوە تێکدراوەکە کە زۆر خێچوخوار بوو، بخوێنێتەوە: "لە سەر سنوورەکان سێوێکی بەنەوش هەرام دەکا." دیارە زۆر هەوڵ درابوو کە ڕستەکە مانایەک پەیدا بکات، بۆیە زۆر خواروخێچ ببوو.

شتێکی سەیر کە زۆر سەرنجی هیوای ڕائەکێشا، ئەوە بوو کە لە هەموو ئەو کۆڵانانەدا یەک منداڵیش نەبوو کە خەریکی کایەکردن بێت یان لە بەردەرگا دانیشتبێت یان هاتوچۆ بکات. خەریک بوو بیری لەوە دەکردەوە کە بۆ ئەو بابەتە مەتەڵێک بۆ خۆی دروست بکات، کە یەک بە خۆی داچڵەکا. مرۆڤەکان...

تەزوویەکی سارد بە تەوقی سەریدا هات و بە نێوشانیدا گەڕا. سەری داخست و بەدەم ڕێگاوە لە بەرخۆیەوە وتی: یەک بەشەری لێ نییە. سەرەتا بیری لەو ڕستەیە کردەوە کە بە دەمیدا هات و پاش چەن چرکە لە قووڵایی کارەساتی حەشاردراوی نێو ئەو ڕستەیە کە وەک بڵێی خۆی نەیوتبێ، تێگەیشت. کەمێکی تر کە ڕۆیشت، ئاستێکی بەرزتری کارەساتەکە لە پێشچاوەکانیدا سەری هەڵدا. ئەمجار ترسی تەنیایی و چۆڵبوونی ئەو هەموو کۆڵانەی لەبیر چووەوە و دیسانەوە ئەو ڕستەیەی وتەوە با دڵنیا بێت: یەک بەشەری لێ نییە... یەک بەشەری لێ نییە... یەک بەشەری... ئەو قسەی دەکرد، بەڵام دەنگ نەدەهات. بەپەشۆکاوییەوە دەستی بۆ دەم و لێوی برد. هەموو شتێک لە جێی خۆیدا بوو، بەڵام دەنگ نەدەهات. هەوڵی دا پێش بە پەشۆکانی خۆی بگرێت. بیری کردەوە... نا. دوایین جار کە دەنگی هەناسەی خۆی و دەنگی پێڵاوەکانی لە سەر عەرز بیستبێ، لانی کەم هی پێش هاتنە نێو یەکەم کۆڵان بوو. بیری کردەوە، کەواتە ئەبێ گوێچکەی کێشەی پەیدا

کردبێ. بەبێ دەستپارێزی، به لەپی دەستی بە گوێچکەی خۆیدا دا... هیچ! دووبارە و سێبارە... دیسان و دیسان...

بەنائومێدییەوە لە بەرخۆیەوە وتی: نا، هی گوێم نییە. کابرا کەڕیش بێت، ئاوا بە گوێیدا بدەی، هەر گمەگم و هووژەهووژێک، شتێک دەبیستێ. ئەوەندە توند بە گوێی خۆیدا دابوو، کە سەری وەژان کەوت. باشە، لانی کەم ئەمە نیشانی ئەدا کە زیندووە. دیسان هەوڵی دا خۆی هێور و مەنتقی ڕابگرێ. سەیرێکی دەورووپشتی کرد. هەوڵی دا مێشکی بەوە ڕابێنێت کە لەو بێدەنگییە موتڵەقەدا، توانای بڕیاردانی تووشی کێشە نەبێت. پێویست بوو زیاتر سەری بەملاولادا بسووڕێنێت، کە چاوی بتوانێت تا ڕادەیەک نەبوونی گوێ قەرەبوو بکاتەوە.

**٤.**

مۆبایلەکەی هەڵمەت زەنگی خوارد. وەک عادەتی هەمیشەیی، لێ گەڕا کە چەن زەنگێک بخوا. تەنانەت بڕیاری دا کە وەڵامی نەداتەوە، با بۆ جارێکی تر تەمبێ بێت و ئاوا بێبەڵێنی نەکات. وای دەزانی هیوایە، بەڵام باش بوو سەیرێکی مۆبایلەکەی کرد، هیوا نەبوو، "ئیلهام" بوو، وەڵامی دایەوە.

ئەو کاتانە لە ڕستۆرانێک کاری دەکرد، کە لەگەڵ ئیلهام ئاشنا بوو. لەگەڵ هاوڕێیەکی زۆر بەڕێکەوت بەویدا تێدەپەڕین و برسێتی هێنابوویانی، دەنا موشتەری هەمیشەیی ڕستۆرانەکە نەبوون. ئیلهام خۆی بەمەی دەوت "شکۆی هەڵکەوت".

**ئیلهام** لەو کچانە بوو کە هەڵمەت حەزی ئەکرد هەمیشە یەکێکی ئاوا دۆستی بێت، بەقەد پێویست جوان، نە کورتەباڵا و نە کەڵەگەت، جەستەیەکی ژنانەی بەقەد پێویست خۆش فۆڕم و لە هەمووی گرینگتر،

هەمیشە ئامادەی پشتگیری و پشتڕاستکردنەوەی هەموو شتێکی هەڵمەت.

نەک ساویلکە بێت یان توانای بیرکردنەوەی نەبێت، نا، بەڵام مێشکیشی وەکوو جەستەی شلک و وەک قسەکردنی نەرمونیانە. پێی باشترە کە بە جێگای ئەوەی خۆی بە بیرکردنەوە لە شتی قوڵ و قۆڕی وەکوو سیاسەت و فەلسەفە و هونەرەوە خەریک بکات، متمانە بە هەڵمەت بکات کە بە جێگای ئەویش بیر لەم شتانە بکاتەوە و ئەم لە هەموو شوێنێک و هەموو کاتێکدا تەنیا پشتگیری بکات. بەهەرحاڵ، هیچکام لەم بابەتانە بۆ ئەو شتێکی جدی نەبوون. نا، لانی کەم بەقەد هەڵمەت. هەڵمەت جدیترین و گرینگترین ڕووداو و بابەتی ژیانی بوو. جگە لە هەموو ئەمانەش، تایبەتمەندییەکی دیکەیشی بوو کە بۆ هەڵمەت زۆر گرینگ بوو؛ قەت پێویست نەبوو بۆ ئەوەی کە دڵی نەیەشێت، درۆی بۆ بکەی.

بۆیە تەلەفۆنی کردبوو، ئەیویست بزانێت کە هەڵمەت ئەمڕۆ کاتی هەیە بەیەکەوە بڕۆنە دەرەوە یان نا؟ کە دوانیوەڕۆ لەگەڵ هاوڕێکانیدا دەیانەوێ بڕۆن بۆ پیشانگایەکی شێوەکاری و ئەگەر ئەتوانێت، حەز دەکات ئەویشی لەگەڵدا بێت. "ئاخر تۆ زۆر سەرت لەو شتانە دەرئەچێت..."

هەڵمەت پێویست نەبوو زۆر بیر بکاتەوە. بەهەرحاڵ، هیوا هەتا ئەوکات هەر دەگەیشتە بەرەوە، بەڵام بۆ ئەوەی کە بەڵێنی نەدابێ، وتی: هەوڵ ئەدەم بێم. ئەگەر نەمتوانی و نەهاتم، پێش کاتژمێر چوار تەلەفونت بۆ ئەکەم، پێت ئەڵێم.

هەر ئەوەندە. ئەیتر پێویستی نەکرد پێی بڵێ بۆچی و چیرۆکی هیوای بۆ بگێڕێتەوە و شێر و ڕێوی بێنێتەوە. ئەمە بەڕاستی بۆ هەڵمەتی بە

ماران گەزراو گرینگ بوو. هەڵمەت ناوی نابوو "تاکە دەرفەتی درۆنەکردن".

هەڵبەت ئەمەی بە لای خۆیەوە نەدەوت. ئەزمونەکانی پێشتری پێی سەلماندبوو کە وتنی هەر شتێک، خراپکردنی ئەو شتەیە. دەیوت، کۆمەڵێک شت هەیە کە وتنەکەیان کێشەیان نییە، بەڵام بە مەرجێک کە بە ئەناز و بەجێ بێت. وەکوو دەربڕینی یەکلایەنەی خۆشەویستی کە وتنەکەی، بەرانبەرەکەت دڵنیا ئەکاتەوە و نزیکیی زیاتر دروست دەکات، بەڵام زۆر وتنی تۆ و کەم وتنی ئەو، بچووکت دەکاتەوە و ئەبێتە هۆی ئەوەی کە بە دەستی خۆت بەرد لە تای تەرازووی خۆتەوە بخەیتە نێو تای تەرازووی ئەوەوە و کاتێک ئەزانی ئەوەندە خۆت سووک کردووە کە بەرانبەرەکەت تەنانەت ئەگەر بیشیهەوێ (کە زۆربەی کات نایهەوێ)، ناتوانێ بەردت بۆ بخاتەوە نێو تای تەرازووەکەتەوە. بەڵام کۆمەڵێک شت هەیە کە وتنییان هەتا ئەبەد بڤەیە، تەنانەت ئەگەر دۆستەکەت یان هاوسەرەکەت پیر بوو و لە گیانەڵایشدا بوو، نابێ پێی بڵێی، لەبەر هەردووکتان.

هەڵمەت سووڕێکی تری بە نێو ژوورەکەدا لێدا و لە سەر مێزەکەی چاوی بەو کتێبە کەوتەوە کە دایینابوو ئەگەر هیوا هات، چاوی پێ بکەوێت. بە خۆی وت: سەرەڕای هەموو شتێک، هەڵمەت مرۆڤێکی پاک و بێغەش بوو.

**٥.**

من بۆ چەن ساتێک ئەیهێنمە پێشچاوی خۆم کە هیوا لە چ دۆخێکدایە. بێدەنگیی موتڵەق، هیچی لە تاریکیی موتڵەق کەمتر نییە. تەنانەت تاریکیی موتڵەق لەبەر ئەوەی کە مرۆڤ ئاسانتر ئەتوانێت ئەزموونی بکات،

هێندەک ئاساییتر ئەنوێنێ. تەنیا پێویستی بە ژوورێکی بێ ڕۆچن و داخراو هەیە. بەڵام بێدەنگیی موتڵەق لەو شێوەیەی کە بەسەر هیوادا هاتووە، تا ئەو جێگایەی کە دەیزانی، تەنیا دەکرا لە بۆشایی ئاسماندا کە ملوکولەکانی هەوا بوونییان نییە، ڕوو بدات کە ئەویش دیسان ئەگەر و مەگەری زۆرە. واتە تەنانەت لە ناوشیاریی مێژوویی مێشکی بەشەریشدا، ئەم ڕووداوە پێشینەی نەبووە. مرۆڤ بە درێژایی مێژوو لەگەڵ تاریکیی موتڵەقدا ئاشنایەتیی هەبووە، بەڵام بێدەنگیی لەم چەشنە نا. بۆیە شانازی بە هیواوە دەکەم کە ئاوا بەبێ خۆدۆڕاندن، خەریکە دۆخەکە بۆ خۆی شرۆڤە دەکات و هەوڵ ئەدات لە دەرەوەی خۆیەوە سەیری بابەتەکە بکات.

یەکەم شتێک کە بە مێشکی هیوا دەگات، ئەوەیە کە خۆی بگەیەنێتە نەخۆشخانەیەک. بەڵام لە کوێوە؟ بیری لەوە کردەوە کە ئەم کۆڵانانە دیار نییە دەگەنە کوێ، بۆیە بڕیاری دا بە ڕێگای خۆیدا بگەڕێتەوە سەر جادە، ئەو جادە سەرەکییەی کە لێوەی هاتبوو. دەسکەکانی جانتاکەی کردە هەردووک شانی و وەکوو مەستێک کە هەوڵ ئەدا بەبێ لەتردان بە ڕێگادا بڕوات، بە ڕێی خۆیدا گەڕاوە. بەڵام هێشتا زۆر نەڕۆشتبوو، کە هەستی کرد ئەمە ئەو ڕێگایە نییە کە لێوەی هاتبوو. دوو سێ جار گەڕاوە و ڕێگای گۆڕی، بەڵام لە کۆتاییدا بەو ئاکامە گەیشت کە بێسوودە. بۆیە هیچ ڕێگایەکی بۆ نەماوە، مەگەر ئەوەی کە متمانە بە هەستەکانی بکات. ڕێگایەکی لە کۆڵانێکدا گرتە بەر و هەوڵی دا کە هەتا ئەتوانێت، ڕاست بڕوات و بە دەوری خۆیدا نەسووڕێتەوە. زۆری پێنەچوو کە دوای بڕینی چەن کۆڵان، هەستی کرد لەوسەری کۆڵانەکە ماڵ و ئاپارتمان کۆتاییان پێ دێت. شەقاوەکانی خێراتر کرد. ئارەقەی کردبوو و هەناسەی خەریک بوو سوار دەبوو، ئەمجار دڵنیا بوو کۆتایی کۆڵانەکە بە دەرگایەکی بچووکی پارکێک دەگەیشت. پارکەکە بچووک

بوو، لەمسەرەوە دەیتوانی ببینێت کە لەوبەری پارکەکە ئۆتۆمبێل دێن و دەچن. کەمێک هاتەوە سەرخۆی. لە ئاوی بەر فوارەیەک دەست و دەموچاوی شۆرد و بەرەو ئەوسەری پارکەکە وەڕێ کەوت. هێشتا هەر دەنگی هیچی نەدەبیست. بیری لە فوارەکە دەکردوە، "فوارە کە دەنگی نەبێ، هیچ شکۆیەکی نییە." ئەم ڕەستەیە هێندە بە لایەوە جوان هات کە ئەگەر لە دۆخێکی تردا بووایە، بەدڵنیاییەوە لە شوێنێکا دەینووسی با لەبیری نەچێتەوە و دوایی لە نێو شیعرێکدا بەکاری دەهێنا. "مەگەر شیعر چییە؟ جگە لەم شارستانە کە ئاوێنەی حەقیقەتێکن، کە قەت نییە." بەڵام نا، ئەم دۆخە دۆخی یادداشت نوسین نییە. منیش هەزاران ڕستەی لەوە جوانترم لەکیس چووە، هاوڕێ گیان. "کات خۆ هەدا نادا..."

پارکەکە وا دیار بوو کەسی تێدا نییە، تەنیا کاتێک کە گەیشتە نزیک دەرگای ئەوسەری پارک، کەسێکی دیت کە لە سەر کورسییەک خەوتبوو. چوار پێنج هەنگاو زیاتر لە کورسییەکە دوور نەکەوتبووەوە کەناکاو وەستا، وەک سەهۆڵاویان کردبێتە پشت ملی. یەکبەخۆی هەردووک شانی کۆ کردەوە و تا لای گوێچکەی بەرزی کردنەوە. نەیدەوێرا سەیری کورسییەکە و ئەو کەسە بکات کە لە سەری خەوتبوو. ڕووی بۆ لای کورسییەکە وەرگێڕا و دوو سێ جار بەخێرایی چاوێکی لە خەوتووەکە کرد. لە کۆتاییدا توانیی بە سەر ترسەکەیدا زاڵ بێت و جوان سەیری خەوتووەکە بکات. بێگومان خۆی بوو، هەمان جلوبەرگ و پێڵاو و هەمان جانتا و چاو و برۆ... .

هەتا ئێستا قەت ئاوا خۆی نەدیبوو. یانی باش باش دەیزانی کە خۆیەتی، بەڵام قەت پێی وا نەبوو کە خۆی ئاوا بێت. لەوەی کە بیری دەکردەوە، جوان چاکتر بوو. ئەم دیتنە وەکوو دیتنی ناو ئاوێنە نەبوو. لە دیتنی

ناو ئاوێنەدا من و وێنەکەم هەردووکمان 'من'ین، بەڵام لەم دۆخەدا کە بۆ هیوا هاتووەتە پێش، هیوا خۆی 'من'ـە و ئەوی تر 'تۆ'یە.

چەن جارێک بانگی کرد: ئەهەی... هۆی هەڵسە، بزانم... تۆ کێیت؟

بەدڵنیاییەوە، هیوا ئەرخەیان بوو لەوەی کە ئەوەی دەیبینێ خۆیەتی، دەنا ئاوا بەبێزارییەوە بانگی نەدەکرد. دەستی برد و یەک دوو جار ڕایوەشاند و دیسانەوە بانگی کرد: لەگەڵ تۆم نییە؟ ئەهای!

خۆی دەنگی خۆی نەدەبیست، کەواتە سەیر نەبوو ئەگەر ئەوی دیکەیش دەنگی نەبیستێ، بۆیە هەموو غیرەت و جەربەزەی خۆی کۆ کردەوە و هەتا هێزی تیا بوو چەپۆکێکی بە سەر و گوێلاکی خەوتووەکەدا دا.

هیوا یەکبەخۆی هەڵبەزییەوە. چاوی کردەوە و دیتی لە سەر کورسییەک دانیشتووە. گوێی دێشا، دەنگەکان گەڕابوونەوە، دەنگی هاڕە و هاژەی هاتووچۆی ماشێن، دەنگی فوارەکە و خوڕەی ئاو، دەنگی ئەو منداڵانەی کە نەیانیدیبوو، بەڵام زۆر بەگەرمی خەریکی کایەکردن بوون. هیوا بۆ ساتێک لە دەنگەکاندا نوقم بوو. ئەو هەموو دەنگە ئەتوت بە سەر دەستەوە گرتوویانە و بەرەو شوێنێکی نادیاری ئەبەن. هەستا و بەشڵەژاوی سەیرێکی دەوروپشتی خۆی کرد، جگە لەو منداڵانەی کە کەمێک دوورتر کایەیان دەکرد، کەسی لێ نەبوو. هێشتا دەموچاوی تەڕ بوو و ئەمە پتر لە هەموو شتێک ئەیترساند. تەنانەت ڕێگای ئەوەی لێ گیرابوو کە بە خۆی بڵێ: هیچ نییە، خەوت دیوە. بۆ یەک چرکە ئاواتی خواست بریا کەسێک ببووایە و قسەی لەگەڵ بکردایە. مۆبایلەکەی کوژابووەوە، شارژی نەمابوو. بیری کردەوە لە دوکانێ شتێ بیدا لە

شارژ و تەلەفۆن بۆ هەڵمەت بکات، بەڵام ئەژنۆشی هێزی تێدا نەبوو هەنگاو هەڵبێنێ، دانیشتەوە.

ئای هیوا، هیوا... ئێستا کاتی ئەوە نییە خۆت بدۆڕینی، ناتوانم ئاوات ببینم!

بە خۆی وت هەتا ٥٣ ئەبژێرم، (٥٣؟) هەستی دەکرد نابێ لەوە زیاتر لەوێ دابنیشێ. بەڵام دەبوو دەرفەتێک بە خۆی بدات. دەستی پێ کرد: یەک، دوو، سێ... لەگەڵ ژماردن، بیری لەو قسانە دەکردەوە کە دەیانتوانی ورەی پێ بدەن. سروودێکی وەبیر هاتەوە کە هی سەردەمی پێش لەدایکبوونیشی بوو. بەڵام هەر لە منداڵییەوە پێی ڕاهاتبوو و خۆشی دەویست: "ئەی پێشمەرگەی قارەمان/ ئەی گیانفیدای کوردستان/ پارتیزانی باشەرەف/ برای ئارپیجی لە شان..." هەر وا کە دەیبژارد، لە زەمینەی مێشکیدا ئەم سروودە دەنگی دەداوە...

"ئەی گیان فیدای... پارتیزانی باشەرەف... ئارپیجی لە شان..."

کەم کەم ژماردنەکەی لێ تێک چوو، نەیدەتوانی هەم بژمێرێ و هەم ئەو سروودە لە بەرخۆیەوە بڵێتەوە. خەریک بوو واز لە ژماردن بهێنێ، کە بیری کردەوە ئیتر بەسە و هەستی کرد دەتوانێ هەڵسێ، بەڵام دیسانەوە لە لوتکەی کارەساتدا مێشکی مژوڵییەتێکی نوێی دۆزیبووەوە: بۆ سروودێکی حەماسی ئەبێ فریام بکەوێ؟ جیاوازیی نێوان ئەم سروودوتنەی من و دۆعاکردنی موسوڵمانێک چییە؟ هەڵسا کە بەدەم ڕێگاوە زیاتر بیری لێ بکاتەوە.

"مرۆڤ بەپێی ڕیساڵەتی دیاریکراوی خۆی بۆ خۆی، مێشکی گەڵاڵە ئەکا، تەنانەت ڕەنگە بەبێ ئەوەی کە بیهەوێ. جیاوازیی زۆریش هەیە لە نێوان کەسێک کە دۆعا ئەکات و کەسێک کە بە سروودێک ورەی

وەبەر دێت. یەکەمیان داوای یارمەتی لە دەرەوەی خۆتە و دوهەمیان "بەیانی باش" وتنە بە مێشک کە لە خەو هەستێت."

لە مێشکی خۆیدا لەگەڵ کەسێکی خەیاڵیدا مشتومڕی دەکرد، بۆ چەن خولەکێک لەبیری چووەوە کە هەر ئێستا لە گێژاوێکی وا ئەستەم ڕزگاری بووە. بەڵام شتێک کە زۆرتر ئازاری ئەدا، ئەوە بوو کە ئەو کەسەی وا لە مێشکی خۆیدا موناقشەی لەگەڵ دەکرد، وەکوو ئاو وا بوو، یان باشترە بڵێم وەکوو هەوا وا بوو. خێرا دەگونجا و دەگۆڕا و هەردەم بە چەشنێک دەرئەکەوت. هەر ئەو کەسەی کە ئێستا لێی پرسیبوو کە بۆ ئەبێ لە بێدەنگی بترسیت، دوایی پێی دەوت کە ترس شتێکی ئاساییە و مرۆڤ ناوکی بە ترس بڕاوە. بزۆزییەکی سەیری تێدا بوو. نەرمی و بزۆزی و شەپۆلانێکی هەبوو کە هیوا جارجار سام دەیگرت.

**یەکەم بیرەوەریی ناوەخت:**

یەکێک لە یەکەمەکان... . خێرا لە سەر مێزەکەم هەڵئەستم و دێمە دەرەوەی بینای زانکۆ و لە حەوشە بە قەد دیوارەکاندا بۆ پێڕستی ناوەکان دەگەڕێم. بۆ ژمارەی کورسییەک ئەگەڕێم کە لە هۆڵی تاقیکردنەوە، یەک کورسی لە نێوانماندایە. ئەو کورسییەی کە ئەوی لە سەر دانیشتووە. ئەو کچە... . ئەمەوێ لە سەر پێڕستی ناوەکان بزانم ناوی چییە؟

٤٩: ...

٥٠: ...

٥١: ...

٥٢: ...

٥٣: ک...

کاف؟ ناوی کاف بوو؟

## ٦.

ئەتوانم بیهێنمە پێشچاوی خۆم. ئیلهامی زرپ و زیندوو و شلومل و دڵڕفێن. بەتازەیی ئاغای کەریمی تەلەفۆنی بۆ باوکی کردبوو و وتبووی: "ئیشەڵا ڕۆژی جومعە بۆ کارێکی خێر لەگەڵ بنەماڵە دەگەینە خزمەتتان." ئاغای کەریمی، جیرانی بەرانبەریان بوو. نەک ڕاست بەرانبەر، بەڵام بەنیسبەت بەرانبەر دەهاتە ئەژمار کە کوڕێکی زۆر قیت و قۆز و جوان چاکی بوو و بەو جۆرەی کە ئیلهام تێگەشتبوو، ئەیانویست ئیلهامی بۆ بخوازن. تەواوی کچانی هاوڕێی ئیلهام ئەو کوڕەیان دەناسی و بەئاواتیەوە بوون. کوڕێکی بێدەنگ و هەرا کە لە ماوەی چەندین ساڵ جیرانەتییاندا، قەت نەیبیستبوو یان نەیدیبوو کە پێوەندیی لەگەڵ کچێک هەبێ (ئەبێ بڵێم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەمە پێوەرێکی گرینگە بۆ هەڵسەنگاندنی ڕەوشتی مرۆڤەکان)، یان جیرانێک باسی کردەوەیەکی نەشیاوی بکات. لە ڕاستیدا ئیلهام بەتەما نییە شووی پێ بکات. خۆشەویستییەک کە بۆ هەڵمەتی هەیە لەڕادەبەدەرە (من بڕوای پێ دەکەم)، بەڵام دەیهەوێ هەڵمەت ببینێت و پێی بڵێ بەتەمای شووکردنە و ئەبێ زۆر بە هێمنی و بێدەنگ کۆتایی بە پێوەندییەکەیان بهێنن، بەشکوو بەو شێوەیە هەڵمەت ناچار بکات کە بێتە خوازبێنییەوە.

بەهەرحاڵ، هەڵمەت بەتەمای ژنهێنان نەبوو و ئەگەرچی ئیلهام زۆری خۆش دەویست، بەڵام ئەوەیشی دەزانی کە لەو کۆمەڵگایەدا هەر ئەبێ ڕۆژێک شوو بکات. عەقڵی سەلیم پێی دەوت کە دەرفەتێکی وەکوو

کوڕی ئاغای کەریمی لەدەست نەدات، بەڵام کاتێک کە خۆشەویستی باڵی بەسەر مرۆڤدا کێشا، ئیتر هیچ شتێک ناتوانێ پێشی پێ بگرێت. (دەی وا دەڵێن)

لەماڵەوە بوو کە تەلەفۆنی بۆ هەڵمەت کرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەی کە دڵنیا نەبوو هەڵمەت دێت یان نایەت، لە ماڵ وەدەرکەوت. سترێسی زۆر بوو و دیوارەکانی ماڵەوە تەنیا زایەڵەی سترێسەکەیان بۆ دەگەڕاندەوە و چەن بەرانبەریان دەکرد. دوای ئەوەی کە هیچ شوێنێکی ئەوتۆی پێ شک نەهات کە کەمێک کاتی تێدا بەسەر بەرێ، خۆی گەیاندە نزیکترین کتێبخانەی شار و ڕۆیشتە ژوورەوە و دانەیەک لەو کتێبە مانگنامانە کە لە هۆڵی سەرەکی لە بەردەست دایدەنێن و کەس نایخوێنێتەوە و خودا خودایانە کەسێک لێیان بدزێ و لەکۆڵییان بکاتەوەی لە سەر ڕەفەکە هەڵگرت. ناوەکەی هیچ گرینگ نەبوو. ڕۆیشتە هۆڵی کتێبخوێندنەوە و لە پشت مێزێک دانیشت، بەڵام نەیدەتوانی مێشکی کۆ بکاتەوە، تەرکیزی بۆ نەدەکرا. هەر وا کە سەری لە سەر کتێبەکە بوو، لە دڵی خۆیدا لەگەڵ هەڵمەت موناقشەی دەکرد.

نا، ئەو نەیدەتوانی...

هەتا ئێستا یەک جاریش هەوڵی نەداوە شتێک بە هەڵمەت بسەلمێنێ. قەت لە سەر هیچ شتێک لە بەرانبەریدا ڕانەوەستاوە. ماوەیەکی زۆرە هاوڕێن، بەڵام قەت تەنانەت شەڕێکی بچووکیشیان پێکەوە نەکردووە. خێرا خێرا لاپەڕەی لێدەدا، بەبێ ئەوەی بیخوێنێتەوە. وشەکانی وەکوو مێروولەکانی نێو شارەمێرولەیەک دەدیت، جارجار وشەیەکی بۆ دەخوێندرایەوە، بەڵام هەر ئەو کاتە بوو کە لەبیری دەکرد... هەر وا خێرا خێرا لاپەڕەکانی دەهێنا و دەبرد.

"ئاخ هەڵمەت، بۆ نامهێنی!"

ئەمەی بە دەنگی بەرز وت. چەن کەسێک لە دەوروبەری کە گوێیان لێ بوو، سەرەتا بەسەرسوڕمانەوە سەیرێکیان کرد و پاشان بەبزەوە سەریان داخست. کوڕێک لەوسەرەوە دەنگی هەڵێنا : "هەملێت خۆی ئۆفیلیای هەیە، بۆ تۆ نابێ بە شوو، وەرە خۆم ئەتهێنم."

کتێبخانەکە یەکبەخۆی بە دەنگی پێکەنین تەقییەوە. چەن چرکەیەک کتێبخانە بە حەواوە بوو، بەڵام هەر کە بەرپرسە نێوچاوتاڵەکەی کتێبخانە هات، هەموو بێدەنگ بوون و ئیلهام کە خۆیشی پێکەنین گرتبووی، کتێبی هەر وا لە سەر مێزەکەی جێ هێشت و بەئارامی لە هۆڵی کتێبخوێندنەوە هاتە دەرەوە. پێش ئەوەی کە یەکسەر لە کتێبخانە بێتە دەرەوە، لە ئاوساردکەرەوەی هۆڵی سەرەکی، ئاوێکی ساردیشی خواردەوە.

پەلەکردنی دەویست؟ نا، پەلەکردن بەسە، لەوە زیاتر ئەبێ بە هەڵهاتن. ئێستا ئیتر پەلەکردن تایبەتمەندیی خۆی لەدەست ئەدات و ڕەنگی هەڵهاتن بە خۆی دەگرێت. کاتێک کە لە شتێک هەڵدێیت، ئەگەر زۆر زۆر سەرکەوتوو بیت، تازە ئەبێ لەگەڵ جێگای بەتاڵی ئەو بابەتەی کە لێی هەڵهاتووی، ڕووبەڕوو بیتەوە، بەڵام ئیلهام ئەتوت ئەم ڕووداوە بووەتە هۆی ئەوەی کە کەمێک کێشەکەی خۆی لەبیر بکات. نا، "لەبیرکردن" هەموو بابەتەکە نییە، سترێسە تراژیکەکەی جێگای خۆیداوە بە شەرمێکی کۆمیک، پەلە ناکات بۆ ئەوەی کە بتوانێت درێژە بەم جێگۆڕکێ پیرۆزە بدات. وەکوو شۆفیرێک کە بەتازەیی شەڕێکی کردووە و هێشتا تووڕەیە و زۆر خێرا ئەڕوات کە لە کایەی فەزا-زەماندا شتێک لەبیر بکات.

نا، لەبیرکردن ناوئاخنی ئەو شتە نییە کە ڕوو دەدات، لە ڕاستیدا جێگۆڕکێیە، ئەیهەوێ جێگای شتێک لەگەڵ شتێکی دیکە بگۆڕێت. جێگۆڕکێ لە نێوان دوو ترس یان دوو خەم یان دوو نیگەرانی یان دوو دانە لە هەر شتێک، کە مرۆڤ پێی وایە باری دووهەمدانەیان سووکترە. ئەوەی یەکەم، شتێکە کە ڕەنگە بەڕاستی گرینگیش نەبێت، بەڵام مێشک هەر دەیهێنێت و دەیبا و تەنیا بە جێگۆڕکێیە کە چارەسەر ئەکرێت. شۆفیرەکەمان خێرا دەڕوا کە غەریزە جێگای بیرکردنەوە بگرێتەوە، بەڵام کاتێک کە ئەکەوێتە مەترسییەوە، هێندەک هێواشی ئەکاتەوە و کاتێک ئەگاتە شوێنی مەبەست خێرا دانابەزێت. ئیتر خێرایی کاری خۆی کردووە، لەوە زیاتر پەلەکردن ئەبێ بە هەڵهاتن. ئێستا نۆبەی هێورییە، نابێ چێژی جێگۆڕکێ بە خێرا دابەزین خراپ بکەی. ئاخر لە دەرەوە داڵغەی جێگۆڕکێپێکراو، هێشتا لە نێو هەودا دێت و دەچێ.

بەیەکجاری گوێت بەتاڵ ئەبێ لەو دەنگە کە وەکوو شەپۆلێک هەڵتیگرتبوو، کەم کەم کەم کەم... ئیتر ئەبێ دابەزێ.

بەراوردی دوو نموونەی کتێبخانە، چوونی ئیلهام و شۆفیرییەکەم زۆر بەدڵە. هەردووکیان بەخێرایی مەترسییان بۆ سەر خۆیان ساز کرد. ئیلهام بوو بە گاڵتەجاڕی هەمووان و شۆفیرەکە یان یەک دوو جار لە مەرگ گەڕاوەتەوە، یان یەک دوو جار غەرامە کراوە یان یەک دوو جنێوی پێ دراوە (ئەم دانەی کۆتایی ڕەنگە لە یەک و دوو زیاتر بووبێت). هەردووکیان تێچوویەکیان دا. من ناوی دەنێم "تێچووی خۆ بە غەریزە سپاردن". تێچوویەک کە ئەگەر نەتکوژێت، بەهێزترت ئەکات.

ئەمە ئەو کارەیە کە برایمێک کە نزیکەی سی ساڵە لە پێتەختی سوێد ئەژی، قەت نایکات. پێموانەبێ قەت لە سەر خێرا ڕۆشتن لە ستۆکهۆڵم

یان دەوروبەری غەرامە کرابێ. پێشم وا نییە قەت بیری لەوە کردبێتەوە کەمێک درەنگتر لە ماشینەکەی دابەزێ.

ئەو ئەتوانێ یەک دوو کاتژمێر لە سەر یەک قسەت بۆ بکات و پاساو بۆ ئەوە بهێنێتەوە کە بۆچی وا ناکات، تەنانەت ئەتوانێ پێوەندیی نهێنیی نێوان هەمزە و عەباس[3] بۆ ئەم مەبەستە ئاشکرا بکات. بەڵام لە کۆتاییدا مەبەستی ئەوەیە کە ئەم دوو ڕستەیە بڵێت: ئاخر بۆ ئەبێ وا بکەم؟ کاتێک کە مرۆڤ ئەتوانێ ئەوەندە دەستەمۆ و پێشبینیکراو بێت، بۆ وا نەبێت؟

وەبیری ئەو گفتوگۆیە کەوتمەوە کە لەم ڕۆژانەیا لەگەڵ ئاوات هەمبوو (ئێوە ایناسن، ڕاستییەکەی زۆریش حەز ناکەم باسی بکەم، دەنا لەوانەشە ئەگەر کەمێک بیناسێنم، خراپ نەبێ). لە ڕاستیدا ئاوات لەگەڵ کەسێکی تردا قسەی دەکرد، بەڵام ڕووی قسەکەی لە من بوو. ئاخر لە چەن ڕۆژی ڕابردوودا چەندین جار بەگوێیمدا دابوو کە تۆ زۆر ساف و سادە و بێغەلوغەشی. ئەویش ئەیوت وایش نییە، سپاس... یان ئەیوت ئیتر من ئاوام و... هەتا ئەو ڕۆژە کە کەسێکی تر باسی هاوڕێیەکی خۆی دەکرد کە چەندە بێغەلوغەش و بێفێڵە و هەمیشە کڵاوی دەچێتە سەر و خەڵک بە گەمژەی دەزانن و... ئاواتیش وەک بڵێی دەرفەتە، یەک بە خۆی بە پێکەنینێکی "من دەزانم و تۆ نازانی"، بە جۆرێک کە منیش بیبیستم، وتی: دەی بۆ وا نەبێ؟ بۆ ئەبێ فێڵباز و دووڕوو بێت؟

دیارە ئاوات لە قسەکانی من وا تێگەشتبوو کە من بە ساویلکەی دەزانم (نەیشارمەوە زۆریش بەهەڵە لێم تێنەگەیشتبوو)، بەڵام نەیدەتوانی لە بەرانبەر قسەکەی مندا کە زۆر بەنەرمونیانی و وەکوو پیاهەڵگوتن پێم

[3] هەژار ئەڵێ: لە هەمزە چیی داوە عەباس...

وتبوو هەڵویست بنوێنێ. بۆیە کە دەرفەتی بۆ هەڵکەوت، لەکیسی نەدا و وتارێکی تێروتەسەلی پێشکەشی دار کرد، کە بەڵێ دیوار لەگەڵ تۆمە.

ئەو کاتە بوو کە من دیتم کێشەی من لەگەڵ مرۆڤی وا، ئەو شتە نییە کە بەیانی ئەکەم. واتە کێشەی من لەگەڵ ئاواتدا سادە بوون و بێغەلوغەش بوونی نییە، تەنانەت ساویلکەبوونیشی نییە. ئەم وشانە، ئەم سفەتانە تەنیا کۆدێکن بۆ بەیانی ئەو شتەی کە مەبەستمە. واتە من تەواوەتی کێشەکەم لە مێشکی خۆمدا وەرگێر و داگێڕ کردووە و بە سێ وشەی  ساف و سادە و بێغەلوغەش گەیشتووم و پاشان بەبێ ئەوەی کە ئاوات ئاگای لەم وەرگێڕ و داگێڕە بێت، ئەو سێ وشەیە دەنێمە بەردەمی. ڕەنگە چاوەڕوانییەکی زۆرم هەیە لە دەوروبەرییەکانم، بەڵام دەی ئەوانیش ئەبێ تا ئێستا زانیبێتیان کورتبێژی چەندە بۆ من گرینگە. خۆ من ناتوانم بڕۆم بڵێم: ئاوات گیان، کەسێک کە لە بەرانبەر بنەماڵە و کەسوکار و هاوڕێیدا هەست بە بەرپرسیارێتی بکات، کەمێک زیاتر ئاگای لە خۆی ئەبێت و خۆی کۆ دەکاتەوە و هەست بە ئێش و ئازاری ئەم و ئەو دەکات و لە سەر حسابی ئەوان خۆی ناکات بە "کوڕە ساف و سادە و بێغەلوغەشەکە" و بۆ نموونە؛ بە جلی وەرزشیی ئارەقاوییەوە ناچێ بۆ شایی هاوڕێی ژنەکەی(من دەزانم ژنەکەی چیی کێشا ئەو ڕۆژە).

لە باسی برایمیشدا، بۆ من کێشەی برایم لە ڕاستیدا ئەوە نییە کە بۆچی یاساشکێنی ناکات یان بۆچی بەخێرایی ماشین لێناخوڕێت و لە سزا ئەترسێت. مەبەستی من زیاتر ڕەنگە ئەو "نەمان"ـە بێت. نەمانی ڕۆحی بەرەنگاری و کاردانەوەی دروست لە هەڵسوکەوت لەگەڵ دەرەوەی خۆیدا.

بەدڵنیاییەوە بە بەراورد لەگەڵ ئاوات، برایم لە قۆناغێکی پێشکەوتووتردایە. بەو واتایە کە، ئەمە بایەخە مرۆڤییەکان (بە دروشم یان بە کردەوە) نین کە کردارەکانی ئەو دیاری دەکەن، بەڵکوو ئەمە ئەو خۆبەکەمزانی و ترسی لە پێشچاوبوونەیە کە هەموو ژیانی ئەوی ماشینیزە کردووە و تەنانەت توانای جارجار خۆ بە غەریزە سپاردن و توڕەبوونیشی لێ سەندووە و هەوڵ نادات کە جێگۆڕکێ بە ئازارەکانیشی بکات. ئەی چێژ؟

.٧

خەریک بوو کەم کەم درەنگ دەبوو. هەڵمەت کتێبەکەی کردبووەوە، بەڵام هەر لەو لاپەڕەدا ڕاوەستابوو کە ناوی کتێبەکەی بە گەورە دووبارە تێیدا نووسرابوو.

کتێبەکانیش وەکوو مرۆڤەکان حەزیان لەوەیە، کە لەبارەی ناوەکەیانەوە لەگەڵ خوێنەراندا قسە بکەن. لە ڕاستیدا هەموو هەوڵی یەکدانە کتێب بۆ ئەوەیە، کە ناوەکەی خۆی شرۆڤە بکات. هەر وا سەیری کتێبەکەی دەکرد، بیری هیچ لای خۆی نەبوو. نەک نیگەرانی هیوا بێت، نا، بەڵام مێشکی پڕ ببوو لە کۆمەڵێک شت کە هیچ پێوەندییەکی بە زەمانەوە نەبوو یان ئەگەر پێوەندییەکی بوو، پێوەندییەکی شڵەژاو بوو. تەلەفۆنەکەی زەنگی خوارد. پێچەوانەی جاری پێشوو، ئەمجار بەپەلە و بێ ئەوەی کە سەیری بکات بزانێت کێیە، هەڵیگرت. دەنگی هیوا بوو. پێی وت کە مۆبایلەکەی لە خۆیەوە باتری بەتاڵ کردووە و کوژاوەتەوە و تازە دەستی بە شوێنێک گەشتووە کە لە کارەبای بدات و وتی کە زۆر باش نییە و تەنانەت دڵنیاش نییە کە لە کوێیە. هەڵمەت پێی وت تاکسییەک بگرێت و تەلەفۆنەکەی بدا بە دەست شۆفیرەکەوە هەتا پێ بڵێت بۆ کوێی بهێنێ.

نیوسەعات دواتر، هیوا لە نێو تاکسیدا بوو. هەڵبەت تاکسی تاکسی کە نا، سواری ماشێنێکی شەخسی بوو کە مسافرکێشیی دەکرد. ئەم ماشێنە شەخسییانە بەگشتی هەرزانتر دەکەوتن و نازونووزی تاکسیشیان نەبوو.

پێی سەیر بوو هەڵمەت کە جاران لە سەر تمەنێک چەقەی چناکەی دەهات، چۆن ئەمجارە لە سەر کرێی کابرا موناقشەی نەکرد!

هیوا بە شۆفیرەکەی وت، ئەگەر مسافری دیکەش لە نێو ڕێگادا تووشی هات کە ڕێگاکەی بەوانی دەخوارد سواری بکات، بەڵام ئەو وتی کە ماندووە و زۆر تاقەتی نییە و ئەیهەوێ کەمێک خێرا بڕواتەوە پشوویەک بدات.

پشوو... هیوا هەستی کرد کە چەندین کاتژمێرە بۆ ئەم وشەیە دەگەڕێت، لە بەرخۆیەوە وتی: ئەرێ پشوو، شۆفیرەکە وتی چی؟

- هیچ، هیچ لەگەڵ خۆم بووم.
- ئا زۆر باشە. بە دووکەڵی سیگار عاجز نابی؟ قەینا سیگارێک بکێشم؟
- نا نا ئاسوودە بە! ئەگەر هەتە، یەکێکیش بدە بە من.
- ئەی بە چاوان. ڕەحمەت لە دایک و باوکت، مسافر ئەبێ ئاوا بێت. ئەزانی، من بە ڕۆژدا کەمتر کار دەکەم. ئەمڕۆیش تێکەوتم. ئێستا پێش تۆ پیاوێکم سوار کرد، هەر دانیشت دەستی کرد بە بۆڵەبۆڵ کە بۆنی سیگار دێت و سیگار ئەوهایە و زەرەری هەیە و هەر وتی هەر وتی. ئەزانی چیت پێ ئێژم؟ هەرچی دەنگی گۆرانییەکەم بەرزتر ئەکردەوە، هەر دەنگی دەهات. ئێمەش برا خۆت ئەزانی، ئیتر بۆ تیکەیەک نان ئەم کارە ئەکەین. لەبەر تەمەنی نەبووایە، یەکێکم تێیهەڵئەدا و

ئەمخستە خوارەوە. شەو و ڕۆژ لەم قیڕەقیڕ و زەنازەنایەی تاراندا... – سیگارێکی بە هیوا دا و سیگارێکی بۆ خۆی داگیرساند و چەرخەکەی دا بە هیوا– ...لەم هەرا و بگرەدا کار ئەکەین، خۆ مێشکمان نەماوە. دوایین شتێک کە بمهەوێ، ئەوەیە کە تووشم بێ بە تووش قۆیترێکی دۆڕژاوەوە. ئەزانی چیت پێ ئێژم؟

هیوا لە شووشەی ماشێنەکەوە سەیری شەقام و خەڵکی ئەکرد و زۆر گوێی لە شۆفێر تاکسییەکە نەدەگرت. هەر وا بە دەمیدا هات: "تا ئێستا قەت بووە هیچ دەنگێک نەبیستی؟"

- چۆن؟ کەڕ بم؟

- نا وەک کەڕی. هەرچەن من نازانم کەڕبوون چۆنە، بەڵام هەست ئەکەم کەڕبوون وەکوو ئەوە وایە کە لە ژێر ئاوا بیت، یانی گرمەگرم و همەهەمێک هەر ئەبیستی. مەبەستم ئەوەیە کە هیچ نەبیستی، تەنانەت دەنگی هەناسەدانی خۆیشت نەبیستی. تا ئێستا وات لێ نەهاتووە؟

- کوردیت؟

هیوا خێرا هاتەوە سەر خۆی: ئەم قسانە بۆ کێ ئەکەی؟

- ئەرێ. بە لەهجەمدا دیارە؟

- نازانم بە چیدا زانیم، بەڵام هەستم کرد ئەبێ کورد بیت. من خۆم منداڵی ئەم شارەم، بەڵام باوەگەورەم هەتا مردیش، ئەیوت ئێمە کوردین. نازانم چۆن، بەڵام ئەو وای ئەوت ئیتر. ئەزانی چیت پێ ئێژم؟

- جیاوازیی چییە، هەموو هەر مرۆڤین، بەڵام زۆر کەسی فارس و تورکم لە هەموو ئێران دیوە کە دەڵێن بەڕەچەڵەک کوردین.

- نا مەبەستم ئەوە نەبوو کە جیاوازیی هەیە، هەر وا وتم.

بێدەنگییەک باڵی بەسەر هەردووکیاندا کێشا. هیوا دوا مژی لە سیگارەکە دا و وتی: "ژن و منداڵت هەیە؟"

- نا، ژنم بۆ چییە؟ ژن بۆ ئێمەمانان هەر خەم و خەفەتە. کەسێک پارەی هەبێ، مێینەی عالەم ژنی خۆیەتی و کەسێک نەیبێ، ژنەکەی خۆیشی پێ ڕاناگیرێ. گوناحیشە ژن بە هەژاری بەخێو بکەی. ئەزانی چیت پێ ئێژم؟

هیوا خۆی پێ ڕانەگیرا و دەستی کرد بە پێکەنین. بە "ئەزانی چیت پێ ئێژم"، پێکەنینی هات.

کابرای شۆفیر زۆر شارەزا بوو. زیاتری ڕێگاکە هەر بە کۆڵانی تەنگەبەر و ڕێگای قەدبڕدا ڕۆشت. هیوا کە زۆری کەیف بە دەستوفەرمان و شارەزاییەکی هاتبوو، ویستی زیاتر بیدوێنێ.

- ببورە بەڕێز... ؟
- من "عەلی"م. پێم ئەڵێن عەلی کونەبوو.
- بۆچی وات پێ ئەڵێن (پێکەنین)، نەکا سەرت وەک کونەبوو بە چواردەوردا هەڵئەسووڕێ؟

عەلی یەک بە خۆی لە قاقای پێکەنینی دا. ئەوەندە پێکەنیی کە هیوا بۆ یەک چرکە ترسا. هەر وا کە پێدەکەنی، ماشێنەکەی دایە قەراخ ڕێگا و ڕایگرت. هیوایش لەگەڵی دەستی کرد بە پێکەنین. عەلی ئەیدا بە سەر سوکانەکەدا و قسەکەی هیوای بچڕ بچڕ دووبارە ئەکردەوە: سەرت ها ها ها ها ها... سەرت هاههها سەرت وەک کونەبوو ههە ها ههها...

دیسان وەڕێ کەوتەوە.

- نا بۆ ئەوە نییە ها ها ها...، بەڵام تا ئێستا بە عەقڵی خۆم نەگەیشتبوو، ئەبێ کاری لە سەر بکەم ها ها ها... لەوانەیە بتوانم هاهاها... ئەزانی چیت پێ ئێژم؟
- ئا، ئا لەسەری کار بکە، تۆ ئەتوانی ها ها ها...

هیوا لەمێژ بوو وا پێنەکەنیبوو. لە ڕاستیدا هەر وەبیری نەدەهاتەوە جارێکی تر ئاوا پێکەنیبێ، بەڵام کە بیری دەکردەوە، سەری لەوە سوڕدەما کە ئەو قسەیە ئەم هەموو پێکەنینەی دەهێنا؟ شانێکی هەڵخست و بە خۆی وت: لەوانەیە جۆرێک پێکەنینی عەسەبی بووبێت یان چووزانم بنیادەمەکان شتی سەیریان تێدایە. لەوە زیاتر مێشکی پێوە ماندوو نەکرد و خۆی دایە دەست شنەبای گفتوگۆ لەگەڵ مرۆڤێکی کەم خوێندەواری قسەخۆش و دڵ گەورە.

**دووهەم بیرەوەریی ناوەخت:**

لە نێو هۆڵی زانکۆ دانیشبووم کە هاتە لام و وتی: "ئەوە چییە، ئەڵێی مردووت مردووە؟" پێکەنیم و وتم: مەگەر مردوو ئەمرێت؟ سەیری ئەوبەری هۆڵەکەی کرد کە **کاف** و هاوڕێیەکی خەریک بوون بە پیاسە بەرەو ئێمە دەهاتن و وتی: "هەموو شتێک دەمرێ. وەکوو ئێمە کە لە سایەنقەڵا خەریکین ئەمرین و کورد مانەوە بارێکی زیادەیە لە سەر شانمان. وەکوو ئەو هاوڕێ کوردەی مامۆستا تورکەکەمان کە بە دەست برینەکەی کە خوێنی لێ دەچۆڕای توند گرتبوو و لە گیانەڵادا، چەن جارێک وتبووی: "ئای دایکە گیان!" مامۆستاکەمان خۆی دەیگێڕاوە. هەموو دەمرن. ئەویش کە لەوبەرەوە ڕاوەستاوە، دەمرێ و تۆیش و ئەو شتەیش کە ئێستاکە لە نێوچاوەکانتا شەپۆل ئەدات، هەموو دەمرن. شادم کە هەمووومان دەمرین، خەمبارم کە هەمووومان دەمرین. بۆی دامەچۆ." وتم: "ئەزانم چی ئەڵێی، بەڵام ئێستا لەو دەگمەن ساتانەیە کە حەز ئەکەم لە ئێستادا بژیم. کاتی مردن، بیر لە مردنیش دەکەمەوە. ئەگەر فریایش نەکەوتم بیری لێ بکەمەوە، دڵنیام شتێکی گرینگم لەدەست نەداوە."

# ٨

هەڵمەت سیگارێکی داگیرساندبوو و لە سەر شەقامەکە ڕاوەستابوو، ماوەیەک دەبوو هاتبووە دەرەوە.

هیوا لە دوورەوە هەڵمەتی دیت. بەدەم قسەکردنەوە بە دەست ئاماژەی بە عەلی دا کە ڕایگرێت. بە عەلی وت: "بە ڕای من باوەگەورەت ڕاستی ئەکرد، ئێوە ئەبێ کورد بن."

- بە چیدا ئەزانی؟
- نازانم بە چیدا ئەزانم، بەڵام ئەزانم ئیتر.

هەڵمەت خەریک بوو سیگارێکیتریش هەڵبکات، کە عەلی فول لایتێکی لێدا. هەڵمەت دەستی بۆ ڕاوەشاند و عەلی ماشینەکەی ڕاگرت و خۆیشی دابەزی. هیوایش دابەزی و لەگەڵ هەڵمەت باوەشیان بە یەکتردا کرد. عەلی دەرگای سندووقەکەی هەڵهێنابوو و سەیری ئەوانی دەکرد. هەڵمەت بەدەم چاک و چۆنی کردنەوە دەستی برد و جانتاکەی هیوای داگرت و بە عەلی وت چەن دەکات؟ عەلی سەیرێکی هیوای کرد و وتی: "میوانی خۆمە، بڕۆن خواتان لەگەڵ." پاشان دەرگای سندووقەکەی داهێناوە و ڕۆیشت کە سوار بێت. هەڵمەت و هیوا هەرچەن هەوڵیان دا، پارەی وەرنەگرت. لە سەر لەتە کاغەزێک ژمارەمۆبایلەکەی خۆی نووسی و دای بە دەست هیواوە.

- هەر کاتێک هەر کارێکت بوو، برایەکی تریشت لە تاران هەیە. ئەزانی چیت پێ ئێژم، سالار؟ ڕاستی ناوت چی بوو؟
- هیوا... ناوم هیوایە.

هەڵمەت وەپێش کەوت و هیوا بەدوایدا. چوونە نێو لۆبی ئاپارتمانێکەوە. هیوا سەری لێشێوابوو...

- کاکە بۆ کوێ ئەچین؟ مەگەر تۆ...
- بێرۆ برا، با بچینە ماڵۆ قسە ئەکەین. ئاسانسوارەکە خراوە، ئەشێ بە پلیکانەکانا بڕۆین. زۆر نییە، هەر سێ نهۆمە.
هیوا لە بەرخۆیەوە بیری کردەوە: باشە نەگۆڕاوە، ئەگەرچی وشەی ڕەسەنی کوردی بەکار ئەهێنێ، بەڵام هەوڵ ئەدا بە زاراوەی سەقزی دەرییبرێت.

هەڵمەت وتی: "ئەو کوڕە کێ بوو وا هاوردتی؟ خۆ تۆ وتت بە تاکسی دێم؟"

- منیش تازەم ناسیوە. کوڕێکی خۆشمەشرەب بوو.
- یانی لەم نیوسەعات سێچارەکا وا بەینت تەکیا خۆش کرد، پوڵت لێ نەسێنێ؟ باوە، تۆ ئیتر کێی؟ هەڤاڵان ناحەقیان نییە بە لە دەستدانت نارەحەت بن.
- مان و نەمانی من هیچ ناگۆڕێت، لانی کەم بۆ هەڤاڵان.
- من یەکێ خۆم شوکرانەبژێرم، کە لانی کەم دژایەتیی ڕێکخستن ناکەی. کەسانی وەکوو تۆ ئەتوانن زۆر مەترسیدار بن (پێکەنین). بێرۆ... ئایسە ئەڕۆین جانتاکەت دائەنێین و چاییەک ئەخۆین و ئەڕۆینە دەرۆ.
- بۆ کوێ؟ کوڕە من زۆر هیلاکم.
- باشە، بەڵام با پێت بێژم، باشترین پشوو بۆ پیاو خەوتن نییە، بینینی جوانییە...
- بەهەرحاڵ، تۆ خاوەن ماڵی.
هەڵمەت لە خاڵی دابوو. هیوایش وەکوو خۆی هیچ دەرفەتێکی بۆ لەگەڵ کچ بوون لەدەست نەدەدا. لە ڕاستیدا سەرەتای ئاشنایەتیی ئەو دووانە لە کچێکەوە دەستی پێ کرد. کچێک کە هەردووکیان دەیانویست سازی بکەن. یەکی ١٥-١٦ساڵیان تەمەن بوو. لە دوو پۆلی جیاواز دەیانخوێند،

بەڵام لە یەک خوێندنگە بوون و لە یەک بواردا ئەیانخوێند. یەک دوو ڕۆژ دوای ئەوەی کە هیوا دیبووی کەسێکی تریش بە دەوری **شادی** دا دێت، بەیانییەک هەموو هێز و توانای خۆی کۆ کردەوە و لە هەڵمەت چووە پێش و زۆر بەنەرمونیانی پێی وت: "کاکە، من شەش مانگە بە دوای ئەو کچەوەم، بەتەمایشم بیهێنیم." هەڵمەت بەگاڵتەجاڕییەوە وتبووی: "ئەگەر جوابتی داوە، بیهێنە."

بەکورتی تێکهەڵچبوون و زۆر چاکیان لە یەکتر دابوو، بەڵام پاش چەند ڕۆژێک هەردووکیان وازیان لە شادی هێنا. ساڵی دواتر، هەردووک کەوتنە یەک پۆلەوە و بەبێ ئەوەی کە هیچکامیان باسی ڕووداوەکەی نێوانیان بکەن، بوون بە هاوڕێ.

بەدەر لەوەی کاردانەوەی هەڵمەت چی بووبێت، هیوا هەمیشە ئەو کارەی خۆی بە مایەی شەرمەزاری دەزانێت. خۆی پێی ئەڵێ "کۆمیکترین تراژدی ژیانم". زیاتر بە هۆی ئەوەوە پەشیمان بوو کە یەکڕاست تێی نەسرەواندبوو و بە جێگای ئەوە ڕۆیشتبووە پێشەوە کە بە جۆرێک پاڕانەوە کابرا لە مەیدان بەدەر بکات. لە ڕاستیدا ئەوەی کە کەسێک وێرابووی لە بەرانبەریدا ڕابوەستێت، زۆر ناڕەحەتی کردبوو. هیوا لە منداڵییەوە وەرزشی زۆرانی دەکرد و ئەگەرچی شەڕانی نەبوو، بەڵام هاوتەمەنەکانی و ئەو کەسانەی کە دەیانناسی حسابیان بۆ دەکرد. هەڵبەت دوایی زانی کە هەڵمەتیش هەر ئەو وەرزشە دەکات، بەڵام هەڵمەت "فەرەنگیکار" بوو یان وەک دەڵێن "زۆرانی گریکی" دەگرت. ئەگەرچی هیوا زۆرتری لە هەڵمەت دابوو، بەڵام هەر لە سەر دڵی ببوو بە گرێ، بۆیە هەمیشە بە شێوەیەک لە سەرەوە سەیری هەڵمەتی دەکرد و کەسێک کە قسەی کۆتایی دەکرد، ئەو بوو. هەڵمەتیش لانیکەم

بەڕواڵەت ئەو دۆخەی قبوڵ کردبوو و ڕۆڵی برای بچووکی دەگێڕا و دژی نەدەوەستاوە.

هەڵمەت بە جۆرێکی دیکە لە بابەتەکە ئەڕوانێت. هەڵمەت لەو ڕۆژەدا خۆی بۆ شەڕ ئامادە کردبوو. ئەو پێشتر هیوای دەناسی و ناوبانگی بیستبوو و تەنانەت یەک دوو جار لە پێشبڕکێدا لە کاتی زۆرانگرتندا دیتبووی، بۆیە بۆی ببوو بە مەراق کە خۆی بەو تاقی بکاتەوە. تەنانەت وای دانابوو کە لە پێشچاوی **شادی** لەگەڵ هیوا بیکا بە شەڕ. دainابوو کە هەر هیوا وەدوی شادی کەوت و ویستی لێی نزیک بێتەوە، وەکوو ئەکتەرە عاشقپیشەکانی نێو فیلمەکان لێی بچێتە پێشەوە و ڕەقیبەکەی خوریشۆر بکات. بەهەرحاڵ، ئەگەر دەرەقەتی بهاتایەت، شانازی بوو و ئەگەر دەرەقەتی نەهاتایەت، عەیب نەبوو. (ئەو تەمەنە... نەوجەوانی... تەمەنێکی سەیرە) کەچی بە دەستپێشخەریی هیوا، بەرنامەکەی تێک چوو. بەتایبەت کە دیتی هیوا چەن کوڕی چاکە و دەیهەوێ بە قسە ڕازی بکات، ڕقی لە خۆی بووەوە و هاوکات هیوای وەکوو گەمژەیەک هاتە پێشچاو. ئاخر هەڵمەت، شادی ی تەنیا بۆ ڕابواردن دەویست و پێی سەیر بوو کە کەسێک ئەوەندە بێعەقڵ بێت کە لە ١٦ ساڵیدا بیهەوێ ژن بێنێت. بۆیە لەو بابەتەدا کەمێک خۆی بە تاوانبار دەزانی. بەڵام بەهەرحاڵ، هەردووکیان لە سەر ئەوە ڕاهاتبوون کە باسی ئەو ڕووداوە نەکەن. وەک بڵێی هەر ڕوویشی نەدابێت، بێدەنگییان لێ کردبوو. ئەتوانم بڵێم برینێکی هێندە بچووکە کە شیاوی ئەوە نییە هەڵیبدەنەوە، یان لانیکەم ئەوان دەیانەوێ وای پیشان بدەن.

ئەمە ڕاست ئەو کارەیە کە **عەلی کونەبوو** قەت نەیدەکرد. بە یەک سەیرکردنی نێو چاوی، هەموو بوون و نەبوونی خۆی هەڵدەڕشت و هیچ شتێکی لە دڵیدا ڕانەدەگرت. ئەلێرەدایە کە مانای سادەیی و

بێغەلوغەشی لە جێگای خۆیدا بەکار براوە. واتە وەکوو جاری پێشوو نییە کە لەبەر ئەوەی وشەیەک نەدۆزراوە بۆ بەیانکردن، یان ئەوەی کە ئەسڵی قسەکە نەدەکرا ڕاستەوخۆ بەیان بکرێت، ئەو وشانە هاتنە گۆڕەوە. ئالەم کاتەدا ئەگەر کەسێک پێم بڵێت دەی ئەمە بۆ خراپە؟ ئەڵێم ئەمە هیچ خراپ نییە. هەرچەن سەختە کە بگەڕێیتەوە بۆ سادەیی نەوجەوانیی لەدەستچوو، بەڵام خراپ نییە ڕۆژێک هەموو مرۆڤەکان وا بن.

عەلی هەوڵ نادات کە وا بێت، بەڵکوو هەر وا هەیە. ئەمەیە ڕازی دڵنشینبوونی. ئەگەرچی نابێ لەبیر بکرێ کە عەلی کونەبووم لە ڕووی ئەو سێچارەکە سەعاتەوە ناسیوە کە لەگەڵ هیوا بوو، دەنا منیش پێشتر نەمدیبوو. ڕەنگە هەمیشە وا نەبێت.

**.٩**

هیوا و هەڵمەت لەبەر دەرگای پیشانگاکە سیگاریان دەکێشا، کە کچەکان هاتن. ئیلهام دوو کچی دیکەشی لەگەڵ بوو. سڵاو و چاک و چۆنییان کرد و بەیەکەوە ڕۆشتنە ژوورەوە. ئیلهام ئەوەندە پەشۆکابوو کە کاریگەریی لە سەر هەڵمەتیش دانا و بەگشتی بۆ چرکەساتێک جەوێک خولقا کە تەنانەت لەبیریان چوو ئەمە یەکەم جارە هیوا ئەبینن و پێویستە بە یەکتری بناسێنرێن. هەر بەو پێیە، هەموو زۆر ئاسایی بەیەکەوە چوونە ژوورەوە و کاتێک وەبیریان هاتەوە کە ئیتر کەمێک درەنگ بوو و باسکردنی، دۆخەکەی خراپتر دەکرد.

زۆر سەیر بوو کە هیوا نەیتوانی لەو چەن چرکەیەدا کە لە بەردەرگا وەستابوون، هیچکام لە کچەکان بەباشی ببینێت. زۆر جار ئەمە ڕووی دەدا. بە یەک جار چاو لێکردن جلوبەرگ و ڕەنگەکانیان و شێوازی

قسەکردنی هەر کامەیانی بۆ خۆی هەڵسەنگاند، بەڵام نەیتوانی بەوردی سەیری هیچکامیان بکات. ئەگەر تەنانەت خۆیشی ناوی بنێ شەرم، من ناوی دەنێم دڵنیایی لە مەترسیدارنەبوون. دەی ئاوا لەگەڵ ژیانی پێشوویدا زیاتر ئەگونجێت. واتە وەکوو عادەتی خۆی تەنیا کاتێک لە سەر ڕووخساری مرۆڤەکان ورد دەبووەوە، کە بە پێویستی بزانیایەت یان هەستی بە مەترسی بکردایە. ئەم جارە وا نەبوو، بەڵام مەگەر نابێ پیاو سەرنجی بۆ لای ژن (یان پێچەوانە) ڕابکێشرێت؟ ئەبێ بڵێم ئەمەیش دیسان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو خووخدە تایبەتەی هیوا، کە هەر کاتێک زۆر حەز بە کارێک بکات، لە خۆی وەگومان دەکەوێ و هەوڵ ئەدات ئەو کارە نەکات. ئەمەش دیسان سیستمێکی خۆپاراستنە کە لە ناخیدا ڕەگی داکوتاوە. لە لایەکیتریشەوە دەبوو ئاگادار بێت کە لە یەکەم ساتەکانی دیداری کەسانی تازەدا، وەکوو کەسێکی "شارستانی" هەڵەیەک نەکات، بۆ وێنە وەکوو کەسێکی "ژنبرسی" دەرنەکەوێ. ئەمە بەتەنیا خۆی تاقیکارییەکی مەزنە لە بەردەم هەر شارستانییەک کە دێتە تارانەوە و هیوا دوای ساڵەهای ساڵ هاتن و چوونی بۆ تاران، هێشتا لەم شتە ورد و بەرواڵەت ناگرینگانەدا، تووشی جۆرێک دڵەڕاوکێ دەبوو. ئەگەرچی ئێستا لە بۆش و بێمانا و تەنانەت زیانباربوونی ئەم بابەتە تێگەیشتبوو، بەڵام هیچ شتێک وەکوو یەکەم دیدار نییە. لە یەکەم دیداردا یان باشتر بڵێم لە یەکەم ساتەکانی دیدارێکدا، تۆ هیچ دەرفەتێکی زیادەت بۆ دەربڕینی خۆت نییە.

زۆری پێنەچوو کە گەیشتنە پێش نیگارەکان و دانە دانە سەیریان دەکرد و لەبەر هەر کامەیاندا کەمێک ڕادەوەستان و دەڕۆیشتنە سەر ئەوەی تر. ئیلهام بەگشتی بیری زۆر بە لای نیگارەکانەوە نەبوو، بەڵام وەکوو هەمیشە لەبیری نەدەکرد کە خێرا خێرا قسەکانی هەڵمەت پشتڕاست بکاتەوە. هەڵمەت بە هەر تابلۆیەک دەگەیشتن، قسەیەکی بۆ وتن هەبوو:

- وتتان نیگارکێشەکە چەن ساڵی تەمەنە؟
- وا بزانم پەنجا ساڵێکی دەبێ.
- همم... ئەمزانی گەنج نییە! سەیر کەن، بۆ نموونە؛ لەم کارەیا بەجوانی دیارە کە نیگارکێش باشترین ساڵەکانی تەمەنی لە قەیراناویترین کاتدا بووە، شەڕ و شۆڕش و شەڕی ناوخۆ و... سەیری ئەو زەرپە ناکاوانە بکەن. سەیر بکەن چەند ئاواتی سەرکوتکراو لەم نیگارەدا هەیە. ئیلهام، تۆ هەستت پێ کردووە؟
- ڕاست ئەکەی، سەیری ڕەنگەکانی بکە چەن خەمبارن.
- یان ئەمەی دیکەی. ڕاستیتان بوێ من زۆر لە بواری ڕەخنەی دەروونناسانەدا شارەزاییم نییە، بەڵام...
- دڵەکەم، تۆ باشترین ڕەخنەگری!

ئینجا هەڵمەت بە بزەیەکی ڕەزایەت لە سەر لێو، هەر وا کە دەڕوانێتە نێوچاوی یەکێک لە هاوڕێکانی ئیلهام کە مانتۆیەکی یەخەکراوەی لەبەر کردووە و گرێی ڕووسەرییەکەی خستۆتە سەر ئەو بەشەی سینگی کە ڕووتە و زووزوو دەستی بۆ ئەبا کە دڵنیا بێت کە لە جێگای خۆیدایە (یان لە جێگای خۆیدا نییە)، درێژەی پێ دەدا:

- ئا...

سەرەتا قسەکەی بە وتنی "ئا"یەک دەست پێ دەکات، وەکوو بڵێی شتێکی گرینگی وەبیر هاتووەتەوە، یان شتێکی گرینگی دۆزیوەتەوە، دوای ئەوە ئێستا نۆبەی جووڵەی دەستە. ئەو جووڵانەی کە لەم کاتانەیا دەیان مانا کە نایەنە سەر زمان، لەگەڵ خۆیان دەبەن و دەهێنن:

بەڵێ، سەیری ئەم دانەیان بکەن، تەژی لە نوور و گەرما، بەڵام سەیری ئەم هێڵانە بکەن، هێڵەکان تەڕن، ئێوەش هەست ناکەن تەڕن؟

- ( هەرسێ کچەکە بەیەکەوە) ئاهـ ڕاست دەکا... ئەشا. ئەها ئێرە...

- ئەیچۆن، تەڕە، چونکا ئەبێ تەڕ بێت. چی لە گەرما و تەڕی باشتر بۆ سەلماندن و دەرخستنی ویستی سەرکوتکراوی سێکس؟ ئەڵێی لە حەمامێکی ژنانەدا پیاوێکیان بەستووەتەوە و پێیان وتووە تەنیا بۆت هەیە لە پشت پەردەوە سەیر بکەی. ژنەکان پێکەوە موناقشە دەکەن و ئەو تەنیا دەنگی قسەکردنی ژنەکان نییە کە دەیبیستێ، بەڵکوو کۆمەڵێک شتیش ئەبینێ و کۆمەڵێک شتیش وێنا دەکات. من تەنانەت دڵنیام ئەگەر ئەم لۆیەی سەرەوەی نیگارەکە بڕووشێنم، لە ژێرەوە لەشولاری ڕووتی ژنەکانی ناو حەمام دەرئەکەون، بەو سینگە سپی و خڕ و پڕانەوە.

هیوا کە دیتی هەڵمەت خەریکی فشقیات وتنە و کچەکانیش بە ڕاست یان بە درۆ پێی سەرسامن، ئیتر بە هەر قسەیەکی هەڵمەت پێکەنینی دەهات، بەڵام بە زۆر خۆی ڕادەگرت. کەم کەم خۆی لێیان دوور خستەوە، یانی ئەوەندە لە سەر تابلۆیەک ڕاوەستا، هەتا ئەوان کەمێک دوور کەوتنەوە. چەن دەقەیەک هەر لەوێ ڕاوەستا و سەیری دەکرد. لە ڕاستیدا تابلۆکەی وەکوو کارێکی ئاسایی هونەرمەندێکی پلە دوو و پلە سێ دەدیت کە شتێکی ئەوتۆی پێ نەبوو. هەمان تابلۆی حەمام، کە هەڵمەت باسی کردبوو. هەستی کرد کچێک خەریکە سەیری دەکات، یانی هەم سەیری ئەوی دەکرد، هەم سەیری تابلۆکە. هیوا وای دانا کە هەڵبەت بۆ کچە پرسیارە بۆ ئەم کابرا ئەوەندە لەبەر ئەو تابلۆیە ڕاوەستاوە؟ یان ئەیهەوێ لەبارەی تابلۆکەوە پرسیاری لێ بکات (یان ڕەنگە ئەویش بۆ بیانوویەک ئەگەڕێ کە لەگەڵ هیوا کە ئەوەندە عاشقی هونەرە، قسە بکات). هیوا بێ پێشەکی و هەر وا کە ڕووی بۆ لای کچە وەردەگێڕا، هاتە قسە:

- ئەزانی ئەم جۆرە تابلۆیانە...

تازە تێگەیشت کە کچەکە هەر سەیری ئەو تابلۆیەشی نەدەکرد، بەڵام هەر کە هیوا قسەکەی دەست پێ کرد، ڕووی لەو کرد. هیوا لە جووڵەیەکی هونەرمەندانەدا خۆی کۆ کردەوە و بە "ئحم"ێک هەناسەیەکی وەبەر خۆی هێناوە و درێژەی پێ دا:

- ئەمانە ئیتر سەردەمیان تەواو بووە. من نازانم تا کەی هونەرمەند ئەبێ ڕەنگدانەوەی دەروونی نەخۆشی خۆی بێت، گوایە ئەمە چارەنووسی هونەرە.
- ببورن؟ نەخۆش؟
- بەڵێ، نەخۆش...

هیوا لە بارستی دەنگی کچە کەمێک سەری سووڕما، دەنگی زۆر لەوە جدیتر بوو کە بیری لێ دەکردەوە. ڕەنگە وایش نەبووبێت، بەڵام هیوا لەو ساتەوەختەدا وای هاتە پێشچاو. کەس حەز ناکات یەکەم قسەکانی لەگەڵ کچێک، لە کاتێکدا بێت کە هیچ ئامادەییەکی تێدا نییە، بەتایبەت کە هیوا لەبەر ئەوەی ماوەیەک بوو فارسی قسەی نەکردبوو، هێندەک لەهجەی هەبوو و ئەمە کارەکەی بڕێک سەختتر دەکردەوە. وەکوو وتم یەکەم ساتەکانی یەکەم دیدار زۆر گرینگ و دیاریکەرە، بۆ بە کۆتاییهاتن یان درێژەپەیداکردنی ئەو دیدارە و دیداری دیکە.

کاتێک کە پێتەختنشینێک ئەزانێت کە تۆ خەڵکی شارێکی دیکەی، ئیتر بچووکیی شارەکەت تۆیش بچووک ئەکاتەوە، ڕواڵەتت بچووک ئەکاتەوە. ڕاست وەکوو شارەکەت کە ئەگەرچی چەند هەزار ساڵ شارستانیەتی هەبووبێ، بەڵام ئەو شتەی کە لە یەکەم جاردا دەبینرێ، ڕواڵەتی شارەکەیە، پاشان ئەگەر دەرفەتێک هەبێ، شتی دیکە. بۆیە کەسێک کە لە دۆخێکی وا دەکەوێ، دەبێ بۆ سەلماندنی خۆی، زۆرتر هەوڵ بدات.

- بەڵێ، نەخۆش. سەیری ئەم کارە بکەن. چی لێ تێئەگەن؟ چی ئەبینن؟ گەرما، نوور؟ چی تر؟
- ئاسمان و مەعنەویەت و عیرفان و... مەبەستت ئەمانەیە یان...؟
- ڕاوەستە، ڕاوەستە... ئەزانی کڵاوێک کە چەندین ساڵە لەبارەی حافزی شیرازییەوە لەسەرمان نراوە، خەریکە لێرەدا دەچێتە سەرت؟ ساڵەهایە بە ئێمە ئەڵێن کە ئەو کابرا عارف بووە و شیعرەکانی لە عیشقی خوادا نووسیوە و لەو قسانە، بەڵام با پێت بڵێم ئەگەر هەتا ئێستا نەتزانیوە، جەنابی حافز ئەوەندەی عاشقی سینگ و پرچ و "ساق و ساعد" و منداڵبازی بووە، نیو ئەوەندە عاشقی هیچی تر نەبووە... .
لێرەدایە کە هیوا هەست ئەکا توانیوتی پشت ڕاست بکاتەوە.

بۆ ئەوەی کە خۆت لەو بچووکییە ڕواڵەتییە کە لە مێشکی پێتەختنشینێکدا وێنا کراوە ڕزگار بکەیت، یەکێک لە ڕێگاکان ئەوەیە کە لە ناوهێنانی شتگەلی وەکوو ناوی ئەندامانی بقەی جەستە، کەمێک بێ پەردەتر بیت (بێ پەردەتر، نەک بێئەدەبتر). هەڵبەت ئەبێ وای باس بکەی، کە ئەنەهوو باسکردنی شتێکی زۆر ئاساییە بە لاتەوە. ئاشکرا دیارە کە ئەم کچە وەکوو بەردەنگەکانی هەڵمەت لە بواری شێوەکاریدا نەخوێندەوار نییە، بۆیە کاری هیوا لەمەیشدا سەختترە. هیوایش بۆ ئەوەی کە کایەکە بە باشترین شێوە بباتەوە، پەنای بردە بەر دەستەکانی، ئەو دەستانەی کە ئەبێ بێنە یارمەتیی زمانەوە.

لە ڕاستیدا هیوا لەبارەی شێوەکارییەوە شارەزاییەکی باشی هەبوو، بەڵام ئەو نیگارە بەڕاستی شتێکی وای تێدا نەبوو کە بیهەوێ باسی بکات. هیوا دەتوانێ باسی بەرهەمێکی هونەریی زۆر باش و باش بکات و لایەنە هونەرییەکانی شی بکاتەوە. تەنانەت ئەتوانێ نیگارێک یان شیعرێک یان هەر بەرهەمێکی هونەریی دیکەی زۆر خراپیش بداتە بەر

ڕەخنە و لاوازییەکانی باس بکات و بەزەقی دەستیان لە سەر دابنێت. بەڵام کاتێک کە بەرهەمێکی هونەری لە ئاستێکی نە باش و نە زۆر خراپدایە و دەکرێ بە هەزاران ئەگەر و مەگەر باسی بکرێت، بەڕاستی قسەکردن لەبارەیەوە سەخت دەبێت، بەتایبەت کە بتەوێ کەسێکی بە ئینساف و "لە بەرانبەر قسەی خۆ بەرپرس" بیت. جگە لەمە، بەهەرحاڵ زۆریش بەجدی سەرنجی تابلۆکەی نەدابوو.

ئێستا لە کاتی قسەکردندا ئەیدیت کە ئەو کچە ڕاست دەکات و بەڕاستی ئەو تابلۆیە بە شێوەیەکی هەرچەن تەقلیدی، هەڵگری ئەو پەیامە عیرفانییەیە، بەڵام خۆ نەدەکرا هیوا دۆڕاو بێت. تازە بە گوریسی هەڵمەتەوە چووبووە نێو چاڵەوە و ئەبووایە هەر بەو گوریسەش بێتە دەرەوە. دەرفەتدان بە ڕکابەر، لەدەستدانی دەرفەتی بردنەوەیە. بۆیە دەستی پێ کرد:

- ئەمانە حیجابن، پەردەن. وەکوو ئەوە وایە نووسەرێک لە ژوورێکدا دابنێیت کە چەن ژنێکی ڕووت تێیدا دانیشتوون و خەریکن باسێکی عیرفانی دەکەن، ئینجا بە نووسەرەکە بڵێی قسەکانی ئەو ژنانە بنووسەوە. ئەو قسەکان دەنووسێتەوە، بەڵام ئەمە منی خوێنەری جدیم کە لە نێو ئەو نووسینەدا سینگ و ڕان و سمتەکان بە هەموو وردەکارییەکانیەوە ئەدۆزمەوە. گرێوت لەگەڵ دەکەم ئێستا ئەگەر بکرابا بە ئامێرێک ئەو نیگارە بڕووشێنین و ڕەنگەکانی سەرەوە بتاشین و لای بەرین، ژنە ڕووتەکانی مێشکی نیگارکێش دەرئەکەوتن. (ئۆهـ دیارە ئیمکانی شتی وامان نییە)، ڕاست وەکوو ئەم جلانەی کە لەبەر تۆدان و بە لادانیان، پەیکەری زێوینی...

کچەکە بزەیەکی هاتە سەر لێو و وتی: "بیرۆکەیەکی سەرنجڕاکێشە، هەتا ئێستا ئاوا سەیری هیچ بابەتێکم نەکردبوو. ئەزانی، دەبوو ئیتر

لەوە زیاتر لە لات ڕانەوەستایەتم با جارێکی تر بزانی کە ئەبێ چۆن لەگەڵ خانمێکدا کە بۆ یەکەم جار دەیبینی، قسە بکەی. بەڵام ئەو کارە ناکەم، تەنیا لەبەر ئەوەی کە کەیفم بەو شتانە هات کە وتت، گلۆپێکی لە مێشکمدا هەڵکرد."

- هێندەک ڕوانینت بەرفراوان بکەوە، شتی گرینگتر لە لەشولاری تۆیش لەم دنیایەدا هەیە کە من بیری لێ بکەمەوە. ئەبێ خۆشحاڵ بی...
- بەهەرحاڵ، ئەبێ ئەرخەیانت بکەمەوە کە من ئەزانم ئەتەوێ کەرم بکەی، بەڵام من کەر نابم. ئەگەر سەرکەوتووش بیت، کە پێم وا نییە، ئەسپێکی سەرکەشت دەست ئەکەوێ کە لەوە ناچێ بەکەڵکت بێت.
- تۆ لەبارەی سەرکەشییەوە چی ئەزانیت؟

ناتوانم نەیەمە نێو قسەیان و باسی ئەوە نەکەم کە چەندە ئەم تەکنیکە گرینگە. کاتێک کە ئەتەوێ خێرا شەڕەکە تەواو بکەی و بگەیتە ئەنجام (داگیرکردنی وڵاتێک یان جەستەیەک یان...)، ئەبێ بوونی بابەتییانەی بەرانبەر بخەیتە ژێر پرسیارەوە. لێرەدا بۆ نموونە؛ هیوا بەو پرسیارەی کارێک دەکا کە بەرانبەرکەی، وەڵامدانەوە و وەڵامنەدانەوە بە لایەوە یەکسان بێت. خۆ ئەو کچە لەم کاتەیا نایەت سەرکەشیت بۆ پێناسە بکات یان باسی سەرکەشییەکانی خۆی بکات، ئەویش سەرکەشییەکانی ئەسپێک! کەواتە زۆر درێژە بە خۆڕاگری نادات. ئەگەرچی ئەو وەڵامێکی گونجاو ئەداتەوە، بەڵام چونکە خۆشی ئەزانێت وەڵامەکەی دەرووەستی پرسیارەکە نەهاتووە، وەکوو ئەسپێک کە وردەوردە مل بە سوارچاک ئەدات خۆی ئەدا بە دەستەوە. دادپەروەرانە نییە، بەڵام کاریگەرە. هیوا زۆری ڕق لەم کارە بوو، بەڵام بۆ یەک چرکە کە دیتی لە بارودۆخێکی نایەکساندان و بەرانبەرەکەی ئەیەوێ "شارستانی"بوونی ئەو بداتەوە بە چاویدا "کە هەر کەرسواری دەزانێ" و ئەگەر فریا نەکەوێ ئەبێ بە هیچ، هەوساری ئەخلاقی شل کرد و ئەوەی لێکەوتەوە.

- خەمت نەبێ، بەقەد پێویست ئەزانم.

ئێستا ئیتر کاتی ئەوەیە کە هیوا نەرمی بنوێنێ، نابێ بەرانبەرەکەی هەست بە دۆڕاوی بکات. ئەبێ هەست بەوە بکات کە خەریکە مەعامەلەیەک دەکات کە هەردووکیان تێیدا سەرکەوتوون، لانی کەم ئاوا مرۆڤدۆستانەترە.

- هەمیشە دیتنی ژنانی بەهێز خۆشحاڵم دەکات، دڵنیات ئەکەمەوە کە ئەم قسەیە بۆ کەرکردن... ئا ببورە بۆ ئەسپکردنت نییە. (پێکەنین) من هیوام.

- منیش هەستیم. نیگار ئەکێشم و وێنە دەگرم و بەگشتی هەر هونەرێک کە پێوەندیی بە دیتنەوە بێت، خۆی لێ ئەدەم. هەڵبەت ئەگەر نیگارەکانی من بڕووشێنی، زەرەر ئەکەی (پێکەنین).

لێرەدا پرۆسەکە کۆتایی پێ هاتووە، هیوا دوای چەن ڕستەیەکی کورت، ڕێگە ئەدات هەستی هەوساری قسەکردن بگرێتە دەست. سوارچاک ئیتر ئەبێ شلی بکات، ئەبێ لێگەڕێ ئەسپەکەی بۆ کوێ دەچێ، بچێ و بیبا لەگەڵ خۆی.

**سێهەم بیرەوەریی ناوەخت:**

دووهەم ساڵیش تێپەڕی و من تەنیا سەیری دەکەم. ئیتر پۆلەکانمان بەیەکەوە نییە. ئەو لە دەرسەکانیدا پێشکەوتووە و من... من هەر لە جێگای خۆمم. هاوڕێ سایەنقەلاییەکەیشم وەکوو کاف زۆر پێشکەوتووە و ئیتر زۆر بەدەگمەن ئەیبینم. هاوڕێیەکی دیکەم پەیدا کردووە. لە هۆڵی زانکۆدا بەیەکەوە دەسووڕێینەوە و کاف کە هەر هاوڕێکەی یەکەم ساڵی لەگەڵیەتی، بەرانبەرم دێت و من وەکوو دوو

ساڵی ڕابردوو هەر سەیری دەکەم. ئەم هاوڕێ نوێیەشم وەکوو من تەنیا سەیری دەکات، سەیری هاوڕێکەی. شتێک لە نێو چاوەکانیدا شەپۆل ئەدات.

.١٠

زۆری پێنەچوو کە هەڵمەت کچەکانی لەگەڵ خۆی بردە حەوشەی پیشانگا، کە هەم پێکەوە چاییەک بخۆنەوە و هەمیش بتوانێت سیگارێک بکێشێت. ئیلهام کە زۆر هەوڵ ئەدات خۆی ئاسایی پیشان بدا، کەمێک بێتاقەت بووە، خەریکە خۆی بۆ قسەکردن ئامادە دەکات و نازانێ کە چۆن دەست پێ بکات. کێشە ئەوەیە کە ئامادەبوون بۆ وتنی قسەیەکی ئاوا کە هەم هەڵمەت ڕازی بکات و هەمیش غروری خۆی نەشکێت، کات و دەرفەت و زەمینەسازیی دەوێ کە بە بوونی هاوڕێکانی نەدەکرا.

لە ڕاستیدا بۆیە هاوڕێکانی هێنابوو، بەڵکوو هەڵمەت کە هەمیشە باسی ئەم دووانەی دەکرد، دڵی بچێتە سەر دانەیەکیان و بڕیاردان بۆ خۆی ئاسانتر بکاتەوە. ئەم بیرۆکەیەی گەمژانە بوو، چونکا هەم خۆی نەیدەتوانی واز لە هەڵمەت بهێنێ و هەم ئەوەی کە هەڵمەت پێشتر پێی وتبوو کە ڕەنگە هاوکات کە لەگەڵ ئەوە بەئاشکرا دۆستی دیکەش بگرێت و ئیلهامیش قبوڵی کردبوو. ڕەنگە ئەمە شتێکی نامۆ بێتە پێشچاو، بەڵام لە هێندەک دۆخی تایبەتدا شتگەلێک ڕوو ئەدەن کە زۆر ئاسایی نانوێنن و لە کۆتاییدا ئەو کەسەی کە دەگەڕێ، دەدۆزێتەوە. (هەڵبەت ئەم بەڵێن و بڕیارە هەر وا بەئاسانی لە نێوانیاندا دروست نەبووە و لە ڕاستیشدا لەم چیرۆکەدا گرنگییەکی نییە، بەڵام هەر دەبوو بوترابا).

لە حەوشە چەن کچ و کوڕێک دانیشتبوون، دوو دوو و زیاتر، چەن کچ و کوڕێکیش لە دەوری کابرایەکی ڕیش درێژ کۆ ببوونەوە و بەدەم سیگارکێشانەوە قسەیان دەکرد. ئیلهام بە هەڵمەتی وت: "ئەوە نیگارکێشەکەیە."

هەڵمەت بەلاچاوێکەوە سەیری کرد و بە دەنگێک کە ببیسترێ، ڕوو بەو هاوڕێیەی ئیلهام کە یەخەی مانتۆکەی ئاوەڵا بوو وتی: "بیهێنە پێشچاوی خۆت، بەو ڕیشەوە لە حەمامی ژنانە..."

ئیلهام و کچەکانی دی وێڕای هەڵمەت، لە قاقای پێکەنینیان دا. نیگارکێشی داماو ئەگەرچی بەڕوونی قسەکەی هەڵمەتی بیست و زانی کە لەگەڵ ئەویەتی، بەڵام بەڕواڵەت وەخۆی نەخست، نەدەکرا هیچ کاردانەوەیەک بنوێنێ. کاردانەوە لە بەرانبەر قسەیەکدا کە خاوەن قسەکە بەئاسانی ئەتوانێ لە ژێری دەربچێت، ژیرانە نییە. چەنێ حەزی ئەکرد لەو دەمە لەگەڵ ئەم هەتیوە بێئەدەبە لە ژوورێکدا بەتەنیا بووایەتن، هەتا پێی بوتایە حەمامی ژنانە و ڕیش چییە. بەڵام بۆ مامۆستایەکی نیگارکێشی بەڕێز، ئەویش لە پێشچاوی ئەو هەموو خەڵکە، باشترین کار ئەوە بوو کە خۆی لێ گێل بکات. جگە لە هەموو ئەوانە، ئەگەرچی سوور سوور دەیزانی ئەو قسەیە ڕوو بە ئەو کراوە، بەڵام هیچی لێ تێنەگەیشت و نەیتوانی لۆژیکێک بۆ پەیوەندی لە نێوان حەمامی ژنانە و ڕیش و خۆیدا بدۆزێتەوە و ئەمە لە هەموو شتێک زیاتر تووڕەی کرد.

چاوەکان... هەموو شتێک لەپێناو چاوەکاندا. ئەوەی کە دەبینرا ئەوە بوو کە هەڵمەت سێ کچی هەڵبژاردەی جوانی لەگەڵ بوون، کە گوێیان لێ دەگرت و وەکوو پەپوولە دەورەیان دابوو، دەستێکی نابووە پشت کەمەری و قسەدانی کرابووەوە و لەچاو مامۆستای نیگارکێش کە لای خۆی پیشانگای کردووەتەوە و هونەرمەندێکی ناسراوە، زۆر بەشکۆتر

دیار بوو. دیمەنەکان... ئەمڕۆ هێز لە دیمەنەکاندایە. هەر کەس بتوانێت دیمەنێکی شکۆمەندتر لە خۆی پیشانی دەرەوە بدات، شکۆمەندترە.

لە سەر مێزێک دانیشتن و زۆری پێنەچوو کە هیوایش هاتەوە لایان. هەڵمەت لەبەری هەستا و کچەکانیش بەدوای ئەودا.

- باشە، باشە... هەڵمەت هێشتا بەدعەمەڵت نەکردوون، کە خانمەکان نابێ لەبەر پیاوان هەستن. کچەکان قەت فێری ئەم شتانە مەبن، هەر نەتەوەیەک ڕەسم و یاسای خۆی. هاهاهاها گاڵتە ئەکەم... ببورن، فەرموون دانیشن.

هەڵمەتیش بەپێکەنینەوە وتی: "هیوا گیان، تا کەی ئەتەوێ بە ئەخلاقی کۆن لێخوڕی. ئەوەی کە ژنان نابێ لەبەر پیاوان هەستن، ئیمتیازێکی تایبەتە. من زۆر لەسەری سوورم، دەنا کەیفی خۆیانە. دەرفەت نەبوو لەگەڵ کچەکان ئاشنا بی. من هەست ئەکەم ئیلهام کارێکی تایبەتی پێمە و نازانم بۆ پێم ناڵێ... ئەبێ بمانبورن. ئێوە دانیشن کەمێک یەکتر بناسن، ئێمەش خێرا دێینەوە."

کچە مانتۆ یەخەئاوەڵا لەبەرەکە، بۆ ئەوە لەبەر هیوا هەستا کە دوای هەڵمەت، سەرەتا ئیلهامی میهرەبان و دوایی کچەکەی تر لەبەری هەستان و ئەمیش بە شێوەیەک تێکەوت، دەنا قەت لە بەردەم بابیشی هەڵنەدەستا، بۆیە ئەو دیالۆگەی هیوا و هەڵمەت زۆر تووڕەی کرد. هەستی کرد هەڵسوکەوتی زۆر گوندییانە بوو، بۆیە هێندەک خۆی کۆ کردەوە کە جیاوازیی نێوان منداڵی تاران بوون و منداڵی شارستان بوونیان پێ پیشان بدات.

هیوا ئەم جار کەمێک وردتر سەیرێکی کچەکانی کرد، سەری سوورمابوو لەوەی کە هەڵمەت ئەم کچە جوانانەی چۆن لە دەوری خۆی کۆ کردووەتەوە.

- ببورن دەرفەت نەبوو یەکتر بناسین. خەتای هەڵمەت بوو، پەلەپەلی کرد. من هیوام.
کچە مانتۆ سینگکراوەکە بەلووتبەرزییەکەوە وتی: "ئاساییە، من سارام."

(ئێستا چی بکەم؟ بۆ ئەبێ ناوی سارا بێت؟)

- منیش نازلیم، خۆشحاڵم.
هیوا پێش ئەوەی کە وەبیری بێتەوە بۆچی ئەوەندە بە بیستنی ناوی سارا کە ناوێکی ئاساییە تەزووی پێدا هات، بۆ دەستپێک ڕووی لە نازلی کرد: "نازلی ناوێکی تورکیە، بەڵام ئێوە لە تورک ناچن، زیاتر شێوەتان لە خەڵکی شیراز ئەچێ..."

سارا خێرا بە جێگای نازلی وەجواب هات و وتی: "بەپێچەوانەوە نازلی گیان، تورکە. هەڵبەت تورک کە نا، ئازەرییە. پێم وا بێ ئێوە دەزانن کە تورک و ئازەری جیاوازییان هەیە. ئازەرییەکانیش لە ئەسڵدا ئارییایین، بەڵام لە پاش هێرشی تورکەکان بۆ ئێران و مانەوەیان لەو ناوچەیە، بوونەتە هۆی ئەوەی کە ئازەرییەکان زمانەکەی خۆیان لەبیر بچێتەوە و بە تورکی قسە بکەن، وەکوو میسرییەکان کە بە نەژاد عەرەب نین، بەڵام بە زمانی عەرەبی قسە دەکەن."

- ئاهـ.. (هیوا لێرەیا زۆری پێش بە خۆی گرت کە ئەو باسە درێژە پێ نەدات، بەڵام دەبوو ئەو چەتیوە فرەوێژە تەمبێ بکات) ئەزانی چییە، ئەمن لەگەڵت هاوڕا نیم، ئازەرییەکان تورکن، بەڵام ئەو هەویرە ئاوی زۆری دەوێ، وا نییە کە ئێوە دەڵێن، بەڵام لێرەیا باس ناکرێ. ئەگەر ئێوە ئیزن بدەن نازلی خانم خۆیان کەمێک قسە بکەن، خراپ نییە.
هیوا هەستی بەوە کردبوو کە نازلی لە ژێر سێبەری سارادایە، لەبەر سارا فزەی نەدەکرد. سارا ئەگەرچی لەو باڵابەرزتر بوو، بەڵام نەدەکرا

بڵێی لەو جوانترە، شیرینییەکی تایبەت لە ڕووخساریدا بوو، بەڵام هەرچەندی کە نازلی کەمڕوو و شەرمێون بوو، سارا ڕوودار و زیت بوو. (دەزانم کە شەرمێون و زیت ڕێک پێچەوانەی یەکتر نین، بەڵام ڕەنگە پێوست بێت ڕوونی بکەمەوە کە مرۆڤی زیت ناتوانێ شەرمێون بێت. واتە ئەگەر شەرمێون بوو، ئیتر زیت نییە. ئاهـ وشەکان وشەکان...) هیوا کە بەپێچەوانەی زۆربەی مرۆڤەکان هەمیشە هەوڵ ئەدات لایەنی کەسە لاوازەکە بگرێت، وا پیشان ئەدات کە سەرنجی بەلای نازلیدا ڕاکێشراوە.

نازلی کە لە خۆیدا کەسایەتییەکی ترسەنۆکی هەبووو هەستی کرد کە خەریکە گرژییەک ساز دەبێت، بۆیە بە مەبەستی گۆڕینی باسەکە، بە دەنگێکی لەرزۆکەوە هاتە دەنگ: "من هەر خۆم کەمقسەم، سارا گیان هەمیشە زەحمەتی من کەم دەکاتەوە. ڕاستی باسی ناو کرا، من کچێک دەناسم کە ئەویش ناوی هیوایە، نەمدەزانی هیوا بۆ ناوی کوڕیش دەبێ..."

- ئاه... ڕاست دەکەی، بەتایبەت لە نێو نەتەوەکانی دیکەی ئێراندا، ناوی هیوا لە کچان دەنێن، بەڵام بەدڵنیاییەوە ناوێکی کوردییە کە لە لای ئێمە بۆ کوڕ دەشێ. من کە نەمدیتووە، بەڵام بیستوومە کە لای ئێمەش ناوی هیوایان لە کچیش ناوە، لەو ناوانەیە کە لە هەردوو ڕەگەز دەنرێت و ئەمە خۆشحاڵم دەکات، ئەڵێی هاوکات هەردوو ڕەگەزم تێدایە، هەستێکی خۆشم پێ ئەدات.

سارا یەکبەخۆی هەڵبەزییەوە و بەبێزێکەوە وتی: "نەتەوەکانی دیکە؟ یەک نەتەوە لە ئێراندا هەیە و ئەویش پێی دەڵێن نەتەوەی ئێران. هیچ لەگەڵ داتاشینی ئەم چەمکانەدا نیم. ئەو کەسانەی کە بیر لەوە دەکەنەوە

خۆیان وەکوو نەتەوەیەکی جیاواز لەقەڵەم بدەن، ئەتوانن لە ئێران بڕۆن و لە هەر کوێی دنیا حەز دەکەن، بۆ خۆیان نەتەوە نەتەوە بکەن."

هیوا دیسان بەزەحمەت پێشی بە خۆی گرت. (کوڕی باش واز بێنە، زۆرت بەجدی گرتووە، وەکوو هەڵمەت بە...).

هەڵبەت لەمەیشدا دیسان کاری هیوا سەختترە. هەڵمەت ئیلهامی هەبوو، فریشتەی پارێزڤان، خواژنی پشتگیری. پیاو ئەگەر کەسێکی وای هەبێت، بەرانبەر بە یەک لەشکر دەوەستێتەوە.

جگە لەوە، هیوا نەیدەزانی پێوەندیی ئەم دوو کچە لەگەڵ هەڵمەت، چ پێوەندییەکە. بەڵام بەهەرحاڵ، هیچی پێ نەوتبوو، کەواتە بەرپرسیارێتییەکی ئەخلاقی بەرانبەر بە هەڵمەت لەئەستۆ نەبوو. سەرەتا وای دانابوو کە لە سەر نازلی کار بکات، بەتایبەت کە دیتبووی هەڵمەت لە کاتی قسەکردندا زیاتر ڕووی لە سارایە، بەڵام ڕووداری و چەتوونیی سارا وای کرد کە بڕیار بدات لە نێو نوێندا تەمبێی بکات. هەرچەن خێرا لەو بیرە پیاوسالارانەیە کە بەمێشکیدا هاتبوو، پەشیمان بووەوە. کە دەڵێم پەشیمان بووەوە، بەم تێگەشتنەی ئێستاوە دەڵێم، دەنا ئەوکات دڵنیا نیم کە پەشیمانی بوو یان جۆرێک هەست بە گوناح و ئازاری ویژدان یان ڕەنگە هیچکامێکیان. بەهەرحاڵ، ئەوەی کە ژنێک لە نێو نوێندا تەمبێ بکەی، بیرۆکەیەکی پڕهەیەجانە. بەڵام ڕەنگە ژنەکەیش لەو کاتەدا پێی وا بێ کە خەریکە پیاوەکە تەمبێ دەکات. ڕەنگە هاوکات کە دەگەنە نوێنەکە، وشەی 'تەمبێ' هەر لەبیریش چووبێتەوە و تەنیا 'کردن'ـەکە بمێنێتەوە کە ئیتر ناچارە بە مانەوە لەو بارودۆخەدا.

بەگشتی ئەبێ بڵێم ئەگەرچی لە ئەدەبی کلاسیک و فۆلکلۆری کوردیدا ڕێزێکی زۆر بۆ کچی شەرمن دانراوە، بەڵام پێم وا نییە کەس بتوانێت

نکۆڵی لەوە بکات کە کچی ڕوودار، لانیکەم لە باری سێکسییەوە سەرنجڕاکێشترە. ئەمە زیاتر لەوەی کە پێوەندیی بە دەمەوە بێت، پێوەندیی بە چاوەوە هەیە... .

- دەی سارا خانم، خۆ وتم لەو باسانە گەڕێن. ڕاستی، پیشانگاکەتان پێ چوون بوو؟

سارا کە هەستی کردبوو هیوای ناچار کردووە لە دەرگای ئاشتییەوە بێتە ژوورەوە، بزەیەکی هاتە سەر لێو و وتی: "من زۆر سەر لە شێوەکاری و شت دەرناکەم، تەنیا ئەتوانم بڵێم پێم جوان بوون یا نا. ڕاستییەکەی تەنیا یەک دوو تابلۆم زۆر پێ جوان بوو، کەچی هەڵمەت شەرت و شووی پێوەیان نەهێشت. بەهەرحاڵ، ئەو لە من باشتر دەزانێ."

هیوا کە دیتی سارا بەوەی کە سەرنجی دراوەتێ چەن هەڵسوکەوتی گۆڕا، درێژەی پێ دا: "دەزانی هەر کارێکی هونەری، نیوەی شاراوەی مانگێکی هەیە بۆ خۆی. ئەزانن نیوەی شاراوەی مانگ چییە؟

- نازانم...

- نازانم، پێم وا بێ باش تێنەگەیشتم، مەبەستت لە نیوەی شاراوە چییە.

- ڕەنگە نەتانبیستێ، بەڵام مانگ کە بە دەوری زەوی و هاوکات بە دەوری خۆشیدا دەگەڕێ، هەمیشە لایەکی ڕووی لە زەوییە. واتە هەتا ئێستا هیچ مرۆڤێک لە سەر زەوییەوە، بە چاو ئەو دیوی مانگی نەدیوە.

- چۆن شتی وا ئەبێ؟

هیوا کە هەوساری قسەکردن کەوتووەتە دەستی، حاڵەتێکی ئەفسووناوی بە خۆی دەگرێ و بە شێوەیەکی بیرمەندئاسا کەمێک

سەیری دوور دەکات و دیسانەوە هەستی سوارچاکبوون دەکاتەوە: "بەڵێ! بە شێوەیەک بە دەوری زەویدا دەگەڕێ، کە هەمیشە و لە هەموو شوێنێک تەنیا لایەکی دەبینرێ. مرۆڤەکان لە سەر زەوین و بابەتگەلی وەکوو هونەریش وەکوو مانگن. باسی هونەری ڕاستەقینە دەکەم.
هەمیشە نیوەیەکی شاراوە هەیە کە ئێمە نایبینین، ئەمە بەو واتایە نییە کە کەسێکی تریش نایبینێت یان ئەوەی کە ئەسڵی بابەتەکە کێشەی هەیە. ڕەخنەگرتن لە ڕاستیدا هەوڵدانە بۆ شرۆڤەی ئەو نیوەی مانگە کە دەیبینین، بەڵام ناسینی هونەرمەند و قسەکردن لەگەڵی، وەکوو ئەوە وایە کە هەیڤۆکێک بنێری کە بڕوات و وێنەی نیوە شاراوەکەت بۆ بگرێ و بۆت بنێرێتەوە.
ئێمە هیچمان ئەو هونەرمەندە ناناسین و هیچ پێشینەیەک لە کارەکانی لە بەردەستماندا نەبووە و قسەشمان لەگەڵی نەکردووە، کەواتە یان تەنیا ئەتوانین باس لە شیمانەکانی خۆمان بکەین و تەکنیک و شێوازی کارەکان هەڵبسەنگێنین، یان ئەوەی کە لەگەڵ کارە هونەرییەکەدا پێوەندی بگرین و لەگەڵی بژین، هەتا بەڵکوو ڕۆژێک نیوەی شاراوەی خۆیمان پیشان بدات. هەر ئێستا ئێوە دووانە، دوو کاری هونەرین کە من دەتانبینم. من وەک بەردەنگ بۆ هەڵسەنگاندنی ئێوە دووانە، تەنیا شتێک کە لە بەردەستمدایە، ڕووخساری ئێوەیە، چونکا مێشکتان نابینم. لەم کاتەیا تەنیا ئەتوانم وەکوو قسەکەی خۆت بڵێم، جوانن یان جوان نین، یان بڵێم کامەتان لە کامەتان جوانترن."

- بەڕاستی؟ دەستەوشەی نیوەی شاراوەی مانگم زۆر بیستووە، بەڵام پێم وا بوو مەبەست ئەو بەشە تاریکانەی مانگە کە تەنیا لە لە ڕۆژی چواردەیەمدا هەمووی دەردەکەوێ.
- زۆر سەیر نییە، منیش لەمێژ نییە دەزانم.

نازلی وتی: "کەواتە ئەبێ لەگەڵ خودا قسە بکەی، کە ئەم کارە هونەرییانەی خولقاندووە؟"

هیوا کە چاوەڕێی قسەیەکی ئاوای دەکرد هەتا دوا چەکوش لە بزمارەکە بدات، پێش ئەوەی کە سارا، نازلی سەرکوت بکات و شتێک بڵێ، وتی: "ئەوە کە هیچ. نییە و نابێ و ناکرێی زۆری تێدایە. کەواتە چی دەکەم؟ لەگەڵ خۆتان پێوەندی دەگرم. قسەتان لەگەڵ ئەکەم، لەگەڵتان ئەگەڕێم، تەنانەت... ئەزانن... (ڕاوەستانێکی بچووک و پێویست) من پێم وایە بۆ ناسین و لێکدانەوە و تێگەشتن لە کارێکی هونەری، ئەبێ لەگەڵی بخەوی. بەڵێ... بۆ گەیشتن بە ئەوپەڕی چێژ لەگەڵ کارێکی هونەری، ئەبێ لەگەڵی بخەوی."
سارا کە زۆری کەیف بەم زیرەکییەی هیوا هاتووە کە چۆن لەو باسەوە هەموو شتێکی بردە نێو پێخەفەوە، پێش بە پێکەنینی خۆی دەگرێت و دەڵێ: "بەڵام کێ دێ لەگەڵ نیگارێک بخەوێ؟"

هیوا بزەیەکی ڕندانە هاتە سەر لێوی و هاوکات کە سەیری نازلی دەکرد، وتی: "ئەو کەسەی کە بیهەوێ لە تێگەیشتن چێژ ببات."

## ۱۱.

هەڵمەت و ئیلهام کە دیار بوو بەزۆر خۆیان ڕیچ ئەکەنەوە هەتا شێواوییەکەیان ئاشکرا نەبێ، هاتنەوە. هەڵمەت بۆ ئەوەی کە چاوەکان لە سەر خۆی و ئیلهام لا چن، ڕووی کردە هیوا و وتی: "ڕاستی کاک هیوا دیتم لەگەڵ خانمێکدا قسەت دەکرد، کێ بوو؟ چیی لێ هات؟"

هیوا کەمێک لە سەر کورسییەکەی خۆی بارەوبار کرد و وتی: "هیچ برا، هەر وا کەمێک قسەمان کرد. خۆی نیگارکێش و شت بوو."

- جا ئەوە هەر نیگارێک بوو بۆخۆی.

- ئا، ئا مانگ بوو و منیش ژمارەکەیم لێ وەرگرت کە ڕۆژێک بچم نیوەی شاراوەی ببینم. (هاوکات چاوێکی لە نازلی و سارا داگرت). سارا و نازلی کە هیوا هەم سەرنجیانی ڕاکێشابوو و هەم بێ پەردە قسەکردنەکەی، تووشی دڵەڕاوکێی کردبوون، دەرفەتیان هێنا و بە بیانووی توالێت لەگەڵ ئیلهام هەستان و جێیان هێشتن. ئیلهام گریابوو و ئارایشەکەی خراپ ببوو.

ئەوان کە ڕۆیشتن، هیوا سەیرێکی هەڵمەتی کرد کە پەیتاپەیتا مژی لە سیگارەکەی دەدا.

- چییە ئەوە؟ نەکا پاپۆڕی ئەوین بە گاشەبەردی ژیانی ڕۆژانە تێک شکاوە؟ یان ماریا جوابی کردووی؟

- لێم مەبە بە بۆرلیوکۆ، هەمیشە تۆ مایکۆڤسکی بووی نەک من. ئیلهام نەئەبوو بە ژیانی ڕۆژانە، بۆیە پاپۆڕەکەی من نەیدا بە گاشەبەردا. ئەو نیشتمانی منە. خۆت من ئەناسی و مەبەستیشم لە نیشمان ئەزانی... ئیلهام باوەشێکە کە هەر کات بڕۆم بۆ سەفەر و بێمۆ کراتۆ (مەبەستی "کراوەتەوە"یە) بۆم. ئەگەرچی لەو کاتەوۆ ناسیمە، ئیتر وازم لە سەفەرکردن هاوردە، بەڵام دڵنیاییەکی خۆشی پێ ئەدام. ئای هیوا هیوا... هیوا سەیرێکی ئاسمان ئەکات و هەر وا کە هەوڵ ئەدات ئەستێرەی جەمسەری بدۆزێتەوە، ئەڵێ: "ئەرێ، بەیەکەوە ئەو تێزەمان داهێنا. دوو کەس بووین. من بۆ وڵاتێک ئەگەڕام کە ئاڵاکەمی تێدا بچەقێنم و تۆ بەتەمای سەفەرێک بووی. من وڵاتم بۆ ساز نەبوو، تۆیش ئەو سەفەرەت لەکیس چوو:

ئەڕۆم و هەر لێرەم
لێرە بوون چەن دڵنیا و چەن هێورە
ڕۆیشتن چەن چێژبەخش و چەن پێویستە
ئەڕۆم و هەر لێرە دەمێنمەوە
ئەم دوو دژە تەنیا بە ئەڤینی تۆ یەک دەگرنەوە
تەنیا ئەڤینی تۆ ئەتوانێ شەو و ڕۆژ پێکەوە کۆ بکاتەوە
تۆیەک کە بەتەمای سەفەر نیت
تەنیا چاو ئەبڕیتە ئاسۆ و چێژ لە چاوەڕوانی وەرئەگریت
من وەکوو هەمیشە دێمەوە و تۆ ئەرخەیانی...

هەر ئەوەندەم لەبیر ماوە. ئەمە "هەوری پانتۆڵ لەپێ"ی ئێمە بوو. ئێستا ئەڵێی وڵاتێکت بۆ خۆت ساز کردووە. وڵاتێک کە ئەرخەیانتە. وڵاتێکی جوانیشە. وا دیارە سنوورەکانیشی لێت دانەخستووە.
هەڵمەت بە یادەوەریی ئەو شیعرە، هەستی جووڵا و دڵۆپێک فرمێسک لە سووچی چاویدا قەتیس وەستا کە بە سەرپەنجە هەڵیگرت و وتی: "من هیچیم لەبیر نەمابوو. وایە... بەڵام ئایسە ئێژێ: ئیتر ناتوانم وڵاتت بم. ئەیەوێ شوو بکات. ئەزانی چەنێک گەڕام هەتا وڵاتی خۆم دۆزیۆ؟ مەپرسە بۆچی خۆم نایخوازم..."

هیوا بەبێ بیر لێکردنەوە وتی: "ناپرسم." ئیتر هەتا هاتنەوەی کچەکان، بێدەنگ بوون.

شەو کاتی گەڕانەوە، هەڵمەت زۆر بەساردی وەڵامی ماڵئاوایی ئیلهام و کچەکانی داوە. ئەوانیش کەمێک تێک چووبوون و هیچ شتێک وەکوو

ئێوارە نەمابوو. هیوا بەجیاتی ئەو ماڵئاوایی لێکردن، هەڵبەت لەبیری نەچوو کە بە بیانوویەک ژمارەکەی سارا وەرگرێ.

لەگەڵ هەڵمەت هەتا سیگاریان لێ بڕا، پیاسەیان کرد. دیسان سیگاریان کڕی و پیاسەیان کرد...

هەمیشە هەر وا تەواو ئەبێ. هەمیشە هەر وا دەست پێ ئەکات. شەیدابوون پیاسەی دەوێ، دابڕان پیاسەی دەوێ. پیاسە مەزەی ئەڤینە، یان ڕەنگە ئەڤین مەزەی پیاسە بێت، کەس چووزانێ؟ کاتی دڵتەنگی کە پیاسە دەکەی، بوونی هاوڕێیەک لە تەنیشتت کە شعوری بێدەنگبوونی هەبێ، بەختێکی گەورەیە. نەک لەبەر ئەوەی کە قورسایی خەمەکە بە سەر شان و کۆڵی دوو کەسدا دابەش ئەبێ، نا، زیاتر لەبەر ئەوەیە کە ئەو بینەرتە. کاتێک کە لە شانۆی ژیاندا ڕۆڵی خۆت دەگێڕی، هەمیشە بینەرانێک هەن کە ئەگەر نەیشبن، زۆر گرینگ نییە. بەڵام کە دەگەی بە سەختترین بەشەکانی ڕۆڵەکەت، ئەبێ، ئەبێ کەسێکت بینەر بێت، چونکا دڵنیای کە ئەو بەشانەیش بەجوانی تەواو دەکەی و شانازییەک تۆمار دەکەی و ئەمە هەموو ڕۆژێک ڕوو نادات. وەک چاوەکانی خودا لە پشت پەنجەرەکانەوە کە ڕەنگە هەبن، ڕەنگە نەبن، بەڵام هاوڕێیەکی ئاوا بەشێکە لە هەرمان. تەنانەت چریکێکی ئازادیخواز کە گیان و ماڵی لە ڕێگای ئامانجەکەیدا لە سەر دەست داناوە، حەز ناکات بە دوور لە چاوی هاوڕێکانی و خەڵکی تر بکوژرێ. حەز دەکا لە کۆتایی سەختترین بەشی ڕۆڵی ژیانیدا، بینەری هەبێ. چاوەکان، ئەم کامێرا زیندووانە. جارێکیان هاوڕێیەک پێی وتم: "نا، بە ڕای من کاتێک کە ئەوەندە بەرز بیتەوە کە هیچ شتێک و هیچ کەسێکت لە شانۆکەت پێ گرینگتر نەبێت، ئیتر گوێ نادەی بە بوون و نەبوونی بینەر..." ئەودەم پێم وت: "هەر شتێک کە ڕەنگە هەبێ، ڕەنگە نەبێ." دەمتوانی وڵامێکی دیکەی بدەمەوە

و بەڕاستییش زۆرم حەز دەکرد وەڵامێکی دیکەی کامڵتر و پوختتری پێ بدەمەوە، بەڵام لە بارودۆخێکدا نەبووم کە بتوانم درێژە بە قسەکردن بدەم. دەبوو بڕۆم نانی نیوەڕۆ بخۆم و چی لە نانی نیوەڕۆ گرینگتر؟

هیوا نەیزانیبوو کە پیاسەکەیان ئەیانبات بەرەو ماڵەوە، بەڵام کە نزیک بوونەوە، کۆڵانەکەی ناسییەوە. دەبوو زووتر بیزانیایە. کوێ لە ماڵەوە باشتر؟ کەسێک کە حەز ئەکا بە خەمخواردن و بیرکردنەوە خۆی بخنکێنێ لە ماڵەکەی خۆی باشتر، کوێی دەست ئەکەوێ؟ ئەو دیوارانە کە هەردەم تەنگ و تەنگتر دەبنەوە. ئەو دیوارانە کە زایەڵەی خەمەکانت ئەبارێنن بە سەرتا. لە ناخی هەموو مرۆڤێکدا کەسایەتییەکی مازوخیست دەژی، کە لەم کاتانەیا بە چەقۆیەکی کول ئەکەوێتە گیانی و مەخابن تەنیا ئەشکەنجەی ئەدات و پێی ناکوژرێ.

جارێکیان لە سەردەمی زانکۆدا پرسیارم لە هاوڕێیەکی شاعیرم کرد، کە ئایا لە کوردیدا هیچ وشەیەکت گوێ لێ بووە بۆ حاڵەتێکی تایبەتی برین کە هاوکات هەم دەخورێ و هەم ژان دەکات؟ ئەو کاتەی کە ئەگەرچی ئەزانی ژان دەکات و نابێ دەستی لێ بدەی هەتا خۆی چاک بێتەوە، بەڵام هەر نینۆکی تێ ئەچەقێنی و ئەیخورێنی... چیی پێ ئەڵێن؟ ئەبێ وشەیەکمان بۆی هەبێ. زۆر بەئامادەیی و بەبێ ئەوەی کە زۆر بیری لێ بکاتەوە، وەکوو بڵێی هەر لەو کاتەیا برینێکی ئاوەهای هەبێت و ساڵەهایە ئەو ناوەی لە سەر زمانە وتی: "سژین، سژین ڕاست ئەو حاڵەتەیە کە باسی ئەکەی." ئێستا من ساڵەهایە ئەو وشەیە لەو مانایەدا بەکار دەبەم، بەڵام هەرچی بۆی گەڕام نەمدیت و نەمبیست کەسێک پشتڕاستی بکاتەوە کە ئەو وشەیە بەڕاستی بەو مانایە هەیە یان نا.

سژین... چەن جوانە! ئەڵێی لە ئاسمانەوە کەوتووەتە خوارەوە، هیچ پێوەندییەکی بە پێش و پاشی خۆیەوە نییە. ئەڵێی هی ئەم سەر عەرزەش

نییە و هاوکات ئاوا ئاشنایشە. یەکەم جار کە بیستم لە لای خۆم، ڕاست ئاوام وت: "ئەی بۆ نا؟ چی ئەتوانێ ئەوەندەی ئەم وشە پێوەندیی بەو واتایەوە هەبێت؟" وەکوو چۆن وشەی **سەهۆڵ** لە کوردیدا هەر دەیبیستی، هەست بە سەرما دەکەی، هەر بە بیستنی ئەو وشەیە هەستم کرد خۆیەتی و هیچ شتێکی تر نییە. هەرچۆنێک بێت، من هەتا وشەیەکی ئەرخەیانتر پەیا ئەکەم، هەر سژین بەکار ئەبەم. تەنانەت ڕەنگە ئەگەر ئەرخەیانیشیان کردم کە هەو نییە، دیسانەوە هەر لەو مانایەدا بەکاری بهێنم. مێژوویەکە بۆ خۆی.

**ئەنجامێک بۆ بیرەوەرییە ناوەختەکان:**

١٠ ساڵی ڕێک. ئەمڕۆ ڕێک ١٠ ساڵ بە سەر یەکەم ڕۆژی دیتنی کاف ـدا تێپەڕیوە. لە دەرەوە بووم. لە نێو سەرما و بەفری باکوری زەوی. شەو درەنگە و سۆفیا هەتا ئێستا هەزار جار خەوتووە. هەڵبەت باسی ئەوە ناکەم بۆچی دڵم لێی ئێشاوە و ڕووی خۆشی پیشان نادەم، چونکا دەزانم ئەویش تەنیا بەڕێوەبەرێکە لەم هۆتێلەدا و بەهەرحاڵ ڕاسپێردراوە کە زۆرترین داهات بۆ خاوەنی هۆتێلەکە مسۆگەر بکات و هەموو هەڵسوکەوتەکانی لەو ئاڕاستەیەدا پێناسە دەکەم. بەڵام جارێ کە وەکوو هێمای هۆتێلەکە دەیبینم، ناتوانم وەکوو جاران لەگەڵی چاک و چۆنی بکەم. چون هەڵسووکەوتی لەگەڵ دانیشتوانی هۆتێلەکە هیچ باش نییە. بەڵام ڕقیشم لێی نییە. هەستێکی دژوازم هەیە.

وەکوو سەرۆکوەزیر و سەرۆککۆمارەکانی دەوڵەتانی داگیرکەر. ئەوانیش ڕاسپێردراون کە حکومەت و ئەو وڵاتەی کە بەدەستیانەوەیە، ڕاگرن و لە بەرژەوەندیی دەوڵەت و حکومەتەکەی خۆیان کار دەکەن.

کەواتە ناتوانین ڕقمان لێیان بێت چونکە لە کۆتاییدا بەر "ڕاسپێردراوم و چارم نییە" دەکەوین، بەر "ئیبتزالی شەڕ"! و کێ تاقەتی هەیە ئەم هەموو ئایشمەنە بباتە بەردەم دادگا؟! بەڵکوو لەوانەیە کە باشترین کار ئەوە بێت کە ئەگەر بڕیارە ڕقمان لە شتێک بێت، دەرحەق بەو شێوازی سیاسەتکردن و هەڵسووکەوتەی سیستەمەکان دەریبڕین نەک کەسەکان، بەڵام خۆ مرۆڤ... .

سۆفیا بەو چاوە بووکەڵەییانەیەوە... خەریکم زۆری لە سەر دەڕۆم. لە سەر ڕۆیشتن، لە سەر شتێکی بێبایەخ و ناگرنگ ڕۆیشتن... سەیری دەستم دەکەم، ئەو جێگایەی کە ئەوکات دەمویست خاڵێکی لە سەر بکوتم. ڕەنگە پیتی "ک" یان ژمارەی "٥٣". ئەگەر بمکوتایە، بەدڵنیاییەوە زۆری لەسەر ڕۆشتبووم. بیرەوەرییەکی بێهوودە و... بەڵێ، ڕەنگە بێمانایش. سژینێک کە نە ژان دەکات و نە دەشخورێ. باشم وت: بێهوودە... بێمانا.

## ١٢.

کە ڕۆیشتنەماڵەوە، هیوا چاوی بە کتێبێک کەوت کە لە سەر مێزەکە دانرابوو. دەستی دایە و سەیرێکی کرد، بەڵام تەنانەت ناوەکەشی نەخوێندەوە.

ئەمە عادەتێکە کە هێندەکمان هەمانە. هەر کتێب ئەبینین هەڵیئەگرین و سەیری ئەکەین، بەڵام ئەوەندە مێشکمان بە 'هیچ'ـەوە مژووڵە، کە تەنانەت ناوەکەشی نابینین و دایدەنێینەوە جێگاکەی خۆی. مێشک بۆ ئەوەی کە بتوانێ نەرمی و ڕەوانی و باڵانسی خۆی ڕاگرێ، هەرچەن ماوە جارێ ئەبێ خۆی بە 'هیچ'ـەوە خەریک بکات. "چ جیاوازییەکی هەیە کە چ کتێبێک بێت؟ بەهەرحاڵ، خۆ من کات و تاقەتی خوێندنەوەیم نییە."

بەڵام بۆ ئەو کاتانەی کە دەستەپاچەی و نازانی ئەبێ چی بکەی، خۆخەریککردنێکی بە پرستیژە. خۆخەریککردنێک بۆ چاوێک کە لەوانەیە سەیرت بکات. کاتێک کە مێشک بە هیچەوە مژووڵە… کتێبەکان چەن سەبوورن.

هەڵبەت ئەم باسە بۆ برایم هێندەک جیاوازە. نەک تەنیا لەبەر ئەوەی کە برایم بەگشتی لەگەڵ کتێبدا نامۆیە، بەڵکوو زیاتر لەبەر ئەوەی کە مێشکی برایم ئیتر زۆر بە هیچەوە مژووڵ ئەبێ. ئەتوانم بڵێم زۆر بەدەگمەن پێش دێت، کە برایم مێشکی بە هیچەوە مژووڵ نەبێت. بەگشتی ژیانی وەها، ڕەوتێکی ڕۆتینیی بە خۆی گرتووە کە زۆر پێویستی بە بیرکردنەوە نییە.

خاڵی بەرانبەری برایم، هاوڕێیەکیەتی کە ئەویش وەکوو برایم سی ساڵێکە لە سوێد دەژی، هەڵبەت لە شارێکی تری. ئەم هاوڕێیەی برایم قەت مێشکی بە هیچەوە مژووڵ نابێ. هێندە بەرژەوەندیخوازە، کە بۆ یەک چرکەیش دەرفەت بە مێشکی نادات. بەگشتی گەورەترین ئامانجی لە ژیان ئەوەیە کە دابنیشێ و بە شانوباڵی خۆیدا هەڵبڵێ. کە نان دەخوا، بۆ تێربوون نییە، بەڵکوو بۆ ئەوەیە کە دوایی بە یەکەم کەسێک کە دەیبینێ، بڵێ: "گۆشتی پشت مازەی گوێرەکەی شەش مانگەم، حەوت کاتژمێر لە شەرابی حەوت ساڵەی فەڕەنسیدا خەواند و بێ تۆ ناخۆش کەبابم کرد و خواردم…" جگە لەمە، هێندە لەبیری ئەوەدایە کە کەڵک لە دەرفەتەکان وەرگرێ، کە ئەو مێشکە هەژارەی قەت ناحەسێتەوە. ئەگەرچی لە دۆخێکی ئابووریی باشدایە، بەڵام هەمیشە لاقێکی لە سوپەرمارکێتەکان و ناوەندەکانی فرۆشدایە کە ئاگاداری دوایین داشکاندنەکان بێت. گەورەترین شانازییەکەی ئەوەیە، کە منداڵی بنەماڵەیەکی هەژار بووە و ئێستا لە برایم کە منداڵی بنەماڵەیەکی

دەوڵەمەند بووە، دەوڵەمەندترە. ساڵی جارێک هەوڵ ئەدات کە بە هەر شێوەیەک بووبێ برایم ببینێ، هەتا ئەم ڕاستییە بداتەوە بە نێو چاویدا. برایم ئەمە ئەزانێت، بەڵام هیچ حەز ناکات مێشکی بەو شتانەوە خەریک بکات.

خەریک بووم بۆ کچێکی هاوڕێم، وتارێکی ڕادیکاڵی فمینیستیم تەرجەمە دەکردەوە. هەر کەسێک لە ژیانیدا کەسانێکی لە دەوروپشت هەن، کە ناتوانێ پێیان بڵێ "نا". بۆیە کە داوای لێ کردم، "نا"م نەهێنا. بەڵام کە هێندێکیم خوێندەوە، دیتم لە هیچکوێی وەرگێڕانی ئەم وتارەدا، پێویست ناکات وشەی **سژین** بەکار بهێنم. دڵنیام ئەگەر وتارەکە هەتا ئاخری دنیایش درێژ بووایە، هەر پێویستی نەدەکرد ئەو وشەیە بەکار بهێنم. چەنێک ئەم وتارە و سۆفیا لە یەک دەچن! ئەو کچەی هاوڕێم دەڵێ: "ژنان پێویستیان بەوە نییە کە مێشکیان بە هیچەوە مژووڵ بکەن." نازانم ڕەنگە ڕاست بکات، خۆ من قەت ژن نەبووم، بەڵام دڵنیام لەو باشتر ژن دەناسم، بۆیە ئەبێ بڵێم: ژنیش مرۆڤە خاتوونی فێمینیست.

ئەو شەوە ئیلهام بەتەواوی دڵنیا بوو، کە ئاغای کەریمی بەتەمایە ئەو بۆ کوڕەکەی بخوازێ. هەڵبژاردنەکانی بەردەم ئیلهام زۆر نین. بەهەرحاڵ، دەبێ شوو بکات. ئێران شوێنێک نییە کە بتوانی بەدڵی خۆت تێیدا بژیت، بەتایبەت ئەگەر ژن بیت. لە بنەماڵەکەیشی ڕانەدەدیت کە ئیزنی پێ بدەن لە دەرەوەی وڵات بژی و خۆیشی ئەو توانایە لە خۆیدا شک نابات کە بەرگەی تەنیایی بگرێت. هەڵمەتیش کە ڕێگاکەی نادیارە. ئەگەرچی دڵنیا بوو کە باوکی بەزۆر بەشووی نادات، بەڵام دەشیزانی ئەگەر شوو نەکات، وردەوردە بۆڵەبۆڵی دایک و باوک و چاوی پڕپرسیاری دراوسێ و جیران سەر ئەکەنە جەرگی، هەموو ئەمانەی بە هەڵمەتیش وتبوو. لە ڕاستیدا پێچەوانەی هەمیشە، ئەم جارە ئەو زۆری

قسە کردبوو و هەڵمەت تەنیا بە سەرلەقاندن و "وایە" و "ڕاست دەکەی" وەڵامی دابوویەوە. لە کۆتاییشدا وتبووی: "خەمی منت نەبێ، ئەزانم خۆشبەخت ئەبی، منیش بزانم چۆن ئەبێ ئیتر... پیرۆزە."

لە ڕاستیدا هەڵمەت لەو کاتەدا هێشتا قووڵایی کارەساتەکەی نەخوێندبووەوە، نارەحەت ببوو، بەڵام هەتا دوای ئەوەی کە ئیلهام پێی وت: "سپاس کە تێئەگەی، هەناسەکەم"، نەیزانی چی ڕووی داوە. ڕەنگە پێی وا بووبێت کە ئیلهام گاڵتەی لەگەڵ دەکات، یان ئەوەی کە ئەیهەوێ داوای لێ بکات کە ئیتر ئەبێ واز لە کۆمەڵێک شت بهێنێت یان هانی بدات کە هاوسەرگیری لەگەڵ بکات یان شتێکی لەو چەشنە. بەڵام ڕوانینی سارد و جدیی ئیلهام، هاوکات لەگەڵ ئەو دڵسۆزییە دایکانە کە لە ڕستەی کۆتاییدا دەریبڕی، ئاوێکی ساردی بە سەر هەڵمەتدا کرد. "سپاس کە تێئەگەی، کەسەکەم"، لە بەرانبەر ئەو ڕستەدا ئەتوانی چی بکەی؟ با سژینیشی تێدا بێت.

لە بەرانبەر کچێکی جواندا کە لە ژێرڕا چاوی بڕیوەتە چاوت و خێرا خێرا برژانگە درێژەکانی لەیەک دەدا و ئەڵێ: "ئەتوانی ئەم وتارەم بۆ تەرجەمە بکەیتەوە؟"، چی ئەڵێی؟ با سژینیشی تێدا نەبێ.

**...سەنگ:**

هەڵمەت خۆی بە چێشتلێنانەوە خەریک کردبوو، کە هیوا هەر لە هاڵەکەوە بانگی کرد:

- دەرفەت نەبوو بۆت بگێڕمەوە، ئەمڕۆ چیم بەسەر هات.
- لە من خراوترت بەسەر هاتە؟

- لە داگیرکرانی نیشتمان خراپتر؟ نازانم. نا، لێگەڕێ. خەونێکی ناخۆشم دیت، تاقەتیشم نییە بیگێڕمەوە.
هیوا بەدەم هاتنە نێو چێشتخانەوە، درێژەی بە قسەکانی دا:

- هەڵمەت ئەزانم کاتی ئەم قسانە نییە، بەڵام ئەبێ هێندەک پرسیارم وەڵام بدەیتەوە.
- ئەگەر داوام لێ نەکەی بەو کوردییە ستانداردەی تۆ قسە بکەم، بەسەرچاو.
- چ باشە کە تۆ هێشتا لەهجە سەقزییەکەت ماوە، من ئەگەر ئاوا ستاندارد قسە نەکەم، کرمانجی و سۆرانی و کەلهوڕی و ئەردەڵانی و هەورامیم جارجار لێ تێکەڵ ئەبێ... ئەمەیش خێرێکی تری ڕێکخستنە بۆ ئێمەمانان.
- بۆ خراوە، کەمێکت هەوڵ بدایە، ئایسە تورکیشت ئەزانی...
- نییە زۆریشم کەیف پێ دێت... باشە لەوە گەڕێ. بڵێ بزانم تۆ بە منت وت کارم بۆت پەیدا کردووە و تا ئەو جێگای کە من ئەیزانم، تۆ خۆیشت کارت بوو و لە پەناشەوە چالاکیی سیاسی و ڕێکخستنیت ئەکرد. ئەی ئێستا ئەم ئاپارتمانە چییە؟ دڵنیام کە ڕێکخستن یەک تمەن بۆ وڵاتپارێزان خەرج ناکات. کارەکەی من کوا؟ خۆت خەریکی چ کارێکی؟ پێش لەوەی کە بیرێکی خراپ بکەمەوە بە بێ پێچوپەنا وەکوو جاران، هەموو شتێکم بۆ باس بکە.
هەڵمەت دەستی لە کارەکەی هەڵگرت و هەر وا کە پشتی لە هیواوە بوو و دیار بوو توورە بووە، وەڵامی دایەوە: "هێشتا نووسەر ئەم چیرۆکە نازانێت کە من بۆ لێرە دانریام و گشت ئەم شتانە کە باست کرد چۆناوچۆنن، تۆ ئەتەوێ من بزانم؟ من چووزانم... بە من بێت پەپوولەکان لە بەرد دروست ئەکەم. کاورای نووسەر بەدەست منۆ گیری کردە، نازانێ بمتەپێنێتە کام کەلاوە یان لە کام دەریا بمخنکێنێ،

تەنانەت نازانێ بەدەست زاراوەکەمۆ چی بکات. هەر ئایسە کە من وتم "دانریام"، ئەو زراوی لەوە چووە کە چۆن بینووسێ کە مانای "دانراوم" بدات، نەک "دانرام". ئایسەیش مێشکی لە لای وەرگێڕانەکەی ئەو چەتیوەیە کە من هەوساری قسەم گرتەتە دەست، ئەینا لە خۆی زیاتر باوەڕی بە هیچ گێڕەوەیەک نییە. بەهەرحاڵ، هیوا گیان وەک شتێ من تازە دۆسەکەم لەکیس دا و زۆر تاقەتی شیکردن و شتم نییە. بێسە با خۆی بێتۆ، چیی نووسی، هەر ئەوەیە."

- بەڵام من مێشکم لە لای ئەو کچە و تەرجەمەکەی نییە...
- تەرجەمە نا جەنابی نووسەر، وەرگێڕان. بۆ تۆ ئیتر عەیبە.
- هەرچی... من مێشکم لای خۆمە. تەنیا قامکە تووتەیەکم هەیە کە وەک مێشەکەرانەکەی وا چیخۆف باسی ئەکرد، ناهێڵێ بەدڵی خۆم جووت بکەم.
- کام قامکە تووتە، خۆ لە هیچکوێ باست نەکردووە؟
- باسم کردبوو، بەڵام دوایی گەڕامەوە و سڕیمەوە. زۆری دەوت. بەهەرحاڵ، ئەبێ خەمێک لە ڕەخنەگرانیش بخۆم. چوار ڕۆژی تر لێم ڕاست ئەبنەوە و ئەڵێن: ئەو قامکە تووتە لە خۆیەوە چیی ئەکرد لەوێ؟
- ئەی ئەگەر مێشکت لای خۆتە، چۆن ئەبێ نەزانی هەڵمەت لێرە چی ئەکا؟
- وێڵی کە با تەرجەمەکەی بکات...
- تەرجەمە نا وەرگێڕان.
- باشە بابە... ئەی ئێوە لێرە چی ئەکەن؟ ئیلهام، تۆ لێرە چی ئەکەی؟
- من ئیلهام نیم، هەستیم. عەلی کونەبوو هێناومانی.
- ئەی خۆی کوا؟

- هێنامانی و خۆی ڕۆیشت. ژیان خەرجیی هەیە. جگە لەوەیش، هەر خەریکی ڕاهێنانە. ئەیەوێ سەری بە چواردەوردا بسوورڕێنێت.
- ئەی سارا کوا؟
- ئەوەتام. چاوەڕێم بزانم کێ لە سەر ئەو دیوارە منی دڕاندبوو؟
- وازم لێ بێنن با تەرجەمەکە تەواو بکەم.
- تەرجەمە نا وەرگێڕان.

"ڕاوەستن با خۆم بیگێڕمەوە. ئەوسەرەکەی بەدڵی نابێت و ئەیگۆڕێ، خۆ لەوە زیاتر نییە."

هەزار جارم پێ وتووە لە کوردی نووسیندا، کەمێک زمان بپارێزە. ئەو کاتەی هەموو شتێک بەدەست خۆم بوو، قەت نەمدەهێشت شتی وا ڕوو بدات. بەهەرحاڵ، ئێستا بەدەست هەڵمەتەوە گیرم کردووە. دڵنیام منی هێناوە کە تووشی ئەم گوڵد کوێست و شتەم بکات. من ئەبێ لەگەڵ خۆم پارە ببەمەوە. ئەبێ لە خەمی پەیاکردنی کاردا بم. کاکیشم تووشی شکستی عیشقی بووە. خەریکە خواردن دروست ئەکات. خواردن تەنیا یەک پلە لە سیگارکێشان بەماناترە. ئەو یەک پلەیش، تەنیا بە هۆی پێویستبوونیەتی. پێویستییەک بۆ درێژەدان. درێژەدان بە سژینێک بە ناوی ژیان. ئیتر سالآنێکە چۆنیەتی خواردن زۆر گرینگ نییە، بوونەکەی گرینگە، ئەگەرچی خۆ ئێمە لە قاتوقڕیدا ناژین. ئەی بۆ چۆنێتیی مانای خۆی لەدەست داوە؟ یان ڕەنگە لەدەستی نەداوە و ئێمە لەدەست چووین؟ خواردن بە ژەهری مار...

هەر لە نێو هاڵەکەوە بانگم لێ کرد: ئەرێ هەڵمەت گیان، ئەزانم ئێستا کاتی نییە، بەڵام پێم ناڵێی من ئەبێ چی بکەم؟ خۆ تۆ خۆت بارودۆخی من ئەزانی.

- بۆچی کاکە؟ چی بووە؟

- ئەی برا، من بە بۆنەی تۆوە کە وتت وەرە خەمی هیچت نەبێ، نە بۆ کار گەڕاوم و نە ئەوەندەش پارەم هێناوە کە بتوانم چەند ڕۆژێک لەم کاولبووەدا بۆ کار بگەڕێم...

- خەمت نەبێ.

هەڵئەستم ئەڕۆمە چێشتخانە بۆ لای.

- چۆنم خەم نەبێ برا! من لە بارودۆخێکدا نیم خەمم نەبێ.

هەڵمەت بەبێ ئەوەی کە سەیرم بکات، ئەڵێ: "کاکە، پێویست ناکات کار بکەی. ئەم چەند مانگە بەتەما بووی چەنێک پووڵ پەیا کەی؟ کرێکار بە چەنێک کار ئەکا؟ واز لە کارکردن بۆ خەڵک بێرە."

- یانی چی؟ هەتیو ئەڵێی ئەو چەتیوە ئەو تۆزەتۆزە عەقڵێشی لێت سەندووەتەوە...

- کاکە، متمانەم پێ بکە.

- متمانە بە چیت بکەم؟ هەر وا بە ئاسمانەوە قسە مەکە...

دیسان دێتەوە نێو قسەکانم. جاران وای نەدەکرد. هێندەک شتی وت، کە زۆر پرشوبڵاو لەبیرمە. ئێوەیش زۆری لێ مەکۆڵنەوە. هێندەک شت هەیە ئەبێ قەت نەوترێ. بۆیە ئا لێرەوە درێژەی پێ ئەدەم کە من وتم: "دەی تۆ کە ئەتویست پیاوەتی بکەی، ئەم گشتە ڕێگەت بۆ بە من بڕی؟ بتخستایەتە حسابەکەمەوە."

- حەزم ئەکرد لە لام بی، وەک ساڵان. نازانم، ڕەنگە کۆمەڵێک شت لە ژیانما بگۆڕم. تۆ تەنیا کەسێکی کە من هەمە. چووزانم، ڕەنگە حەز ئەکەم ئەم ڕۆژانە تۆ چاوێک بی و بمبینی. بەیەکۆ کۆمەڵێک بیرەوەریی تازە دروست بکەین، هەر نموونەکەی ئیمڕۆ... کە ئەو کچە ئاوا جێی هێشتم و بەیەکۆ گەڕاین... تۆ نەبووایەتی، هەموو شتێک جۆرێکی تر ئەبوو...

هەڵمەت پێئەکەنی، پێکەنینێک کە ئەتوت قەت نایهەوێ ببڕێتەوە. نێوبەنێو شتێکیشی ئەوت. باسی ئەوەی کرد کە ئەم ئاپارتمانەی بەکرێ گرتووە... لە کابرایەک کە لە ئەمریکا ئەژی... کرێی تا شەش حەوت مانگێکی تری بە کابرا داوە... جیرانێکی هەیە کە کوڕێکی مونگولی هەیە... کوڕە مونگول زووزوو خۆی ئەکا بە ماڵی بێوەژنێکدا، کە ڕاست لە ژێر یەکەکەی خۆمانە... ئەیوت یەکەم جار کە بێوەژنە کوڕەی بردبووە ماڵەوە، ئاگام لێ بوو. دوای بیست دەقەیەک، کوڕە هاتبووە بەر دەرگای ئاپارتمانەکە و یەکبەخۆی ئەینەڕاند: "باوکەڕۆ، مێشکی کێرم هاتە دەرەوە..." بێوەژنەش بە ترس و لەرزەوە هەر هەوڵی ئەدا هێوری بکاتەوە، ئەیوت بەقوربانت بم ئەوە مێشکی کێرت نییە، ئەوە دۆشاوە بێنە با بیخۆم. ئەویش ئەیوت لا چۆ، ئەگەر دۆشاوە، خۆم ئەیخۆم...

هەڵمەت ئەوەندە پێکەنی، کە نیگەرانی کردم. ئەتوت ئەیهەوێ هەموو ئەو شتانە کە ئیتر ناتوانێ بۆ کەسی باس بکات، هەمووی بە جارێک بۆ من بگێڕێتەوە.

لە سەر سفرە پرسیارم لێ کرد: "هێشتا لەگەڵ حزبایەتی بەردەوامی؟"

- ئەرێ. هەڤال، ئەم نە پارتینە، ئەم ڕێخستنین.
- خۆ ئاگاداری خۆت هەیت؟
- لەوەتی تۆ وازت هاوردە، زیاتر ئاگام لە خۆمە. جاران دڵنیا بووم کە تۆ هەی، بەڵام ئێستا...
- من هەمیشە ئاگام لە هەموو کەسە، بەڵام یەک دوو ساڵێکە زانیومە کە منیش خوا نیم.
- یەک دوو ساڵێکیشە لە خەبات دابڕیای.
- خۆت پێوەندییەکەی بدۆزەوە.

- من چووزانم، بەهەرحاڵ من هێشتا خەیانەتم بە ئاواتەکانی مناڵیم نەکردە.

پێم نەوت، من لەوە ئەترسام کە ئاواتەکانم خەیانەتم پێ بکەن. چۆن ئەکرێ خەیانەت لە ئاواتەکانت بکەی؟

ئاواتەکان! تەنیا ڕەنگە بتوانی بەشێکیان جێ بهێڵی. ئەو کاتەی کە ئاواتەکانت لێک دائەبڕێن و بەرانبەر یەکتری سەنگەر ئەگرن، یان ئەبێ بچیتە سەنگەرێکیانەوە و قامکت لە سەر پەلەپیتکەی یەکلاکەرەوە، نوێژی پاکانە بکات یان لەو نێوانەدا بوەستی و فیشەکی هەردوولایەنت بەر کەوێ یان ئەوەی کە بەجێیان بهێڵی بۆ هیچێکی گەورەی سەرەونخوون.

- مەبەستم تۆ نەبوو هیوا گیان، خۆم ئەلاوێنمۆ.
- سێو ئەڵێ بە نیوتۆن... با وەرگێڕانەکەی تەواو بێ.

پێی ئەڵێم: ئاە، بەڵام هیوا گیان بڕیار نییە تۆ چیرۆکەکە بگێڕیتەوە.

- بۆ من چیمە؟
- تۆ هیچت نییە، بەڵام تۆ کارەکتەری ئەم ڕۆمانەی نەک نووسەری.
- واز بێنە، خۆیشت ئەزانی کە ئەکرێ.

هەست ئەکەم لە ناوەڕاستی ژوورەکەماندا بە عەرزەوە نووساوم و لێ نابمەوە. هیوام لێ دیار نییە، بەڵام هەست بە بوونی دەکەم. لە ژێر لێوەوە ئەڵێم: باشە، ئەم بەسەرهاتەت لێ وەردەگرم، ماڵت ئاوەدان.

هەست ئەکەم دەنگەدەنگێک دێت. نایانبینم، بەڵام ناوبەناو دەنگیان دێتە گوێم:

- ئەکرێ من گێڕەوە بم.
- وە هەروەها منیش. تازە من لە هەموو شیاوترم. لانی کەم بەقەد ئیلهام و سارا یەک ڕەهەندی نیم.
- هەستی گیان، تۆ ئەتەوێ بڵێی کە ئیلهام و سارا کەسایەتییەکەیان تاک ڕەهەندییە؟
- ڕاست ئەو مەبەستەم بوو.
- ڕاست ناکا. ئەگەرچی منیش زۆر لەوان جیاواز نیم، بەڵام لانی کەم من تەمێکی ئەفسووناویم بە سەرەوەیە. کەواتە ئەگەر بڕیار بێت کەسێک گێڕەوە بێت، من... هەڵبەت سارایش...
- من کە هەڵمەت پێشنیار ئەکەم بۆ گێڕانەوە، ئاخر ئەو زۆر خۆش شت دەگێڕێتەوە.
- ئاهـ تۆیش بەم هەڵمەت هەڵمەت کردنەتەوە، شێتمانت کرد...
- ئەبێ شەرم لە خۆتان بکەن...
- خۆت زۆر شیرینی؟
- تۆ چی ئەڵێی گولە؟
- ...

هەوڵ ئەدەم بە جووڵاندنی قامکە گەورەکەی پەنجەی پێی ڕاستم، کارێک بکەم کە سەنگ بەرم بدات. تەنیا یەک دوو قامکی پەنجەی پێم نەبێ، هیچ ئەندامێکی لەشم لە فەرمانی خۆمدا نییە. شتێک پێم ئەڵێ کە لێی گەڕێم و دیسان بخەومەوە، بەڵام هەست بە مەترسی ئەکەم. بە خۆم ئەڵێم نا، ئەم بارودۆخە نابێ لەمە زیاتری پێبچێت. دیسان پەنجەی پێم

ئەجووڵێنم و کەم کەم ئەتوانم قولاپە و دوای ئەوە ئەژنۆم کەمێک بجووڵێنم، دوای هەوڵێکی زۆر ڕزگارم ئەبێ بەدەستیەوە... هەناسەم سوار بووە، لە سەر ئەنیشکی ڕاستم کەمێک خۆم ڕاست ئەکەمەوە و هەناسەیەک دەگرم و دیسانەوە ڕائەکشێم. بەڵام ئەم جارە بە لاشاندا. لە نێوان ڕاستبوونەوە لە سەر ئەنیشک و دیسان ڕاکشانەوەدا، مەودایەک هەیە. لەو مەودایەدا، لەو چەن چرکەیەدا، هەست ئەکەم ئامادەم نیوەی ژیانم بدەم، بەو مەرجەی کەسێک هەبێت هەتا بتوانم بۆی بگێڕمەوە کە چۆن سەنگ گرتبوومی و ئەو بتوانێ تێبگات... نا ئەمە نییە، هەمووی ئەمە نییە...

سێبەری شوومی ژیانە
یان تەمی قورسی مەرگ
ئاوا قەتیس و قورس
سووک و سرک؟
ئەم بیرەوەرییە مردووانە
چەن هەراسان
چەن بزۆز
دەگەڕێنەوە.

**.١٣**

لە خەو کە هەستام، ڕۆژ درەنگ بوو. هاوسەرەکەم پێم ئەڵێ: "ئەم بەیانییە بە دەنگی وڕێنەی تۆ لە خەو هەستاوم." بەپەلە سەیرێکی دوایین نووسراوەکان دەکەم و بە دەموچاوی نەشۆراوەوە هەڵدێمە لای سۆفیا. لە پشت پێشخانەکە وەستاوە و لەگەڵ عەرەبێکدا قسە ئەکات. ئەمەوێ پێی بڵێم ئەمە هەمووی خەتای تۆیە. لەم هەراهەرا و زەنازەنایەدا ڕۆژ و شەو و خەو و خۆراکم لێ تێک چووە، ئاخر ئاوا چۆن ئەبێ!

قسەکردنی لەگەڵ عەرەبەکە تەواو ئەبێت و ڕوو ئەکاتە من و چاوە بووکەڵەییەکانی چەن جارێک خێراخێرا ئەترووکێنێت و ئەڵێ: "هێی..." سەیرێکی ئەکەمەوە و "هێی"ێکی پێ ئەڵێمەوە و لە بێهوودەبوونی ئەو کارەی کە دەمویست بیکەم، سەرێک ڕائەوەشێنم و ئەڕۆمە دەرەوە کە سیگارێک بکێشم.

هیوا لەگەڵ باوکیدا قسەی ئەکرد. چوار ملوێنی بۆ ڕژاندبووە حسابەکەیەوە و خەریک بوو بۆی شی دەکردەوە کە چۆن ئەو پارەی پەیا کردووە. هەڵبەت درۆی دەکرد، چونکا ناوی یەک دوو کەس و یەک دوو شوێنی هێنا کە من هەر ئاگاشم لێیان نەبووە.

بڕیار بوو لەگەڵ سارا یەکتر ببینن. دوو سێ شەو بوو کە نەخەوتبوو و گوێکانی دەزرینگانەوە، بەڵام ماندووبوونی پێوە دیار نەبوو. ئێستا کە پارەی بۆ باوکی ناردووەتەوە و کێشەکەی ئەوی چارەسەر کردووە، بەقەد پەپوولەپاییزەیەک هەست بە ئاسوودەیی دەکات، ئێستا دەتوانێ خۆی بدا بەدەم هەر بایەکەوە، بێدەربەست.

وەکوو هەمیشە زووتر لە کاتی دیاریکراو ئەگاتە شوێنی دیدار؛ کافە کوپ. زۆری پێنەچوو کە سارا بە ماشێنی خۆی هات. دیار بوو موشتەریی ناسراوی کافەکە بوو، چونکا هەر گەیشتە بەر دەرگا، یەکێک لە کارمەندەکان خێرا پلاستیکە سوورەکانی بەر دەرگای کۆ کردەوە کە سارا بتوانێ ماشێنەکەی لە چەقی دەرگاکە ڕابگرێت. بەهەرحاڵ، ئەو جل و پۆشاکەی ئەو لەبەری کردبوو، بۆ ئەوە نەدەبوو لە دوورتر ڕایگرێ، دەنا ئەگەری ئەوە هەبوو کە تووشی "گەشتی ئیرشاد" و

"پۆلیسی ئەمنییەتی ئەخلاقی" (کە ئەم ڕۆژانە لە هەمیشە چالاکترن) بێت.

عەینەکێکی قاوەیی گەورەی لەچاو کردبوو کە هەر گەیشتە بەردەرگا، هەڵیداوە و لە سەر سەری وەستا. ڕووسەرییەکی مەیلەوکەسک بە گوڵی وردی ڕەش و نارنجی کە بەحاڵ و دووبەڵا لە قژگیرەکەی گیر بوو و دەتوت بۆ شاردنەوەی کلیپسەکەی لەسەری کردووە، بەسەرییەوە بوو. قژێکی درێژی ڕەنگراوی کاڵ کە دوو تاڤگەی خرۆشان بوون، لە هەردووک لای ڕوومەتیەوە ڕژابوونە سەر سینگ و ملی. لایەکی ڕووسەرییەکەی وەکوو شاڵ خستبووە سەر شانی، کە زووزوو بەر دەبووە و خەتی سینگی و بەشێک لە مەمکانی کە لە نێو ستیانەکەیدا جێگایان نەبووە و وەکوو شیرێک کە لە سەر ئاگر هەڵچووبێ هاتبوونە سەر، دەرئەکەوتن. مانتۆیەکی بێ دوگمەی کراوەی ئێجگار ناسکی خۆڵەمێشی لەبەردا بوو، کە زیاتر لە عابا دەچوو و بلووزێکی ملیوان هەراوی کەسکی تۆخی ئێجگار تەنگی کردبووە بەری، کە بڕیار بوو سینگ و بەرۆکی داپۆشی. ساپۆرتێکی گوڵداری مەیلەونارجی کە بە هێڵی ناسکی ڕەش و کەسک بە شێوەی ئاسۆیی هێڵکێشی کرابوو و کەمێک لە ژوور قولاپەیەوە  تەواو دەبوو، لاقە خۆش فۆڕم و پڕەکانی بە شکۆمەندی تەواو پیشانی بینەر دەدا و لە کۆتاییدا پێڵاوێکی پاژنەبەرزی کەسک و ڕەش کە تەنیا ئەو دەیتوانی ئەوەندە جوان پێی بەڕێگادا بڕوات، لە سەر پێستی برۆنزەکراوی قوولی پێی، ئەم تابلۆ هونەرییەیان تەواو دەکرد.

بە پێڵاوی پاژنەبەرزەوە ڕۆشتن ڕەنگە سەخت بێت، بەڵام زۆربەی ژنان خوویان پێ گرتووە و کێشەیەکیان لەگەڵی نییە. کێشەیەک ئەگەر هەبێ، پیاوان هەیانە و ئەویش ئەوەیە کە زۆربەی ژنان کاتێک بەو پێڵاوانە

بەڕێدا دەڕۆن، ئەژنۆیان چەمانەوەیەکی بێزارکەری هەیە، چەمانەوەیەک کە هەستی بەزەیی مرۆڤ ئەورووژێنن. پێڵاوی پاژنەبەرز تەنیا ئامرازێک بۆ بەڕێداڕۆشتن نییە، بەڵکوو شمشێرێکی دوو دەمە کە بۆ دڵبەری کەڵکی لێ وەردەگیرێ. نەزانی چۆن پێوەی بڕۆی، ئەتکا بە بوونەوەرێکی شایانی بەزەیی.

هیوا بەگشتی کاتێک کە کچێکی جوانی دەدیت، پێی دەوت کە چەنێ جوانە. یان ئەگەر قەلافەت و جل لەبەرکردنی کەسێکی بەدڵ بووایە، خێرا دەریدەبڕی، بەلام لەگەڵ سارا زۆر بە ساردی و ئاسایی هەڵسوکەوتی کرد. بوونەوەرێک کە ئەوەندە جوان خۆی ڕازاندبێتەوە، حەیفە پێی بڵێی، پێش ئەوەی کە ئەو لوتفەی بەرانبەر بکەی، ئەبێ بزانی ئەمە بڕیارە کێ بێت؟ بڕیارە چ جێگایەکی لە تەنیشتی تۆ هەبێ؟ چونکا پێشتریش لە بارودۆخی ئاوا کەوتبوو. ئەیزانی کە نابێ ئەوەندە سەرسووڕمانی خۆی لە جوانی و شیکپۆشیی سارا دەرببڕێ، نەوەک هەر ئەمڕۆ یان سبەی سارا خۆی لێببێتە خاوەنڕا و هەوڵ بدات جلپۆشینی سادەوساکاری هیوا بەچاویدا بداتەوە. کەواتە خێرا چووە قاڵبی ڕۆشنبیرێکەوە کە ڕیسالەتی ئەوەیە، زەمی جلوبەرگی سێکسی و پڕ ئاو و ڕەنگ بکات. بۆیە بە جێگای سلاو، هەستا و لە هەمان کاتدا کە بە دەست خوڵکی سارای دەکرد کە دابنیشێ، وتی: "پێویستی نەدەکرد ئەوەندە خۆت تابلۆ بکەی، کچێ!"

- بۆ مەگەر چیم کردووە؟ (ئەمە یانی من زۆر ئاسایی خۆم ڕازاندووەتەوە و هەمیشە هەر ئاوام).
- چییە ئەو جلە جلفانە؟

سارا هەر وا کە دادەنیشت، کەمێک بەناڕەحەتییەوە وتی: "کێشەت تەنیا لەگەڵ ڕەنگەکانیدا هەیە یان (ڕووسەرییەکەی لە سەر شانی داخزی و

سینگ و بەرۆکی پەردەی لە سەر لا درا و ئێوە وا بیر بکەنەوە کە بەقەستی نەبووە) ...جلەکانم ئەوەندە چاوتی گرتوون، کە دڵت نایە بمرۆشێنی هەتا حەقیقەتی نیگارەکە دەرکەوێ؟"

- نا، کێشەم لەگەڵ ئەو ئیبتزالەدا هەیە. ئەڵێی هیچی ترت نییە پیشانم بدەی، جگە لە سمت و مەمکت. کێشەم لەگەڵ ئەو بەتاڵبوونەدا هەیە، ئەو بۆشبوونە، ئەم "جوانی گەمژە" بوونە.

بەڕاستی دیتنی ئەو دیمەنە، هیوای هەژاندبوو. زۆر بەسەختی توانیی پێش بە خۆی بگرێت کە چاو نەبڕێتە ئەو ڕەنگە بێهاوتایەی پێستی سارا و ئەو بەرزی و نزمییە دڵڕفێنەی لەشی. ڕەنگە هەر لەبەر کۆنترۆڵکردنی خۆی بوو، کە ئاوا بێ پەردە و دوور لە ئەدەب (ئۆهـ هیوا بەدڵنیاییەوە دەزانێ چۆن لەگەڵ ژنان قسە بکات) قسەی کرد، بەڵام دیتی زیادەڕۆیی کردووە و پێش ئەوەی کە سارا دەمی بکاتەوە (دڵنیام شتێکی باشی نەدەوت) بە مەبەستی قەرەبووکردنەوە، درێژەی بە قسەکانی دا: "هەڵبەت تۆ پێشتر سەلماندووتە کە کەسێکی نێو بەتاڵ و بۆش نیت، بۆیە تۆ بە جیاواز دادەنێم. بەڵام ئەوە بۆ من یاسایەکی گشتگیرە (بەپێکەنینەوە) و نابێ چاوەڕێ بی لەبەر تۆ کە بەر ئەو یاسایە ناکەوی، یاساکانم بگۆڕم..."

دیسان دڵی سارای بەدەست هێناوە، بەڵام لە ڕاستیدا سارا زۆری کێشە لەگەڵ ئەوەدا نەبوو کە پێی بوترێت "جوانی گەمژە"، یان وەکوو لە ڕۆژئاوا دەوترێ "بلۆندی گەمژە". بەو مەرجەی کە پێداگری لە سەر جوانییەکەی بکرێ، نەک گەمژەبوونەکەی. کێشە ئەوە بوو کە ئەو قسە لەلایەن هیواوە کرابوو کە سارا پێشتر زانیبووی (یان هیوا خۆی وا پیشان دابوو) کە خوێندەواربوون و مێشکی پڕ لە جوانی گرینگترە بۆی و خۆی وەکوو کەسێکی ڕۆشنبیر و خاوەنڕا دەرخستبوو. کەواتە

ئەوەی سارای تووڕە کرد، ئەوە بوو کە هیوا نەک هەر باسی جوانییەکەی نەکردبوو و تەنیا ئاماژەی بە جلّفیی جلەکانی دابوو، بەڵکوو پێداگری لە سەر بەتاڵبوون و گەمژەبوونیشی کردبوو. بۆیە هیوا لە دوایین چرکەکاندا و لە درێژەی قسەکەیدا، زۆر باش توانیی ئاو بە سەر ئاگردا بکات.

- بەگشتی من خوویەکی تایبەتم هەیە، ئەویش ئەوەیە کە زۆر قسەڕەقم. قسە لە دڵمدا ناهێڵمەوە، مەگەر ئەوەی کە هۆکارێکی هەبێ. مەبەستێکی خراپم لەمە نییە، بەڵام زۆر جار هاوڕێکانم بەتایبەت هاوڕێ تازەکانم لێم دەڕەنجێن.

کوڕێکی گەنج بە جلێکی شین کە لە ملیوانەکەیەوە هەتا خوارەوە بە ڕەنگی سوور چەندین جار نووسرابوو "کوپ کوپ کوپ..."، دوای سڵاوی دووبارە، پرسیاری کرد کە چی ئەخۆن یان ئەخۆنەوە کە هەردووکیان لە سەر چایی کۆک بوون. هیوا ئەمەی کە سارا بە چایی ڕەزایەتی دا و ناوی خواردنەوەیەکی سەیروسەمەرەی نەهێنا، بە نیشانەی سەرکەوتووبوونی خۆی هێنایە ئەژمار. کە هەڵبەت وا نەبوو.

- ئەزانی، من قەت لەگەڵ منداڵی شارستان تێناکەوم. سەختە بۆم. ئەبێ لە ئەلف تا یا دەستت پێیانەوە بێت، جل لەبەرکردنییان، سەروقژ و ڕێگەڕۆشتنیان...

هیوا دەیدی کە سارا دەمی دەجووڵێتەوە، بەڵام لە دەنگی موزیکێکی نەرم زیاتر هیچی نەدەبیست. سارا هەر وا دەمی دەجووڵا و هیوا کەوتبووە بەحری خەیاڵەوە: "ئای کاتێک کە دەنگتان لێوە نایەت، چەن گاڵتەجاڕن. جووڵەی دەست و سەر و ڕوومەتتان چەن زیادەیە. بەتاڵبوونتان لە تۆقلەی بنێشتێک چەن ئاشکراترە. بەڵام سەرەڕای

هەموو ئەمانە... ئەرێ، بەڕاستی بوونەوەرێکی سەرنجڕاکێش و بە شێوەیەکی زەخم جوانی."

- ...بۆیە بەهەرحاڵ، هەرکامەمان کەمێک لەو قسە ڕەقییەمان تێدایە.
هیوا هەر ئەم ڕستەیەی کۆتایی بیست و بۆ ساتێک سەری لەوە سووڕما کە چۆن لە "منداڵی شارستان"ەوە قسەکەی هێناوە بۆ ئەم ئاشتەواییە نەرمونیانە. هەر وا کە سەیری دەم و لێوی سارای دەکرد، وتی: "تۆیش وەکوو من بکە، ڕێگایەکم بۆی هەیە."

سارا بەنەرمی لێوی خۆی دەگەزێ و سەری دێنێتە پێشەوە و ئەڵێ: "گوێم لێتە؟"

- من زۆر جار هەوڵ ئەدەم ئەو قسانەی کە ڕەنگە زۆر بێ پەردە یان توندوتیژ بن، لە ڕەستەیەکدا بشارمەوە.
- یانی چۆن؟
- واتە شتێک ئەڵێم کە هەر خۆم تێبگەم، کە چۆن قسەکەی خۆم لەودا شاردووەتەوە. ئاوا هەم قسەکەی خۆم کردووە و لە سەر دڵم نەبووە بە گرێ و هەم دڵی کەسیشم نەهێشاندووە. (هەڵبەت درۆ ئەکات و ئەم تەکنیکە! هەر ئێستا بە مێشکی گەیشت).
- پێم وا بێ کەمێک تێگەشتم، بەڵام ئەگەر ڕوونتری بکەیتەوە باش ئەبێ. سەرنجڕاکێش دیارە.
- ئا... گوێ بگرە. لە شارێدا، دوایین خەونیچکەم با تێ ئەکەم.
- چی؟
- هەر ئەوە ئیتر. ئێستا من قسەیەکی زۆر بێپەردەم لەو ڕستەیەدا کە بێمانا دیارە، شاردووەتەوە.

سارا بێهوودە هەوڵ ئەدات کە ئەو ڕستەیەی کە هیوا وتی، دووبارە بکاتەوە.

- لە شارێدا... دەی پێم بڵێ، بزانم قسەکەت چیبوو؟
- دەی من بۆیە وام کرد کە قسەکە ڕاستەوخۆ نەڵێم، دەنا ڕەنگە نارەحەت بیت.
- نا بیڵێ، هەرچی بێت، نارەحەت نابم. خۆم داوات لێ ئەکەم.
- ئم... باشە، سارا دوا جار ئەتدرم.

سارا لێوی کۆ کردەوە و کەمێک سەری خست بە لای ڕاستدا و برۆیەکی هەڵهێنا:

- لە بێئەدەبییەکەت خۆش ئەبم، بەڵام بۆ ئاگاداریت، من پێشتر دڕاوم. خۆ پێم وتی، ئەبێ لە ئەلف تا یا دەستم پێتەوە بێت.

هیوا بەبزەیەکەوە لەبەر خۆیەوە وتی: وا دیارە ئەوانەی دروشم لە سەر دیوار ئەنووسن، جارجار کردەوەشیان هەیە.

- چی؟
- ئەی ئەوانەی کە نووسراوەکانی سەر دیوار تێک ئەدەن؟
- هەوڵ بدە جۆرێک قسە بکەی کە منیش تێبگەم، باشە؟ ئێستا پیم بڵی بزانم چۆن ئەو ڕستەیەت ئاوا لێ کردووە؟
- زۆر بە ڕێکەوت. لە سەر دیوارێک نووسیبوویان، کەسێکیش هاتبوو تێکی دابوو و کردبووی بە "لە شارێدا دوایین خەونیچکەم با تێ ئەکەم". بەڵام چونکا ڕەنگەکەی کەمێک جیاواز بوو، توانیم بیخوێنمەوە کە پێشتر چی نووسراوە.

(ئێستا من ئەبێ چی بکەم کە چیرۆکەکەم بە کوردی نووسیوە و ئەم ڕستەیە بە فارسی لە سەر دیوار نووسرابوو؟ بڕوا بکەن ئەگەر بە فارسی بینووسن، دەکرێ ئەو ڕەستەیە بکەی بەو ڕستەیە).

- کەسایەتییەکی سەرنجڕاکێشت هەیە.
- تۆیش زۆر جوانی. ڕاستیماڵتان لە کوێیە؟

نا نا، بەدڵنیاییەوە هیوا ئەو پرسیارەی بۆ ئەوە نەکرد کە بزانێت ئایا ئەو نووسراوە پێوەندییەکی بە ساراوە هەیە یان نا. تاران لەوە زەبەلاحترە کە تەنانەت بە خەیاڵیشیدا بێت کە وەها پێوەندییەک هەیە. تەنیا ئەیهەویٔ هەڵسەنگاندنێکی وردتر بۆ سارا بکات. هەر ناوچەیەکی تاران، ئەتوانیٔ زمانی تایبەت بە خۆی هەبێت.

- لە تەجریش، هەڵبەت جاریٔ. هەتا لەبیرم دێت، هەر لەویٔ بووین. ئەسڵی ئەسڵی تارانین.

هیوا ویستی بڵیٔ: ئەسڵ و نائەسڵی چی؟ هەمووی دوو سەد ساڵە تاران لە گوندەوە بووە بە شار. دڵنیام باپیرەت یان ئەوسەرەکەی باپیری باپیرەت یان مەڕدار بووە یان شوانی خەڵک یان شتێک لەو دەوربەرەدا... نەیوت. ویستی بە توانج و گاڵتەوە پێی بڵێت، بەڵام کە چاییەکەیان بۆ هێنان، هیوا باسەکەی بەر دا و قسەکەی کردەوە بە جێگاکەی خۆیدا.

سارا جوانییەکی بڵحانەی تێدا بوو. ئەمە زیاتر لەوەی کە لە پێستی برۆنزەکراو و چاوە مەیلەوزەردەکانیدا دەرکەویٔ (هەڵبەت ئەگەر بە چاوی لوتفەوە سەیری بکەی، ئەبیٔ بە جێگای زەرد بڵێی هەنگوینی) لە گەورەبوونی دەمی و بیٔ پۆیی زمانی و فۆڕمی چناکەیەوە دەردەکەوت. چناکەیەک کە ئەگەر بە چاوی ناحەزییەوە سەیری بکەی، بینەر وەبیر چەکوشی پینەچی دەخاتەوە. (چۆن دڵم هات؟)

باوکی سارا پێش شۆڕشی ئیسلامی لە ئەرتەشی شاهەنشاهیدا ئەندامی گرووپی موزیک بوو، کە دوای شۆڕش بە هەزار گێرە و کێشە لە تیرباران و سێدارە ڕزگاری ببوو. هەتا چەن ساڵێک لەمەوپێشیش کە

سەکتەی دڵ کوشتی، هەموو بەیانییەک سڵاوێکی نیزامی دەدایە وێنەیەکی **شا** کە بەقەد دیواری هاڵەکەیانەوە هەڵیواسیبوو. هەڵبەت سارا تا ئەو ڕۆژەی کە باڵای ئەونە بەرز نەببوو کە دەستی بگاتە وێنەکە، نەیدەزانی لەمدیوی وێنەکەی شا، وێنەیەکی **خومەینی** یش هەیە کە باوکە بەمشوورەکەی بۆ ڕۆژی تەنگانە دانابوو. لەو ڕۆژەوە بوو کە سارا ڕقی لە باوکی خۆی بووەوە و ئەمجار زیاتر سەرنجی هەڵسوکەوتی دەدا و ئەو دووڕوویی و بەرژەوەندیخوازییەی باوکی پەردەی لە سەر لا دەدرا و ڕۆژبەڕۆژ زیاتر لە پێشچاوی سارا دەکەوت. دایکی سارا ژنی دووهەمی باوکی بوو، کە لە نێوەڕاستەکانی شەڕی ئێران و ئێراقدا ببوو بە ژنی و کەس نازانێت ژنی یەکەمی چیی بەسەر هاتووە (تەنانەت منیش).

سارا دوو ساڵێک پێش ئەوەی کە باوکی بمرێ، بۆ یەکەم جار عاشق بوو، هەڵبەت یەکلایەنە. بەڵام زۆری پێنەچوو کە لە ڕێگای ئیلهامەوە کە ئەوکات هاوپۆلیی بوو، زانیی ئەو متۆڕسوارە قژدرێژە کە هەمیشەی خوا پێڵاوی نایکی سپی لەپێدا بوو و حەفتەی یەک دوو جار ئەهاتە پێش خوێندنگاکەیان، لەگەڵ مامۆستای زمانی عەرەبییەکەیاندا کەینوبەینی هەیە. چەن مانگێک دوای ئەو شکستهێنانە، بەپێچەوانەی خواستی باوکی کە حەزی دەکرد کچەکەی ساکسیفۆن فێر بێت، ناوی خۆی لە کلاسی گیتار نووسی و هەر لە یەکەم ڕۆژەوە عاشقی مامۆستای گیتارەکەی بوو و هێشتا تەواو فێری ئاکۆردگرتن نەببوو کە توانیی خۆی بگەیەنێتە ژووری خەوی مامۆستاکەی (یان ئەکرێ بڵێین مامۆستاکەی ئەوی گەیاندبووە ژووری خەوی خۆی. جیاوازییان چییە؟ ئۆ... جیاوازیی زۆرە). مامۆستای گیتارەکەی لانیکەم ٢٠ ساڵێک لە سارا گەورەتر بوو و ڕیش و سمێڵی کە هەتا سەر سینگی دەهات، تاڵەتاڵە سپیی تێ کەوتبوو.

سارا هێشتا زۆر گەنج بوو، بەڵام بەڕاستی بۆ دڵبەریکردن کەسێکی بەهرەمەند دەهاتە ئەژمار. هەرچەن هەر ئەو ڕۆژە ئەڤینی مامۆستای ڕیشدرێژی لەپێشچاو کەوت، ڕاست لەبەر ڕیش و پەشمەکەی. کابرا زۆر بەهێمنی و بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە سارا یەکەمجاریەتی دەستبەکار بوو، بەڵام هەر دەستبەکار بوو، سارا ئەوی وەکوو ئەو وێنەیە هاتە پێشچاو کە باوکی لە پشت وێنەکەی شا بۆ ڕۆژی تەنگانە داینابوو. بەو ڕیش و پەشمەوە، چۆن هەتا ئێستا ئاوا سەرنجی نەدابووە مامۆستاکەی؟ حەتمەن دەبوو کاتێک کە تەسلیمی دەبێ و کەوتووەتە ژێری و هیچ دەرەتانێکی بۆ نەماوەتەوە، بەمە بزانێت؟ بۆ نا؟ مەگەر ملوێن ملوێن خەڵکی ئێران پێش ئەوەی بکەونە ژێر ڕکێفی خومەینی و دارودەستەکەی، دەیانزانی چ باسە؟ وا چل ساڵە دیکتاتۆر لە دوای دیکتاتۆر تەعەدایان لێ ئەکات و ئەڵێی هەمووان ئەمەیان وەکوو سزای خۆیان قبوڵ کردووە؛ سزای ئاشقبوونێکی بەکۆمەڵ، سزای دیتنی وێنەی خومەینی لە مانگدا... .

ترسابوو... دڵی وەکوو کۆترەباریکە لە چنگی پشیلەیەکیماڵیدا لێیدەدا، بەڵام نەیدەوێرا هیچ بکات. هێندە ترسابوو، کە ئێش و ژانی لاچوونی کچێنییەکەی زۆر هەست پێ نەکرد. تەنانەت لەبیریشی نەبوو کە کچە و بەو جۆرەی کە دەیڵێن پەردەی کچێنیی هەیە... بارستێکی درێژ هاتبووە نێو لەشیەوە و وەکوو کرمێکی چەتوون، هەر هەوڵی دەدا خۆی بگەیەنێتە سەرترەوە. هەتا تەواوبوونی کارەکە کە هەڵبەت زۆری پێنەچوو، بەڵام بۆ سارا ساڵگارێکی برد، نە هیچی وت و نە بە ئیرادەی خۆی جووڵەیەکی کرد. کوڵی گریان، بن قوڕگی گرتبوو. بە دەست بەرچاوی خۆی گرت، کە ئەو خەرمانە ڕیشە نەبینێ و خودا خودای بوو خێراتر تەواو بێت. بۆیە هەر کە کابرا حەساوە، سارا بەپەلە جلەکانی لەبەر کرد و هاتە دەرەوە، تەنانەت گیتارەکەشی لەگەڵ خۆی

نەهێنا. کە گەیشتە ماڵەوە، خۆی ڕووت کردەوە و لە حەمام بەدەم گریانەوە چەن ڕەگەیەک خوێنی دیت کە بە دیوی ناوەوەی ڕانیدا هاتبوونە خوارەوە و پێوەی وشک ببوونەوە. ئیتر هەتا مردنی باوکی، پێوەندیی لەگەڵ هیچ کوڕێکدا نەگرت.

باوکی لە بەرەبەیانێکی باراناویدا ڕاست دوای بانگدان، مرد. سارا هەر هەواڵی مردنی باوکی بیست، خۆی لە ژوورەکەیدا زیندانی کرد و تەنانەت بۆ ناشتنیشی، نەچووە سەر قەبران. دەرگای ژوورەکەی کە لە نهۆمی سەرەوە بوو و بە پلیکان لە نێو هاڵەوە بۆی دەچووی، لە خۆی داخست و هەرچەن دایکی و کەسوکاری لەبەری پاڕانەوە، دەرگای نەکردەوە. یەک دوو ڕۆژ بوو ماڵیان پڕ بوو لە خەڵک. خزم و کەس و هاوسا و بەرهاوسا دەهاتن و فاتیحەیان دادەخست و هێندەک باسی چاکەی مردووەکەیان دەکرد و دەچوونە سەر باسی دنیایی. خەڵک هەر دەهاتن و دەڕۆشتن. عەبدولباست بەو دەنگە شاکارەیەوە، خەریکی "ئیزەشەمس و کویڕەت" خوێندن بوو، کە سارا دەرگاکەی کردەوە و هاتە دەرێ و لە سەرەوە سەیرێکی میوانەکانی کرد و لەو ناوەدا کوڕەخاڵێکی خۆی ناسییەوە کە پێنج ساڵێک ئەبوو نەیدیبوو. تەواو ببووە پیاوێک. خەریک بوو خورمای بە نێو پرسەکەراندا دەگەڕاند. سارا و **حەمید** هاوتەمەن بوون. باوکی هەمیشە لەگەڵ ئەو خاڵەیدا کێشەی هەبوو، بۆیە بەمدواییانە هاتوچۆیان نەدەکرد. هەر سەری هەڵهێنا و سارا دیتی کە سەیری ئەکات، بە دەست ئاماژەی پێ کرد کە بچێ بۆ لای. حەمید کەمێک بەنامۆیی و بە قاپی خورماوە بە پلیکانەکاندا سەر کەوت. سارا لەگەڵ خۆی بردیە ژوورەکەی و دیسان دەرگاکەی قفڵ کردەوە.

کەس نازانێ ئەو ڕۆژە لەو ژوورەدا چی ڕووی دا، یان ڕەنگە چونکا نامهەوێ چیرۆکەکەم بکەوێتە ژێر کاریگەریی سەرەڕۆییەکانی سارا، لەبیری خۆم بردبێتەوە. بۆیە باسی ئەو قاپە خورمایەشم کرد کە بەتەما بووم بۆتانی بگێڕمەوە کە ئەو دووانە ئەو ڕۆژە چییان کرد، بەڵام دەی لێگەڕێن. یان ڕەنگە لەبەر ئەوەی کە ڕووداوەکەی ئەو ڕۆژە لەو ژوورەدا هێندە بڕواکردنی ئەستەم بێت، کە لێی گەڕێن باشتر بێت. بەڵام بەهەرحاڵ هەرچی ڕووی دابێت، بووە هۆی ئەوەی کە سارا زیاتر لە پیاوان هیوابڕاو بێت.

ماوەیەک دوای مردنی باوکی، جگە لە ڤیلاکەی تەجریش، هەموو شتێکیان فرۆشت و لەگەڵ دایکی ڕۆشتن بۆ کەنەدا و لەوێ نیشتەجێ بوون، بەڵام دایکی بۆ هەواگۆڕین و سارا بۆ دیتنی ڕەفێقەکانی، ساڵی یەک دوو جار دەهاتنەوە بۆ ئێران.

دوای ماوەیەک بێزاری لە پیاوان، زانیی کە هەست دەکا هێندەک ژن زۆر سەرنجی ڕائەکێشن. نازلیی هەر لە سەردەمی زانکۆوە دەناسی. ئەودەم زۆر پێوەندییەکی ئەوتۆیان بەیەکەوە نەبوو، بەڵام وردەوردە نێوانی لەگەڵی خۆش کرد و ئەم چەن ساڵەی دوایی لەگەڵ نازلی بوو و خۆی لە هیچ کوڕێک نەدەدا. چەن جارێک هەوڵی دابوو کە وەڵامی ئەو پیاوانە بداتەوە کە پێشنیاری دڵدارانەیان پێی دەدا، بەڵام هەر جار دوای قسەکردنێکی کورت، بەو ئاکامە گەشتبوو کە پیاوەکە هەو نییە و سەرئێشەی زۆرە. هەرچەن قسەکردن لەگەڵ پیاوانی زۆر پێ خۆش بوو، چونکا هەمیشە باسی جوانی و ڕێکوپێکیی خۆی لەوان دەبیست و ئەمە چێژبەخش بوو. هەر جار کە دەگەڕاوە بۆ ئێران، یەک دوو مانگێک لەگەڵ نازلی دەبوو، بەڵام دەی باشترە بڵێم کە جارجار کۆمەڵێک شەیتانی ورد و ناگرینگیشی لە هەندەران دەکرد.

نازلی بە شێوەیەکی جدی و ئەتوانم بڵێم سەیر قەت نەیتوانیبوو یان نەیویستبوو لەگەڵ هیچ پیاوێک پێوەندیی سۆزدارانە و جەستەیی هەبێت، بۆیە لە ژێر کاریگەریی سارادا بەو ئاکامە گەیشتبوو کە لێزبیەنە و دوای ئەوەی کە بڕوای تەواوی بەوە هێنا، ئیتر زۆر بەدەگمەن سەرنجی پیاوانی دەدا. لە ڕاستیشدا ئەو توانایە کە سارا لە دڵبەریکردندا هەیبوو، ئەو هەر بە خەونیش نەیدەتوانی هەیبێت و ڕەنگە باشتر بێت کە بڵێم لە پیاوان دەترسا. بەهەرحاڵ، ئەویش چیرۆکی خۆی هەیە. ئەو شەوە ئەگەرچی کەیفی بە هیوا هاتبوو و حەزی دەکرد زیاتر بیناسێ، بەڵام هیوا ژمارەتەلەفۆنی سارای وەرگرتبوو. نازلی ئەوەندە متمانەبەخۆبوونی تێدا نەبوو، کە بیر لەوە بکاتەوە کە ئەتوانێ ببێ بە دۆستی هیوا. با ئاوا بڵێین: نازلی بالآی لەوە کورتتر بوو کە ببێتە دۆستی هیوا، یان لانیکەم بە ڕای خۆی وا بوو. پێیشی وا نەبوو کە سارا ئەوەندە بەئاسانی پشتی تێ هەڵبکات و دەرفەتێک کە ئەو بەکاری نەهێنابوو، بۆ خۆی بقۆزێتەوە. ئەو کاتە نازلی وەکوو پشیلەیەک کە لە شەڕدا بەزیبێت، ملی شۆڕ کردەوە و قورسکەیەکی خنکاوی لە قوڕگیەوە دایە دەرەوە و پشتی تێیان هەڵکرد و چاوی بڕییە لووتی پێڵاوەکەی کە هەرچییەکی دەکرد، نەیدەتوانی سیمانی بەردەرگای پیشانگاکە هەڵکۆڵێ. کەسێک خەریک بوو سارای لێ دەسەند، ئەویش کەسێک کە خۆیشی مەیلی پێی هەبوو. بەڵام بۆ ئەبێ هێندە گرینگ بێت؟ بەڕاستی تەنیا ئەوەی کە سارا بە جۆرێک خەیانەتی لێ کردبوو، ئازاری دەدا یان ئەوەی کە هیوای لەدەست دابوو؟ من دڵنیام ئەگەر لە خۆی بپرسی، ئەڵێ هەردووکیان و هێندەک شتی دیکەیش. زۆر جار وایە. ئەو "هێندەک شتی دیکەش"ە کە زۆربەی جاران لە هێنانی ناوەکەیدا سەرکەوتوو نابین، لە هەموو شتێک گرینگترە. ئەو کەسانەی کە خۆیان دەکوژن، لەبەر ئەو "هێندەک شتی دیکەش"ـە ئەو کارە دەکەن. ڕەنگە

هەر لەبەر ئەوەی کە ناتوانن ئەو وشانە بدۆزنەوە کە بۆ درکاندنی نەوتراوەکانیان پێویستە، چونکا مێشک دادەخات... وەکوو سژین بە بارێکی تردا.

ئەو شەوە دوای جیابوونەوە لە هەڵمەت و هیوا، سارا بە ماشێنەکەی خۆی نازلی و ئیلهامی بردەوە ماڵەکانیان. ئەگەرچی ماڵی ئیلهام نزیکتر بوو، بەڵام بەقەستی سەرەتا نازلی گەیاندەوە کە لەگەڵیدا تەنیا نەبێت. نازلی هیچ بە خۆی نەخست، نەیدەوێرا بە خۆی بخات. دابەزی و وەکوو هەمیشە بەڕووخۆشییەوە ماڵئاوایی لێ کردن. کە ئۆتۆمبیلەکەی سارا لەوسەری کۆڵان لە بەرچاوی بزر بوو، بۆ ساتێک هەستی کرد، گریانێک ئەوکی دەگوشێ. ڕەنگە دڵۆپێکی بچووکی فرمێسکیش خۆی خزاندە سووچی چاوی، بەڵام هەناسەیەکی قووڵی هەڵمژی و هەوڵی دا بیر لە شتێکی دیکە بکاتەوە.

سبوورێکی پیر خەریک بوو بە گسکەکەی کۆڵانی دەماڵی و لە بەرخۆیەوە فیتووی لێدەدا. ئەگەرچی پێشتریش دیتبووی، بەڵام بۆ یەکەم جار بوو کە سەرنجی دەدا. بە یەک ڕیتم و بە هەوای شان گسکەکەی دائەهێنا و ئەیکێشاوە، وەکوو عەقرەبەی کاتژمێر... کاتژمێرێکی پیر، بە هەمان ڕادە ڕێک و میزان. زۆریش سەیر نییە، سبوورەکان زۆر لە کاتژمێر ئەچن. مەبەستم کارەکەیانە، کاتژمێر بە عەقرەبەکانی کات گسک ئەدات و سبوور بە گسکەکەی خۆڵ و خاشاک. نازلی وەکوو بڵێی مێشکی منی خوێندبێتەوە، بیری کردەوە: داخۆ ئەو کاتانە کە کاتژمێر گسکی دەدا، دەچنە کوێوە؟ دەچنە کام زبڵدانەوە؟ یان ڕەنگە ئەم دنیایە زبڵدانی کاتە گسکدراوەکانی دنیایەکی تر بێت...

بە دەنگێکی نزم و خەمگین وتی: چەن هەموو شەوەکانت لە یەک دەچن! ئینجا سەیرێکی پەنجەرەی ماڵەکانی کرد و دیسان وتی: چەن هەموو شەوەکانم لە یەک دەچن!

**١٤.**

هەر لەم ساڵانەدا بوو کە یەکێک لەو ڕەخنەگرانەی کە هێشتا بڕوام بە زیرەکی و بێلایەنی و شارەزاییەکەی هەبوو، بۆی باس ئەکردم کە چۆن بۆ نووسینی پێشەکییەکی پڕ لە پێداهەڵگوتن و وتارێکی شیکارانە لە سەر کتێبێکی خانمەشاعرێک "کە مەمکەکانی دوو بەردی ئەڵماسی پەمەیی/لە سەر دڵە ناسکەکەی بوون و/دەریا لە کەمەریدا ئەشڵەژا"، یەک حەفتە ژن و منالەکەی ناردبوو بۆ سەفەر. کە بەتەنیا بێت، یان باشتر بڵێم، بەتەنیا بن. بیری ئەو کەسە کەوتمەوە کە بۆ وەرگێڕانی وتارێکی بێ سژین، چەندە کاتی دانا... ئەویش بێبەرانبەر. بۆ کچێک کە "چاوەکانی/ داهاتووی ترێ بوون و/ ڕابردووی پڕڕەنجی/ لە سەر گۆنای سووتابوو".

هەڵمەت بۆ لەبیربردنەوەی ئیلهام، سەری خۆی زۆر قاڵ کردبوو. دوێنێ یەکسەر خەوتبوو، بەڵام ئەمڕۆ، بەیانی ڕۆشتە دەرەوە و لای نیوەڕۆ بە یەک دوو کتێبەوە هاتەوە. دوانیوەڕۆیش وەدەرکەوت و بە نێو بازاڕ و دوکاناندا هێندەک سووڕاوە. بۆ چەن چرکە، سەری لە خۆشحاڵبوونی خۆی سووڕما. بەدەم ڕێگاوە بیری لەوە کردەوە کە ئەو دەبوو ئێستا پەرۆش و خەمبار بێت، بەڵام وا نەبوو. ئەگەر باوەڕی بە خودا هەبووایە، دەیوت خودا ئەو دەرفەتەی پێ داوم کە لە ئەرکە حزبییەکەمدا چالاکتر بم، بەڵام ئەو باوەڕی بە خودا نەبوو و حزبیش بەگشتی هەر کاری بە بوون و نەبوونی خوداوە نەبوو. جگە لەوەش، ماوەیەک بوو کە لەلایەن ڕێکخستنەوە هیچ کارێکی ئەوتۆی پێ نەسپێردرابوو.

گرینگترین کارێک کە لەم یەک دوو مانگەی ڕابردوودا کردبووی، بەستنی دوو سێ کۆبوونەوە بوو لەگەڵ چەند خوێندکارێکی مارکسیستی تورک (کە لەبارەی تورک و زمانی تورکییەوە تەواو پێچەوانەی سارا بیریان دەکردەوە) و هەڵسەنگاندنی ئەوەی کە ئایا جێگای بڕواپێکردن هەن یان نا و ڕوونکردنەوەی بنەما هزری و ئایدۆلۆژییەکانی حزب بۆیان و لە کۆتاییدا سازکردنی پردی پێوەندیی نێوان ئەوان و ڕێکخستن. ئیتر وەکوو سەرەتاکان، پڕکار نەبوو. دیسان پەلاماری قەندیل درابوو. لە شاخ شەڕ بوو و ئەم لە ناخەوە دەکولا، کە لێرەوە هیچی لەدەست نایەت.

درەنگانی ئێوارە کە گەڕایەوە، هیوا تەلەفۆنی کرد و وتی کە بۆ شەو نایەتەوە. یەک دوو سەعات دانیشت و دوایی لە ماڵ وەدەرکەوت. تاکسییەکی گرت و پێنج شەش شەقام خوارتر دابەزی و هێندەک بە کولانەندا گەڕا و لە دوکانێک کارتێکی تەلەفۆنی گشتی کڕی و کڵاوشەبکەیەکی لە گیرفانی دەرهێنا و کردییە سەری و دیسان تاکسییەکی دیکەی گرت و دوای چەن دەقەیەک دواتر، دابەزی. ڕاوەستا هەتا تاکسییەکە دوور کەوتەوە و ئەمجار کەمێک گەڕاوە و چووە ئەوبەری شەقامەکە و بە شەقامێکی تەسکدا ماوەیەک بە پێیان ڕۆیی و لە لای تەلەفۆنێکی گشتی هێندەک ڕاوەستا و پاشان کارتەکەی دەرهێنا و دوای ئەوەی کە بەتاقەت نایلۆنەکەی لێ کردەوە، خستییە نێو تەلەفۆنەکەوە و ژمارەیەکی گرت. وتووێژێکی کورت بوو، کە لەبەر نهێنیبوونەکەی، ناتوانم زۆر باسی بکەم. کارتەکەی دەرهێنا و جوان جوان بە دەسرییەک سڕی و دیسان خستیەوە نێو تەلەفۆنەکەوە و جێی هێشت. دەستی لە ئۆتۆمبێلێکی پەیکانی شەخسی کە پێدەچوو مسافرکێشی بکات، هەڵهێنا و سوار بوو. شۆفیر کوڕێکی گەنج بوو کە پێچەوانەی شۆفیری دیکە زۆر بەگەرمی چاک و چۆنی لەگەڵ کرد، بەڵام

شتێکی دیکەش لە نێو ماشینەکەدا بوو کە هەڵمەت ئەگەرچی زۆر بیری مژووڵ بوو، هەستی دەکرد ختیلکەی دەدات. هەمیشە وای لێ دێ... ناتوانێ تەرکیز بکات و بزانێت چییە وا ئاوا ئەیورووژێنێت، هەرچەن ئەگەر تەرکیزیش بکات، ناتوانێ بزانێ چییە. حەز ئەکا بیری لێ بکاتەوە، بەڵام کاری گرینگتری هەبوو. لە شەقامێکی چۆڵ دابەزی و هێندەک بە کۆڵاناندا سووڕایەوە و لە شوێنێک کڵاوەکەی خستە نێو تەنەکەیەکی زبڵەوە (بەڕاستی ئەم هەموو قایمەکارییە پێویستە؟ ئا ئا دڵنیا بن کە پێویستە) و دوای ئەوەی لە هەموو شتێک ئەرخەیان بوو، ئەمجار نۆبەی چاوەکانی خودا بوو کە سەیری پیاسەکردنی بکەن.

متۆڕسوارێک بە سندووقێکی گەورە لە پشت متۆڕەکەیەوە کە لە سەری نوسرابوو "ڕێستورانتی ساج"، هەر گەیشت بە هەڵمەت، ڕاوەستا و پرسیاری کرد: "بوستانی دەیەم ئێرەیە؟" هەڵمەت وتی خەڵکی ئەم گەڕەکانە نییە، بەڵام تابلۆیەکی دیتوە کە لە سەری نووسرابوو بەهارستانی نازانم چی... . لە ڕاستییا ئەو تابلۆیەی زۆر پێش ئێستا دیبوو و وتنی ئەوە هیچ یارمەتییەکی کابرای نەدەدا، بەڵام هەر وا وتی کە شتێکی وتبێت.

کابرا بە وتنی "مەمنون قوربان"، دەستخۆشیی کرد و ڕۆشت. کوڕێکی کەمێک قەڵەو بوو، هێندەک ڕەشتاڵ و بە دوو لێوی پڕ و ئەستوورەوە. قژی ئەگەرچی کەم بوو، بەڵام دیار بوو ئەگەر کەمێک درێژتری بکاتەوە، وەکوو سیم ڕۆح لوول و زبرە. نێوچاوانی ڕاست لە ناوەڕاست و کەمێک سەرەوەی برۆی پەڵەیەکی خڕی سەوزی کەمڕەنگی پێوە بوو، کە لەو تەمەنەیا زۆر دەگمەن بوو کابرا بە نوێژ و سووژدەی زۆر، ئاوای لێ هاتبێت. هەڵمەت دەستی کرد بە شیمانەکردنی شوێنی لە دایکبوون و باری ژیانی کابرای متۆڕسوار. لە بەرخۆیەوە وتی: بەدڵنیاییەوە خەڵکی

باشووری ئێرانە. پیتی 'ق'ی وەکوو کورد دەردەبڕی، بەڵام نەدەبوو کورد بێت. ئەو لێوە ئەستوورانە و ئەو لووتە پان و بچووکە و ئەو گوێچکانە و چناکەی خڕ... "لەوەیش قەڵەوترە، بێژم بەلووچە" (ئەمەیان تەنیا پەیوەندیی بە ئەزموونی تاکەکەسی هەڵمەتەوە هەیە کە لە بەلووچەکان هەیەتی. هەر بەلووچێک کە دەیناسی؛ لەڕ و باریکەلە بوو، دەنا هیچ بنەمایەکی دیکەی نەبوو).

کەم کەم خەریک بوو بەو ئاکامە دەگەشت کە کابرا عەرەبی ئەهوازە و تازە ژنی هێناوە  و شیعەیەکی ڕیاکارە، کە متۆڕسوارەکە گەڕاوە. بە خۆی وت: "گریوت تەکا ئەکەم!"

بە دەست ئاماژەی پێ کرد، کە ڕایگرێت. زانیی کە ناونیشانەکەی دۆزیوەتەوە و خواردنەکەی داوەتە دەست خاوەنەکەی. هەڵمەت توانیی کابرا ڕازی بکات، لەوێوە بە ١٠ هەزار بیباتەوە ماڵەوە.

متۆڕسوار هەرچەن کەمێک منگەمنگی کرد، بەڵام لەم مەعامەلەیە خۆشحاڵ بوو، وتی: "بەو مەرجەی ١٠ دەقە زیاتر نەبا."

هەر ئەو ١٠ دەقەیە بەس بوو بۆ ئەوەی کە هەڵمەت بەنەڕەنەڕ لە سەر متۆڕ لەگەڵ کابرا بدوێت و گریوەکە لە خۆی بەرێتەوە. ناوی موجتەبا بوو، ئەهوازی بوو، بەڵام ئەیوت فارسی ئەهوازە و عەرەب نییە (کە ڕاستی نەدەکرد). شەش مانگ بوو ژنی هێنابوو. جگە لەوانە پێداگریی زۆریشی دەکرد کە شیعەیەکی زۆر ئیماندارە و سەری بچێ، نوێژی ناچێ.

هێشتا پێنج شەش کۆڵانی مابوو بۆ ماڵەوە، کە دابەزی.

## ١٥.

هێندەک جار پێش دێت کە کەسێک بەبێ ئەوەی هۆکارێکی دیاری هەبێت، ماوەیەک یان لە هەموو ژیانیدا لەلایەن ژنانەوە بەخت ڕووی تێ دەکات. **کامیل** ناشیرینترین و ناقۆلاترین پیاوێکە کە لەم هۆتێلەدایە (دیارە ناشیرینی و جوانی بەپێی نۆرمێک کە مرۆڤ دایهێناوە). تەنیا ناشیرین نییە، بەڵکوو بە شێوەیەکی بێزهەستێن کز و لاوازە و لە هەمان کاتدا لاقێکی لە لاقێکی درێژترە و دەشەلێ و بەقەد مەیمونێکیش تووکنە. بە شێوەیەک، کە تووکی سەر سینگ و ڕدێنی تێکەڵ بەیەک بووە. بەڵام دەستی بە زۆربەی ئەو کچ و ژنانەی ئێرە گەیشتووە، کە مێرد یان برا و کەسوکاریان لەگەڵ نییە. سەیر ئەوەیە کە هەمووشیان بەوە دەزانن، بەڵام بەو حاڵەشەوە یەک دووانێک لە ژنەکان هەتا ئاستی پەرەستن، خۆشیان دەوێ و ئەوانی تریش هەر بۆی دەوەستن. جگە لەمە، بەردەوام نیوەشەوان کە دەچمە دەرەوە سیگارێک بکێشم، ئەبینم کە بە مۆبایل لەگەڵ کچ و ژنی فارس و کورد لە ئێرانەوە قسە دەکات. یەک دوو جار پێی پیشان دام و نایشارمەوە، لە جوانی ئەو کچانەی کە قسەیان لەگەڵ دەکرد، سەرم سوڕدەما. لەوەیش سەیرتر، شێوازی قسەکردنیەتی لەگەڵیان و ناتوانم تێبگەم کە چۆن و بۆچی لێی قبوڵ دەکەن و خۆشیشیان دەوێ. زۆرم سەرنج داوە و زۆرم دواندووە، دڵنیام کە تاقە یەک خاڵی پۆزتیڤ لە جەستە و ڕووخسار و هەڵسوکەوت و مێشکیدا نییە. کامیل لە یەک شتدا لە هاوڕێکەی برایم دەچێ، ئەمیش قەت مێشکی بە هیچەوە مژووڵ نابێ. قەت هیچ دەرفەتێک لەکیس خۆی نادات و بەردەوام خەریکی ملۆمۆیە. ئەتوانم بڵێم لەگەڵ هیچ کەسێکدا نێوانی ناخۆش نییە. تەنانەت دڵی ئەو چەن کەسەیش کە دەبوو ڕقییان لێی بێتی ڕاگرتووە.

هاوڕێیەکی نووسەرم هەیە کە لە هەموو ژیانیدا یەک جار توانیویەتی لەگەڵ کچێکدا پەیوەندیی هەبێت و هەر ئەو یەک جارەش بووە هۆی

هاوسەرگیریکردنی. کەسێکی نهێنیپارێز و لە هەمان کاتدا بەرپرسە، بۆیە جارجار باسی نووسینەکانی خۆمی بۆ دەکەم. گەورەترین کێشەی لەگەڵ هیوا ئەوە بوو کە ئەیوت: "باشە، چۆن ئەبێ هیوا ئاوا لە بەرچاوی کچان شیرین بێت؟ ئەمە بە لۆژیکی نازانم."

بریا لێرە بووایە و کامیلی بدیبایە. کامیلێک کە هەر ئێستا لەگەڵ سۆفیا قسە دەکات و هیچ دوور نییە ئەویش بۆی ڕاوەستێ.

سارا دەستی کرد بە جانتاکەیدا و پاکەتێک سیگاری مەگنای سووری دەرکێشا. هەر وا کە مەگناکەی بە دەستەوە بوو، بۆ شتێکی تر دەگەڕا. لە کۆتاییدا دۆزییەوە و مەگنا سوورەکەی خستەوە نێو جانتاکەی و ماڵبڕۆیەکی لایتی دەرهێنا و ئاماژەیەکی بە کارمەندێکی ڕستورانەکە کرد. هیوا وتی: "سیگارکێشان لە شوێنی گشتی، ئەویش شوێنێکی ئاوا...؟"

ئەو کوڕەی کە چاییەکەی بۆیان هێنابوو، خێرا تەپڵەیەکی ژێرسیگاریی بۆ هێنان. سارا وتی: "بەڵێ قەدەغەیە، بەڵام نەک بۆ ئێمە." سەیرێکی یەک دوو مێزی لای ڕاستی کرد کە خەڵکی لە سەر دانیشتبوون و درێژەی دا: "ئەگەر جێگاکەشمان بگۆڕین بۆ لای پەنجەرەکە" ئیتر مەنعی ئەخلاقیشمان نییە." سیگارێکی دەرهێنا و پاکەتەکەی نایە بەردەستی هیوا.

- خۆم سیگارم هەیە، بەڵام پێم خۆشە بزانم بەنگەکەیشت وەکوو خۆت ئەسڵە؟
- بەنگی چی؟ کێ ئەڵێ من بەنگبازم؟

- کەس نەیوتووە. مەگنا سوورەکەت وام پێ ئەڵێ. خانمێکی ناسک و نازداری وەکوو تۆ، مەگنای سوور ناخاتە نێو جانتاکەیەوە مەگەر ئەوەی کە...
سارا کە دیسان خافڵگیر کراوە، سەیری ئەمبەر و ئەوبەری خۆی کرد و وتی: "باشە، دەی جەنابی زیرەک..."
دەستی کرد بە جانتاکەیدا و دەستی بۆ شتێک برد، ویستی بیهێنێتە دەرەوە، بەڵام پەشیمان بووەوە و دایناوە. وتی با جێگاکەمان بگۆڕین. چایەکەیان کە سارد ببووەوە و ژێرسیگارەکەی سپارد بە کوڕە گەنجەکە کە بۆیان بێنێت و خۆیان چوونە سەر مێزێک کە لە سووچێک دانرابوو، بە شێوەیەک کە هەتا زۆر نزیک نەبوویتایەتەوە، نەتدەدیت. پەنجەرەیەکی بچووکیش بەقەد دیوارەکەیەوە بوو کە بەقەد سێ قامک کل کرابوو و دیار نەبوو بەرەو کوێ دەکرێتەوە.

کوڕە گەنجەکە ژێرسیگارییەکەی بۆیان هێنا و چاییەکەی بۆیان گۆڕی. ئەمجار سارا قوتووە سیگارێکی ئاسنی ئانتیکی دەرهێنا و دایە دەست هیوا و پاکەتە مەگناکەشی لە بەردەمی دانا. وتی هی ئامادەم نییە، ئەبێ خۆت باری بدەی. هیوا قوتووەکەی کردەوە و بەستێک حەشیشی دەرهێنا کە لە نێو نایلۆندا بوو. نایلۆنەکەی کردەوە و بەقەد نینۆکێکی لە حەشیشەکە قرتاند و وردورد لەتی کرد. سیگارێکی دەرکێشا و تووتنەکەی کردە نێو مشتیەوە و حەشیشە کوت کوت کراوەکەی تێکەڵی کرد و کردیەوە نێو کاغەزی سیگارەکەوە. کەمێک لە تووتنەکە کە لە نێو کاغەزی سیگارەکەدا جێگای نەبووەوە، کردیە نێو قوتووە سیگارەکەوە و سەری کاغەزی سیگارەکەی با دا و یەک دوو جار دایتەکاند و لە کۆتاییدا دایگیراند. بەدەم بەستنی قوتووەکەوە، مژێکی قووڵی لێدا و دوای کەمێک ڕاگرتن لە سینگیدا، دایەوە دەرەوە و وتی:

"نا نا، وا دیارە شتی چاکە. جەماعەتی کاسبکار شتی چاک بە خانمەکان نادەن. کێ بۆت دێنێ، وا ئەوەندە ئازیزی بۆی؟"

سارا کە تا ئێستا بەوردی سەیری دەستی هیوای دەکرد، کە دڵنیا بێتەوە دەزانێ ئەبێ چی بکات بە ڕەزایەتی تەواو مژێکی لە سیگارەکەی خۆی دا و دووکەڵەکەی بەرەو بنمیچ نارد و وتی: "پارە ئازیز گیان، پارە بۆم دێنێ. بەهەرحاڵ، من زۆر ناکێشم. هەر وا بۆ سەرگەرمی ئەگەر حەفتەی جارێک دوو جار، ئەوسەری سێ جار سیگارییەک بار بدەم. لە ڕاستیدا من بۆ زۆر کەس ئازیزم، بەڵام هەموو لە سەر قەبرێک دەگرین کە تەرمی تێدا نییە. هەموو ئەم خزمەتکردن و بەدەورداهاتن و ڕێزگرتنە کە تۆ تەنیا یەک لە سەدیت دیوە، بۆ شتێکە کە من تێمدا نییە یان ئەگەر تێیشمدا بێت، هەر وا بۆ هەموو کەسی ناخەمە ڕوو. بە پارە بۆیان قەرەبوو ئەکەمەوە کە منەتم لە سەر نەبێت و ئێزنی ئەوە بە خۆیان نەدەن کە پێیان لە بەڕەکەی خۆیان زیاتر داکێشن. بۆیە پێویست ناکات وەکوو ئەندامێکی مافیا سەیرم بکەی. ئێستا با ئاغا هیوا بۆم باس بکات، بزانم کێیە؟ ئەزانی ئێمە هێشتا زۆر یەکتری ناناسین؟"

هیوا مژێکی دیکەی لە سیگارییەکەدا و هەر وا کە سەیری دووکەڵەکەی دەکرد، وتی: "من؟ چیرۆکی ژیانی من بەشی سێ ڕستە ناکات: هاتووم، ماوەیەک لێرەم، ئەڕۆمەوە، هەڵبەت ئەگەر داوای وردەکاریی وەکوو کێش و باڵا و ژمارەی پێڵاوم لێ نەکەی."

- ئاهـ کە ئاوا...

هیوا هەر وا کە مژێکی تری لە سیگارییەکەی دەدا، سەری بردە دواوە کە پاڵی بدات بە پشتی مۆبلەکەوە، بەڵام بەداخەوە پشتی مۆبلەکە لەوە نزمتر بوو کە بتوانێت سەری پاڵ پێوە دا، بەڵام تازە سەری خستبوو بەپشتدا و حاڵەتێکی زۆر گاڵتەجاڕانەی پەیا کردبوو. حەشیشەکە کەمێک

کاری تێ کردبوو و هەستێکی خۆشی هەبوو، بۆیە هیچ هەوڵێکی نەدا سەر بهێنێتەوە جێگاکەی خۆی. بە جێگای ئەوە بۆ ئەوەی کە کارەکەی بە ئاسایی و زانستانە پیشان بدات، هەر لەو حاڵەتەدا مژێکی تری لە سیگارییەکەی دا و بە لای ڕاستدا و کەمێک بەزەحمەت سەری هێناوە جێگاکەی خۆی. (هەڵبەت سارا هەستی کرد چی ڕوویداوە) بۆ ئەوەی کە تۆپەکە بخاتەوە زەویی سارا، پرسیارەکەی گەڕاندەوە بۆ خۆی: "ئەی تۆ، تۆ کەمێک باسی خۆتم بۆ بکە. تازە خۆ سیگارییشمان هەیە و کاتیش کە هەمیشە بۆ ئێمەمانان زۆرە. پێم بڵێ بزانم!"

دوایین مژی لە سیگارییەکە دا و کوژاندیەوە و دووکەڵەکەی لە سینگیدا ڕاگرت. سارا کە بەدوی شتێکدا دەگەڕا، هەتا زیرەکییەکەی هیوا لەمەڕ مەگنا سوور و سیگارییەکە قەرەبوو بکاتەوە و بەوەی کە هیچی نەدۆزیبووەوە، کەمێک عاجز بوو وتی: 'ژیانی منیش بڕوا بکە هەر سێ چوار ڕستەیە: لێرە بووم، ڕۆیشتم، هاتمەوە و ئەبێ بڕۆمەوە. هەڵبەت ئەگەر داوای وردەکاریی وەکوو سایزی کەمەر و ژمارەی ستیانم لێ نەکەیت." هیوا پێکەنینە وردەکەی بوو بە قاقا (بەڕاستی حەشیشی چاک بوو)، بەڵام هێشتا زیرەکییە تایبەتەکەی خۆی لەدەست نەدابوو، بۆیە بەسیاسەتەوە وتی:

- ئەگەر بەپەلەی، ئەتوانین بڕۆین. ببورە نەمزانی، کاری دیکەت هەیە؟

- نا بابە، خۆ مەبەستم ئەم کافەیە نەبوو، بەگشتی ئەڵێم.

دوای چەن چرکەیەک زانیی کە هیوا پێی ڕابواردووە. وەکوو منداڵێک دەمی خونچەی کرد و وتی: "زۆر خراپی، زۆر... ئیتر قسەت لەگەڵ ناکەم."

ئەمە بۆ هیوا هێمایەک بوو کە دەیوت: تەواوە. وێکچوونێک لە نێوانیاندا بوو کە هەردووکیان پێیان زانیبوو؛ هیچکامییان نەیاندەویست کات بەفیڕۆ بدەن، بەڵام هاوکات هەردووکیان حەزیان دەکرد ئەوی تر پەردەی شەرم بدڕێنێ. بەدڵنیاییەوە ئەمە ئەرکی هیوا بوو...

**تێڕامانێک:**

جارجار بۆ پشوو دادەنیشم و چەن لاپەڕەیەک دۆن کیشۆت ئەخوێنمەوە، بەڵام مێشکم لە لایەکی دیکەیە. حەز ئەکەم بزانم کامیل و سۆفیا بە کوێ گەیشتن. سۆفیا ژنێکی جوانە. هەڵبەت تەنیا باسی ڕوومەت و ڕووخساری دەکەم ، دەنا وەکوو جەستە بەشێوەیەکی نەخۆش و ناخۆش قەڵەوە (ئەزانم نابێ وا بڵێم). بەشێوەیەک کە دەتوانم بە دڵنیاییەوە بڵێم تەنیا یەک لاقی سۆفیا لە هەموو جەستەی کامیل قورسترە. بەڵام ئەو کامیلەی من بیناسم، لە کونی دیواریش خۆش نابێت. تەنیا بە مەرجێک هەست بە مەترسی نەکات و ئافرەتێکی تەنیای وەگیر بکەوێ. ئافرەتێک کە کێشە و سەرئێشەی نەبێ و کەس لێی بە خاوەن دەرنەکەوێ. بۆ شتی وا، یەک چرکەیش بەفیڕۆ نادات. ئەمەوێ بزانم کامیان خێراتر پەردەی شەرم ئەدڕن، کابرای جیهانی سێهەمی یان ئافرەتێکی جیهانی یەکەمی. بەڵام ئاخر خۆ ئەو ملباریکە، زمانیش نازانێت. ئەم لە گوندێکی کوردستانەوە و ئەو لە گوندێکی سوێدەوە، بە چ زمانێک پێکەوە قسە ئەکەن؟ ئەگەر کاریان سەر بگرێت ئیتر دەبێ ئیمان بهێنین کە بەڕاستی سێکس گرینگترین هونەرێکە کە زمان ناتوانێ سنووری بۆ دابنێت. سێکس زمانی هاوبەشی نێوان مرۆڤەکان و ڕەنگە بکرێ بڵێین نێوان هەموو گیانلەبەرانە. بۆیە هەمیشە ئەڵێم سێکس و

موسیقا لە یەک ئەچن، بەو جیاوازییەی کە یەکێکییان هونەرێکی گرینگتر و هەڵبەت جیهانگیرتریشە.

## .١٦

سەعاتێک دواتر هەردووکیان لە نێو ماشێنەکەی سارادا بوون و دوای گەڕانێکی تێروتەسەل بەرەو خانووباخە ئەژدادییەکەی باوکی سارا (کە ئێستا ئیتر هی سارایە) بەڕێ کەوتن. باخێکی بچووک، بەڵام ئاوەدان. دیارترین دارێک کە دەبینرا، چنار بوو کە لە تەنیشت دیوارەکان و بە دەوری باخدا بە مەودای کەم لە یەکتر بەرانبەر شار و کێوەکانی باکووری تاران سینگیان دەرپەڕاندبوو.

لە چوونەژوورەوەدا یەک دوو کاژی بچووک کە دیار بوو لەم چەند ساڵەی دواییدا چەقێنراون، وەکوو دوو پاسەوان، ئەمبەر و ئەوبەری ڕێگای چوونەژوورەوەیان گرتبوو. ڤیلاکە زۆر لە دەرگای باخ دوور نەبوو، بۆیە پشتەوەی باخەکە نەدەبینرا. ئەگەر تاریک و لێڵیی ئێوارە نەبووایە، لەوانە بوو سارا هیوای ببردایە و گوڵەکانی پێ پیشان بدایە و بەیەکەوە لە سەر جۆلانێ سی کەسییە ئاسنییەکە کەمێک جۆلانێیان بکردایە و لە ئەستێرەکەیدا مەلەیەکیان بکردایە، بەڵام هیچکام لەمانە نەکرا. ڕەنگە زیاتر لەبەر ئەوە بوو کە تاقەتی لێبڕابوو. چەن سەعاتێک بوو کە چاوەڕێی گەیشتن بە ئێرە بوو و لەوە زیاتر سەبرکردن، لەوانە بوو هەموو شتێک خراپ بکات. لایەنی بەرانبەریشی لە هەمان دۆخی ئەودا بوو. هیوا کە دابەزیبوو هەتا دەرگای سەرەکیی باخەکە بۆ ئۆتۆمبێلەکە بکاتەوە، لە دوای هاتنە ژوورەی سارا، دەرگاکەی داخستەوە و هەر سارا لە ئۆتۆمبێلەکەی دابەزی، ئیتر خۆی پێنەگیرا. هەتا سارا دەرگای ڤیلاکەی بە هەزار زەحمەت کردەوە، جلی ساخی بەبەریەوە نەهێشت. چوونە ژوورەوە و دەرگاکەیان داخست. دەنگی

سارا بوو کە بەهەناسەبڕکێ ئەیوت: "وەحشی بە. هەتا ئەتوانی بێبەزەیی بە. بمدڕە... لەتلەتم بکە..."

ئەم باخە پێش ئەوەی کە ئاوا بەش بەش بکرێت و ئەم ٢ هەزار مەترەی بمێنێ، لەگەڵ چەند هێکتارێک لە زەوییەکانی دەوروبەر، موڵکی جەدی هەشتەمی باوکی سارا بوو کە ئەویش داگیری کردبوو. جاران ئەم ناوچەیە پڕ بوو لە گاشەبەردی گەورەگەورە و ئەشکەوتی بچووک بچووک. ئەودەم جەنابی جەدی هەشتەم لەگەڵ کوڕەکانی و تاقە براکەی کە جوانەمەرگ بوو، لەم ناوچەیە سیرەیان لە کاروانی توجار دەگرت و ڕووتیان دەکردنەوە و ماڵی دزێتییان لە ئەشکەوت و بن عەرزی ئەم دەورپشتە دەشاردەوە. جارێکیان لە کاتی ڕووتکردنەوەی کاروانێکدا، دوای ئەوەی کە دوو پاسەوانەکەی کاروانەکەیان کوشتبوو و بوزییان بە کاروانچییانەوە دەکرد، تاقەبرا کە بە شێوەیەکی زۆر بێمنەتانە لە پشت هێسترێک ڕاوەستابوو، وەبەر لەقەی هێسترە کەوتبوو. (هێستر بوو یان کەر؟ خۆیان کە دەیانگێڕاوە ئەیانوت ئەسپ بووە، بەڵام نەیارەکانیان ئەیانوت کەرێکی پیر بووە. مرۆڤێک کە بیهەوێ بێلایەن بێت، ئەبێ بە هێستر ڕەزایەت بدات) بە یەک زەرپ وەها سینگ و پەراسووی تێکشکاندبوو، کە فریای شایەتیمانهێنانیش نەکەوت. دواتر لەلایەن نەیارانی بنەماڵەوە، نازناوی شەهیدی ڕێگای پەتاتەی پێ بەخشرا. گوایە باری هێسترەکان، پەتاتە بوو. (پەتاتە بوو؟)

سارا ئەم چیرۆکانە نازانێ، بەڵام سێبەری ئەم مەرگە کۆمیک/تراژیکە، هەتا باوەگەورەشی نەمردبوو و یەک دوو هاوڕێی کۆنی دەهاتن بۆ سەردانی، بە سەر بنەماڵەکەیانەوە مابوو. بەخۆشحاڵییەوە ئیتر لەمێژ بوو کە بنەماڵەی ئەسڵە تارانی! لە تاران بۆ دەرمانیش دەست

نەدەکەوت. بۆیە کەس ئەو نازناو و ئەو چیرۆکەی نەدەزانی کە بیداتەوە بە نێو چاویاندا. خەڵک نەیاندەزانی و باوکی ساراش کە ئەم چیرۆکەی سینە بە سینە پێ گەیشتبوو، لەگەڵ خۆی بردییە گۆڕەوە. مەرگی چیرۆک ئاوا ڕوو دەدات و ڕابوونەوەی چیرۆکیش ئاوا.

حەیف بوو چێژی "وەحشی بە! هەتا ئەتوانی بێبەزەیی بە! بمدڕە... لەت لەتم بکە!"م، بە گێڕانەوەی چۆنێتیی مردنی برای جەدی هەشتەمی سارا خراپ کردا! تێئەگەم!

مۆنالیزایەکم لە سەر لێوە کە نارسیسانە سەیری زایەڵەی هزری خۆی ئەکات.

## .١٧

دوو سێ ڕۆژ بوو کە هیوا نەدەهاتەوە بۆ ماڵەوە. ئیلهام بۆ چەندەمین جار لە دوو ڕۆژی ڕابردوودا ژمارەکەی هەڵمەتی گرت و دیسان وەڵام نەبوو، وەڵامی پەیامەکانیشی نەدەداوە، تەنیا ئەو کاتەی کە بۆی نووسی: "ئەمەوێ دیسانەوە بەیەکەوە بین، تەلەفۆنەکەت هەڵگرە کارم پێتە."، جوابی دابووەوە و بۆی نووسیبوو: "لە مەرامی ئێمەدا نییە، کە لەگەڵ ژنی بەمێرد پێوەندیمان هەبێ."

ئیلهام لە وەڵامدا بۆی نووسیبوو کە: "ڕاست لەبەر ئەوەیە، مێرد... ئەبێ قسە بکەین پێکەوە. ئەبێ بتبینم. سەعاتێکی تر لە حەوشەی "ئەرەسباران" چاوەڕێتم."

"ئاخ... ئیلهامە بچکۆلانەکەی من، هەموو شتێک خەریک بوو باش دەچووە پێش. بۆ ئەتەوێ بگەڕێیتەوە نێو باوەشێک کە ئیتر هی دڵدارێکی مەزنە؟ ئەوەندە مەزن، کە هەموو پانتایی باوەشمی تەنیا بۆ

خۆی ئەوێ. من سەربازی ئەوم و ئەو سێبەری سەرم. من شەیدای ئەوم و ئەو مانا دەداتە هەنگاوەکانم. ئای ئیلهامە بچکۆلانەکەی من... چۆن دەنکە زیخێکی بن چۆم لە ئارەزووی فڕین بۆ ماسی تێناگا، تۆیش ئاوا لە من ناگەی. چ سوودی هەیە دیسان بمبینیتەوە؟ چ کەڵکی هەیە کاتێک کە من ئیتر تەنیا لە یەک شت چێژ ئەبینم، کە ئەویش لە تۆدا نییە؟ چ جای دیسان دیتنەوەیە کە نەتوانم دڵدارە تازەکەمت پێ بناسێنم؟ ئەو دڵدارەی کە ساڵانێکە ئەڕۆمە ژووانی، بەڵام قەت وەکوو ئێستا مێشک و دڵم پێ نەسپاردبوو. ئەو دڵدارەی کە هەزارانی وەکوو من ئەویندارین..."

نا هەڵمەت گیان... ناتوانی ئەم قسانە بکەی، ئەمانە زۆر شاعیرانەن. جگە لەوەش، دڵنیام کە هیچ ژنێک ڕاناوەستێ هەتا هەموو ئەم وتارە تێروتەسەلەت تەواو بێت و دێتە نێو قسەکانتەوە و لێشت تێک ئەدات.

ئیلهام ئیدی چاوەڕێی وەڵامی هەڵمەت نەما، پێشتر خۆی ئامادە کردبوو، بە دایکی وت لەگەڵ سارا دەڕۆن بۆ سینەما. هاتە دەرەوە. هیچ شتێک نەبوو کە بتوانێ جێگۆڕکێی پێ بکات. ژانێکی خۆویست بوو کە دەیبرد بەڕێگاوە. برینێکی خۆش بوو کە دەبوو بیخورێنێت. هەرچی خێراتر، باشتر. پێش هەڵمەت لەوێ بوو. کورسیی لێ بوو، بەڵام دانەنیشت. نەیدەتوانی دابنیشێت. یەک دوو جار ویستی دانیشێ، بەڵام خۆی پێنەگیرا و خێرا هەستاوە سەر پێ. جارجار ڕێبوارێک دەهات و سەیرێکی دەکرد و بە بەردەمیدا تێدەپەڕی. دڵی وەک دڵی چۆلەکە توند لێیدەدا. هەر کە لە دوورەوە دەرکەوت، ترپەی دڵی ئەوەندەی تر توند بوو. ئەوەندە توند، کە دەیتوانی دەنگی ببیستێ. دەیتوانی زرمەی ئەو

بوومەلەرزەیە هەست پێ بکات کە لە گیانیدا بوو. هەڵمەت کە گەیشت دانیشت، بەڵام ئیلهام نا.

هەڵمەت ڕاست چووە سەر بابەتەکە و لە کاتێکدا کە زەردەخەنەیەکی ڕووناک بە ڕووخسارییەوە دیار بوو، وتی: "هاتی قسەیەکت کرد و بڕیارێکمان دا کە من دوای ئەو بڕیارە بەرنامەی ژیانی خۆم دیاری کرد. من ئەڕۆم. بۆ شوێنێکیش ئەڕۆم، کە ناتوانم بە کەس بڵێم. ئیلهام گیان، نازانم ئەتەوێ چیم پێ بڵێی، بەڵام هەر شتێک بێت، ناتوانێت ڕای من بگۆڕێت و ئەمە هیچ لەبەر ئەوە نییە کە دڵم لە تۆ ئێشاوە، بەڵکوو ئەمە شتێک بوو کە هەر دەبوو ڕووی دابا. تەنیا ئەوەی هەیە، کە تۆ کەمێک خستتە پێشەوە..."

ئیلهام کە خەریکە فرمێسک دەزێتە نێو چاویەوە، قسەکەی پێ دەبڕێت (نەموت).

- ئاە، بەڵام من عاشقانە تۆم خۆش ئەوێ. ڕەنگە گەمژە و سادە و ساویلکە بێمە پێشچاوی تۆ و کەسانی دیکەش. چ گرنگە؟ ئەگەر من تەسلیمی دۆن ژوانێکی وەک تۆ بووم، لەبەر ئەوە بوو کە خۆم دەمویست. بەڵام ئەوەی کە تەسلیمی شووکردن بووم، لەبەر ئەوە بوو کە نەمدەتوانی لە بەرانبەر یەک کۆمەڵگادا بوەستمەوە و تۆ لەمە تێئەگەی. سەردەمی هەر کەسێک پێوەندیی ڕاستەوخۆی هەیە بە جوگرافیا و شوێنی ژیانیەوە. ئێمە لە وڵاتێکدا ئەژین کە ئەگەر ڕۆژێک پۆلیس یان دایک و باوکم لە سەر شەقام یان لە نێو پارکێکدا بەیەکەوە بمانگرن، خودا ئەزانێ چیمان بەسەر دێنن. سەرەڕای ئەوە، من نەک بۆ ناو شەقام و پارک، بەڵکوو بۆ ناو جێگەش لەگەڵت هاتووم. ئێمە لە سەردەمێک و لە جوگرافیایەکدا ئەژین کە دۆن ژوان بوون بۆ تۆ ڕەنگە ئاسان بێت، بەڵام یەکێک لە دڵدارەکانی دۆن ژوان بوون بۆ من هیچ

ئاسان نییە، بەو حاڵەشەوە دیسان لەگەڵت بووم و دەمهەوێ بەردەوام بم...

دڵنیام ئەم قسانە پێشتر ئامادە کراون، بەڵام ئیلهام ڕستەکانی لە جێگای خۆیاندا نەوت. ڕەنگە لەبەر ئەوە بوو کە چاوەڕێی نەدەکرد هەڵمەت ئەوەندە خێرا و ڕاست بڕواتە سەر بابەتەکە. ئیلهام هەموو ئەو قسانە کە ئامادەی کردبوون و وەکوو وتارێکی دووروودرێژ چەندین جار لە مێشکی خۆیدا دووبارەی کردبووەوە، خێرا و بەکورتکراوی هێنایە سەر زمان. ئەمە ئەبێتە هۆی ئەوەی کە کاریگەریی قسە کەم بێتەوە، بەڵام هەر ئەوەندەیشی بەڕاستی تووشی سەرسووڕمانی کردم.

- کێشە ڕاست لێرەدایە، کە من قەت نەمویستووە **دۆن ژوان** بم. پێم سەیرە کە تۆ وا لە من تێگەیشتووی. من ئێستا زیاتر لە **ئارمان** دەچم و لە **لەیدی ئێڵ** بوونی تۆ دەترسم. لەوەی کە بتکەم بە ئامڕاز، دەترسم. لەوەی کە لەبەر ئەو شتەی کە من باوەڕم پێ هەیە و تۆ هیچی لەبارەوە نازانی، خەسارت بەر کەوێ، دەترسم و لە کۆتاییدا لەوەی کە تۆ ببیتە بەربەستێک لە سەر ڕێگاکەم، هەراسانم. هەراسانم و تەنانەت ناتوانم بەئاشکرا پێت بڵێم باسی چی ئەکەم. ڕاوەستە با قسەکەم تەواو بێت. ئێستا باشترین ڕێگا بۆ ئەوەی کە بتوانی کەمێک لێم تێبگەی، ئەوەیە کە ئاوا سەیرم بکەی: من هەراسانیم وەکوو زرێیەکی پۆڵایین کردووەتە بەرم و بە نێو تاریکیدا شمشێر لە خەیاڵ ئەکوتم، بەڵام ئەمە کاتییە، چونکا ئیتر ئەزانم کە ئەمهەوێ چی لە داهاتووی ژیانم بکەم. هەر ئەوەندەش بەسە. تۆ هیچ تاوانێکت نییە، بەڵام من بۆ شتێکی دیکە دەژیم. بۆ من ئاسان بوو ڕۆژی یەکەم کە زانیم ئەوەندە خۆشم دەوێی، پێت بڵێم دێمە خوازبێنیتەوە. بەڵام ئەوەم نەوت، چونکا ئەمڕۆم لەبەرچاو بوو. من وەکوو تۆ یان وەکوو هەموو ئەو کەسانەی کە تۆ لە ژیانتا دیوتن، نیم. من بۆ خۆم ناژیم. ناتوانم و تەنانەت مافی ئەوەیشم

نییە کە وەکوو مرۆڤێکی ئازادی ئاسایی بژیم و بمرم. خۆ حەزم ئەکرد وا نەبا. حەزم ئەکرد... لێی گەڕێ. ئەبێ بزانی لەم شارە، خۆشترین و شادترین کاتەکانم لەگەڵ تۆدا بەسەر برد و هەتا ئێستاش لە سەر ئەو باوەڕەم کە شیاوترین ژنێکی کە ئەتوانم بیری لێ بکەمەوە.

هەڵمەت لە سەر کورسییەک دانیشتبوو و ئیلهام بەپێوە بەرانبەری وەستابوو. مانتۆ و شەڵوارێکی سپیی کردبووە بەر کە ئەگەرچی زۆر تەنگ نەبوو، بەڵام خڕکەی سمتی لە ژێر مانتۆکەوە چاوی بینەری ختیلک ئەدا. شەرواڵەکەی هەراو و کورت بوو و لانی کەم پێنج سانتیم لە سەرەوەی قولاپەی بوو. ئەگەرچی ئەم شێوازی جلپۆشینە مۆدی یەک دوو ساڵ لەمەوپێش بوو، بەڵام ئەو شارەزای سیحری پێستی ناسک و سپیی پووزە خڕپنەکانی بوو و جگە لەوەش ئەیزانی هەڵمەت کە یەکەم جاریش بەم تیپەوە دیتبووی، زۆر ئەم شێوازی جلپۆشینەی بەدڵە. بەندی پێڵاوەکەی دوو دەوری بە سەر پووز و قولاپەیدا دابووەوە و بە گرێیەکی ورد بەسترابوو. هەر بینەرێک ئەیتوانی سوێند بخوات ئەگەر گرێیشی لێ نەدایەت، ئەو بەندە وەها باوەشی بەو پووز و قولاپە فریشتەئاسایانەدا کردووە و لە گۆشتی چەقیوە، کە قەت بەری نادات.

لە **لێزبوس** ی وڵاتی یۆنان، بۆ یەکەم جار شتێکی زۆر سەرسوڕهێنەرم دیت: کچێکی گارسۆن کە لەشولارێکی تاشراو و بە شێوەیەکی بێبەزەییانە سەرنجڕاکێشی هەبوو، سەرنجی ڕاکێشام. ئەگەرچی لەبەر خۆبەزلزانی زاتیی ڕۆشنبیرانەم! بەوردی سەرنجم نەدا، بەڵام نەدەکرا ئەو تاپۆ سیحراوییە کە "لە کەمەریدا خوڕەی دەهات و بە بەژنیدا دادەچۆڕا" نەبینی. کەچی کاتێک کە دەستی درێژ کردەوە هەتا مێنۆی خواردنەکانمان پێ بدات، لەناکاو بە نێو کورسییەکەمدا داتەپیم. خودا هاوار... مەچەکی مووی هەبوو (وە ئەگەرچی نەمدی، بەڵام دڵنیام کە قاچ و قولیشی مووی هەبوو). چۆن ئەکرێ مەچەکی ژن مووی هەبێ؟

مەگەر ئەبێ ژن مووی مەچەکی دیار بێت؟ مەگەر مەچەکی ژن موویشی هەیە؟ دوایی زانیم کە لە ئەورووپا زۆر ئاساییە کە ژن دەست و مەچەکی مووی هەبێ. (هەڵبەت ئەمە کەسێک پێی وتم کە لە ڕاستگۆییەکەی، هەتا ئێستاش گومانم هەیە. بۆ وێنە هەر لەم نموونەیەدا، دواتر تێگەیشتم کە وشەی "زۆر ئاساییە" وشەیەکی دەقیق نییە. باشتر وایە بوترێ: زۆر نائاسایی نییە. یان بوترێ: هێندەک لە ژنان بە هۆکاری جیاواز، تووکی لەش، یان تووکی هێندەک شوێنی جەستەیان لانابەن) ئەودەم زۆرم بیر لەوە کردەوە، کە دوایین جار کەی تووکم بە مەچەکی ژنێکی کوردەوە یان ژنێکی تورکەوە یان ژنێکی فارسەوە دیتووە؟ دەی لە ڕاستیدا جگە لە "لام" کە هاوڕێیەکی زۆر خۆشەویستیش بوو و هەمیشە فشەی بە هەموو شتێک دەهات و بەقەستی تووکی لاق و دەستی لا نەدەبرد و لاسایی پیاوانی دەکردەوە کە بێزییان هەستێنێ یان تووڕەیان بکات و بە گشتی دووریان بکاتەوە... تا کەسی ترم وەبیر نەدەهات و نایەت. هەڵبەت ئەویش لەوەتی شووی کردووە، وازی لەو بەزمە هێناوە. باسی قولاپە و پووزی ئیلهامم کرد، ئەو بابەتەم وەبیر هاتەوە. وتم خۆ جاری وایە... بەهەرحاڵ، بیرەوەریی هەر کەسێک بە شتێکەوە لە مێشکی مرۆڤدا کۆدبەندی دەکرێ.

- هەڵمەت ئاڵۆزی مەکەوە، من ئەو کەسانە کە ناویانت برد، ناناسم. من زۆر هونەرم کرد، کە یەک دوو کتێبی ئەو کابرا ڕووسییەکەم خوێندەوە. ئەویش وام ئەزانی تۆ بە نووسەرێکی باشی ئەزانی، کەچی دوایی زانیم کە فشەت پێی دێت. تکایە بەم شتانە گێژم مەکە. لە زانکۆ ئەدەبیاتم خوێندووە، بەڵام جگە لە کتێبەکانی زانکۆ، زۆر خۆم ماندوو کردبێ، تێکستی گۆرانی و شتم خوێندووەتەوە...

- باش بوو ئەم جارە بە تێکستی گۆرانیت نەوت شیعر!
- شیعر یان هەر شتێک کە تۆ ناوی بنێی. من ئەمانە نازانم و ناشمهەوێ بزانم. حاڵم وەکوو حاڵی ئەو سوورپێستە سکیموەیە، کە کابرای قەشە ئەیویست بیکا بە مەسیحی. ئایا ئەگەر ئەمانەی کە تۆ پێم ئەڵێی نەزانم، ئەڕۆمە جەحانمەوە؟ ئەگەر نا، بۆچی ئەمانەم پێ ئەڵێی؟ من وشەی دۆن ژوانیشم تەنیا لە نێو فیلمێکی پلە سێی سینەمای ئێراندا بیستووە و دوایی هێندەک شتم لە سەر خوێندووەتەوە. ژیانی من پڕە لەم وشانە کە بارێکی مانایی زۆر زووتێپەڕ و سووکیان هەیە و تەنیا بۆ خۆهەڵکێشان بەکاریان دەهێنم... .
- وایش نییە. پێویست ناکات بۆ سەرکەوتن لە باسەکەدا خۆت بچووک بکەیتەوە. من ئەزانم کە تۆ چەندە خوێندەواری، پێویست ناکات بەم قسانە... مەگری... لێم تێبگە! من ناتوانم...

ئیلهام زیاد لە پێویست تووشی ئیحساسات ببوو و وەکوو هەوری بەهار دەباری. هەموو ئەو قسانەی کە ئامادەی کردبوو، لەو چەن دێڕەی سەرەوەدا کورت بوونەوە و هیچی دیکەی لەبیر نەمابوو. مێشکی وەها سڕ ببوو، کە نەیدەتوانی قسەیەکی زیاتر لەوانەی کە کردی، بکات. ئیتر مانەوەی خۆی بە بێسوود دەبینی. دەیزانی بە قسە ناتوانێ هەڵمەت ببەزێنێت، بۆیە تەنیا یەک ڕێگای لە بەردەم مابوو. دەبوو لەوێ بڕوات و هیوادار بێت کە هەڵمەت وەدوای کەوێت. لە نێو چاوەکانی هەڵمەتدا خوێندبوویەوە، کە بڕیاری خۆی داوە و قسەکردن بێکەڵکە...

بەحوزنەوە چەن چرکەیەک سەیری چاوەکانی هەڵمەتی کرد و بەبێ ئەوەی کە هیچ بڵێ، وەڕێ کەوت. بە نێو شمشادەکانی حەساردا خۆی گەیاندە پلیکانەکان و بە شەقامدا بەرەوژوور ڕۆیشت. دەیزانی کە هەڵمەت بە مەودایەکی پێنج شەش مەتری بەدواوەیەتی و چاوەڕێیە کە بگاتە شوێنێکی کەمێک چۆڵ، هەتا پێی بگاتەوە. بەڵام ئەم بەقەستی هەتا

توانیی، لای نەدایە نێو هیچ کۆڵانێک. دەبوو وەکوو ژنێکی بەهێز هەڵسوکەوت بکات. فرمێسکەکانی سڕی و کاتێک کە هەستی کرد ئیتر ئەژنۆی نالەرزێ و بوغز ئەوکی بەر داوە، خۆی کرد بە کۆڵانێکدا. بە یەکەم چاو زانیی کە کۆڵانێکی زۆر ئارامە. ئەمبەر و ئەوبەری کۆڵانەکە هەتا چاو هەتەری دەکرد، داری ئەستوور لە پێش ماڵەکاندا نرابوون و چڵوپۆپیان بەرەو ئاسمان ڕۆشتبوون و دەنگی جریوەجریوێکی نەرم و خۆشی چۆلەکەکانی نێو چڵوپۆپی دارەکان، پانتایی کۆڵانی تەنیبوو. خێرایی خۆی کەم کردەوە، کە هەڵمەت پێی بگاتەوە. "ئێستا دێت و بە دوو قامک چناکەم دەگرێت و ئەڵێ: پشیلە خرپنەکەی من بۆ کوێ ئەڕوات؟"

پاش کەمێک کە هیچ ڕووی نەدا، سەیرێکی دواوەی کرد، کەس دیار نەبوو. چۆلەکەکان دەنگیان دابوویە دەنگ یەک و هەردەم دەنگیان چڕتر و بەرزتر دەبووەوە. دارەکان چڵوپۆپیان لە یەک دەسووا و با یەک دوو قامچی بەهێزی بە شان و پیلی کۆڵانەکەدا کێشا. کۆڵان لە بن قەمچیدا وەلەرزین کەوت و دارەکان چەپڵەیان لێدەدا و دارەکان یان لە ژانی قامچی یان بە هانی با، کەوتنە چەپڵەڕێزان.

ئیلهام هەستی دەکرد ئێستا نا ئێستا، ئەو دەنگانە مێشکی ئەتەقێنن. بەهەڵاتن هاتەوە سەر کۆڵان و سەیرێکی ئەو ڕێگایەی کرد کە پێیدا هاتبوو. نا... کەس دیار نەبوو. هەر ئاوا بە ڕوواڵەتێک کە بەدبەختی و سیاچارەیی لێ دەباری، ڕاوەستابوو و سەیری شوێنێکی نادیاری ئەکرد.

- ئیلهام...
- ئیلهام، هەڵمەت، ئەوە ئێوە لێرە چی ئەکەن؟

ئیلهام چاوی ترووکاند... هەر لە جێگای خۆی بوو. بەرانبەر هەڵمەت ڕاوەستاوە، لە هەمان شوێن کە ژووانیان بەستبوو.

هەڵمەت ڕووی کردبووە هیوا و ئیلهام دەیتوانی جووڵەی دەمیان ببینێ کە پێکەوە قسەیان دەکرد. سارایش خەریک بوو لەگەڵ ئەمدا قسەی دەکرد... هەموو ئەمانە کەمتر لە چەن چرکەیەکی پێچوو، بەڵام بەس بوو بۆ ئەوەی کە سارا بزانێت ئیلهام هیچ باش نییە. بۆیە باڵی گرت و کەمێک بردیە ئەولاوە. هیوا هەر وا کە سەیری سارا و ئیلهامی دەکرد، وتی: "چییە، ئەڵێی لەگەڵ ئیلهام یەکتان گرتووەتەوە؟ پێم خۆشە..."

- نا هیوا گیان، ئەشێ کەمێ قسە بکەین بەیەکۆ.

هەر وا کە هەوڵی ئەدا دەنگی بهێنێتە خوارەوە، بە هیوای وت کە ئیتر نایهەوێ درێژە بەو پێوەندییانە بدات: "بەهەرحاڵ، خۆیشت ئەزانی کەسانی وەک من ئەشێ زیاتر ئاگایان لە ئەخلاقییاتیان بێت."

- بۆچی، تازە ئەزانی؟

- مەسەلە ئەوەیە کە زووتر ئەم کارانەم بۆ ئەمنیەت بوو. ئەگەرچی هەر پێشتریش کەسێک بووم کە هەمیشە پێوەندیم لەگەڵ ژنانا باش بووە، بەڵام لەو کاتەوۆ کە کاری ڕێکخستن ئەکەم، هەوڵم دا (مەبەستی 'داوە'یە) لە ناو خەڵکا بەئاشکرا بە کەسێکی وا بناسرێم، کە کەس گومانی سیاسیبوونی منی لە لا دروست نەبێ. پارەکە لە سەقز دوای ئەوە کە ئەو گشتە کلاشینکۆف و دەمانچەیان لە ماڵی شێرکۆ گرت و شێرکۆ خۆی هەڵات، لەبەر ئەوەی کە ناوی منیش لە ناو لیستی ئەو ناوانا بوو کە چەن ڕۆژ پێش گیرانەکەی پەیوەندیی پییانۆ کردبوو، گرتمیان. بەڵام ئەونە ناوبانگی دڵتەڕیم دەرچووبوو کە باوەڕیان نەئەکرد من جگە لە ژنان، هیچ دڵمژووڵییەکی ترم بێت، بۆیە زەحمەتی ئەوەیان بە خۆیان نەدا لە شەوێک زیاتر ڕامگرن، تازە زۆریش بە ڕێزۆ

تەمشامیان ئەکرد، وەک بێژی من شتێکم لەوان زیاتر بێت. ئەو پیاوانەی کە ناتوانن لەگەڵ ژناندا پەیوەندی بگرن، لە بەرانبەر یەکی وەکوو مندا هەست بە کەمایەسی ئەکەن.
هیوا قەیرێک پێکەنی و بیری کردەوە کە هەڵمەت چەندە بێگەرد و پاکە.

هەڵمەت درێژەی بە قسەکانی دا: "ئێستا هەڤاڵان ئاگر بەسەریانا ئەبارێ. شەڕێکی قورسە و من لێرە دانیشتم. ئەمە هیچ باش نییە. لەم ڕۆژانا سەردانی هەڤاڵان ئەکەم. نازانم ئەگەڕیمۆ یا نا، بەڵام کە بگەڕێمیشۆ، نامەوێ لە خەتی ئەخلاقی هەڤاڵانە لا بەم."

هیوا کەمێک بەسەرسوورِمانەوە لە هەڵمەتی ڕوانی، پاش چەن چرکە بێدەنگی وتی: "هەڵمەت گیان، ئێمە یەک دوو ڕۆژە یەکترمان نەدیوە. تۆ منت بانگ کرد کە ماوەیەک لە تەنیایی دەرتبهێنم و کاتێکی زیاتر بەیەکۆ بین، بەڵام شتێک کە ڕووی داوە، پێچەوانەی ئەوەیە. بۆ باسی چوون بۆ شاخ و بەشداری لە شەڕیشدا، ئەوە خۆتی کە بڕیار دەدەی. بەڵام ئێستا بشچی، خۆ ناتنێرن بۆ شەڕ. تۆ پەروەردەیەکی ئەوتۆی سەربازیت نەبینیوە و هەڤاڵان گۆشتی بەر تۆپیان ناوێ، مەگەر ئەوەی کە ئیتر بڕیاری خۆت دابێت کە هەر بچی، ئەوە ئیتر قسەیەکی ترە. حەز ئەکەم زیاتر قسە بکەین. هەست ئەکەم کەمێک جەو گرتووتی. زۆر باشە، تۆ خەباتکارێکی وەفادار و چالاکی، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە ژیانی خۆت تەحتیل بکەی. پارتیش شتی وای لە تۆ ناوێ. پاشان ئەخلاقی هەڤاڵانە لەمەڕ لۆمەکردنی مەسەلەی پێوەندیی سۆزداریی کچ و کوڕ، هی شاخە، شەرت نییە لە شاریشدا پەیڕۆ بکرێت. ئێستاکە تۆ وڵاتپارێزی، خۆ گەریلا نیت. هەرچەن ئەمەی کە ئەڵێی خراپ نییە، بەڵام ئەگەر زۆر دژ بە خواستە سروشتییەکانت بوەستیتەوە، لەوانەیە

تووشی کێشە بیت. ئەتوانی حەدی ناوەڕاست بگری، کە ژیان و چالاکیی سیاسیت لە بەرانبەر یەکتردا نەوەستنەوە."
هەڵمەت زۆر بەئامادەیی و لەناکاو و وەکوو بڵێی چاوەڕێی وەها قسەیەک بووبێ، وەڵامی دایەوە: "هیوا... خۆت ئەوەت پێ کریا؟"
- بابەتی من زۆر جیاوازە، خۆیشت ئەزانی.
- ئەزانی ئەمڕۆ ئیلهام چی پێم وت؟ بە منی وت دۆن ژوان! خوا ئەیزانێ چەن کەسی تر ئاوا تەماشای من ئەکەن. کوڕی باش، دۆن ژوان لە ناو کتێوەکانا کەسێکی خۆشەویستە. لە دنیای دەرۆ و ئەویش لە کوردستان و ئێران ناوی دۆن ژوان نییە، پێی ئێژن شەواڵپیس. لەبەرچاوتی بگرە، ڕۆژێک کە من شەهید بم، چەن کەس ئێژن: "ئەو شەواڵپیسەیش مرد؟"...
هیوا دیسان وەپێکەنین کەوت.
– بەهەرحاڵ، من بڕیار خۆم دا، هیوا گیان. تەنیا چەن ڕۆژێکی تر لێرەم. من ئیتر ناتوانم ئاوا پاسیڤ دانیشم، "دل دەخوازێ هەرێ جەنگێ". ئیلهام زۆر منی خۆش ئەوێ، بەڵام من ئیتر هیچ هەستێکم بۆی نییە، یانی هەوڵ ئام کە نەمبێ. کەمێک بیدوێنە، بەشکم ئاسانتر تەک ئەم بارودۆخە ڕابێت. بەهەرحاڵ، من... من ئەشێ بڕۆم، کارم هەیە. شەو کەمێک زوو بێرۆ. سارا... ئیلهام... من ئەبێ بڕۆم. جارێ ماڵئاوا.
و بە هەنگاوی دڵنیا و لەسەرخۆ ڕۆیشت.

هیوا ڕووی کردە کچەکان و وتی: "تازە ئەمڕۆ ناچینە ئەنجوومەن ئەدەبی. لەگەڵ باخچە و قلیان چۆنن؟" سارا دەستی ئیلهامی گرت، کە چاوی بڕیبووە ڕۆیشتنی هەڵمەت.

## ۱۸.

قەت نەیتوانیبوو بە فیکەلێدان لاسایی موزیکێک بکاتەوە. هەر جار کە هەوڵی ئەدا بە فیکەفیک موزیکێک لێبدات، خراپی دەکرد. بەتازەیی شیعرێکی کوردیی بۆ موزیکی "گلۆمی ساندەی" دانابوو و ئەوەی لە بەرخۆیەوە ئەوتەوە:

"هەر وا دەڕۆم هەر وا

تا دەگەمە هەینی،

بەڵام ئاخ لە هەینی دەم با

هەینی من هەمیشە وەک خۆم تەنیای تەنیا پیاسە ئەکات

سوارچاکێکم لە شەقامێکی پڕ لە زەنگ و زریوە و هەراهەرا

ئای هەینی خەمناک، ئەمن کوام؟

ئێوارە هێشتا نەهاتووە و من خەریکە ئاوا دەبم

ئاوابوون ئاوا دەبێ کە من دەبم بە هەڵم

لە ئێوارەی خەمناکی هەینی خەمناکدا

دوایین خەونەکانم هەر لە سەرەتای ئەم شەقامە دەنێژم و

لە سەر بسکی شار پیاسە ئەکەم

شتێکی وای نەماوە

ئێوارە دێت و من ئاوا دەبم

ئاوا دەبم لە هەینی خەمناکدا بە هەڵم

لە سەر شەقام

سوارچاکێکی ماندوو بە سەر زینی ئەسپە مردووەکەیەوە

کە ئیتر دەنگی پێمان لەم شەقامەدا نەبیسرێ

لە کۆتا ئێوارەدا

لە هەینی خەمناکدا..."

هەر جار کە دەگەیشتە "هەینی خەمناک"، کولی گریان دەهاتە بن قورگی و دەگەڕاوە. زۆری هەوڵ دا کەمێک بگری، بەڵام نەدەکرا. ئاە... بۆچی ئەمڕۆ هەینی نییە؟

ساتەوەختی زێڕینی چێژبردن. بەدەر لەوەی کە مازوخیسمی ناخی تاک تا چ ڕادەیەک دەسەڵاتدار بێت، دەست خستنە نێو "سڑین" لەم کاتانەدا، تەنیا کاری چێژبەخشی دنیایە. هەڵمەت بەدەم ڕێکردن و گۆرانیوتنەوە، هاوکات کە لەم ئازادییە نوێیەی خۆی (کە بە نرخێکی زۆر گران کڕدرابوو) چێژی وەردەگرت، بە نێو بیرەوەرییەکانیدا گەڕا و گەڕا. لە نێو هەموویاندا، وەبیری کاتێک کەوتەوە کە مانگێک لە هاوڕێیەتییان لەگەڵ ئیلهام تێپەڕی بوو و هەڵمەت ئەیویست کە پێی بڵێت: "ئیتر بەسە، لەمە بەدوا ناتوانین بەیەکەوە بین. من بەردەوام چاوم بەدووی کچان و ژنانی دیکەوەیە و تۆ مافی خۆتە کە لێم قبوڵ نەکەی یان لانی کەم هەوڵ بدەی کە تۆش وەکوو من بکەی (کە من ناتوانم ئەوە قەبوڵ بکەم لە تۆ) لەم یەک مانگەیا، شتێکی ئەوتۆ لە نێوانماندا ڕووی نەداوە و هێشتا زۆر دڵبەستەی یەکتر نەبووین، با لەلایەن منەوە زیان بە تۆ نەگات."

- بۆ چاوت بەدوای کچانی دیکەوەیە؟ من بەقەد پێویست جوان نیم؟

- نا باسی ئەوە نییە، کەم کەس بەقەد تۆ جوانە. لانی کەم لە چاوی مندا. بەڵام ئەمە باسی پێبەندمانەوەیە. جگە لەوە، باسی هەست و دڵی تۆیە کە من نامەوێ بە هۆی ئەوەی کە من ناتوانم خۆم پێبەندی یەک کەس بکەم، بریندار بێت و بشکێت.

- منت خۆش ئەوێ؟

- کەسم هەتا ئێستا بەقەد تۆ خۆش نەویستووە. دڵنیایشم تا ئەبەد کەسم بەقەد تۆ خۆش ناوێت، بەڵام ئەم خۆشەویستییە نابێتە هۆی ئەوەی کە بتوانم خۆم لە جەستەی ژنانی تر بەدوور بگرم. هەڵبەت ئەمە کێشەی زۆربەی پیاوانە کە کەسێکیان بە دڵ خۆش ئەوێ و هەموو ژنانی دیکەی دنیایان بە جەستە لە پێشچاو شیرینە. من ناتوانم درۆت لەگەڵدا بکەم، قەتیش بەتەمای ژنهێنان نیم. ڕۆژی یەکەمیش پێم وتی کە...

- باشە، کەواتە ئەتوانی تەنیا عاشقی من بی؟

- بشمهەوێ، ناتوانم لە باری عاتفییەوە خەیانەتت پێ بکەم. ناتوانم عاشقی کەسی تر بم، بەڵام...

- تەواو! هەتا کاتێک کە من ئەڤینی دڵی تۆ بم و دڵت تەنیا هی من بێت، کێشە نییە، بەڵام حەد ڕاگرە.

ئیلهام کاتێک کە بە دەنگێکی لەرزۆکەوە ئەم قسەی دەکرد، زەردەخەنەیەکی زۆر خەمناک لە سەر لێوی بوو کە وای لە هەڵمەت کرد هەتا یەک دوو مانگ دوای ئەوە کە کەمێک ئەو زەردەخەنەی لەبیر چووەوە، دڵی بڕوایی نەدا کە لەگەڵ هیچ ئافرەتێکی دیکەدا تەنانەت قسەش بکات. ئێستا ئەو زەردەخەنەیە دیسان گەڕابووەوە پێشچاوی. زەردەخەنەیەک کە هەڵگری قووڵترین خەمەکان بوو و هاوکات هێندە

سادە بوو کە بە تەواوی وردەکارییەکانیەوە لە بیرگەی هەڵمەتدا نەخشی بەستبوو و بە کەمترین بیانوو دەهاتەوە پێشچاوی.

نا بەرگەی دەستوەردان لەم برینەی نەدەگرت، دەبوو زووتر لەبیری بەرێتەوە... ئەو زەردەخەنەیە، ئەو دەنگە لەرزۆک و بەخشندەیە... ئەو نیگایەی کە لە هەڵمەتی ئەدزییەوە و سەیری شوێنێکی نادیاری دەکرد لە پشت دڵدارەکەیەوە و چاوی نەدەترووکاند، نەوەک فرمێسکەکانی دەرفەتی فیچقەکردن پەیا بکەن...

"هیچ ناکرێ، هیچ!"

بەڵێ هەڵمەت گیان، هیچ ناکرێ. تەنیا ڕەنگە کەمێک هەڵهاتن... ئەویش لە چی؟ لە برینێک کە بە ڕۆحتەوەیە؟ چی دەخەیتە جێگاکەی؟ مرۆڤی بەرپرسیار لە بەرانبەر پاکیی ڕەهادا، هیچی لەدەست نایەت. هیچ فورموڵێک نییە بۆ ئەوەی کە هەست بە تاوان نەکات، تەنانەت ڕەنگە دەستەواژەی هەست بە تاوانکردن مەبەستەکە نەپێکێ. لەبەر ئەوەی کە بەڕاستی هەست بە تاوان ناکەی، واتە لۆژیکییش نییە لە بەرانبەر شتێکدا کە نابێ و لە دەسەڵاتی تۆدا نییە، هەست بە تاوان بکەی، بە شێوەیەک بە ئازاری "ئەوی تر"ەوە تلانەوەیە.

ئەمە ساتەوەختی کەوتنە نێوەڕاستی دوو سەنگەرە. بۆ هەر کەسێک، ئەو دوو سەنگەرە ئەتوانێ زۆر جیاواز بێت. بە دابڕان لە هەر کامەیان، یەکێک لە کاریترین برینەکانی ژیان لە ناختدا دەم ئەکاتەوە. سژینێکی هێندە بەژانە، کە ڕۆڵەی ئەوێ بەرگەی بگرێت.

**.١٩**

کلیلی درگاکەی پێ بوو، بەڵام لە دەرگای دا. هەڵمەت دەرگای کردەوە و هیچی نەوت. تەنانەت نەیپرسی بۆچی تۆ کە کلیلت پێیە، لە درگا ئەدەی؟ گەڕایەوە سەر مۆبلەکەی و دانیشتەوە و سیگارەکەی لە نێو ژێرسیگارییەکەدا کوژاندەوە و خێرا یەکێ دیکەی هەڵکرد.

هەوای نێو ژوورەکە قورس بوو و دووکەڵ پەڵەپەڵە و چین لە سەر چین وەکوو عاشقەوماشقە بەنەرمی بە سەر یەکدا دەهاتن و دەچوون. هیوا هەر وا کە بەئارامی بە نێو ژوورەکەدا هەنگاوی هەڵدەگرت، دەیدیت کە چۆن دووکەڵ وەکوو هەورێک کە چیای تەنیبێ، هەڵمەتی تەنیوە.

- زوو هاتمەوە کە بەیەکەوە گەلەکۆمە لە سیگار بکەین. تەنیایی سەختە.

- ئیلهام؟

- هیچ... ئیلهامی هەژار. زۆر زگم پێی سووتا. کچێکی هەتا بڵێی بەدەرک و تێگەشتوو و بە هەمان ئەندازەش پاک و بێگەردە. نامەوێ دیسان بڵێم پەلە مەکە و ئەمە بکە و ئەوە مەکە. خۆت ژیانی خۆت باشتر ئەزانی. بەهەرحاڵ، هەوڵم دا تێیبگەیەنم کە بارودۆخی تۆ چۆنە، بەڵام چۆن ئەکرێ بەبێ ئەوەی کە ڕاستەوخۆ بە کابرا بڵێی تۆ ئەندامی پارتێکی سیاسیی چەکداریت و ئارمانجەکانی پارتیت لە هەموو شت بۆ گرینگترە و ئێستاش بڕیارت داوە وا بکەیت و وا نەکەیت، کابرا لە مەبەستەکەت تێبگات؟ کتێبێکم بۆ کڕی کە ئەگەر بیخوێنێتەوە، ڕەنگە هێندەک یارمەتیی بکا. ئێستا مێشکی ئەو پڕە لە ئەگەر و شیمانە. ئەیوت دەرفەت نەبووە پێت بڵێ کە نایهەوێ شوو بکات.

- ئەونە متمانەم پێی هەیە کە گشت شتێکی پێ بێژم، بەڵام ئەمە بێپارێزییەکی منالانەیە و هیچ شتێکیش ناگۆڕێ. با، کەم تا کورتێک

تێگەیشتم ئەیەوێ چی بێژێ. ئاخری چی؟ خۆ ئەشێ هەر شوو بکات. ئەیشزانم چ کتێوێکت بۆی سەندە، بۆ **لەیدی** ئیلهام.

- نازانم چی بڵێم! دەکرا ئاوا نەبێ. بۆ بەشداری ناکەی؟

هەڵمەت برۆی دایە سەرەوە و بەسەرسوڕمانەوە سەیری هیوای کرد. هیوا وەک بڵێی کەیفی بە قسەکەی خۆی هاتبێت، وتیەوە: "بۆ تەڤلی ڕێکخستنی ناکەی؟"

- چی ئێژی کاکە؟ ئەو چووزانێ ئەم شتانە چییە؟ ئەو داماوە، تەنانەت کوردیش نییە، تەڤلی چی بکەم؟

- کورد نییە، با نەبێ، چییە؟ پێشتریش هەڤاڵی فارس و تورک و عەرەب لە نێو پارتیدا بوون. تەنانەت شەهیدیشمان هەیە، کە فارس بوون.

- نا... نا هیوا، قەت شتی وا ناکەم. ئەو ئەگەر بەشداریش بێت، لەبەر من بەشدار ئەبێت نەک لەبەر ئارمانجێکی سیاسی، بەو هیوایە کە لەگەڵ من بێت، لەوێیش کە ئەم شتانە نییە... کوڕە ئەو تەنانەت ناتوانێ لە مێشکی خۆیا ئەم شتانە وێنا بکات. تۆ جاران ئەونە دڵرەق نەبووی. چۆن کچێکی ناسک و نازدار هەڵگرم، بیبەم بۆ ناو ئەو شاخ و کێوە و چەک بەمە دەسیۆ؟

- زۆربەی ئەو کچانەی کە لەوێن، هەر ئاوا ناسک و نازدار و منداڵی شار بوون، بەڵام ڕاهاتوون. پەروەردە کراون.

- هێشتا باوەڕ ناکەم کە ئەم قسە لە تۆ ئەبیسم.

هیوا چەن هەنگاوێکی هەڵگرت و ڕوو بە دیواری تەنیشت دەرگای هاتنەژوورەوە وەستا و پشت لە هەڵمەت وتی: "ئێستا تێگەیشتی؟ من لەبەر ئەو هەڵبژاردنە سەختانە بوو کە ئیتر نەمتوانی بەردەوام بم. ڕۆژێک دێت کە وەها لە نێو حزبایەتیدا ئەتوێیتەوە، کە ئیتر بڕیار و هەڵبژاردنی ئاوا، سەخت نابێ بۆت، چونکا تەنیا یەک مەنتق مەنتقی

دروستە؛ مەنتقی حزب. وە ئەگەر ئەوەندە کەسایەتیت بەهێز بێت کە نەچیتە ژێر باری ئەو مەنتقەوە و بتهەوێ بە مەنتقی خۆت خەبات بکەیت، ئیتر جێگایەکت لەو حزبەدا نییە، چونکا بەو کارەت هەماهەنگی و پایەداریی حزب دەخەیتە مەترسییەوە. لە ڕاستیدا، حزب و ڕێکخستن یانی ئەوە. بەتایبەت حزبێکی شۆڕشگێڕ کە خەباتی چەکدارییش دەکات و بەردەوام لە ژێر گوشار و تۆپباران و دەیان مەترسیی دیکەدایە، ناتوانێ وا نەبێ.

- تۆ پێی ئێژی کەسایەتیی بەهێز، من پێی ئێژم کەسایەتیی کەللەڕەقی لاسار.

- دەی ئەتوانێ وایش بێت، باشە کە لەوە خراپتریشم پێ ناڵێی.

- بەهەرحاڵ، ئەمە ڕاستییەکە. تۆ لەو کەسانەی کە ئەونە لووتبەرزی، ئامادە نیت کەس بە سەرۆکی خۆت بزانیت.

- من خۆم سەرۆکی خۆمم و ئەمە هیچ پێوەندییەکی بە ویستی سیاسیمەوە نییە. سەرۆک بۆ من لە باسی سیاسیدا مانا پەیدا ئەکات و کاتێک کە بوونی پێویست بێت، ئەبێ هەبێت، زۆریش باشە، بەڵام من نامهەوێ بێتە نێو هەموو بوارەکانی ژیانمەوە. نامهەوێ ئاو خواردنەوە و سیگارکێشان و سێکسکردن و شەراب خواردنەوەکەم و هەموو شتێکم، سێبەری سەرۆکی بە سەرەوە بێت.

- شتی وا نییە! مرۆڤ بوونەوەرێکی سیاسییە. سەیر نییە ئاو خواردنەوەکەیشی لە ڕووانگەی سیاسییۆ هەڵسەنگێنین.

- کەم کەم خەریکی فێری سەفسەتەکردنیش ئەبی...

- هیوا، ئەتەوێ پەشیمانم کەیتۆ؟

- نا، بە هیچ شێوەیەک، تەنیا هەستم کرد ئەبێ ئەم شتانە بوترێت. لێی گەڕێ...

- باشە، چونکا من بڕیاری خۆم دا (یانی داوە).

## .٢٠

بۆ دوایین جار سەیرێکی قژی ئەکات، چۆن تا ئێستا نەیزانیبوو ئەوەندە تاڵە قژی بە سەرەوەیە؟ ئەوەندە زۆر؟ هەمیشە هەمووی پێکەوە پێناسە کردبوو، "قژ". بەڵام ئێستا کە وردتر سەیر ئەکات، ئەڵێی هەر کامەیان کەسایەتییەکی تایبەت بە خۆی هەیە. ئەگەرچی لە کۆتاییدا کۆمەڵەیەک دروست ئەکەن، کە لە شووناس و کەسایەتیی خاوەنەکەیاندا کاریگەرییەکی گرینگیان هەیە. خاوەنێک کە بڕیار دەدات بە کامە لادا لا بدرێن، چۆن کورت بکرێنەوە، تا چ ئاستێک درێژ ببنەوە، چ ڕەنگێک بگرن و... هتد. ئەگەرچی هەمیشە نافەرمانیی گەلێکیان هەیە، بەڵام بەهەرحاڵ، لەگەڵ هەموو وەرزەکانی خاوەنەکەیاندا خۆ دەگونجێنن (یان دەیانگونجێنن)، هەتا ئێستا وا بووە کە ژیان بەبێ خاوەنەکەیان بۆ ئەوانیش بەردەوام نابێ، ئەگەرچی دوای مەرگی ئەو تا چەن ڕۆژێک هەر گەشە ئەکەن، بەڵام لە کۆتاییدا چی؟

دەنگی مەکینەی سەرتاشینەکە کەمێک لەوەی کە بیری لێ دەکردەوە، بەرزتر بوو، تووشی دڵەڕاوکێیەکی زووتێپەڕ ئەبێت.

- بەهەرحاڵ، هەموو کارێک یەکەم جارێکی هەیە.

دوێنێ بە **فەرامەرز** ی وتبوو، سەرم پاک ئەتاشم. چاوەڕێی ئەوە بوو وەکوو هەمیشە کە کارێکی نەباو ئەکات، بەگاڵتەوە پێی بڵێ: "خۆت ئەزانی، شێتە". بەڵام ئەم جارە فەرامەرز وەکوو ئەوەی کە ناوکە چەقالەیەکی زۆر تاڵی جاویبێت، لەناکاو دەموچاوی گرمۆڵە بوو و چاوەکانی کە بەقەد نووکە دەرزییەک کرابوونەوە بۆ شوێنێک لە سەر ڕوومەتی، هەستی دەگەڕان کە دەری بخات درۆ دەکات.

- گووی وام بۆ دەخوا... سەرتاشینت ئیتر چییە؟
- هەروا، وا بزانە ئەمەش حەزێکە.
- نەخێر، کاری وا ناکەی، کچی کەچەڵ هیچ جوان نییە.
- کارت بە جوانیی من چییە؟ خۆ...

پێناسەکردنی جوانی، پێشتر ئاسانتر بوو. ڕاستە جیاوازی هەبووە لە نێوان پێناسەی هەر فەرهەنگ و نەتەوەیەکدا بۆ جوانی و تەنانەت لە هەر دەورەیەکی مێژووییدا، ئەو پێناسانە تووشی ئاڵوگۆڕ هاتوون، بەڵام دیسان لە هەر سەردەمێکدا و لە نێو هەر چوارچێوەیەکی جوگرافی و فەرهەنگیدا، پێناسەیەکی ورد و تەنانەت ئەکرێ بڵێین ئاشکرا بۆ جوانی هەبووە کە هەمیشەیش لە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆدا بووە لەگەڵ پەراوێزەکانی. بۆ نموونە؛ جوانیی کچ بە پەراوێزی زوڵفی درێژ و ئەبرۆی پەیوەست و برژانگی درێژ و گەردنی بەرز و ئەم شتانەوە بەرباس بووە، کە تا ئاستێکی زۆر لە هەموو چاخەکاندا نەگۆڕ بووە. بۆ نموونە؛ ئەگەر بە نێو شیعری شاعرانی کلاسیکی فارس و کورددا بگەڕێین، دەگمەن شیعرێک پەیدا ئەکەین کە لە وەسفی یارەکەیدا بڵێ: یارەکەم قژی کورتە و... هتد. تەنانەت ئەگەر شیعرێکی وایش پەیدا بکەی، ئەتوانی دڵنیا بی کە ئەو شاعیرە یان ئەوەندە عاشقی شیعر و شاعیرییەکەی بووە کە لەبەر کێش و سەروا و ناسکیی خەیاڵی شیعرەکەی ناچار بووە ئەو قسە بکات، یان ئەوەی کە (بەداخەوە) شاعیرە سیاچارەکەمان عاشقی کەسێکی قژکورت بووە و ئەوەندە ڕیالیستە کە ئەبێ (بەدڵنیاییەوە) لە شیعرەکەیدا وەکوو خۆی بەبێ ئەملاولا باسی بکات. ئەمڕۆکە ئەگەرچی هێشتا سێبەری ئەو پێناسانە لە مرۆڤی سەردەمدا ماوەتەوە، بەڵام تاکگەریی بەرهەمی جیهانی نوێ وای کردووە کە بە ڕێژەی مرۆڤەکانی سەر گۆی زەوی پێناسە بۆ جوانی هەبێت و لە هەمووی گرینگتر ئەم پرسیارە، کە ئایا جوانی

گرینگە؟ بەڕاستی مرۆڤ نابێ شەرم لەوە بکات، کە ئەیهەوێ پێناسە بۆ هەموو شتێک ساز بکات؟ ئایا ئەمە تەنیا بۆ ئەوە نییە کە ڕەوایی بدەین بە چێژی کاناڵیزەکراو؟ بۆ ئەبێ خەوتن لە نێو ماڵێکدا کە بەپێی پێناسەی کۆمەڵگا جوانە، چێژبەخشتر بێت لە ماڵێکی تر؟ ئەم چاویلکانە حەقیقەتمان پیشان نادەن، نا.

هێند کورت و ڕەشە زوڵفی یاری من

هەر دەڵێی ڕۆژی منە و ڕۆژگاری من

"مجیر بیلقانی"[4] (شا ئەو ناوە)

چەندە حەزی دەکرد زەمان بگەڕایەتە دواوە و ئەو وشەی "خۆ..."یەی بگەڕانایەتەوە. ئەو "خۆ...یە، هەستی دەخستە دۆخی لاوازییەوە. "ئۆف بەنەعلەت بی..."، نا کۆ نابێتەوە، وشەکان ناگەڕێنەوە. فەرامەرز بزەیەکی تاڵی هاتە سەر لێو و وتی: "من ئەبێ بڕۆم، ئەتبینمەوە."

ئاهـ ئەرێ, ئەم "ئەتبینمەوە" بەتازەیی جێگای بە "خواحافیز" تەنگ کردووە. وشەکان... وشەکان. ئەوانن کە هەموو شتێک تەنانەت چینەکانی کۆمەڵگا دیاری ئەکەن. سیاسەتەکان دیاری ئەکەن، ناخەکان هەڵئەڕێژن و بەڵێ، "بازجووە"کان[5] لە هەموو کەسێک باشتر ئەزانن لە ڕێگای فەرهەنگی وشەکانتەوە پۆلێنبەندیت بکەن بە: زۆر مەترسیدار، مەترسیدار، کەمتر مەترسیدار، بێ مەترسی، مۆرەی داهاتوو. مرۆڤ ئاوا بەئاسانی خۆی ئەدا بەدەستەوە...

---

[4] موجیرەدینی بیلقانی، شاعیری فارسی سەدەی شەشەمی کۆچی هەتاوی.

[5] بازجو: ئەو کەسەیە کە لێپێچینەوە لە گومانلێکراو و زیندانی دەکات. پشکنەر.

کڕەی مەکینەی سەرتاشینەکە پاڕازیتێک بوو، کە وێنەی ئەو بزە تاڵەی فەرامەرزی لە پێشچاوی هەستی تێک دا. یەکەم چەپکە قژ کە کەوتە خوارەوە، بە پێکەنینێکی وردەوە وتی: "نۆو سیگنال."

**.٢١**

"لەو باسانە گەڕێین، ئەم یەک دوو ڕۆژە چیت ئەکرد؟" هەڵمەت هاوکات کە مژێکی تر لە سیگارەکەی دەدات و لەگەڵ دووکەڵەکەی کایە ئەکات، وەڵامی ئەداتەوە: "ئەتوانم بێژم هیچ، مەگەر ئەوەی کە ئەو کارانەی کە پێشتر خۆت ئەتکرد و ئایسە وازت لێ هاوردە، بە کار بزانین. بەهەرحاڵ، زۆر متمانەم پێتە کە ئەو شتانەت پێ ئێژم، ئەینا وەک کەسێک کە لە دەرۆی بازنەی ڕێکخستنی، زۆریشم پێت وتە. تۆ بۆم باس بکە، بێژە بزانم سارا چ تامە؟"

- دەی ئەبێ بڵێم کە پێم سەیر نییە کە ئەم پرسیارە ئەکەی، بەڵام پێم وا بێ وەڵامت نەدەمەوە باشترە. وەکوو کەسێک کە بەتازەیی خۆت لە بازنەی ژنان و چیرۆکەکانیان وەدەرخستووە، باشترە خۆت بە بیستنی ئەم چیرۆکانەوە خەریک نەکەی.

هەڵمەت هێواشێک سیگارەکەی ئەکوژێنێتەوە و هەڵئەستێتە سەر پێ و باوەش بە هیوادا ئەکات. بە پێکەنین و گاڵتەوە دەست ئەکەن بە زۆرانگرتن. گاڵتە ئەکەن و هەردووکیان لە ناخی دڵەوە پێئەکەنن، بەڵام لە ڕاستیدا هەردووکیان هەموو هێزی خۆیان بەکار دەهێنن کە بەسەر ئەوی تردا زاڵ بن، بۆیە کەم کەم پێکەنینەکان بزر ئەبن. تەنیا جیاوازیی ئەم گاڵتەکردنانە لەگەڵ شەڕکردن، ئەوەیە کە کەمێک پارێز هەیە بۆ ئەوەی کە شتێک نەشکێنن یان ئەوەی کە ئازارێکی جدی بە یەکتر نەگەیەنن و ئەمە گەورەترین هونەرە، تەنانەت وەکوو زۆران گرتن لە سەر دۆشەکی زۆرانبازییش نییە، لەوێدا هیچ شتێک بۆ شکاندن نییە.

تەنیا یاسا هەیە، کە ئەویش نابێ بیشکێنی. گەرچی دەتوانی لە چوارچێوەی یاسادا هەموو ئازای ئەنامی بەرانبەرەکەت بشکێنی (هەڵبەت بەنائەنقەست)، بەڵام لە زۆرانێکی گاڵتەئامێزی ئاوادا کە هیچ چاوێک (چاوەکانی خوداش) نایبینێ، ئەبێ هەردوو هەوڵ بدەن بە شێوەیەک کە کەمترین خەساری تێدا بێت، بەرانبەرەکەیان بەو قەناعەتە بگەیەنن کە بەسەریدا سەر کەوتوون. هەردووکیان بەبێ ئەوەی کە پێشتر ڕێکیان خستبێ، دەست بۆ لاقی یەکتر نابەن. هەردووکیان چاوەڕێن کە ئەگەر بەرانبەرەکەیان دەستی بۆ لاقی ئەم برد، ئەمیش زۆرانەکە لە فەرەنگییەوە بکات بە ئازاد.

بەدڵنیاییەوە نا... زۆرانی ئازاد بۆ نێو ماڵ نابێ. لە ئورووپا بە زۆرانی فەرەنگی ئەڵێن "گریک ورستلینگ"، واتە زۆرانی یۆنانی. یۆنان ناوەندی شارستانیەتی کەونارای ئورووپا... ئەو ئورووپایە کە هەمیشە گرفتی جێگە و ڕێگەی هەبووە.

لە هەموو ئاسیادا وەرزشێکی دیار نابینی، کە تێیدا گرتنی لاق یان گرتن بە لاق یان لێدان بە لاق قەدەغە بێت. ئاهـ.. ئاسیای پانوبەرین. ئەڵێی هەمیشە ئورووپاییەکان زیاتر ئاگایان لە جێگا و ڕێگای خۆیان بووە و هەوڵیان داوە هەتا بۆیان ئەکرێ، لە نێو ماڵە تەنگ و بچووکەکەیاندا شت نەشکێنن. بۆیە هەتا هیتلەر زۆرانەکەی نەکرد بە ئازاد و لاقیانی نەگرت و شتی نەشکاند، هەر تەحەمولیان کرد. بەڵام ئاسیا... ئاسیا باسێکی جیاوازە. ئێرە ناوەندی دەسەڵاتداریی ئەو هێزانەی مێژوون، کە پێش هەموو شتێک وڵاتەکەی خۆیان بە سەر خەڵکەکەیاندا وێران دەکەن.

هیوا یەک دوو جارە دەرفەتی بۆ هەڵئەکەوێ کە فەنی قورس بوەشێنێ، بەڵام پێش بە خۆی ئەگرێ. هەڵمەت کەمێک بێ پارێزترە.

- ئەوە "فەن کەمەر"ێکی چوار پوانیم نەوەشان هەڵمەت، خۆ ئاگاداری؟

- ئەی نایوەشێنی، تازە یاسایش گۆڕیا، چوار پوەن بە خەویش نابینی.

هەڵمەت زیرەکانە نیشان ئەدات کە ئەیەوێ "ڕوودەست" لیبدات، بەڵام دەگەڕێتەوە و لە کاتێکدا کە هیوای باڵای بەرزتر دەستەکانی بەرز بوونەتەوە، هەڵمەت دەرفەت دێنێ و هەردووک پەنجەی دەستی دەگەیەنێتە کەمەری هیوا. تەنیا پێویستە کەمێک خێراتر دەستەکانی بە یەک بگەیەنێتەوە، بەڵام هیوا خۆی کۆم دەکاتەوە و هەنگاوێک دەچێتە دواوە و هەردوو دەستی لە دەوری باسکەکانی هیوا گرێ دەدات و بە تەکانێکی شانی چەپ ئەتوانێت "دوو دەست یەک دەست" بگرێت. دەستی چەپی کە ئێستا ئازادە، دەخاتە دەور کەمەری هەڵمەت و بە زەرپێکی کەمەر لە عەرزی دەبڕێت و تا ئەو جێگای کە دەتوانێت، خۆی دەخات بەپشتدا و نیشان دەدات کە دەیەوێ بیباتە "سەرپرد"[6]ەوە، بەڵام بەکردەیی ناکات. دوای چەن چرکە ڕاگرتن لەو حاڵەتەدا، بەکۆنترۆڵەوە دەگەڕێتەوە و هەڵمەت کە هێشتا هەوڵ ئەدات خۆی ڕزگار کات، بەر دەدات.

ئەوانەی کە زۆرانیان گرتووە، دەزانن کە بۆ دوو هاوڕێی زۆرانباز ئەمە ناخۆشترین بارودۆخێکە کە ئەتوانن تێی کەون. جاری وایە تەنیا ڕووداوێکی هاوشێوەی ئەمە بووە بە هۆی ئەوەی کە دوو هاوڕێ بۆ ماوەیەکی دووررودرێژ نێوانیان سارد بێتەوە، یان شتی خراپتر بقەومێ. هیوا بۆ ئەوەی کە قورسایی جەوەکە کەم بکاتەوە، خۆی بە

[6] فەن کەمەر، ڕوودەست، دوو دەست یەک دەست و بردنە سەر پرد: هەموو فەن و تەکنیک و زاراوەی زۆرانبازین.

هەناسەبڕکێ دەخات و دەڵێت: "بەقەد پێویست خێرا نەبووی. ڕاهێنانت نییە، هی ئەوەیە."

- تۆیش نیتە... بەڵام باشتر بووی...
- شانسم هەبوو، خۆزگا ڕۆژێک بتوانم ناوی گشت فەنەکان بکەم بە کوردی. ئەگەرچی زۆریشیان هەر کوردین، بەڵام...
- کاری خۆتە. تۆ نەبێ، کەس ناتوانێت ئەم کارە بکات.

هیوا خۆشحاڵ لەوەی کە توانیویەتی باسەکە بگۆڕێت، عارەقی نێوچاوانی بە دەست دەسڕێ و هەر وا کە لە سەر مۆبلەکە دادەنیشێت، سیگارێک هەڵئەکات: "تۆ ئەبێ کەم کەم ئەم سیگارە وەلا بنێی."

- ئەرێ، خۆیشم بیرم لێ کردەتۆ. ئەشێ لای بوەم. ڕۆژێک بۆ هەمیشە لای ئەوەم.
- ڕۆژێک... هەموومان ڕۆژێک لای ئەبەین.

## ٢٢.

توانیبووی بە بیانووی ئەوەی کە قژی زۆر هەڵئەوەرێ، دایکی ڕازی بکات کە سەرتاشینەکەی هۆکارێکی عاقڵانەی هەیە، تەنانەت وای کرد کە دایکی بۆ خۆی پێشنیاری پێ بکات کە قژی کورت بکاتەوە. هەڵبەت ئۆە... نا، ئەو مەبەستی لە کورتکردنەوە، تاشین بە مەکینە نەبوو. نا، قەت ئەو مەبەستەی نەبوو، بەڵام دەی، بەهەرحاڵ، وەکوو هەمیشە بە وتنی "کچی ئەم دەورە و زەمانە..."، ئەرکی سەرشانی خۆی وەکوو دایکێکی دڵسۆز بەئەنجام دەگەیاند و هیچی بە باوکی نەدەوت. ناخۆشترین شت بۆ هەستی ئەوە بوو کە لەگەڵ باوکی تووشی دەمەقاڵە بن. باوکی زۆر کەم وەماڵ دەکەوت و ئەو کاتانەش کە دەهاتەوە؛ یان خەوتبوو یان سەیری تەلەڤزیۆنی دەکرد. یەکێک لەو کەسانە بوو کە

هەموو بەیانییەک کاتژمێر پێنج و نیو بە جانتایەک بە دەستێکەوە و بوخچەیەک کە قابلەمەیەک لە چێشتەکەی دوێشەوی تێدایە، بە دەستەکەی دیکەیەوە لە سەرەی ئوتوبوس بە چاوی خەواڵوو و قەلافەتی شل و داڕماو دەبینران.

مۆبایلەکەی زەنگ لێئەدا. هیوایە. ئەیهەوێ بیبینێ. **هەستی** نایناسێتەوە. یانی بەڕاستی نایناسێتەوە؟ دەی بەڵێ، بۆ ئەبێ سەیر بێت؟ بۆ کچێک لە تەمەنی هەستیدا ئەویش لە کۆمەڵگایەکی چاوبرسی، کە هەموو ڕۆژێک بە چوار پێنج دانە ژمارەتەلەفۆنی نوێوە میوانداریی دەکەن... نا، سەیر نییە.

هەموو ئەو ژمارانەی ماون، هێندەکیان لە سەر پەڕەیەک کاغەزی سادە نووسراون، هێندەکیان بیزنسکارتن و هێندەکیان کارتگەلێکی جلف و ڕەنگین کە تەنیا ناوێک و ژمارەتەلەفۆنێکیان لە سەر نووسراون و...

بەم دواییانە بەتەمایە هەموویان بۆ کارێکی هونەری بەکار بهێنێت، تابلۆیەک؟ یان ڕەنگە کارێکی پێرفۆرمانس! لە ڕاستیدا ئیتر بە چاوێکی تر لێیان ئەڕوانێت. لەم چەن ساڵەیا، شێوازی پێدانی ژمارەتەلەفۆن بە کچان کەمێک گۆڕاوە. وەبیری دێت سەرەتاکان هەر جارە و کوڕێک دوای ئەوەی کە یەک دوو سەعات لەگەڵ هاوڕێکانی وەدوای دەکەوت، بە ترس و لەرزەوە کەمێک وەپێش دەکەوت و کاغەزی ژمارەتەلەفۆنەکەی گرمۆڵە دەکرد و دەیخستە بەردەمی. بەتاڵ لە هەر چەشنە جوانییەک، لە هەرچەشنە هونەرێک. هەڵبەت لەبیرمان نەچێ، لە سەردەمی خۆیدا پێشکەوتووترین شێوازی سازکردنی کچان (باشترە بڵێم پێوەندیگرتن لەگەڵ کچان) بوو.

دوایی ئاوای لێ هات کە کاغەزەکان بەجوانی دەق دەکران و دوای ماوەیەک وەدووکەوتن، بە شێوەیەک کە کچە بیبینێت، دەخرانە درزی دیوارێکەوە کە بڕوات و هەڵیبگرێ. دوای ئەوە شێوازێکی زۆر سەرسوڕهێنەر هاتە گۆڕێ. کچان کە دەهاتنە ماڵەوە، سەیریان دەکرد سێ چوار دانە و زیاتر یان کەمتر ژمارەتەلەفۆن کەوتووەتە نێو جانتاکەیانەوە. "ئای خوایە گیان، کامیان هی ئەو کوڕە چاوجوانە باڵابەرزە بوو؟" ئەگەرچی لەبەر نهێنی و نادیار و شۆکهێنەربوونەکەی، شێوازێکی بەنیسبەت هونەرمەندانەتر بوو، بەڵام دیسان لە جوانی بەتاڵ بوو. شتێک کە وای دەکرد سەرنجڕاکێشی بکات، تایبەتمەندیی کۆمیکبوونی بوو. ئاخر کچی داماو، تەنانەت کابرای خاوەن ژمارەتەلەفۆنی نەدیبوو، یان ئەگەر دیبووی، نەیدەزانی کام ژمارە هی کێیە؟

دوایی شێوازی کارەکە جێنتێلمەنانەتر بووەوە، بەم شێوە کە دوای چەن ڕۆژێک وەشوێنکەوتن، کە دەیانزانی کچەکە بۆیان ڕادەوەستێ، بە ڕۆژی ڕووناک لە کچە دەچوونە پێش و بە کۆڵێک ڕێزەوە ژمارەتەلەفۆنیان دەدایە خزمەتی. بەم کارە سەیرە مەزنەیان دەوت "پێشنیار دان". کارێکی دلێرانە بوو چونکە ئەم بابەتانە لە ئێران ڕاستەوخۆ لە لایەکەوە بە پۆلیس و لە لایەکی دیکەوە پەیوەندی بە پیاوەکانی بنەماڵە و خزم و کەس و هێندەکجار بە هەموو پیاوانی گەڕەکی کچەکەوە هەبوو. هەرچەن ئەو کوڕانەی پێشنیارییان دەدا، زۆر جار تێدەگەیشتن کە خراپ لە کچەکە تێگەشتوون و دوو سێ جنێوی چاکیان دەخوارد، بەڵام هێندەک جاریش سەرکەوتوو دەبوون. هەستی ئەم شێوازەی پێ جوان بوو، هەرچەن تەنیا سێ جار بەم شێوەیە ژمارەتەلەفۆنی وەرگرتبوو، کە ئەوەش بۆ ئەو هەڵگری واتایەکی گەورە

بوو: "هەموو کوڕێک ئەوەندە پیاو نییە، کە مرۆڤانە هەڵسووکەوت بکات."

لە کۆتاییدا هیوای وەبیر هاتەوە، هەڵبەت تەنیا لەبەر جیاوازبوونی ناوەکەی و باسی ئەسپ و کەر و ڕووشاندنی نیگار بوو کە وەبیری هاتەوە، چونکا هیوا ناوی شوێنی پیشانگاکەی لەبیر نەمابوو و هەستی لەم چەن ڕۆژەیا چەندین پیشانگای دیکە و چەندین کوڕی دیکەشی دیبوو کە هەموویان هەوڵیان دابوو لەبارەی شتێکەوە لەگەڵیدا قسە بکەن (هەڵبەت هیوا تەنیا کوڕێک بوو کە توانیبووی ژمارەتەلەفۆنی لێ وەربگرێت، بۆیە من گومانم هەیە کە هەستی ڕاست بکات). هەرچەن ئەگەر وەبیریشی نەهاتایەتەوە، هەر دەچوو کە ببینێ و بزانێ ئەم دەنگە دەنگی کێیە.

- کەواتە وتمان سبەی کاتژمێر یەک. (یەک؟)
- باشە، دەتبینم. (دەتبینم؟)

مۆبایلەکەی دائەنێت و لە نێو کومێدی جلەکانی ئاوێنەیەک دەردێنێت؛ ئاوێنەیەکی کۆن و ئانتیک کە دەورەکەی بە زێو وردەکاریی لە سەر کراوە. خۆی لە نێو ئاوێنەکەدا دەبینێت، سەری ڕەنگ و شێوەی زێوی گرتووە.

## ٢٣.

"نا من وا نیم. ئەزانی، لە بەرانبەر دەرفەتەکاندا، لە بەرانبەر ڕووداوەکاندا هەست بە بەرپرسیارێتی دەکەم. ئاهـ.. دەی با پێت بڵێم هاوڕێ خۆشەویستەکەم، هەڵمەت گیان، من دۆن ژوان بوون بەبێ ڕاستگۆیی و بەبێ هەستی بەرپرسیارێتی تەنیا بە داوێنپیسی دەزانم. جا چ کلاسیک بێت، چ مۆدێرن. نەک لەبەر ناوکی باسەکە کە سێکسە،

بەڵکوو لەبەر پەراوێزی بابەتەکە کە بریتییە لە یەک چەمک؛ "خەیانەت و درۆ" و لەو خراپتر، "خەیانەت و درۆی ترسنۆکانە"، ئەویش تەنیا لەپێناو سەرجێییکردن. پیاوی ئەمڕۆ ئەبێ فێر بێت کە لە بەرانبەر ژناندا بەرپرسیارە کە لەگەڵیان ڕاستگۆ بێت و باجی ئەم ڕاستگۆییەش بدات، با هەتا کۆتایی تەمەنی قەت نەتوانێ دۆستێکیش بگرێ، با ژنەکەی لە ماڵ دەریبکات."

هەڵمەت کە هێشتا زۆرانگرتنەکەی لەبیر نەچووەتەوە، وتی: "بەڵام تۆ هەر ئایسە تەلەفۆنت بۆ کچێکی تر کرد و بەیانی ئەڕۆی کە بیبینی، ئەمە بە مانای خەیانەت بە سارا نییە؟"

- ئاهـ.. نە، تا ئەو کاتەی کە من بە سارام وتبێت کە من هیچ پێبەندییەکم بەو نییە و ناشمهەوێ بمبێ. سارا تەنیا چەن ڕۆژێکی تر لێرەیە و هەردووکیشمان دەزانین چیمان لە یەکتر دەوێ. پاشان دیداری من لەگەڵ هەستی، بڕیار نییە حەتمەن بە نێو پێخەف بگات.

- منیش بۆ ئیلهام...

- بەڵام جیاوازیی ئیلهام لەوەدایە، کە عاشقت بووە. ئەو قبوڵی کردووە کە تۆ مادام خۆشت ئەوێت، ئازادی هەموو شتێک بکەی. لە ڕاستیدا ئەو ئەوەی پێ خۆش نییە کە تۆی ئاوا ئازاد داناوە، بەڵام ئەوەی پێ باشترە لەوەی کە تۆ لەدەست بدات. کەواتە هەردووکتان بەو پێوەندییە ڕازین. بەڵام سارا بە جۆرێک تەنانەت پێیشی خۆش بوو کە من پێم وت هیچ پێبەندییەکم پێ نییە و نامهەوێ بمبێ. ئەو قسەیە بۆ ئەو بەو مانایە بوو کە من ماوەیەک لەگەڵی دەبم و هەر کاتێک حەزمان کرد بەبێ سەرئێشە و گریان و شیوەن و بەزم و هەرا لە یەک جیا ئەبینەوە و هەر کەس ئەڕوا بە لای ژیانی خۆیەوە. سارا لە بنەماوە لەگەڵ ئیلهام جیاوازیی هەیە. من و سارا ئەگەر هەر ئێستا بەبێ ئەوەی

کە هیچ شتێک بووبێت، ئیتر هیچ کاممان تەلەفۆن بۆ ئەوی تر نەکات، هیچمان پێمان سەیر نابێت و ڕەنگە هەر بیریشی لێ نەکەینەوە، تەنانەت ڕەنگە پێویست نەکات ماڵئاواییش لە یەک بکەین.

- بەو پێوەندییە ڕازی بووین، بەڵام ئیتر...

هیوا لەوەی کە ناچار بێ هەموو شتێک دوو جار بڵێتەوە بێزارە، بەڵام هەڵمەت بایەخێکی تایبەتی بۆی هەیە، بۆیە پاش بێدەنگییەکی بەنیسبەت درێژ، بە دەنگێک کە هێشتا کەمێک بێزاریی پێوە دیار بوو، وەڵامی دایەوە: "ئەزانم، من ئەم قسانە بۆ ئەوە ناکەم کە دیسان تۆ و ئیلهام بە یەک بگەیەنمەوە. بڕوا بکە ئەتوانم کارێک بکەم کە لە بڕیارەکەت پاشگەز بیتەوە، بەڵام ئەو کارە ناکەم، چونکا هەر ئەوەندە کە ئەزانم عاشقبوونت کارێکی دروستە، ئەشزانم کە ئەو ڕێگایەش کە هەڵتبژاردووە، بۆ خۆت دروستە. ڕاستت بوێ، تەنیا خەریکم لە مێشکی خۆمدا بنەما ئەخلاقییەکانی پێوەندییەکانم هەڵئەسەنگێنم. ئەمە جۆرێک موناقشەیە لەگەڵ خۆم، کە تۆیش گوێت لێ ئەبێ.

- باشە، ئەوەی سارا کە وتت ڕاستە، بەڵام بەهەرحاڵ، ئەشێ لە شوێنێکا سنوور بۆ خۆت دانێی، ئەتەوێ تا کەی ئەم چڵ و ئەو چڵ بکەی.

- من وایش نیم کە تۆ لە مێشکی خۆتدا وێنات کردووە، بەڵام بۆ جوابی وەڵامەکەت، حەز ئەکەم بڵێم: تا بمێنێ نووری چاو و هێزی پێم.

هەردووکیان لە پێکەنینیان دا و قەیرێک سەیری یەکتریان کرد.

- ئەزانی هەڵمەت لەو ڕۆژەوە کە هاتوومەتەوە بۆ تاران، کۆمەڵێک شتی... نازانم. هێندەک خەونی سەیر سەیر دەبینم، هێندە سەیر کە ئەم ماوە لە ترسی خەو دیتن، نەنووستووم. کاتێک خۆم پێنەگیرا و بۆ چەن چرکەیەک خەو بردمیەوە، دیسان خەونم دیت. خەونی بێدەنگی...

- خەو چییە، کوڕە! وا بزانە بای تێ.

تەنیا ئەم ڕستەیە بەس بوو بۆ ئەوەی کە هیوا لە درێژەدان بەو باسە، پەشیمان بێتەوە.

- پەیکێکی خەستم بۆ تێ کە.

**.٢٤**

ئاغای کەریمی بەڕەچەڵەک دەچووەوە سەر شازادەیەکی قەجەری، لە دەرەوە بە پیاوێکی خۆشمەشرەب و ماقوڵ و ڕەسەن دەناسرا، بەڵام وەک خۆی دەیوت خوێنی پادشاکان لە دەمارەکانیدا دەگەڕا و لەماڵەوە زۆر دیکتاتۆر و زاڵ بوو. دوای ئەوەی کە زانیبووی منداڵنەبوونی ژنەکەی خەتای خۆیەتی و ژنەکەی هیچ تاوانێکی نییە، لە هێنانی ژنی زیاتر پەشیمان ببووەوە و هەتا ماوەیەکی زۆر هێندە ڕقی لە خۆی بوو کە تەنانەت هەوڵی دەدا لە ئاوێنەشدا خۆی نەبینێت. دوای چەن ساڵێک، بڕیاری دابوو وەدوی دەوا و دەرمان بکەوێت و لە کۆتاییدا دوای چەن ساڵ چاوەڕوانی و دوکتۆراودوکتۆر کردن، ئەم کوڕەیان ببوو. ڕاستییەکە ئەوە بوو، کە کوڕی ئاغای کەریمی هەتا بڵێی جوانچاک و ڕێکپۆش و بەڕێز بوو. تەنانەت شەوی یەکەم کە لەگەڵ باوک و دایکیدا هاتن و ڕاستەوخۆ ئیلهامیان خوازبێنی کرد، کاتێک کە ئیزنیان دا لە ژوورێکدا دووبەدوو پێکەوە دانیشن و قسە بکەن، ئیلهام هەستی کرد ئەتوانێت لەگەڵی بژی. وەکوو پشیلەیەکی دەستەمۆی شیرین دەهاتە پێشچاوی، کە هەموو کەس دەتوانێ خۆشی بوێ. ئەگەرچی ئیلهام هەستێکی نامۆی هەبوو و خێرا لەوەی کە ئەم فکرەی بەمێشکدا هاتووە، شەرمی لە خۆی کرد.

دایکی ئیلهام و دایکی کوڕی ئاغای کەریمی، کە پێشتریش سڵاوی سەر ڕێگەیەکییان پێکەوە هەبوو، بەدزی باوکی ئیلهامەوە دووبەدوو پلانیان داڕشت کە ئەو دووانە بەیانییەکەی بەیەکەوە بڕۆنە دەرەوە. لەم چوونەدەرەوەدا، کوڕی ئاغای کەریمی بە هەڵسووکەوتی جوان و کەسایەتی نەرم و نیانی خۆی بارودۆخێکی خولقاند، کە ئیلهام هەستی کرد دەتوانێ متمانەی پێ بکات و هەموو نهێنییەکی خۆی بەلاوە بڵێ. خۆی لە ژێرباری بەمشووربوون و ترس و بەرژەوەندی دەرباز کرد و پاش چەند جار تاقیکردنەوەی ئاست و سنووری تاقەت و جیکەڵدانی بەرانبەرەکەی، لە ناکاو خۆی لە ژێر باری ترس و پارێز ڕزگار کرد و بابەتەکەی ئاوا بۆ کوڕی ئاغای کەریمی باس کرد: "ئێمە ناتوانین بەیەکەوە بژین. من دڵم بە کەسێک داوە و نامهەوێ درۆت لەگەڵدا بکەم. لانی کەم هەست ئەکەم کە ئێستا ئامادەیی ئەوەم تێدا نییە کە دەست لە خۆشەویستیی ئەو هەڵگرم. ئەگەرچی ئەو ڕەنگە قەت هاوسەرگیریم لەگەڵ نەکات، بەڵام ئێستا هەست ئەکەم کە بەبێ ئەو ناتوانم بژیم. تۆ کوڕێکی جوان چاک و دەوڵەمەندی کە هەموو کچێک خودا خودایەتی ببێت بە ژنت، بەڵام من باش یان خراپ عاشقی کەسێکی دیکەم."

- چۆن دەزانی کە عاشقی؟ واتە چ هەستێکت هەیە؟
- یانی مەبەستت ئەوەیە بە چیدا دەزانم، کە عاشقی ئەوم؟
- ڕێک مەبەستم ئەوە بوو!
- دەی ئەتوانم بڵێم… ئەو کاتانەی کە لەگەڵ ئەوم، ناتوانم لەگەڵ هیچ شتێکدا بەراورد بکەم. خۆشترین کاتەکانم، ئەو کاتانەیە کە لەگەڵیدا قسە دەکەم. نازانم… ئەمە هەستێک نییە بتوانی بیهێنیتە سەر زمان. خۆشم دەوێ. هەست ئەکەم لە بەرانبەر ئەو خۆشەویستییەمدا، بەرپرسیارم. لە بەرانبەر خۆمدا…
- سەیرە…

- ئەگەر سەرنج بدەی، زۆریش سەیر نییە. مەگەر خۆت تا ئێستا عاشق نەبووی؟ یان لانی کەم کەسێک نەبووە کە خۆشت بوێ؟
- نازانم، من هەستگەلێکی جۆراوجۆرم لە بەرانبەر مرۆڤی جۆراوجۆردا بووە، بەڵام پێم وا نییە هیچکامیان ناویان خۆشەویستی بووبێت.

بەم هەڵسووکەوتە ڕاستگۆیانەی ئیلهامدا، کوڕی ئاغای کەریمی کە هەست کرد ئیلهام کچێکی جێگای متمانە و بەڕێزە، هەستی کرد کە ئەویش دەبێ ڕاستگۆ بێت، هەرچەن جەبرێکیش لەم ڕاستگۆبوونەدا هەبوو. بۆیە سفرەی دڵی خۆی بۆ کردەوە و بەکورتی پێی وت کە هیچ هەستێکی بۆ هیچ ئافرەتێک نییە و لە بنەمادا هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ ئیلهامدا نییە. وتی کە تاقە منداڵی دایک و باوکیەتی و باوکی نەخۆشیی دڵی هەیە و هەموو ڕۆژێک دەکەنە سەری کە ژن بهێنێت هەتا زاوایەتییەکەی ببینن. وتی کە چەندە بێزارە و ئەگەر لەبەر دڵی ئەوان نەبووایە، هەتا ئێستا دە جار ڕەگەزی خۆی گۆڕیبوو و لە ئێران ڕۆیشتبوو. ئەمانەی وت و ئیلهامی لە نوقمی سەرسووڕمان کرد.

بە ئیلهامێک کە خۆی ئامادە کردبوو کە ئەگەر ناچار کرا شووی پێ بکات، لە یەک دوو ڕۆژی داهاتوودا پەردەی کچێنیی لەدەستچووی بدورێتەوەی وتبوو: "ئەگەر لەگەڵ من هاوسەرگیری بکەی، بنەماڵەکەم وازم لێ دێنن. منیش تەنیا بەناو شووی تۆ ئەبم. ئەچینە ماڵی خۆمانەوە. من بیری هەموو شتێکم کردووەتەوە. هیچ شتێکم لە تۆ ناوێت. ئازادی ئازادی..."

ئیلهام بەزەحمەت ئەو شتەی کە دەیبیست، لە مێشکیدا دەگونجا. بیرەوەرییەکانی ئەم چەن ساڵەی دوایی وەکوو سلایدشۆیەک بە پێشچاویدا دەڕۆیشتن و دەهاتنەوە. ئەو کوڕە جوانە کە کچان پێیان وا

بوو لەبەر غرور و لووتبەرزیەتی کە سەیری هیچیان ناکات... هەمیشە پێی وا بوو ئەو کەسانەی کە ئەم کێشەیان هەیە، کەسانێکی بێزهەستێن بن. "بەڵام خوایە گیان، ئەم کوڕە زۆر بێعەیب و جوانە." بە خۆی وت: مرۆڤێک چەندە ئەتوانێت لەخۆبوردە بێت کە ئەم هەموو ساڵە لەبەر دڵی دایک و باوکی پێ بنێت بە سەر هەموو ویست و خواست و ئاواتەکانیدا و بە درێژایی تەمەنی دەمامکێک بدا لە ڕووخساری کە ڕقی لێیەتی، کەسیش پێی نەزانێت.

ئا... ئیلهام گیان. تەنانەت چاوەکانی خوداش نایبینێت.

**.٢٥**

ئەبێ بۆ دوایین جارەکان، ئەم شارە کە هەمیشە ئەڵێی بە حەواوەیە، ببینێت. هەرچەن جاران ئەیوت: "بەسەر گواوەیە". بەڵام ئێستا کە ئەیەوێ بۆ هەمیشە یان لانی کەم بۆ ماوەیەکی زۆر لێی دوور بکەوێتەوە، کەمێک خاتری ئەگرێت و تەنانەت بە وتنی ئەوەی کە "ئەڵێی بە حەواوەیە"، جگە لە توانجێکی بچووک کە لە بێ خاوەنبوون و بێ داهاتوو بوونەکەی دەدا، تەمێکی ئەفسووناویی و تەنانەت پیرۆزیشی پێ دەبەخشی. تەمێک کە چەند ساڵێکی تر کە ئەیهەوێ بیری بکات، یارمەتیی ئەدات. بەهەرحاڵ، کەس ناتوانێ بیری شارێک بکات کە لە سەر گواو وەستاوە و ئەمە حەقیقەتێکە، بۆیە بە تۆزێک مەجاز چارەسەری ئەکات. هەروا کە کردوویانە.

هەتا کاتێک لە شارێکدا یان لە گوندێکدا یان لە وڵاتێکدا پارچە زەوییەک یان ماڵێکت هەبێت، ئەو شارە یان ئەو گوندە و ئەو وڵاتە هی تۆیە. ئەگەر دەیان ساڵیش لێیەوە دوور بیت، هەر دیسان نیشتمانی تۆیە، هەر دەگەڕێیتەوە بۆی، ئەگەر بە سەردانیش بێت. بەڵام ئەگەر نەتبوو، زۆر

زووتر بەو ئاکامە دەگەی کە ئیتر پێویست ناکا بڕۆیتەوە. بڕۆیتەوە چی بکەی؟ بۆ کویێ؟ ئەو کاتەیە کە هەموو شتێک لەم ڕستەیەدا کورت ئەبێتەوە: "جیاوازیی چییە؟"

دایکی دێتەوە بۆ تاران کە دوایین پارچەی ملْک و ماڵەکانیان بفرۆشن و ئەم جار بۆ هەمیشە بڕۆن و لە کەنەدا بژین. تەنانەت موشتەری دەستبەنەختیشیان هەیە. ئەمە ڕاست ئەو شتەیە کە سارا نایهەویێ. یەک ساڵی تەواوە لەگەڵ دایکی موناقشە دەکات کە لانی کەم ڤیلاکەیان لە تاران بۆ بمێنێتەوە، با هەر کاتێک هاتنەوە بتوانن لە ماڵی خۆیاندا بژین. بەڵام دایکی ڕاست لەبەر ئەوەی کە نایهەویێ بیانوویەکی بۆ هاتنەوە هەبێت، قەبوڵی ناکات. ئەیوت: "دوو ناسنامە زۆرە بۆ یەک کەس."

سارا بەقەد پێویست سەروشک بوو کە نەکریێ بە زۆر بڕیاری بەسەدا بسەپێنن، بۆیە دایکی دەستی دایە ناجوامێرانەترین فێڵی دایکانە، کە هەمان سازکردنی "هەست بە تاوان" لە کچەکەیدا بێت. دایکی سارا لەوە دەچێ دەوروبەری ٤٠ بۆ ٤٢ ساڵی تەمەن بێت. هەڵبەت ئەمە تەنیا شیمانەیەکە نەک زیاتر. کەمێک باڵای لە سارا کورتترە، بەڵام هێشتا هەر باڵابەرز دێتە ئەژمار. کەمێک پڕتر، نەرمونیان و خوێنگەرمترە و پێچەوانەی سارا، ڕوومەتی خڕە و چناکەی تۆزێک تیژ و دەمی بەنیسبەت دەمی سارا بچووکە. تەنیا شوێنێکی سارا کە چووەتەوە سەر دایکی، چاوەکانیەتی، هەڵبەت بەرزیی نێوچاوان و تەوێڵیشی لەو وەرگرتووە.

نا... واز بێنن. دایکی سارا تەنیا پەراوێزێکە کە نابێ بێتە نێو دەقەوە. بڕیار نییە ئەوەندە... نا بهێڵن تەنیا ئەم یەک حەقیقەتەتان لێ بشارمەوە، با تەمی لە سەر لا نەدەم، لە پشت پەردەی خەیاڵەوە سەیری بکەن.

پەردە لە سەر هەر شتێک کە لا بدرێت، ئاسایی ئەبێتەوە. ئاساییبوونەوە دژی ئەفسوون و خەیاڵە. ئاساییبوونەوە، یانی ماندوویێتی و هیچاندن و گاڵتەپێکردن. گوایە نووسەری ئەم سەردەمە کارێکی جگە لەمانە نییە. چەند بەزەبزوێنە حەقیقەتی پەردە لە سەر لادراو! ئاخ... منیش حەزم دەکرد، بەڵام بەداخەوە ناکرێت هاوچەرخ بیت و پەردەلادەر نەبیت. ئەمە تەنیا جۆرێک "هەڵویست گرتن"ە کە ئیتر بۆ مرۆڤی زیندوو، زیاد لە پێویست مەترسیدار دێتە ئەژمار.

ئەمە وەکوو 'ئە' و 'دە' نییە، کە بەدڵی خۆم وەکوو پێشگر هەر کاتێک ویستوومە ئەم یان ئەویانم بەکار هێناوە. جارێک نووسیومە دەڕۆم و جارێک نووسیومە ئەڕۆم... نا، وەکوو وتم ئەمە جۆرێک هەڵوێستنواندنە، بەڵام مرۆڤی زیندوو بۆ ئەوە نابێ.

ئیتر شەقام و کۆڵانەکان ئەو ڕەنگە یەکپارچە و دووپاتەیان نییە، هەست ئەکا هەمیشە بە چاوی بەستراو بە نێو ئەم شەقام و کۆڵانانەدا هاتوچۆی کردووە. چۆن ئەکرێ ئەو هەموو وردەکارییانەی نەدیبێ؟ چەنێ کوڕ و کچی جوان لەم شارەدا هەن. شەقامەکان چەنێ قەرەباڵغێکی خۆشن. چەنێ دار لەمبەر و ئەوبەری شەقامەکان باڵایان کردووە. چەنێ ئەم سەرولێژییانەی تەجریش... ئای ئای... مەگەر ئێرە لێژیی تێدا بوو! بە دەنگی هۆڕنی ماشێنەکان دێتەوە سەر خۆی. پێی لێ دەنێ. لەو ماشێنەی کە هۆڕنی بۆ لێدابوو، زۆر دوور دەکەوێتەوە. لە ئاوێنەکەوە سەیری دەکات. شۆفیرەکەی وەک بلێی خۆی بەسەر ئەسپەکەیدا دابێت خۆی بەسەر سوکانەکەدا کۆم کردووەتەوە و گەمژانە هەوڵ ئەدات بە **پرایدە** شڕەکەیەوە پێی بگاتەوە.

"بەهەرحاڵ، ئەبێ لێرە بڕۆین. چ گرنگە ئیتر؟"

## ٢٦.

هیوا بەیانی زوو وەدەرکەوت، کە نانی سەنگەکی بێنێتەوە. لە هاتنەوەدا، بەدەم لەتەلەتە خواردنی نانەکەوە کەمێک خۆی دوور خستەوە و بە نێو کۆڵاناندا کەوت. هەر وا کە سەرنجی ئەدایە کۆڵانەکان و چێژی لە تاوی تازە هەڵهاتوو وەردەگرت، بیری کردەوە کە چەنێک بەبێ ئەوەی کە بیهەوێ، وەکوو خۆی ناڕوات بەڕێگادا. یەک بە یەکی هەنگاوەکانی و جووڵەی دەست و هەموو ئەندامانی لەشی ئەوە نەبوون کە پێشتر بوون. کەمێک وەستا و سەیرێکی پەنجەرەی ماڵەکانی دەوروپشتی کرد، چاوی ماڵەکان، چاوەکانی خودا.

هیچ ئەکتەرێک ناتوانێت لە سەر شانۆ یان بەرانبەر کامێرا خۆی بێت، لەوێدا 'خۆ' مانای نییە. لە کاتی ڕۆڵگێڕاندا، یان ئەبێ بەو شتەی کە حەز ئەکات خەڵک بەوە ببینن، یان ئەبێ بەو شتەی کە خەڵک حەز ئەکەن ببینن، قەت 'خۆ'یەک بوونی نییە. ئەو ئەکتەرەی کە ئەڵێ من لە سەر شانۆ خۆمم، تەنیا تووشی خراپ حاڵیبوونێکی بچووک بووە. لە ڕاستیدا یەکێک لەو خۆمانەی کە چەندین جار ڕۆڵەکەی گێڕاوە، بە خۆی قاڵب دەکات و لەوە بەدوا ئەو خۆمە بە خۆمی ڕاستەقینە دەزانێت، لە کاتێکدا خۆمی ڕاستەقینە تەنیا لە خەونەکاندا دێتەوە لای، ئەو خەونانەی کە ناویان دەبێت بە 'کابووس'. چ کابووسێک گەورەتر و سامناکتر لەوەی کە لەگەڵ حەقیقەتی خۆتدا ڕووبەڕوو بیتەوە؟ گەورەیە، چونکا گەورەترین حەقیقەتی بوونی لە خۆیدا هەڵگرتووە و سامناکە، چونکا هەڵهاتن لێی مەحاڵە. کاتێک کە دێت، هەڵهاتن دوایین کارە بتوانی بیکەی؛ ڕاست لە کاتی خەودا. هەر بۆیە هاوکات کە گەورە و سامناکە، گاڵتەجاڕیشە، چونکا خەونە.

لە گەڕانەوەدا، دیتی کەماڵەکەی جیرانی هەڵمەت خەریکی ماڵگواستنەوەن. کوڕێکی خڕە کە دیار بوو سەندرۆمی داونی هەیە و لەوە دەچوو بیست و چەن ساڵێکی تەمەن بێت، لە سەر پلیکانەکان دانیشتبوو و لە بەرخۆیەوە قسەی دەکرد. هیوا ڕەنگە زگی پێی سووتا کە چەن چرکەیەک لە لای ڕاوەستا.

- مامەی گیان، لێرە چییەکەی؟
- من مامەی تۆ نیم، من ئاغا مەنسوورم.
- ئەها ببورە. دەی ئاغا مەنسور لەگەڵ سەنگەکی و پەنیر و چاییەک چۆنی؟

لەم کاتەیا دایکی کوڕە مەنگۆلەکە کە دەنگیانی بیستووە، دێتە بەر دەرگا و بانگی کوڕەکەی دەکات. ئەمە دووهەم جارە لەگەڵ هیوا یەکتر ببینن. جاری پێشوو هەر وا دابوویان بە لای یەکدا و مەرحەباییشیان نەکردبوو. هیوا دوای سڵاو، ئەڵێ کە میوانی هاوسێکەیانە و تازە لە شارستانەوە هاتووە و پرسیار ئەکات "لێرە ئەڕۆن؟" ژنە کە بە شێوەیەکی سەیر قەڵەوە، بە نیشانەی "ئەرێ" سەری ئەلەقێنێ. "کاری مێردەکەم گوازراوەتەوە بۆ قەزوێن، ناکرێ هەموو ڕۆژێک ئەم هەموو ڕێگایە بڕوات و بێتەوە."

- دەی هەرچی خێرە، هەر ئەوە ئەبێ. لە سەر ئیزنتان، حەز ئەکەین بۆ نانی بەیانی لەخزمەت ئاغا مەنسووردا بین.

مەنسوور بزەیەکی بڵحانەی هاتە سەر لێو، سەندرۆم داونییەکی خاوێن و ڕێکوپێک بوو.

- زۆر سپاس، با مزاحیمتان نەبێ.
- مزاحیمی چی، ئێوەش کارەکەتان تەواو بوو، وەرن نانێک چاییەک شتێک لە خزمەتتاندا بین.

- نا زۆر سپاس، ئێمە ئەوەندە ماندووین، هیچمان بۆ ناخورێ.
مێردەکەی بانگی ئەکات. دیارە کەمێک نیگەرانە لەوەی کە کوڕەکەی بنێرێتە ماڵی خەڵک، بەڵام بە ئاماژەیەکی سەر نیشان ئەدا کە کێشەیەک نییە و خێرا ئەڕوات بەدەم مێردەکەیەوە و هیوا ئاغا مەنسوور لەگەڵ خۆی ئەباتە ژوورەوە.

- دۆشاویشتان هەیە؟
هیوا لەناکاو هەموو شتێکی وەبیر هاتەوە. خێرا بە قاقای پێکەنینەوە هەڵمەتی لە خەو هەستان. "هەستە کوڕە، میوانمان هەیە، دۆشاوی بۆ بێنە."

هەڵمەت هاتە نێو هاڵەکەوە و بە دەموچاوی خەواڵووەوە وتی: "ئەمانە گشتیان لە یەک ئەچن، بەڵام گشتیان خۆیانن، خودی خۆیان."

## ٢٧.

سەعات یەک زوو بوو، تەنانەت عەیبیش بوو، کوڕێکی تێگەیشتوو و پێگەیشتوو قەت بۆ دیدارێکی ئاوا لەگەڵ خانمێکدا سەعات یەکی نیوەڕۆ هەڵنابژێرێت. هیوا ئەمانەی باش دەزانی، بەڵام شتەکە ئاوا ڕووی دا کە هیوا ویستی لە پشت تەلەفۆن گاڵتەیەکی کردبێت و ئەو سەعاتەی پێشنیار کرد، کەچی **هەستی** بەبێ سێ و دوو خێرا قبوڵی کرد. ئیتر هیوایش بە پێویستی نەزانی قسەکەی وەربگرێتەوە. وەکوو هەمیشە، چەن دەقەیەک زووتر گەیشت. لەبەر دەرگا چێوییەکەی (چێوی بوو یان ڕەنگەکەی وای دەنواند؟) کافە هونەردا کە بڕیار بوو لەوێ یەکتر ببینن، کەمێک ڕاوەستا و سیگارێکی داگیرساند.

لەگەڵ هەڵمەت قسەی کردبوو و ڕازیی کردبوو کە ئەمڕۆ ئیلهام لە ماڵی خۆیدا ببینێت. پێی وتبوو: "هەڵمەت گیان، خۆشەویستییەک کە ئەو کچە

بۆ تۆی هەیە، شیاوی ئەوەیە کە لانی کەمماڵئاواییەکی شیرینی لێ بکەی. ڕاستە کە بەڵێنی درۆت پێ نەداوە و نەتخەڵەتاندووە، بەڵام بەرپرسیارێتیی تۆ لێرەدا کۆتایی پێ نایەت. مەهێڵە تا دەمرێ، پرسیارێک لە ناخی دڵیدا بمێنێتەوە. پێویست ناکات هۆکاری کارەکەتی بۆ شی بکەیتەوە، بەڵام ماڵئاواییەکی واتاداری لەگەڵ بکە، دەنا هەتا دنیا دنیایە هەست دەکات سووکایەتیی پێ کراوە."

ناوەوەی کافەکە ڕوواڵەتێکی بوو، کە لە شەقامی ئینقلاب دەهاتەوە. لەگەڵ ئەوەی کە سادە بوو، بەڵام هەستت دەکرد پڕە لە کون و کەلەبەری نەناسراو. بە پێچەوانەی ئەوەی کە بیری دەکردەوە، چۆڵ نەبوو. یەکەم مێزی بەتاڵی کە دیت، دانیشت. دیوارەکان پڕ نەبوون لە وێنەی هونەرمەندان و شاعیران و نووسەرانی ئێرانی و جەهانی و ئەمە یەکەم شتێک بوو کە سەرنجی هیوای ڕاکێشا. یەک دوو تابلۆی بچووکی بێ ناونیشان کە لەوە دەچوو هی یەک دووانێک لەو خوێندکارانەی هونەرەجوانەکان بێت کە هاتوچۆی ئێرە دەکەن و بەدیاری پێیان داون، بەقەد دیوارەکانەوە بوو. جگە لەوانە و چەن کارێکی دارین کە شێوەیەکی هێماییینیان بوو، شتێکی زۆر بە دیوارەکانەوە نەبوون. هەڵبەت جگە لە گڵۆپە زەردەکان کە لە سەر زەمینەی چێوی و قاوەیی کافەکە هەستی ئەمنیەتی بە بینەر دەبەخشی و چی لەوە پێویستتر بۆ کۆمەڵگایەک کە لە دەستی خۆیشی لە ئەمنیەتدا نییە؟ هەمیشە ئەم شوێنانە کە مۆرکێکی فەرهەنگی و هونەرییان بەسەرەوە بوو، لایەنگرییان زۆر بوو. ڕەنگە یەکێک لە هۆکارەکانی ئەوە بێت، کە لە شوێنی ئاوادا هەمیشە وەڵامێک هەیە کە بە پرسیاری "ئێوە چی یەکترن؟"دا بدرێتەوە: "ئێرە شوێنێکی فەرهەنگییە و بۆ کارێکی هونەری لە دەوری یەک کۆ بووینەتەوە"، یان وەڵامی لەو چەشنە. ئەگەرچی پۆلیس کەمتر سەردانی کافە و خواردنگە و شوێنی لەم جۆرە دەکات و

زیاتر بە زمانی جیهانی (پارە) و زاراوەی شیرینی (بەرتیل) لەگەڵ خاوەنی ئەو شوێنانەدا پێک دێن، بەڵام بەهەرحاڵ لە ئێراندا هیچ شتێک پێشبینی ناکرێت.

کابرایەکی پەنجا شەست ساڵە کە لە پشت مێزی بەرانبەر هیوا دانیشتووە، لە سەر عەینەکەکانیەوە سەیری ئەکات، یان لانی کەم هیوا وا هەست ئەکات کە سەیری ئەم ئەکات. دەنگێکی ژنانە لە مەودایەکی نزیکەوە درا بە گوێی هیوادا و دەرفەتی ئەوەی پێ نەدا لەوە زیاتر بیر لەو کابرایە بکاتەوە.

لەوانەیە باشتر بێت بڵێین، هیوا داچڵەکا. بە بێ هیچ هۆکارێک لای خۆی وای دانابوو کە پێش بیستنی ئەو دەنگە، تەقەی پێڵاوی ژنانە بێتە گوێی، بۆیە بە چرکەساتێک پێش ئەوەی کە سەر هەڵبڕێ، سەیری پێڵاوە کەتانییەکانی خاوەن دەنگەکەی کرد. پێڵاوی شینی کەتان، شەرواڵی لیوایزی شینی کاڵ کە دەبوو کێشیی بێت (دەنا چۆن ئاوا بە ساق و پووزییەوە نووساوە؟)، مانتۆی ڕەشی سادەی کەمێک تەنگ  تا سەر ئەژنۆ و ڕووسەرییەکی سورمەیی کە دەبوو هەوری بێت کە ئەوەندە نەرم دیارە (هەوری... چەن نوستالۆژیک، چەن ژیر). هەموو ئەمانە لە چرکەیەکدا، هەتا لە سەر کورسییەکەی هەستا و وەڵامی سڵاوی هەستیی دایەوە، لە مێشکی هیوادا پۆلێنبەندی کران.

- ئێرە زۆر سەرڕێگایە، با بچینە سەرەوە.
- هەر چۆن ئێوە بڵێن، فەرموون.

هاوکات بە دەست ئاماژەی کرد کە یانی "ئێوە لە پێشەوە بڕۆن".

پلیکانەکان دەچوونە نهۆمێک یان باشترە بڵێین نیونهۆمێک سەرترەوە. ئێرەیش هەمان شێوازی خوارەوەی هەیە، بەڵام ئەڵێی لێرەدا کەمێک زیاتر ڕەنگ بەکار براوە.

هیوا سەرنجێکی وردتری ڕووخساری هەستی دا. ئەگەرچی یەکەم دیداریان کورت بوو، بەڵام دەموچاویی بەباشی لەبیر مابوو، بۆیە خێرا هەستی کرد شتێک لە ڕووخساریدا گۆڕاوە. لە ژێر ڕووسەرییەکەیەوە سەرپۆشێکی تەنگیشی کردبووە سەری، بۆیە هیوا بیری لەوە کردەوە کە ئەم جارە قژی بەدەرەوە نییە، بۆیە وا بیر دەکاتەوە. بەهەرحاڵ، هەر ئەو هەست بە ئاڵوگۆڕە، دەستمایەیەکی باش بوو بۆ دەستپێکی قسە:

- هەست ئەکەم کەمێک گۆڕاوی، هەڵە ئەکەم یان...؟
- نا، بۆ وا هەست ئەکەی؟ بە گشتیەوە جارێک یەکترمان دیتووە، کە ئەویش هەمووی چەن دەقەیەک زیاتر نەبوو، ڕەنگە لەگەڵ کەسێکی تر لێت تێک چووبێ.

هاوکات پێکەنینێکی "من ئەزانم و تۆ نازانی" هاتە سەر لێوی، کە هیوای دڵنیا دەکردەوە شتێکی تێدا گۆڕاوە، بەڵام وازی لەو باسە هێنا. هەستی وتی، ئەو کابرایەت دەناسی کە لە بەرانبەرت دانیشتبوو؟

- نا، ڕاستیت بوێ زۆر سەرنجم نەدا.
- هم، هەستم کرد ئەو تۆ ئەناسێ، جۆرێک سەیر دەکردی.

هاوکات نەرمەپێکەنینێکی خەمگینی ژنانە بە ڕوومەتیدا هەڵخلیسکا.

هیوا وتی: "چی بڵێم..." و بێهوودە سەیری پلیکانەکانی کرد، کە لێیەوە هاتبوونە سەر.

- هێشتا لە سەر ئەو بڕوایەی کە...

هیوا قسەکەی پێ بڕی و بەسەرسوڕمانەوە وتی: "ئەو کابرایە... چۆن شتی وا ئەبێ؟"

چەن چرکەیەک بێدەنگی باڵی بەسەریاندا کێشا و پاشان هیوا بەدەم پێکەنینەوە درێژەی دا: "دنیایەکی بچووکە، گوایە من لە ناوەڕاستی عەجایباتی دنیادا ڕاوەستاوم. ژیانم پڕە لەم ڕووداو و بەسەرهاتانە کە ئەگەر یەک دوو دانەیانت بۆ بگێڕمەوە، دڵنیام پێم ئەڵێی: ئای لەو درۆ گەورەیە."

هەستی هەر وا کە لە جانتاکەیدا بۆ شتێک دەگەڕا، وتی: "زۆربەمان پێمان وایە کە ئێمە هەڵبژێردراوین، مەبەستم ئەو هەست بە "تاقانەبوون" کردنەیە. ئەوەی کە پێمان وایە کەس ئەزموونەکان و بەسەرهاتەکانی ئێمەی نییە. هەڵبەت تۆ پیاوێکی سارد و گەرم چێشتوو دیاری، مەبەستم قسەکەی تۆ نەبوو، بەگشتی ئەڵێم."

هیوا کەمێک ڕاما و پاشان وەکوو ئەوەی ئیلهامی پێ کرابێ، بەسەرسوڕمانەوە وتی: "سەرت بچووکتر بووەتەوە. خۆیەتی، سەرت بچووکتر بووەتەوە! ئاهـ نیسبەتی چاوت بە سەرت... لە پشتیشەوە... دەبوو بمزانیبا. قژت کورت کردووەتەوە... نا، زۆر کورتت کردووەتەوە..."

- وە بۆ دڵنیاییت، ئەبێ بڵێم کە بە ژمارە سفر تاشیومە.
- کەواتە خۆتت ڕووشاند، ها؟... بمزانیایە ئاوا لە خۆت ئەکەی، نەمدەوت.

هەستی شانێکی هەڵخست، کە یانی "چی بڵێم؟"

هیوا هەر وا کە بەئارامی پێئەکەنی، خۆی کەمێک خست بەپشتا و سەیری بنمیچەکەی کرد و دوای چەن چرکەیەک هەستا و وتی ئێستا دێمەوە.

**.٢٨**

هەتا نهۆمی چوارەم ڕۆشت و لە نێوەڕاستی پێپلیکانەکانەوە سەیرێکی خوارەوەی کرد و بۆ چەن چرکەیەک هەناسەی خۆی ڕاگرت. هیچ دەنگێک نەدەهات. کاتێک کە دڵنیا بووەوە هیچکەس نایبینێ، هاتەوە خوارەوە. دەرگاکە دانەخرابوو، بەئارامی کردیەوە و ڕۆیشتە ژوورەوە و لە دوای خۆی دایخست. هەڵمەت چاوەڕێی بوو، باوەشی پێدا کرد و نێوچاوانی ماچ کردەوە. گریان مەجالی پێ نەدا.

- بۆ وا ئەکەی، هەڵمەت؟ بۆ ئەتەوێ شێتم کەی...؟

هەر وا لە نێو گریان و هەنیسکداندا قسەی دەکرد و هەڵمەت بێدەنگ بوو و تەنیا بە دەست نەوازشی دەکرد. ماوەیەک بەو حاڵەوە بوون، هەتا ئیلهام کەمێک ژێر بووەوە. ئەمجار هەڵمەت کە بەزۆر گریانەکەی دەخواردەوە، وتی: "ئیلهام گیان، هێندەک شت هەیە کە ناتوانم پێت بڵێم و تۆش داوام لێ مەکە کە بیڵێم، چونکا زانینەکەی هەم بۆ تۆ مەترسیدارە، هەم بۆ من. بڕوا بکە ئەوەی کە ئەو ڕۆژە پێتم وت، لە ناخی دڵمەوە وتم و هەتا دەمێنم کەسم بەقەد تۆ خۆش ناوێ، بەڵام چارەنووسی هەر کەسێک بە شێوەیەکە. هەرچەن من باوەڕم بە چارەنووس نییە، بەڵام بەهەرحاڵ، کۆمەڵێک..."

- ئەتەوێ چی بڵێی؟ ئەتەوێ باسی جەبری جوگرافیاییم بۆ بکەی؟ وا مەکە هەڵمەت، من ناتوانم. ڕەنگە بڕوا نەکەی، بەڵام جگە لە تۆ، ناتوانم بیر لە هیچ پیاوێکی دیکە بکەمەوە...

- وا مەڵێ. لە ڕۆژی یەکەمیشەوە ئێمە قسەمان کرد. پێم وتی کە من بارودۆخێکی تایبەت و شێوازی ژیانێکی تایبەتم هەیە. پێم وتی قەت بیر لەوە مەکەوە کە من ڕۆژێک ببمە هاوسەری تۆ، یان هیچکەسێکی دیکە.

ئیلهام دیسانەوە ئەیداتەوە لە قڵپی گریان: "بەڵام دەبوو بتزانیبا کە منیش دڵم هەیە. دەبوو بتزانیبا کاتێک بەئاسانی پێت ئەڵێم هاوکات کە دۆستی منی، ئازادی کە هەموو کارێکی دیکەش بکەی، چەندە خۆشم ئەوێی. لەبیرتە پێم وتی من تەنیا دڵی تۆم دەوێ کە لەگەڵ دڵمدا بێت؟ پێم وتی جەستەت ئەگەر هی سەد کەسی دیکەش بێت، قەیناکا، بەڵام دڵت ئەبێ تەنیا هی من بێت."

- بەڵام من ئەو ئازادییەم قەت بەکار نەهێنا، ڕەنگە دەرفەتم نەبووبێ یان هەر شتێکی دیکە، بەڵام لەو کاتەوە لەگەڵ تۆم، لەگەڵ هیچکەسی دیکەدا پێوەندیم نەبووە. ڕەنگە تەنیا ئەو ئازادییەم پێویست بوو، بۆ ئەوەی دڵنیا بم کە بە هیچ هۆکارێک تۆ لەدەست نادەم، بۆیە پێت ئەڵێم منیش...

هەڵمەت قسەکەی بە کۆتا نەگەیاند (هێندەک جار دەتوانی ئاوا کاریگەریی زیاتر دابنێی). سیگارێکی داگیرساند و خۆی تەپاندە نێو ئەو مۆبلەی کە ئەم یەک دوو ڕۆژە زۆر لێی دوور نەکەوتووەتەوە.

ئیلهام کەمێک لە هەڵمەت ڕادەمێنێ. کز بووە. چۆن دوێنێ بەمەی نەزانیبوو؟ سەروقژی نارێکە و ڕیشی نەتاشیوە، بەڵام لەگەڵ ئەوانەش پتەوتر ئەنوێنێ. سیگارکێشانەکەی ئەو ئەتوارەی جارانی نەماوە. دەستی ئەڵێی باسکێکی ڕۆبۆتیکە، کە چەن چرکە جارێک دێتە سەر و سیگارەکە دەنێ بە لێویەوە و لێوی چلێسانە ئەیگرێ و بەقووڵی مژی لێ ئەدا و بەبێ ئەوەی کە وەکوو جاران دووکەڵەکە لە خۆی دوور

بخاتەوە، ڕاست سەری دادەخات و فووی دەدا بە سەر کراس و پانتۆڵەکەیدا.

ئیلهام وەبیر یەکەم ڕۆژ کەوتەوە، داوای پەتاتەی تەنووریی و پەنیریان کردبوو. بە جێگای گارسۆن، هەڵمەت خۆی بۆیانی هێنا و هەر وا کە سەیری ئیلهامی دەکرد، وتی: "ئەمە پەتاتە و پەنیری ئاسایی خۆمان نییە، ئەمە تایبەتە بە خۆم. پەتاتە و پەنیری موزارێلا و سۆسێکی دیسان تایبەت بە خۆم و کارگی تەنووری. خواردنی تایبەت بۆ میوانی تایبەت."

هێشتا تامی سۆسەکە لە بن زمانی ئیلهام مابووەوە. چەندە ئەو ڕۆژە لەگەڵ هاوڕێکەی بەوە پێکەنین، کە ئەم کوڕە داخۆ لەگەڵ کێ لێی تێک چووە؟ دوایی هەڵمەت هاتبووەوە و کەمێک لەگەڵیان دانیشتبوو و کە زانیبووی حەزیان لە ئەدەبیاتە، چەندە باسی شیعر و شاعیرانی جیاوازی بۆیان کردبوو… دوایی ژمارە وەرگرتن و قسەکردن و ئاخ… چەن زوو تێپەڕی.

"هەستم دەکرد شووی پێ ئەکەم. ڕاستت بوێ، هیچ هەستێکم بۆی نەبوو، تەنیا ئەوەی هەبوو کە سەرنجی ڕادەکێشام. بەهەرحاڵ، دەبێ هەر شوو بکەم. وتم من کە هەر ناچارم لەم بەقوڕگیراوەدا شوو بکەم، با ئەم کوڕە بێت. وتم بەهەرحاڵ، عادەت ئەکەم. بۆ یەک چرکەش نەمدەتوانی بیهێنمە پێشچاوی خۆم کە لەگەڵی بخەوم، بەڵام… ئەگەر تۆ بڕۆی، شووی پێ ئەکەم، چونکا تەنیا لەو حاڵەتەدایە کە ئەتوانم هەتا ئەبەد هی تۆ بمێنم. هەتا ئەمرم، دەستی هیچ پیاوێکی ترم پێ ناگات. تەنیا ئاوا ئەتوانم خەیانەت بە خۆشەویستییەکەم نەکەم."

- کەواتە باشی بۆ چووم. کوڕەکە لە ڕاستیدا... بەڵام تۆ ناتوانی ئەو کارە بکەی. کچێ باسی ژیانە، بڕوا بکە لەبیرت ئەچمەوە. ماوەیەک کە لە یەک دوور بین، لەبیرت ئەچمەوە...

- هەڵمەت... ئاوام دەناسی؟ با ئیتر ئەو باسە نەکەین. منیش بڕیاری خۆم داوە. ئەگەر تۆ ناچاری لەبەر هەر شتێک کە لە مێشکتدایە و بە منی نالێی بڕۆی، منیش ناچارم لەبەر دڵی خۆم و ئەو خۆشەویستییەی کە لە منداڵییەوە ئاواتم بوو بۆ کەسێک هەمبێ دەمێنمەوە و هەر ئەو کارە دەکەم کە پێم وتی. ئەو تەنیا لەبەر دڵی دایک و باوکی، ساڵەهایە خۆشیی هەموو دنیای لە خۆی حەرام کردووە، من لەبەر ئەوینێکی ئاوا گەورە کە حەز ئەکەم هەتا ئەبەد بۆی بژیم، ناتوانم؟

- بەڵام ئیلهام تۆ ئێستا...

- هەر کاتێک گەڕایتەوە، بزانە کە ئیلهامەکەت وەکوو دوایین جار کە جێت هێشتووە، ماوەتەوە و نەگۆڕاوە. ئەم دڵە و ئەم جەستەیە، یان هی تۆیە یان هی خاک.

هەڵمەت بیری کردەوە: بەڵام من قەت ناگەڕێمەوە، چوون بە خۆمە، بەڵام گەڕانەوە نا... چوون بە خۆمە و مانەوەش هەر بە خۆم، من دەمەوێ بڕۆم، ئەمە مانای ژیانی منە...

ئیلهام بەناهومێدییەوە سەیری دیوارەکان دەکا: "بۆ نامبەی لەگەڵ خۆت؟"

- گوڵە جوانەکەم، نازەنینم... پێشتر بیرم لێ کردووەتەوە، ناکرێ، هەر باسیشی مەکە. تۆ تەنانەت نازانی من بۆ کوێ ئەچم. با واز لەو قسانە بێنین. با دوایین دیدارمان بەم قسانە خراپ نەکەین. دڵنیا بە نە پەشیمان ئەبمەوە و نە هیچ ڕێگایەکی تر هەیە، من بە جێگای تۆش بیرم کردووەتەوە.

- هیوا کتێبێکی بۆ کڕیم، خێرا خوێندمەوە. هەست ئەکەم لە خۆڕایی نەبوو کە ئەو کتێبەی پێ دام. ڕەنگە ئەیویست ئەو شتە کە ناتانەوێ یان ناتوانن پێم بڵێن، لەو کتێبەدا بدۆزمەوە. پێم وا بێ، ئێستا ئەزانم ئەتەوێ چی بکەی. باشە، وا بکە... باشە، بەڵام تۆیش دڵنیا بە هەر شتێک کە وتم، دەیکەم.
هەڵمەت سەرێکی لەقاند و وتی: "پێم وا بێ تۆیش وەکوو من ڕێگای خۆت دۆزیوەتەوە و دەزانی چی مانا بە ژیانت ئەدات. کەواتە باشە، وا بکە."

ئیتر لەمێژە ئەم جۆرە گفتوگۆیانە لە دووتوێی کتێبێکی باشدا نانووسن، گفتوگۆی دوو کەس کە یەکترییان خۆش دەوێ، گفتوگۆی دوو مرۆڤی ئاسایی. ئەو هاوڕێیە نووسەرەم کە پێشتر باسم کردبوو، ڕەخنەیەکی تریشی لێ گرتبووم. ئەیوت هێندەک جار کەسایەتییەکان کە پێکەوە قسە دەکەن، زۆر شتی سەیروسەمەرە بە یەک نالێن، بەتایبەت دیالۆگەکانی هەڵمەت و ئیلهام زۆر لە دیالۆگی نێو ژیانی ئاسایی نزیکن. زۆر قسەی سەرنجڕاکێش ناکەن، هەموو کەسێک ئەتوانێ ئەو قسانە بکات، ئەمە ئاستی چیرۆکەکە دائەبەزێنێت.
ئەو پێی وا بوو من ئەبێ قسە بخەمە زاری کەسایەتییەکانەوە، لە کاتێکدا کە ئەوان خۆیان، خۆیان دەگێڕنەوە و من تەنیا سەرپەنجەم لە سەر دوگمەکانە و هەر بەوەی کە جارجارە پڵتۆکێک لە ڕەوتی گێڕانەوەکە دەدەم، زۆریش ڕازیم. دیسانەوە وەکوو زۆربەی جاران، بەبێ ئەوەی کە ئەو هەموو شتەی کە لە مێشکمدا هێنام و بردم و لە سەرەوە نووسیم بەو بڵێم، تەنیا ئاکامی موناقەشەکەی خۆم و خۆمم بۆی کرد بە ڕستەیەک و پێم وت: "شەرتە منیش بەقەد تۆ ئاگام لە کۆتایی

چیرۆکەکەیە." هیوادارم بەقەد پێویست فەراسەتی تێدا مابێ، کە لە مەبەستەکەم تێبگات.
ئیلهام ڕاستەوە بوو و مۆبایلەکەی هەڵگرت و لە نێو پێڕستی ژمارەکاندا لە سەر ناوێک ڕاوەستا. لە ژێر چاوەوە سەیرێکی هەڵمەتی کرد و بۆ دوا جار لەگەڵ دوودڵی ڕوبەڕوو بوویەوە و بۆ ساتێک لە سەر ناوەکە ڕاما و وتی: "چ ناوێکی گونجاوە، کوڕی ئاغای کەریمی!"

دەستی لە سەر دوگمە سەوزەکە داگرت و هەر وا کە سەیری هەڵمەتی دەکرد، مۆبایلەکەی نا بە گوێچکەیەوە. دوای چەن چرکە گرتی: "پێشنیارەکەت قەبوڵ ئەکەم، بە مەرجێک؛ حەفتەی داهاتوو ئەمڕۆ زەماوەندمان کردبێت و لەماڵی خۆماندا بین." مۆبایلەکەی لە سەر کتێبێک کە لە سەر مێزەکە دانرابوو، دانا و هەر وا کە مانتۆکەی دادەکەند، ڕووی کردە هەڵمەت و وتی: "گۆرانییەکی کوردیم بۆ بگرە کە بتوانم سەمای فارسیی پێ بکەم، با شاد بێت، ئەمەوێ شاباشێکی تایبەتیت لێ وەربگرم. ئەبێ دیارییەکی تاقانەم پێ بدەی." هەڵمەت دوای چەن چرکەیەک سەیرکردنی سەرتاپای ئیلهام، گرتی... هەم گۆرانییەکە و هەم مەبەستەکەی ئیلهام.

...جەرسە کاری تارانێ، تەڕ نابێ بە بارانێ

باریکەی نەشمیلانێ، ناسکێ خاڵ دانەدانێ

کورتێ ماڵ لە بۆکانێ، با کەوشەکەت تەڕ نەبێ

پێ لە سەر چاوم دانێ، ئای جەرسە...

## ۲۹.

هیوا بە پلیکانەکاندا هاتەوە سەر، سینییەکی بچووکی بە دەستەوە بوو کە دوو ئیسکان چا و قەندانێکی تێدا بوو. "تاقەتم نەبوو بوەستم تا بۆمان دێنن. ئەزانی زۆری پێچوو تا فێر بووم کاتێک کە چایم بە دەستەوەیە و بە ڕێگادا دەڕۆم، نابێ سەیری بکەم دەنا دەڕژێ. هەر وا جارجارە بە سیلەی چاو ئاگایەکت لێ بێت، تەواوە، ئیتر ناڕژێ."

هەستی یەکێک لە چاییەکانی هەڵگرت و وتی: "کەواتە ئێستا ئەتوانی تێبگەی کە کچان بۆ زۆر سەیری کوڕان ناکەن، تەنیا سەیری ئەو کەسە ئەکەن کە بیانەوێ بیڕژێنن."

هیوا بەشەیتانییەکەوە وتی: "یان لێی بڕژێنن." سەیرێکی هەستی کرد کە چاوی بڕیبووە قەندانەکە و پێی وت: "قەت لەگەڵ تۆ ناخەوم، تەنیا لەبەر ئەوەی کە هەمیشە بتوانین بەیەکەوە ئاوا قسە بکەین."

- ئۆە... ڕاوەستە با پێکەوە بڕۆین. بشتهەوێ لەگەڵم بخەوی، جارێ ئەبێ هەڵبێی بەدوامدا.

- هەڵهاتنی ناوێ، هەر ئەو ڕۆژە لە پێشانگا ئەسپە سەرکەشەکە بۆم ڕاوەستا و سواریش بووم. نا، گاڵتە ئەکەم. (نا، گاڵتە ناکات، تەنیا خۆ لا دەدا لەو باسە) بەڵام قسەکەی پێشووم بەجدی بوو. بشبورە ئەوەندە بێ پەردە قسە ئەکەم، هەستم کرد ئەوەندە تێگەشتوو هەی کە بتوانم بەئاسوودەیی و بێ پەردە قسەت لەگەڵدا بکەم.

بێدەنگییەک نێوانیانی تەنی. هەستی جارێکی تر بەوردی سەیری هیوای کرد و دوای چەن چرکەیەک وتی: "ئەو ڕۆژە لە گەڕانەوەدا زۆرم بیر لە قسەکانت کردەوە، باسی تابلۆکە ئەڵێم. دڵنیا بووم کە هەر وا ئەو قسانەت کرد، یانی خوێندنەوەی قووڵی تابلۆکە نەبوو. ڕەنگە تەنیا ویستبووت لەگەڵ کچێکدا کەمێک قسەت کردبێ،ت یان ئەوەی کە ئەوە ڕای گشتیی خۆت بوو بەنیسبەت هونەرەوە، بەڵام سەرنجڕاکێش بوو.

یەک دوو کارم کێشاوەتەوە، هەڵبەتە لە سەر کاغەزی A4 و بچووک و گەلاڵەیەکی سەرەتاییە. حەز دەکەی بیانبینی؟ ڕەش و سپین..."

- بۆچی نا، ئادەی بزانم چیت کردووە.

هەستی هەر وا کە سەیری هیوای دەکرد، دوو پەڕە کاغەزی کە لوول کرابوون، لە جانتاکەی دەرهێنا. "سەرەتا سەیری ئەمەیان... نا ئەمەی تریان بکە."

کارێکی سادە دیار بوو. ژنێک لە سەر کورسییەک دانیشتبوو و پیاڵەیەکی بە دەستەوە بوو و سەری بەرەو لای پەنجەرەیەک وەرسووڕاندبوو، کە چڵێکی ئەستووری دارێک لێوەی هاتبووە ژوورەوە. لە نیگاری دووهەمدا، دەستێکی ژنانە بە نینۆکێکی درێژەوە خەریک بوو تۆخیی لە هەمان نیگاری پێشوو لێ دەکردەوە. وەکوو تۆخ لێکردنەوەی هێلکەیەک بوو، کە بەشێکی تۆخەکەی لێبووبێتەوە و بەشێکی ئەگەرچی شکابوو، بەڵام هێشتا لێنەبووەوە. ئەو شوێنەی کە تۆخەکەی لێکرابووەوە، بەشێک لە لاقێکی ژنەکە بوو کە بەپێچەوانەی نیگاری یەکەم زۆر ناقۆڵا دەینواند و و لە فۆڕمی ئاسایی لای دابوو و لەو کاشییانەی کە لە بن پێیدا بوون، وا دەردەکەوت کە لە ئاودەست دانیشتبێت. هەروەها بەشێک لە پەنجەرە و چڵە دارەکەیش تۆخی لێکرابووەوە و لە سەرەتای پەنجەرەکەدا دەکرا بەشێک لە لەشی پیاوێکی تێدا ببینی، کە وێدەچوو لە کۆتاییدا دەگاتە ئەندامی نێرینەی.

- ئەی سێهەمین نیگار لە کوێیە؟
- سێهەمین؟
- ئەمە ئەکرێ تابلۆیەکی سێ بەشی بێت، هێشتا ناتەواوە.
- وایە، ئەمزانی. لە ڕاستیدا هێشتا ئەوم نەکێشاوەتەوە، هەرچەن هەر ئاواش بەقەد پێویست خۆی ئەدوێ. تابلۆی سێهەم، درێژەی

لۆژیکیی ئەم دووانە نییە، بەڵکوو خۆی کەسایەتییەکی جیاوازی دەبێ کە پێوەندییەکی مانایی لەگەڵ ئەم دووانەدا هەیە.

- کەواتە تاشینی سەریشت بەشێکە لە پرۆژەی پەردە لادان لە سەر حەقیقەتی هزری خۆت؟

- ئەتوانین وایش بڵێین.

- دوایین جار کە هونەرمەندێکم دیت کە دەیوێرا کاری ئاوا بکات، دەگەڕێتەوە بۆ چەند ساڵێک لەوەپێش. هەڵبەت ئەو زۆر چووبووە پێشەوە، ئەو لە قۆناغێکی دیکەدا بوو.

قەندێکی خستە دەمیەوە و قومێکی لە چاییەکەی خواردەوە و بێدەنگ بوو.

- دەیوێرا؟ یانی ئیتر ناوێرێ؟

- چاییەکەت سارد ئەبێتەوە.

- مردووە؟

هیوا وەکوو بڵێی نەیدەویست ئەم بەسەرهاتە بگێڕێتەوە، کەمێک ڕاما و ئەمجار وتی: ڕۆژێک لەبەر دەرگای ماڵەکەی خۆیدا نیگارێکی کێشاوە، نیگارێکی گەورە کە هەتا ئێستاش ناتوانم بەدڵنیاییەوە بڵێم چ شێوازێک بوو. چەندین ڕووخسار و دەست و لاق و شان و مل کە بە شێوەی بازنە لە دەوری شتێک کۆ ببونەوە، بەڵام هیچ لە ناوەڕاستدا نەبوو. من و چەن کەسێکی دیکە لە هاوڕێیانی زانکۆی بۆ نانی نیوەڕۆ بانگ کردبوو، ڕاست دوازدە کەس بووین. ماڵی لە نهۆمی سێهەم بوو. پێش ئەوەی کە بچینە ماڵەوە لەبەر دەرگا لە لای نیگارەکەی ڕاوەستاین و زۆرمان باسی نیگارەکە کرد. هەر کەسێک شیمانە و لێکدانەوەی خۆی هەبوو، بەڵام هەموو لە سەر یەک شت کۆک بوون، ئەویش ئەوەی کە ناوەرۆکی نیگارەکە باسی هەڵپەڕکێ دەکات، هەڵپەڕکێی کوردی، تەنیا من بووم کە وتم ئەم نیگارە ناتەواوە. لەبیرم دێت هەر کە وام وت،

بزەیەکی سەرخۆشانە هاتە سەر لێوی. نانی نیوەڕۆمان کە خوارد و دوایین کەس لە سەر سفرە هەستا، پەنجەرەکەی کردەوە و ڕۆشتە بالکۆن و ڕووی کردە ئێمە و وتی: "ئێستا وەرن لە سەرەوە سەیری نیگارەکە بکەن، ئەمهەوێ کامڵی بکەم." چاوێکی لە من داگرت و هەر لەوێوە خۆی فڕێدایە خوارەوە. هەمووومان کە پەشۆکابووین، هەڵهاتینە بەر بالکۆنەکە. ڕاست کەوتبووە نێوەڕاستی نیگارەکەوە. هەموویان بە هات و هاوارەوە ڕۆشتنە خوارەوە، بەڵام من نەمئەتوانی واز لە سەیرکردنی ئەو جوانییە مەزنە بهێنم. بەهەرحاڵ، چ دوازدە کەس لە خوارەوە بن، چ سێزدە کەس. لە خوارەوە هیچ کارێکم لەدەست نەدەهات، بەڵام لە سەرەوە ئەمتوانی چێژ لەو جوانییە بێهاوتایە کە هەموو کەس شانسی ئەوەی نییە ببینێ، وەرگرم. هاوڕێکانمان دانە دانە دەگەیشتە سەری و کەم کەم بازنەیەکیان بە دەوریدا ساز کرد. وردەوردە خەڵکی تریش دەهاتن.

دەزانی، ڕەنگە پێویست نەبێ دانی پێدا بنێم، بەڵام ڕاستت بوێ من هەر یەکەم چرکە کە نیگارەکەم دی، دەمزانی بەتەمایە چی بکات، هەوڵم نەدا پێشی پێ بگرم و سەیر لەوەدا بوو کە ئازاری ویژدانیشم نەبوو، هەستێکم هەبوو کە ناتوانم وشەیەکی بۆ بدۆزمەوە هەتا بەیانی بکەم. بەهەرحاڵ، ئەوە کاری ئەو بوو و من بۆم نەبوو پێش بە خولقاندنی جوانی بگرم.

- واو... بەڵام من نامەوێ بمرم.

هیوا ئەوەی کە لە ئیسکانەکەیدا مابووەوە، کرد بە قومێک و وتی: "نەموت چاییەکەت سارد ئەبێتەوە؟"

.٣٠

سارا بۆخۆی بە نێو باخەکەی پشت ڤیلادا پیاسەی دەکرد و بەدەم ڕێگاوە سەری دەکێشایە هەموو کون و کەلەبەرەکانی مێشکیەوە. بەشوێن شتێکدا دەگەڕا، کە نەیدەزانی چییە. دەیزانی کە بەشوێن شتێکدا دەگەڕێ، بەڵام لەبیری چووەتەوە چی بوو. نەیدەتوانی لە سەر هیچ شتێک تەرکیز بکات. وەکوو وێنەیەک کە سەرەتا بەڕوونی دەیبینی، بەڵام کەم کەم کە بیرت لە لای نامێنێ، لە بەرچاوت لێڵ و مەحف ئەبێت و هەرچەن هەوڵ ئەدەی ناتوانی دیسانەوە بەو ڕوونییەی پێشوو بیبینیتەوە. گەڕایەوە بۆ لای ئەستێرەکە. بە دەوری ئەستێردا داری مێو نراوە. بە شیشی ئاسنی، سەرپۆشێکی قوبەئاسای بەرز بۆ ئەستێرەکە دروست کراوە کە لەمبەر و لەوبەرەوە بە عەرزدا چەقێنراوە و سەر ئەستێرەکەی گرتووە. مێوەکان بەم شیشە ئاسنییانەدا هەڵگەڕاون و لە سەر قوبەکە یەکیان گرتووەتەوە و سێبەرێکی ناوبەناوی دڵنشینییان خستووەتە سەر ئەستێرەکە.

باخەوانەکەیان کە هەمیشە حەفتەی جارێک ئەهات و بە دار و شتەکان ڕادەگەیشت، مانگی پێشوو مرد. لە ڕاستیدا سارا زیاتر لەبەر ئەوە زووتر لە هەمیشە گەڕاوەتە. نەدەکرا باخ و ماڵێکی ئاوا هەر وا بەرەڵا بێت. وەبیر دوایین جارێک کەوتەوە، کە هیوا هاتبوو بۆ لای:

هەر وا کە لە بەر پەنجەرەی ژووری خەوەکە دانیشتبوو، وتی: "سارا ئەم ڤیلا و باخەت خۆش ئەوێ؟"

سارا کە هێشتا عارەقی تەکان و شەکانە خۆشەکەیان بە گیانیەوە بوو، هەر وا کە لە سەر پشت ڕاکشابوو و سەیری بنمیچی دەکرد، وەڵامی داوە: "ئەرێ، زۆر. باخی ئەژدادیمە، چۆنم خۆش ناوێ. ئێرە... نازانم ئەڵێی منیش وەکوو ئەو دارانە ڕەگم لێرە داکوتاوە."

هیوا وتی: "چ هەستێکی هەیە، شوێنێکت هەبێ کە بە هی خۆتی بزانی؟"

- وا قسە ئەکەی، ئەڵێی تۆ هیچ شوێنێکت نییە کە بە هی خۆتی بزانی.
- با هەمە و من بە هی خۆمی ئەزانم، بەڵام کەسانێک هەن کە بە هی منی نازانن و لێیان داگیر کردووم.
- چۆن بە هی تۆی نازانن، مەگەر تاپۆ و شتت نییە؟
- نە من هەمە و نە ئەوان، بەڵام پشتاوپشت و سەدان ساڵە هەر هی باوکانی من بووە و هەموو کەسێکیش دەزانێ.
- چۆن شتی وا ئەبێ؟ تۆ شایەتحاڵت هەیە، دادگا ئەیدا بە تۆ. شکاتت کردووە؟
- دەیان جار شکاتم کردووە، زۆر کاری تریشم کردووە، بەڵام زاڵمەکە زۆردارە، هەڵبەت قەت کۆڵ نادەم.
- من کە تێناگەم. من پارێزەرێکی زۆر باش ئەناسم، باوکم لەگەڵ باوکی خزمایەتییەکی زۆر دووریان هەبوو، زۆر دەستی دەڕوا، ئەگەر ئەزانی کێشەکە ئاوا گەورەیە، ئەبێ کەسی دەستڕۆیشتوو و شارەزا بناسی.

هیوا پێکەنی. بێدەنگ بوو و دیسانەوە پێکەنی. ئینجا وتی: "نە تۆ و نە پارێزەرەکەت ناتوانن هیچمان بۆ بکەن. هەر ئەوەندەی کە وەکوو تاکێک دژایەتیمان نەکەن و هاوخەممان بن، بەسە. خۆمان مافی خۆمان وەردەگرینەوە."

سارا کە تازە خەریکە تێدەگا هیوا مەبەستی چییە، لە سەر تەختەنوێنەکەی هەستا و وتی بۆنی خوێن لە قسەکانت دێت، ئەڕۆم دووشێک بگرم. هیوا وتی: "دنیا هەمان دنیای سەردەمی مەغۆلەکانە. بەرگری لە خۆت نەکەی، لەنێوت دەبەن. شتێک نەگۆڕاوە، تەنیا ئەوە

نەبێ کە تۆ ئێستا بۆ خۆشۆردن ئەچیتە ژێر دووش نەک ناو گۆم، ئەی نەژادی ئارییایی..."

باخەوانەکەیان پیر بوو و فرەوێژ. لە دوورەوە چاوی بە دار بییەکان کەوت، بۆیە وەبیر باخەوانەکەیان کەوتەوە. لە بەرخۆیەوە وتی: لەبەر فرەوێژی مردووە. بەڵام خێرا ئازاری ویژدانی گرت کە گاڵتەی بەو پیرەپیاوە هەژارە کردووە وا ئێستا مردووە و هەوڵی دا لەبیری خۆی بەرێتەوە. سەیر بوو... نەدەکرا، لەبیربردنەوەی ئەو شتەی کە ئەتهەوێ لەبیرت بچێتەوە، زۆر سەختە، تێچووی دەوێ، جێگۆڕکێی دەوێ.

دەبوو ماڵئاوایی لەم باخە بکات، ماڵئاوایی لەو چنارانەی کە وەکوو قەڵایەکی پتەو هەستی ئەمنیەتی پێ دەدان. لە شۆڕەبییە هەمیشە ماندووەکان، لە دوو کاژەکە، لە هەموو دارەکانی تر، لە ڤیلا و ئەستێر و جۆلانێکە، ئەمانە هەموو بەشێک بوون لەو. بەشێک، کە هیچ شتێکی تر نەیدەتوانی جێگایان بگرێتەوە. نا، تا ئەو کاتەی کە مابوون، نەدەکرا. هەتا ئەو کاتەی کە موڵکی ئەم بن، نابێ. دایکی چاکی پێکابوو، هەتا ئەم باخ و ڤیلایە نەفرۆشن، ئەو "ناسنامە بێکەڵکە" لە گیرفانیاندا قورسایی دەکات. هەتا کاتێک زەوییەکی بچووکیان لێرە مابێ، ئەبێ بە هەموو ئازار و مەینەتێکی ئەم وڵاتەوە بتلێنەوە. لەکۆڵ خۆ کردنەوە... بۆ ئەم دەستەوشە دەگەڕام: ئەبێ ئەم وڵاتە نەگریسە لەکۆڵ خۆیان بکاتەوە، چونکا ئەیهەوێ بێخەم و ئاسوودە بژی. هیچی تر نا، تەنیا ژیان.

سارا هەرچی هەوڵی دا لەبیری خۆی بەرێتەوە و بیر لە شتێکی دیکە بکاتەوە، خێرا وێنەی ئەو باخەوانە هەژارە دەهاتەوە پێشچاوی کە توندتوند دەمی ئەدا بە یەکدا و خێراخێرا بە زمان لێوی کە لەبەر

فرەوێژی وشک دەبوون، تەڕ ئەکات و سەری ڕائەوەشێنێ و لەگەڵ قسەکردندا مێوەکان ئەبڕێ و هەر وا کە قسە ئەکات، لەناکاوا ئەکەوێ بە عەرزدا. بەڵام دیسان واز لە قسەکردن ناهێنێت. قسە ئەکا قسە ئەکا، هەتا گیان ئەدا. باوکی سارا هەمیشە ئەیوت: "هەموو جۆرە مردنێکمان هەیە." بەدڵنیاییەوە ئەم قسە لە زاری کەسێکەوە دەهاتە دەرەوە، کە هاوکات ئاگاداری کۆمیکترین و تراژیکترین مەرگەکانیش بووبێت.

سەیرێکی سێبەرەکەی خۆی کرد، کە وەکوو ئاوێنەی جادوویی هاتبووە زمان و دەیوت کە چەن ئەنام و لەشولارێکی جوانی هەیە. سارا لەم وەبیرهاتنەوە، هەستێکی خۆشی پەیدا کرد. نێوقەدی خۆی بە دوو دەست گرت و هەوڵی دا دەستی بگەیەنێتەوە بە یەک، پاشان دەستی هێنایە خوارەوە و لە سەر سمتی ڕایگرت و قامکەکانی تەواو کردەوە، هەتا بتوانێت خڕبوونەکەی بەتەواوی هەست پێ بکات. وەبیری هاتەوە، ئەو شتەی کە لە مێشکیدا بۆی دەگەڕا، نە باخەوانەکەیان بوو و نە هیوا، نە فرەوێژی بوو نە لەشولاری، نە دایکی بوو نە پێناسە، بەڵام هەموویانی تێدا بوو. لە بەرخۆیەوە وتی: باخەوان مردووە... مردوو... مردن... مردن. دوای چەن چرکەیەک ڕامان و قووڵبوونەوە لەو چەمکە، سووکەسەرانە سەرێکی ڕاوەشاند و بیری کردەوە: منیش ئەبێ بمرم، جیاوازیی چییە لێرە بێت یان لە شوێنێکی تر! "هەرچی ئەبێ، بلا ببێ". ئەم بیرەی کۆتایی، بە دەنگی بەرز کردەوە.

**.٣١**

ئەی خۆت؟ حەز ئەکەم زیاتر بتناسم.

- بۆچیتە؟ مەگەر لەمەی زیاتر کە لە بەرچاوتە، ئەتوانم خۆم بناسێنم؟ یان نەکا تۆ زیاتر بڕوات بە گوێتە تا بە چاوت؟

- سەفسەتەیەکی وردبینانە بوو. دەی چاوەڕێم!

- ئاهـ.. ئەمەوێ نهێنییەکت پێ بڵێم، هەڵبەت زۆریش نهێنی نییە، بەڵام من... من چەندین شەو و ڕۆژە کە نەخەوتووم.

- یانی چی؟ بۆ؟ چۆن؟ هیچ نەخەوتووی؟

- هیچ کە بڵێم، درۆیە. لەوانەیە خەونیچکەی دە پازدە چرکەییم کردبێ، هەڵبەت یەک جاری تریش لەبیرمە کە بڕێک خەوتم. ڕەنگە دوو یان سێ دەقەیەک بووبێت، یان زۆر کەمتر. ئەویش ئەوەندە خەونی سەیروسەمەرەم دیت، نەخەوتنایەتم باشتر بوو. یان ڕەنگە بتوانم پێچەوانەکەیشی بڵێم، واتە: چەندین ڕۆژە خەوتووم... نهێنیبوونەکەی لێرەدایە، کە تەنیا تۆ ئەم شتە ئەزانی. پێم وا بێ ئەم نهێنییە بۆیە بە تۆ ئەڵێم...

- چونکا بەتەما نیت لەگەڵم بخەویت، ئەرێ؟

- ئاهـ دەی ئەوەش هەیە. تۆ زیرەکی و...

چایی دووهەمیان بۆیان هێنا. هیوا هێندەک چاوی زیت کردەوە و لە چاییەکەی بەردەستی ورد بووەوە. "ئەزانی، ئەگەر لەگەڵ کەسێکا سێکست کرد، ئیتر کاریگەریت لە سەری نامێنێ. لەبەر ئەوەی کە شاراوەترین و نادیتنیترین ئامرازی کارتێکەریی خۆتت پێی پیشان داوە. ئیتر ئاماژەکانی چاوت بەوردی نابینرێ. ئیتر ڕێگەڕۆشتنت کاریگەریی لە سەری نابێ. قسەکردنت ئەبێ بە دووپاتەی سەفا و مەروە، لە پێشچاوی وشترێکدا. ئیتر هیچ کانییەکیش هەڵناقوڵێ..."

- وە تۆ ئەتەوێ کارم تێ بکەی...

- لەوانەیە، لەوانەشە نا. ئەوەم وت، کە ئەسڵێکی بنەڕەتیی پێوەندیی نێوان مرۆڤەکانت پێ بڵێم. نازانم بۆ هێندە حەز ئەکەم شت

فێری تۆ بکەم و زۆر ئەترسم ئەمە گچکاندنی تۆی بەدواوە بێت یان وا بێتە پێشچاو...

- بەڵام ئەگەر نەشیکەی، کارێکت بەناتەواوی هێشتووەتەوە.

- کامیان نەکەم؟ خەوتن لەگەڵت یان شت فێرکردنت؟ بەڵام ڕاستە. سەیر کە، هەموو شتێک چەن ئاڵۆزە، هەموو ئەم ئاڵۆزییانە ئەبن بە ژیان. هەر کەسێک جۆرێک ژیانی خۆی ئەگێڕێتەوە، وا نییە؟ ڕەنگە خەریکم خۆم بە دەستی تۆ ئەکێشمەوە. خۆ من نیگارکێش نیم، شاعیرم، شاعیرێک کە برسییەتی.

- چاوی برسییە یان دڵی، لەوانەشە مێشکی یان شوێنێکی تری؟

- کچێ، سکم برسییەتی. خێراکە چاییەکەت بخۆوە، با بڕۆین شتێک بخۆین.

- نا من نیوەڕۆیان هیچ ناخۆم، نانی بەیانیم درەنگ خوارد.

هیوا لە سەر کورسییەکەی داتەپی و لە بەرخۆیەوە وتی: وا باشترە کە ڕوو بدات و سەیر بکەی.

- چی؟

- هیچ. باشە، بەڵام من هیچ کەیفم پێی نایەت، لەچاو تۆ زۆر زیرەک دیار نییە.

- بە چی؟ کێ؟

- ئەو کوڕە قژبژە.

هەستی سەیرێکی فەرامەرزی کرد. چەن دەقەیەک بوو هاتبوو و زۆر بەپەرۆشەوە لە هەستی و هیوای دەڕوانی. هەستی خۆی لەگێلی دابوو. بەهەرحاڵ، دەبوو تەمبێیەکی بکات، بەڵام هیوا بە هۆی سەربوردە و شێوازی تایبەتی ژیانیەوە، فێر ببوو کە هەمیشە چاوی بە هەموو شتێکەوە بێت. (هەمیشە ڕووداوەکان لەو شوێنە ڕوو دەدەن کە لێتەوە دیار نییە، لە پشتەسەرت، کەواتە هەموو شتێک بکە بە ئاوێنە) هیوا لە

سەر کورسییەکە هەستا و وتی: "من ئیتر ئەڕۆم. بەردەوام بە و ئاگات لە خۆت بێت. تۆ ئاوێنەیەکی باشی."

- کەی دووبارە ئەتبینمەوە؟

- ئیتر یەکتر نابینینەوە، قەت. من خەیاڵێکی مسافرم، یان ڕەنگە پێچەوانەکەی ڕاست بێت. ماڵئاوا...

- قەت مەڵێ قەت.

- ڕەنگە و لە کۆتاییدا، هەر شتێک کە ڕەنگە هەبێ، ڕەنگە نەبێ. باش بە.

- باش دەبم.

گەیشتە لای پلیکانەکان لە سەر پاژنەی لاقێک وەرسوڕا و ڕوو لە هەستی کە هێشتا سەیری ئەکرد، وتی: "ڕاستی ئەو نیگارکێشەی هاوڕێم نەمرد، بەڵام ئیتر نیگار ناکێشێتەوە." دەستێکی هەڵهێنا و لە پلیکانەکانەوە ڕۆیشتە خوارەوە. لە خوارەوە کابرای دیت کە هەر لەوێ دانیشتبوو. بە بەردەمیدا تێپەڕی و لە لای کاشیەرەکە پارەی چوار چای حەساب کرد و لە گەڕانەوەدا کەمێک وردتر سەرنجی دایە و ئەمجار دڵنیا بووەوە کە لە سەر عەینەکەکەیەوە سەیری ئەکات. هیوا بۆ چەن چرکەیەک چاوی بڕییە نێوچاوی کابرا و سەرێکی لەقاند. کابرا نیگای دزییەوە و هیوا ڕۆشت.

من نازانم ئەو کابرا کێ بوو، یان لەوێدا چیی دەکرد، یان ئەوەی کە بۆ وا سەیری هیوای دەکرد. هەروەها نازانم هەستی لەم نێوەدا ئەو کابرایەی دەناسی یان چی...؟ دڵنیام ئێوەیش نازانن و پێشم وا نییە لەم کتێبەدا وەڵامی ئەم پرسیارانە هەبن، بەڵام ڕێگای شیمانە و خوێندنەوەی دێڕە سپییەکان لە کەس نەگیراوە.

## ٣٢.

هەڵمەت ئیلهامی لە سەر ڕانی دانیشاند و سیگارێکی پێکرد و وتی: ناوی بنێ هیوا.

- ئەی ئەگەر کچ بوو؟
- ئەگەر کچ بوو... با هیوا ناوی بنێت.
- هیوات زۆر خۆش ئەوێ؟

کەمێک لە دووکەڵی سیگارەکەی ڕاما و وتی: "دوو پیاو کە زۆر لە یەک بچن، قەت هاوڕێیەتییەکی پایەداریان نابێ، هەرچەن لە هێندەک شتدا جیاواز بن، یان تەنانەت لە دۆخی جیاوازی ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییشدا پێگەیشتبێتن. من زۆرم هەوڵ دا کە ئەم هاوڕێیەتییە بهێڵمەوە، ڕەنگە ئەویش هەوڵی دابێت، بەڵام ئیتر لە شوێنێکدا تێئەگەی کە ناکرێ. ئاه... ئێمە دوو لقی دارێکین، چۆن خۆشم ناوێ. وازبێنە.

- ناتەوێ پێم بڵێی بۆ کوێ ئەچی؟ ئەتەوێ چی بکەی؟
- بەقەد پێویست ئەزانی. هەمیشە بەقەد پێویست بزانە.

مۆبایلەکەی ئیلهام زەنگی لێدا. سارایە، ئەیهەوێ ئەمشەو بەیەکەوە بن. ئەڵێ تا چەن ڕۆژێکی تر بۆ هەمیشە ئەڕوات. ئەڵێ: "بە هەموویەوە دوو سێ هاوڕێی نزیکم هەیە، حەز ئەکەم ئەمشەو بەیەکەوە بین. دایکیشم شەو دەگاتە بەرەوە، لەوانەیە دوایین جار بێت کە کۆ ئەبینەوە."

"دێین سارا گیان، هەڵمەتیش دێت." ڕووی کردە هەڵمەت و وتی: "ئەمڕۆ هەڵمەت هی منە."

- پێش تاریکان وەرن. لە بەیانییەوە ئاوم بەر داوەتە ئەستێرەکە، ئەوەندە شیلەوگەرمێکی خۆشە. خێرا وەرن، هەرچی زووتر باشتر، تاقەتم نییە تەنیا خۆم دانیشم.

تەلەفۆنەکەی کە دانا، هەڵمەت هەستایە سەر پێ و وتی: "ئەڕۆین، بەڵام هێشتا کارم پێت ماوە."
ئیلهام بە پێکەنینێک کە خەریک بوو هەڵمەت لە ڕۆیشتن پەشیمان بکاتەوە، لە بەردەستی هەڵهات و دوای یەک دوو جار سووڕانەوە بە دەوری هەڵمەتدا، خۆی کرد بە ژووری نووستنەکەدا. هەڵمەت لەوێ گیری لێ هێنا و دەرگاکەی داخست.

دیسان حاڵەتێک لە ڕووخساری کەسێکدا، وەکوو پێکەنین یان گریان یان شەرمکردن و ترسان و... کە برینێکی کاری لە سەر ڕەوانی مرۆڤ جێ دێڵن. ئەم پێکەنینەی ئیلهام لەوانە بوو. سەرەتا قیژەیەک لە شەوقی زۆر کە بە پێکەنینێکی کچانەی بێگەرد درێژەی پێ درا... حاڵاتی ڕووخسار و جەستەی کەسێک لە دوای ساڵەهای ساڵ، تەنیا شتێکە کە لەبیر دەمێنێتەوە، ڕەنگە خودی ڕووخساری بەرانبەرەکەمان لەبیر بکەین، بەڵام کۆمەڵێک شێوازی پێکەنین و گریان و چاوداگرتن و تۆران و بوغزکردنی، قەت لەبیر ناکرێن، ڕاست وەکوو ئەو دڵپڕییەی یەکەم جاری کە بە هەڵمەتی وتبوو: "ئەگەر دڵت تەنیا هی من بێت..." هەڵمەت لە چرکەساتێکدا بیری لەوە کردەوە کە "ئەگەر بڕۆم، ئەو پێکەنینەی لێ ئەستێنم. ئایا ئەتوانم بۆ ئەو پێکەنینە پاکە بمێنمەوە؟" وەڵامەکەی زۆر خێرا دایەوە. لەبەر ئەوەی کە ئەگەر ڕابمایە و لەسەری بوەستایە، بەدڵنیاییەوە ئەفسوونی **سڕین** گیانی ئەتەنی و هەموو شتێکی ئاڵۆزتر ئەکرد. بۆیە بەپەلە کەوتە دوای ئیلهام و دەرگاکەی لە پشت خۆی داخست. داخستنی دەرگای ژووری نووستن لە ماڵێکدا کە کەسی دیکەی لێ نییە، چ پێویستییەکی هەیە؟ وەڵامەکەی تەنیا یەک شتە: لە ڕاستیدا هەڵمەت دەرگاکەی لە خۆیان دانەخست، بەڵکوو لەو برینە وروژاوەی داخست کە کەوتبووە شوێنی و بە داخستنی دەرگاکە، لە پشت دەرگا هێشتیەوە. مرۆڤ زیاتر لەوەی کە بیری لێ دەکاتەوە، بە شتەکانی نێو

ژیانێکی ئاساییەوە بەستراوەتەوە. دەرگا، پەنجەرە، پەردە، قاڵی و... شتەکان. شتەکان زۆر گرینگن. جگە لەو کارەی کە بۆیان دیاری کراوە، زۆر کاری تریش دەکەن. لەوانە بوو ئەگەر ژووری نووستن بە دەرگایەک لە ڕێڕەوی ماڵەکە جیا نەکرابایەتەوە، هەڵمەت دەرەقەت ئەو دۆخە نەهاتایە و خۆی ڕادەستی پێکەنینەکانی دڵدارەکەی بکردایە و تەسلیمی ئەو برینە ورووژاوە بووایە کە کەوتبووە شوێنی. ئا... شتەکان.

لە بەر پەنجەرەی ژوورەکەم دانیشتووم و سەیری ئاسمانی جەمسەر دەکەم. دەنگیان ئەگاتە گوێم. دەنگیان کە لە ئێستادا دەژی. قیژە ناکاوەکانی ئیلهام کەم کەم جێگای خۆی ئەدات بە ناڵە و نکەی پڕ لە ویست و ئەویش دوای ماوەیەک ئەبێ بە پچەپچێکی ناڕوون. زۆری پێناچێت کە ناخۆشترین بەشەکەی دەگات. جلەکانت بەنابەدڵی ئەکەیتەوە بەرت. زۆر هەوڵ ئەدەی کە کەمێک زیاتر خۆت بخلافێنی، بەڵام چ سوود؟ بۆ دوا جار سەیرکی نێو ماڵەکە دەکەیت. ئەو ماڵەی کە تاکە شایەتی شادییە ڕاستەقینەکانت بوو. ئەو ماڵەی کە دەچێتە نێو بیرەوەرییەکانەوە و هەر لەوێ دەمرێ.

- بڕۆین؟
- بڕۆین.

## ٣٣.

لە کۆتاییدا هیوایش گەیشت. نازلی کە لە حەوشەدا خەریک بوو بە مۆبایل قسەی دەکرد، پێش هەموویان دیتی و دەستومشتاقی لەگەڵ کرد. هیوا بەتێڕادووییەوە وتی: "نازلی، ئەو ڕۆژەیش هەر ئەوەندە جوان بووی و من نەمزانیبوو؟"

- قوربان، ئێوە چاوتان لەبەر خەڵکی تر ئێمە نابینێ.
- تازە درەنگە فریات ناکەوم، دەنا لە ناخی دڵەوە...

سارا و ئیلهام هاتنە پێشوازیی هیوا و نەیانهێشت قسەکەی تەواو بکات. "خەریک بووم بە نازلیم ئەوت، حەیفێ تازە درەنگە و فریا ناکەوم، دەنا زۆرم حەز لێیە بتخەمە نێو پێڕستەوە." سارا بەدەم پێکەنینەوە وتی بۆ درەنگە، خۆ من خەریکم دەڕۆم، حەز ئەکەی خۆم بۆتی ساز دەکەم. (ئۆی... دڵنیام کە ئەو کارە ناکات.)

- بۆچی تۆ بیکەی؟ خۆم چیمە؟

هەموو لە نێو قاقای پێکەنیندا بە ڕێنوێنیی سارا ڕۆشتن بۆ پشتەوەی ڤیلاکە. هەڵمەت لەوێ خەریک بوو لە تەنیشت ئەستێری ئاوەکە، باڵی مریشکی دەبرژاند.

هیوا کاتێک کە باسی نازلیی کرد، بەڕاستی بوو. نازلی بەنیسبەتی سارا، کورتەباڵا بوو، بەڵام ڕوومەتێکی بێعەیب و جوانی بوو (دەی ئەبێ ڕاستگۆ بم، لووتی چەمانەوەیەکی ناباری بەرەوخواری هەبوو کە وەکوو کونەبووی لێدەکرد، بەڵام کێ ئەڵێ کونەبوو جوان نییە؟) و لەگەڵ ئەوەش لەشولارێکی شایستە و وەرزشکارانە کە ئەیتوانی هەر پیاوێک بورووژێنێ. بەڵام ئەوەندە بڕوابەخۆبوون تێیدا لاواز بوو، کە ئەو قسەیەی هیوای وەکوو فشەپێکردن هاتە پێشچاو. جگە لەوەش، وەکوو لێزبیەنێک! نەدەبوو بۆی گرینگ بێت کە پیاوێک حەزی لێیەتی یان نا و بەهەرحاڵ، لەبەر نێوانخۆشیی هیوا لەگەڵ سارا، دەبوو هیوا بە ڕەقیبی خۆی بزانێ و کەم تا کورتێک قینی لێی هەڵگرتبوو، قینێکی جوان.

ئەو ڕۆژە بڕیاری دابوو کە شادتر و بەورەتر لە هەمیشە خۆی دەربخات و لە ژنبوونی خۆی باشترین کەڵک وەربگرێت، بۆیە بەپەلە

ڕۆیشتە ژوورەوە و لە یەکەم هەنگاودا خێرا جلەکانی داکەند و مایۆی مەلەی کردە بەری. هەر وا کە لە پێش ئاوێنە سەیری خۆی دەکرد، کەمێک لە جێگای خۆیدا هەڵخەوداخەی کرد و خۆی با دا. بە خۆی وت: جلی مەلەت لێدێت. یەک دوو جار لە گۆشەنیگای جیاوازەوە سەیری سمتی خۆی کرد، کە بەنیسبەت لاق و کەمەری و لەچاو هی ژنێکی ئاسایی گەورەتر بوو. "سارا چەقەڵ، تۆ ئەم گۆشتەت پێوە بووایە، چیت ئەکرد؟"

پێڵاوە بەرزەکانی کردەوە پێی و هاتەوە بۆ لای ئەستێرەکە و دیتی هەموو بە دەنگی بەرز قسە دەکەن و پێدەکەنن و کەس ئاگای لای ئەو نییە. بەبێ ئەوەی کە کەمترین بیرێک بکاتەوە، بەپێوە خۆی لە ئەستێرەکە هاویشت. ئەوەندە لەبیری ئەوەدا بوو کە چۆن خۆ دەربخات، تەنانەت پێڵاوەکانیشی دانەکەندبوو.

هەموو شتێک هەر بەم خێراییە ڕوویدا. بۆیە هەر بەو خێراییەشەوە گێڕدرایەوە. سەیرێکی ئەو دێڕەی سەرەوە بکەن. بە کورتترین شێوازێک کە دەکرا، خۆ لە ئاو هاویشتنەکەی نازلیم باس کردووە. تەنیا بهم هۆکارە بچووکە؛ چون ئەمە ئەو شتە بوو کە دەکرا ببینرێ و درک بکرێ. هەر بەم خێراییە.

دەی لە ڕاستیدا ڕەنگە لە ڕووانگەی بینەرێکەوە هەر ئەوە بینرابێ کە باس کرا، بەڵام بۆ کەسێک کە هەموو ژیانی لە ئاو ترساوە، ئەو چرکەساتی خۆ لە ئاو هاویشتنە زۆر گرینگ و بە هەمان ڕادەیش سەخت و دوور و درێژ بوو. هەر بۆیە لەوانەیە باشتر بووایە کە خودی ئەو، گێڕانەوەی ئەم بەشە لە ئەستۆ بگرێ. ئەو نەیدەزانی کە ئاوەکە چەندە قووڵە. چەند جارێکی دیکەیش هاتبوو بۆ ئەم ڤیلایە، بەڵام قەت دەستی نەدابوو کە پرسیاری ئەم ئەستێرە بکات. بەدڵنیاییەوە ئەگەر

کاتێکی تر بووایە، ئاوا خۆی نەدەخستە باوەشی مەترسییەوە. ئەوەندە لەبیر خودی کارەکەدا بوو، کە بیری لە مەترسیی کارەکە نەکردبووەوە. تەنیا ئەو کاتەی کە پێی لە عەرز جیا بووەوە و ئەو چرکەساتەی کە لە نێوان ئاسمان و ئاوەکەدا بوو، درکی بە بارستی گەمژەیی خۆی کرد. لە چرکەساتێکی بەحەواوەبووندا... ئا، بەڵێ کاتی وایە مرۆڤ لە یەک چرکەساتدا بەقەد هەموو ژیانی بیر دەکاتەوە.

وەکوو پەنابەرێک کە لە کاتی سواربوونی بەلەمی قاچاخچیدا تەنیا بیر لە گەیشتن دەکاتەوە، بەڵام هەر بەلەمەکە لە وشکانی جیا ئەبێتەوە، تازە ئەزانێ کە چ مەترسییەکی خستووەتە سەر خۆی.

هەمیشە لە نێوان دلێری و گەمژایەتیدا، مەودایەکی لە موو ناسکتر هەیە. پەنابەر لە کاتی جیابوونەوەی لە وشکانی، بیر لەم مەودا ناسکە دەکاتەوە. ئەو شتەی لە کاتی سواربووندا وا دەکات کە پەنابەر بیر لە هیچ شتێک نەکاتەوە، ڕێگایە و خولیای گەیشتن. ڕێگایەک کە بڕیویەتی و لە ناخەوە نایهەوێ بە پەشیمانبوونەوە هەموو ئەو چەرمەسەرییانەی کە دیویەتی هەتا گەیشتووەتە ئێرە، بەفیڕۆ بڕوات. لە لایەکیشەوە ڕێگایەک کە چاوەڕێیەتی هەتا بیبڕێ، هەتا بگاتە خولیاکانی. ڕەنگە مەیلی مرۆڤ بە "تەواوکردن"، هۆکاری ئەمە بێت. مەیل بە گەیشتن، بەڵام گەیشتن بە چی؟ بۆیە تا سواری بەلەم نابێت، مەزنایەتیی دەریا نابینێت، بەڵام هەر کە چووە ئامێزیەوە و ترپەی دڵی دەریا بەلەمەکەی لەراندەوە، ئەو حەقیقەتە مەزنە بەسەریدا دەڕووخێ. پەنابەر لە نێو بەلەمدا ڕووخساری ڕاستەقینەی ژیانێکە، کە لێی هەڵدێ. ڕووخساری ترس و هەڵە و تەسلیمیەت.

کامیلیش... . ئەویش ئەو ڕێگایەی بڕیوە. وەکوو برایم و هاوڕێکەی و ئاوات و من و... . بەڵام سۆفیا نا. چ زمانێکی هاوبەش هەیە لە نێوان

دوو ژیانی تەواو جیاوازدا؟ ئەتوانم بیهێنمە پێشچاوم کە کامیل لە نێو بەلەمی قاچاخچییەکەدا، چۆن لە سەر ئەو قاچە شەلەی ڕاوەستاوە و تەلەفۆنەکەی گرتووە بەگوێیەوە و دەمی تا بن گوێی کراوەتەوە و بە دەنگێکی نەرم کچێک ئەدوێنێ کە لەماڵەوە دانیشتووە. کچێک کە ڕەنگە بەقەد سۆفیا جوان نەبێ، بەڵام زۆر لەو کزترە... زۆر کزتر... زۆر.

"ئێستا پێم دەگاتە بن ئەستێرەکە، ئێستا..."

یەک خولەک پاش ئەو چرکەساتە، لە تەنیشت ئەستێرەکە لە سەر عەرز ڕاکشاوە و جارجار دەقۆخێ. بە هەموویەوە نزیکەی یەک خولەکی برد، کەچی بۆ ئەو زۆر لەوانە زیاتری پێچوو. هیوا لاقێکی نازلی بەرز کردبووە و تا سەر سینگی دەینوشتانەوە و ڕاستی دەکردەوە و دیسانەوە دەیهێنا و دەیبرد. سارا دەمی کردبووە و هەرچی بە دەمیدا دەهات، نەیدەگێڕاوە. هیوا مۆڕەیەکی لە سارا کرد و وتی: "پێش دێت ئێتر، ئەوە بۆ وا ئەکەی؟ لەسەری مەڕۆ." ئەمجار ڕووی کردەوە نازلی و پرسیاری کرد: "باشتری؟ هەناسەت هاتووەتەوە جێگای خۆی؟"

نازلی کە هێشتا ئاسەواری ترسی پێوەیە، دەڵێ: "ئەرێ... ئەرێ، باشم. نازانم چی بوو... لەخۆوە کەوتمە نێو ئاوەکە."
سارا کە دەهری بووە بەسەرسوڕمانەوە یەک دوو هەنگاو بۆ دواوە و یەک دوو هەنگاو بۆ پێشەوە هەڵئەگرێت و خۆی پێناگیرێ و دیسانەوە دێتە زمان: "ئاخر بۆ درۆ ئەکەی؟ خۆم دیتم جووت پێ خۆت فڕێ دایە نێو ئاوەکەوە، دێڵەسەگ. ئەگەر شتێکت لێ بهاتایە، من قوڕی کوێم بگرتایەتەوە...؟"

هەڵمەت کە دڵنیا بوو نازلی باشە، ڕۆیشتەوە بۆ لای مەنقەڵەکە و ئاماژەی بە ئیلهام کرد کە سارا هێور بکاتەوە. ئەویش دەستی سارای

گرت و وتی: "باشە، دەی چی بووە؟ وەرە، وەرە با بڕۆین جل بگۆڕین." سارا هەر وا کە سەیری نازلی دەکرد، ویستی شتێکی تریش بڵێ کە پێشی بە خۆی گرت، بەڵام بە شێوەیەک وای کرد کە نازلی بزانێت ئەیهەوێ شتێک بڵێت، بەڵام پێش بە خۆی دەگرێ. هەناسەیەکی هەڵکێشا و دایە دەرەوە و پێکەوە ڕۆیشتنە ژوورەوە.

نازلی خۆی کۆ کردەوە. لە سەر لایەکی دانیشت و دەستێکی نایە سەرعەرز و بە دەستەکەی تری قژی ڕێک کرد و هەر وا کە قژە تەڕەکەی دەخست بە لایەکدا، سەری بەرەو هیوا سووڕاند و وتی: "ئەڵێی دووبارە لەدایک بوومەتەوە." هیوا سەیرێکی نازلی کرد کە قژەکانی لەبەر تیشکی هەتاو بریقەیان دەهات، هێشتا ترس و هەست بە هەڵە و تەسلیمیەت لە نێو چاوەکانیدا شەپۆلیان دەدا، چنگی کرد بە قژیدا و سەری بردە پێشەوە و وتی: "با یەکەم ماچی دوای ئەم لەدایکبوونەوە قسمەتی من بێت" و ماچێکی دەمی کردەوە. نازلی لە بارودۆخێکدا نەبوو کە بتوانێ بەئاسانی ئەو کارەی هیوا بۆ خۆی مانا بکاتەوە. تەنیا توانی تێبگا کە هەستێکی نامۆی خۆش هەموو گیانی تەنی و پێستی بۆ چەن چرکەیەک گرنج گرنجەوە بوو.

هیوا جلەکانی داکەند و تەنیا شۆرتەکەی هێشتەوە و خۆی خستە نێو ئەستێرەوە و دوای چەن چرکە، لەوسەری ئەستێرەکەوە سەری لە ئاو دەرهێنا. نازلی کە ترسابوو، ڕاستەوە بوو و سەیری ئەو شوێنەی دەکرد کە هیوا خۆی تێ خستبوو. هیوا بە نازلی وت: "ئێرە قوڵ نییە، سەیر کە تا سینگیشم نایەت، وەرە کەمێکت مەلە فێر بکەم." نازلی بە شەوقێکی منداڵانەوە هەستا و ئەمجار بەترسەوە لە بەردەم هیوادا خۆی خستە نێو ئەستێرەکەوە و لەقەست بۆ ئەوەی کە نەکەوێ، باوەشی بە هیوادا کرد و هەتا توانیی خۆی پێوە نوساند. هەڵمەت پێکەنین گرتی و

بەدەم پێکەنینەوە بە کوردی و هەر بەو زاراوە شیرینە سەقزییەوە بە هیوای وت: "ئەی نادروس."

**.٣٤**

ئەو ڕۆژە ئیجازەی وەرگرتبوو، کە بکەوێتە شوێن کاروباری ماڵەوە. سندووقەکەی لە متۆڕ کردەوە و دایگرت و ڕۆیشت کە لەگەڵ ژمێریاری ڕستوران حەسێب و کتێب بکات. وەکوو هەمیشە پارەی زیاد لەوەی کە دەبوو بیدا بە ژمێریارەکە، لە گیرفانیدا بوو. وەکوو زۆربەی جاران کە لەبیری ئەچوو پارەکانی بەجیا دابنێت، هەوڵ دەدا لەرزینی دەنگی بشارێتەوە و وتی: "لەگەڵ پارەی خۆم تێکەڵ بووە." ژمێریار بەپۆرخزییەوە وتی: "بەهەرحاڵ، لە خوامە ڕۆژێک موشتەرییەک تەلەفۆن بکات و بڵێ داوای پارەی زیادەت لێ کردووە." موجتەبا پارەکانی خۆی نایەوە گیرفانی و وتی: "ئێمە حەلاڵخۆرین، لە سەر سفرەی 'ئەبەلفەزڵ' گەورە بووین." هەر لە دەرگا چووە دەرەوە، ژمێریارەکە لە بەرخۆیەوە وتی: "خۆ تۆ ڕاست ئەکەی، بە گیانی نەنکت."

سواری متۆڕەکەی کە بوو، مۆبایلەکەی زەنگی خوارد، نووسرابوو "تەجریشە ٢١".

ئەگەر لەبەر هیوا نەبووایە، نازلی دوای ئەو هەمووە قسە ناخۆشەی کە سارا پێی وت، هەڵدەستا و جلەکانی دەکردەوە بەری و دەڕۆیشت. بەڵام ئێستا لەوەی کە نەچووەتەوە؛ هەم خۆشحاڵە و هەمیش هێندەک هەست بە گەورەبوون دەکات. هەست بە قایم و پێستئەستوورتر بوون. هەرچەن لەبەر ئەمانە نەبوو کە مایەوە. واتە لەبەر پێستئەستووری و قایمبوون و گەورەبوونی نەبوو کە مابووەوە، بەڵکوو لەبەر هیوا بوو. بەڵام ئێستا بە هەر هۆکارێک مابووەوە و نەڕۆیشتبوو، ئەم هەست بە

گەورەبوون و پێستئەستووربوونە بەیەکجاری ببوو بە بەشێک لە کەسایەتیی ئەو. ئەتوت هەر لەم چەن چرکەیەدا بە چەن هەنگاوێک، مەودایەکی زۆری بڕیوە، لەو هەنگاوانەی کە مرۆڤ لە جەژنی لە دایکبوونیدا دەینێت. لە دوای جەژنی لەدایکبوونت، دەزانی کە شتێک گۆڕاوە. هەرچەن بچووکیش بێت، شتێک لە تۆدا گۆڕاوە و تۆ ئەبێ بەپێی ئەو گۆڕانکارییە خۆت هێندەک بگۆڕی، ئیتر تۆ گەنجێکی ۲۹ ساڵە نیت. لەم ساتە بەولاوە، تۆ پیاوێکی ۳۰ ساڵەی و ئەبێ هەڵسوکەوت و بیرکردنەوە و جل لەبەرکردن و ژیان و وەرزش و تەنانەت سێکسکردنت لەو چرکەساتە بەولاوە، کەمێک بگۆڕدرێ. ڕەنگە ئەو کەمە زۆریش کەم بێت، بەڵام هەیە. ڕەنگە هێندە کەم بێت، کە هەستی پێ نەکرێ. ڕەنگە دانی پێدا نەنێیت، بەڵام ئەمە شتێک لە ڕاستی ناگۆڕێت.

سارا و ئیلهام گەڕانەوە، جلیان گۆڕیبوو. لە ئێراندا بەگشتی ئەوەندە ئاسایی نییە کە ژن و پیاو تەنانەت لە کاتێکدا کە زۆر هاوڕێ و خۆمانەش بن، یەکتری بە نیمچەڕووتی ببینن (هرچەند دەبێ بڵێم ئەم بابەتە زیاتر لە بارەی ژنانەوە ڕاستە). ئەگەرچی لە تارانی پێتەختیش بن و ئەگەرچی لە های کلاسترین ناوچەی تارانیش بن، نا... ئاسایی نییە، بەڵام زۆر هەوڵ ئەدەن و هونەرمەندانە ڕۆڵی ئەوە دەگێڕن کە پیشان بدەن بۆیان ئاساییە. هەڵبەت مەبەستم لە نێو چینی خوێندەوار و بەنیسبەت ڕووناکبیرتردایە.

پرسگرەکە ئاوایە کە تەنانەت ئەگەر یەکێک لە کەسەکان زۆریش بۆی ئاسایی بێت، دیسانەوە شەرمێک -کە ڕەگەکەی لە پەروەردەی بنەماڵەیی و کۆمەڵگا و تەنانەت عورف و یاسادایە- هەیە کە ناهێڵێت هەموو شتێک زۆر ئاسایی بێت. بۆ وێنە، ئەکرێ ئاماژە بە سارا بکەم. ئەو کە زەمەنێک لە دەرەوەی ئێران و لە وڵاتێکی ڕۆژئاوایی ژیاوە،

دەبوو ڕووتبوونی خۆی لە لای پیاوان زۆر بەلاوە ئاسایی بووایە. ڕێک وەکوو ئەو کاتەی کە لە دەرەوەی وڵات دەچوو بۆ مەلەوانگە یان کەناری دەریا، بەڵام وا نییە. هەڵمەت ئەیتوانی ببینێ، کە تەنانەت سارایش لە چەن چرکەی یەکەمدا لە شەرمان لاقی تێکەڵ دەهات.

هەڵمەت لەو شتانەدا زۆر وردە. خێرا بۆ ئەوەی کە دۆخەکە ئاسایی پیشان بدات و کچەکان لەو حاڵەتە دەربهێنێت، وتی: "کێ برسییەتی بێت، ئەم چەن شیشە کە ئامادەیە بخۆین، بزانین سارا خانم کەی مەشرووبەکەمان لێ ئاشکرا ئەکات؟" سارا لە لێواری ئەستێرەکە دانیشت و لاقە کێشراوە و زەریفەکانی خستە نێو ئاوەکەوە و وتی: "ببورن کەمێک وەدرەنگ کەوت، بەڵام سەبرتان هەبێ، دەگا."

نازلی کە لە نێو ئاوەکەدا خۆی بۆ هیوا شل کردبوو و جەستەی سپاردبوو بە پەنجەکانی ئەو، بە قسەکردنی سارادا کەوتەوە بیری کە لە پێشچاوی ئەو زۆر لە هیوا نزیک بووەتەوە، بۆیە هاتە ئەملاوە و لە کەناری ئەستێرەکەوە بەسەختی خۆی سەر خست (پێپەینجەی ئەستێرەکە خراپ ببوو) و لە لێواری ئەستێر و لە بەرانبەر سارا دانیشت. هیوا بێخەیاڵ خۆی خست بە پشتدا و دەست و لاقی کردەوە و هەر وا کە تەنیا دەم و لووتی لە دەرەوەی ئاوەکە بوون، بەبێ دەست و لاق کوتان، بە سەر ئاوەکەوە ڕاکشا. گوێی لە نێو ئاوەکەدا بوو و جگە لە دەنگی ئاو و ناڵەناڵێکی نادیاری دەنگی هاوڕێکانی، هیچ دەنگێکی نەدەبیست. لەگەڵ خۆی بیری کردەوە: چەن چێژبەخشە بێدەنگیی ژێر ئاو! هەموو شتێک چەن شەوێڵ و نیانە، ئەڵێی دەنگ ئەیەوێ بنوێ، بەڵام ئەمە پێوەندیی ڕاستەوخۆی هەیە بە دۆخی مرۆڤ لە ئاودا. ئەگەر لە حاڵی خنکاندا بیت، بێدەنگیی ژێر ئاو لە مردنی دەنگ دەچێت نەک لە نووستنی.

سارا بەدزییەوە یەک دوو جار سەیری نازلی کرد و کاتێک کە دڵنیا بوو ئاگای لەو نییە، کەمێک زیاتر سەرنجی دا. زۆر پەشیمان بوو، بەڵام ئەو شتەی کە ئازاری ئەدا، ئەوە بوو کە نەیدەزانی ئێستا کە نازلی نەڕۆیشتووە و گەورەیی نواندووە، ئەم ئەبێ چی بکات و چ هەڵسوکەوتێک بگرێتە بەر. داوای لێبوردن کردن بەگشتی کارێکی سەخت نییە، دۆخێک کە تێیدا داوای لێبوردن ئەکەین، گرینگترە و هەموو شتێک ئاڵۆزتر دەکات. هێندەک جار داوای لێبوردن کردن نەک هیچ شتێک چاک ناکاتەوە، بەڵکوو خۆی ئەبێ بە جۆرێک سووکایەتیپێکردن. هێندەک جاریش نا، ئەبێ بە گاڵتەجاڕ، بەڵام ئەم دۆخەی کە ئێستا سارای تێدایە، هیچ کامی ئەمانە نییە. تووڕەبوونەکەی بەجێگا بوو، تەنیا کەمێک زیادەڕۆیی کرد. نازلیش هاوڕێی کۆنە... سارا پێی خۆشە کە هەموو شتێک بەبێ ئەوەی کە باس بکرێتەوە، هەر لەوێدا تەواو بێت. واتە بەبێ ئەوەی کە داوای لێبوردن بکات یان ئەوەی کە نازلی گلەیی بکات، هەموو شتێک لەبیر بکرێت. ئاهـ.. ئەمە باشترین شتێکە کە ئەتوانێ ڕوو بدات. "چیمان پێویستە؟ بیانوویەک: هیوا!" نازلی خەریکە سەیری هیوا ئەکات، کە لە سەر پشت بە سەر ئاوەکەوە ڕاکشاوە. ئێستا چەن چرکەیەک ئەبێ کە هەست بە قوورسایی نیگای سارا دەکات کە لە سەر ڕوومەتی خۆی قەتیس ماوە، بەڵام هیوادارە کە چاوی لە سەر هەڵگرێت، هەتا ناچار نەبێت سەری بۆ هەڵبڕێ. دوای ماوەیەک هەست ئەکات سارا واز ناهێنێت و ئەگەر لەوە زیاتر خۆی لەگێلی بدات، زۆر پەخمە و منداڵۆکە ئەنوێنێ، بۆیە سەر هەڵدێنێ و سەیری سارا ئەکات کە چاوە زولاڵەکانی لەگەڵ بزەیەکی شیرین -کە بەئاشکرا ئاماژە بە شتێک ئەکا لە نێوان هەردووکیاندا- بڕیوەتە ئەو. نازلیش بێ ئیختیار، بزەیەکی لە سەر لێو نیشت کە ئەگەرچی سەرەتا تەمێکی گلەیی بە سەرەوە بوو، بەڵام دوای چەن چرکەیەکی کورت، وەکوو ئاوی کانی ڕوون بووەوە.

لە دەرگایان دا. سارا چاوی لە سەر نازلی هەڵگرت و سەیرێکی هیوای کرد و ویستی بانگی بکات، بەڵام خێرا پەشیمان بووەوە و ڕووی کردە هەڵمەت و وتی: "ئەوە مەشرووبیش گەیشت. هەر تۆ جلت لەبەردایە، ئەڕۆی بیهێنی؟" هەتا هەڵمەت لە پشت مەنقەڵەکە هاتە ئەملاوە، سارا هەڵسا و جانتاکەی کە لە بەردەستی دانابوو، کردەوە و حەوت هەشت چەک پووڵی پەنجا هەزاریی پێ دا و وتی: "ئەگەر زیاتری کرد، بیدە، پێت ئەدەمەوە." هەڵمەت پێکەنی و هیچی نەوت.

موجتەبا لە پشت دەرگا ڕاوەستابوو و بیری دەکردەوە، ئێستا ئەم ماڵ و باخە لێرەدا خوا تمەن پووڵ ئەکات. دەرگا کراوە و هەڵمەت پێی وت کە بێتە ژوورەوە. نایلۆنێکی بە دەستەوە بوو. هەڵمەت سەیرێکی نێو نایلۆنەکەی کرد و وتی چەن ئەکات؟

- چوارسەد و بیست تمەن.
- ها ئەوە چوارسەد تمەن، بڵێ بەزیاد بێت. ئەم بیست تمەنەت ئیتر لە کوێت دەرهێنا؟
- هەموو خێرەکەی، ئەو بیست تمەنەیە.
- ئەو گوێزەی تۆ ئێستا ئەیخۆی، من خۆم نەمامەکەیم چەقاندووە. ئەو چوارسەد تمەنە نیوەی زیاتری خێرە. دەی بڕۆ ڕامەوەستە، دەست خۆش.
- دەی برا ئێمەیش چەن کەسین، خۆ هەر من نیم.

کەمێک بەمەزلۆمیەتەوە سەیری نێوچاوانی هەڵمەتی کرد، بەڵام کە دیتی ناتوانێ کاریگەریی لە سەر دابنێ، وتی: "باشە، ئەوەش بەقوربانی ئێوە بێت. هەر کاتێک تەلەفۆن بکەن، لە خزمەتتاندام. یا عەلی." هەڵمەت هەر وا کە بیری ئەکردەوە ئەم کوڕەی لە کوێ دیوە، لە بەرخۆیەوە وتی: "بەسلامەت."

## .٣٥

خۆر تازە ڕۆچووبوو و ئاسۆ ڕەنگێکی دڵنشینی بەخۆیەوە گرتبوو. گڵۆپەکانی دەوروبەری ئەستێر هەڵکرابوون. نازلی کە بڕیاری دابوو هەرچی زیاتر خۆی بسەلمێنێت (لە ڕاستیدا خۆی شیرین بکات)، ببوو بە ساقی و وەکوو پەپوولە بە سەر پێکە خاڵییەکانەوە دەنیشتەوە و پڕی دەکرد و خۆیشی دەیخواردەوە. هەڵمەت سەری گەرم ببوو و لە سەر جۆلانێکە ڕاکشابوو و سەیری ئەستێرەکانی ئاسمانی دەکرد. ئیلهام و سارا کە جارنەجارێ خۆیان بە ئاودا دەدا، کەمێک لەولاتر لە تەنیشت ئەستێرەکە بەیەکەوە قسەیان دەکرد و نازلی کە خواردنەوەکە باش باش گرتبووی، لە سەرعەرز و لە بەرپێی هیوا کە لە سەر کورسی دانیشتبوو، لاقی ڕاکێشابوو و باسکێکی خستبووە سەر ئەژنۆی هیوا. ئیلهام و سارا هەر وا بە دەنگێکی نزم پێکەوە قسەیان دەکرد. ئیلهامی مێهرەبانی دڵپاک، نیگەرانی ئەوە بوو کە ئەگەر سارا بڕوات، چی بە سەر خۆشەویستییەکەی نێوان هیوا و سارادا دێت و زۆر بەپەرۆش بوو بۆ ئەم بابەتە. سارا کە سەری لەو هەمووە دڵپاکییە بێگەردەی ئیلهام سوڕمابوو، تێیگەیاند کە پێوەندیی نێوان ئەو و هیوا شتێکی کاتییە و بە هیچ شێوەیەک پێوەندییەکی جدی و لەو ئاستەدا نییە کە ئیلهام پێی وایە. جەختیشی کردەوە کە بەڕاستی هیوا ناناسێت و نازانێت کێیە. لە نێوەڕاستی قسەکردنییان لەگەڵ سارا، ئیلهام وەک ئەوەی کە شتێکی وەبیر هاتبێتەوە، ڕووی کردە هیوا و وتی: "ئاغە هیوا، ناوی خۆشی کچ، چیتان پێ شک دێت؟"

هیوا سەیرێکی ئیلهام و سارای کرد و کەمێک ڕاما و وتی: "پەیوەندیی بەوەوە هەیە کە کێ ئەم پرسیارەم لێ بکات." ئیلهام سەیرێکی هەڵمەتی

کرد و هات شتێک بڵێ کە هەڵمەت پێش ئەو بە کوردی وتی: "من ئەو پرسیارەت لێ ئەکەم."

هیوا کەمێک لە لای خۆی هێنای و بردی و هەوڵی دا لە بابەتەکە تێبگات. پەنجەی لە سەر باسکی نازلی دانا و چەن جارێک بە نینۆک بەئارامی پێیدا هێنا و وەک بڵێی بە دەنگی بەرز لەگەڵ خۆی قسە دەکات، وتی: "سژین... سژین... ناوی بنێن سژین."

ئیلهام سەیرێکی سارای کرد، سارا زۆر بەسەختی توانیی ناوەکە دووبارە بکاتەوە، وتی: "سۆژین یانی چی؟"

لە زمانی فارسیدا دوو پیتی بێدەنگ لە سەرەتای وشەدا ناخوێنرێتەوە و ئەبێ بزوێنێکیان لە نێواندا بێت، بۆ نموونە وشەی "سپۆرت"ی ئینگلیزی بە "ئێسپۆرت" دەخوێننەوە و تەنانەت لە نووسینیشدا ڕەچاوی دەکەن. لە زمانی کوردیدا ئێمە ئەو کێشەمان نییە. بەداخەوە زمانەوانان خەریکن بە کورتەبزوێن و بزرۆکەدانان تێکی دەدەن، بەڵام بەخۆشحاڵییەوە جارێ تەنیا دەرەقەت ڕێنووسی لاتین هاتوون و نەیانتوانیوە ڕێنووسی ئارامی بگۆڕن.

هیوا بزەیەکی لە لێو نیشت: "سۆژین نا، سژین. بیڵێنەوە: سژین."

- سێژین
- ئێسژین
- س سژ سژین

نازلی بەپێداگرییەکی منداڵانەوە بۆ ئەوەی کە دەمی تێکەڵ نەیەت، لێوی خونچە کرد و وتی: "بەڵام نەتووت یانی چی؟" هیوا دەستێکی هێنا بە سەر نازلیدا و وتی: "زۆر لە مانا مەکۆڵەوە، لە ئەفسوونی وشەدا مەلە بکە."

هەڵمەت بیری کردەوە، سژین چ ئەفسوونێکی بەردەوامی تێدایە، وەکوو سۆژین نییە کە خێرا خۆی ئەدا بەدەستەوە. وەکوو هیچ وشەیەک نییە کە پێشتر بیستوویەتی. پێشتریش لە هیوای بیستبوو، بەڵام تا ئێستا وەکوو ناوێک بیری لێ نەکردبووەوە. وشەیەکە کە پەردەلادان لە سەری ئەستەمە و هەر ئەمەش ئاوا جوانی دەکات. سژین... سەیرێکی ئیلهامی کرد و بە سەر ئاماژەی کرد کە بچێتە لایەوە دابنیشێت.

مۆبایلەکەی سارا زەنگی خوارد. دایکی بوو. چەن دەقەیەکی دیکە دەگەیشتە بەر دەرگا. سارا بە هیوای وت: "شتێک بکە بەرت، بەیەکەوە بڕۆینە بەر دەرگا." و خۆی بەپەلە ڕۆیشت کە شتێک بکاتە بەری. هیوا بەئارامی دەستی خستە نێو قژی نازلییەوە و سەری خست بە پشتدا. نازلی نووزاندی: "ئای" و هیوا بە گوێیدا چرپاندی: "سژین."

"ئایا دۆزینەوە هەمان تێگەیشتنە

هەر وا کە ئاو، هەمان تینوێتیشکاندنە؟

کچە گیان، من ناپرسم

من تەنیا...

دڵنیام لەبەر چاوەکانی خودا سەما دەکەی"

**.٣٦**

بەدڵنیاییەوە ئەگەر هیوا پێشتر نەیزانیایە کە بڕیارە دایکی سارا بێت، هەر عەقڵیشی بۆی نەدەچوو کە ئەم شۆڕەژنە جوان و جەحێڵە کچێکی ئەوەندە گەورەی هەبێ. ڕاستە ڕووخساری شێوەی ژنی گرتبوو، بەڵام کەس نەیدەوت ئەم ژنە منداڵیشی بووە. لەگەڵ هیوا دەستومشتاقی کرد و بە چاوی کڕیارەوە سەیرێکی کرد و بە سارای وت: "ئەبینم کە

بەسەلیقەی." هیوا بە ڕەسمی ئەدەب وتی: "لە ڕاستیدا ئەتوانین بڵێین من بەسەلیقەم. بەڵام ڕاستم پێ بڵێن، سارا ڕاست دەکا کە ئێوە دایکی ئەون؟ چونکا قەت..."

- ئاهـ ئەرێ، ئەتوانی دڵنیا بی کە من دایکی ئەوم و دایەگەورەی نیم.
هیوا چاوێکی لە سارا قرتاند و وتی: "دڵنیام ئەگەر ئەم دایک و کچەم بەیەکەوە لە شەقام و کۆڵان بدیبایە، هەوڵم ئەدا دایکەکە ساز بکەم." دایکی سارا قاقایەکی وردی ژنانەی لێدا و وتی: "ئۆهـ زۆر سپاس. بەدڵنیاییەوە منیش زۆر خۆم پێنەدەگیرا."

دەی ناشاردرێتەوە کە هیوا ئەو قسەی بەجدی کرد. هێندەک جار بۆ جەوانێک لە تەمەنی ئەودا، ژنانی کامڵ سەرنجڕاکێشترن. کەمتر ئەبنە هۆی ماندووبوون و بەوردی ئەزانن کە بەرانبەرەکەیان چیی دەوێ و بەگشتی سەرئێشەیان کەمترە. بەڵام بۆ هیوا لەبەر ئەم هۆکارانە نییە، چونکا ساراش ئەگەرچی بە تەمەن زۆر گەورە نییە، بەڵام لەو بابەتانەدا زۆر پوختە و پێگەیشتووە. هۆکاری سەرەکی ئەوە بوو، دایکی سارا بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر جوانە. نەک تەنیا لە ڕووخسار و لەشدا کە لە حاڵاتی ڕووخسار و شێوازی ڕێگاڕۆشتنیشدا. هیوا دەیتوانی سوێند بخوات کە بە درێژایی تەمەنی خۆی، پێکەنینی ئاوا جوانی نەدیوە.

سارا کە خەریک بوو لە دەمەتەقێ و گەپی ئەو دووانە نیگەران دەبوو، بە دایکی وت کە ئەتوانێت جلەکانی بگۆڕێت و ئەگەر ماندووە، بڕوات پشوو بدات: "من چەن هاوڕێیەکم بانگ کردووە کە لە لای ئەستێرەکەن، تۆیش دەیانناسی هەڵبەت ئەگەر لەم یەک دوو ساڵەیا لەبیرت نەچووبێتنەوە. ئەمشەو گودبای پارتیم بۆ خۆم گرتووە."

شۆڕەژن کە هیچ ئاسەوارێک لە ماندوویێتی بە ڕووخساریەوە دیار نەبوو، وتی: "نا من دوێنێ گەیشتمە تورکیا و شەو لە هۆتێل مامەوە. ئەمڕۆیش سەعات دوازدەی نیوەڕۆ لە خەو هەستاوم. فڕۆکەش خۆ کەس ماندوو ناکات. چۆن ئەم میوانییە و دیتنی هاوڕێکانت لەکیسی خۆم ئەدەم؟ شەوێکی گەرمە و گیان ئەدا بۆ مەلەکردن."

هیوا خێرا وتی: "لەگەڵ یەک دوو پێک ویسکی."

- بەدڵنیاییەوە.

هیوا کە ڕۆیی، دایکی سارا بەئەسپایی پێی وت: "کوردە؟" سارا کە چاوی پەڕیبووە تەوقی سەری، وتی: "لە سەر ئیزنتان، بەڵێ."

چەن دەقەیەک دواتر، بە کراسێکی ئاودامانی حەریری شینی زۆر ناسک و هەراوەوە هاتە نێو کۆڕەکەیانەوە. دەکرا لە ژێر کراسەکەیەوە، مایۆکەی ببینی کە بۆ مەلەکردن لەبەری کردبوو. سارا هەڵمەتی پێ ناساند و لە ترسی ئەوەی کە ئیلهام و نازلی نەناسێتەوە، ئەوانیشی ناو برد. لە کاتی ناساندنی نازلیدا، بۆ ئەوەی کە بۆ خۆتووڕەکردنەکەی ئێوارەیش بەفەرمی ئاشتی بکاتەوە و بەتەواوی تەمی نێوان ناخۆشی بڕەوێنێتەوە، دەستی کردە ملی و وتی: "ئەمەیش نازلی خانمی خۆمان." بەڵام دایکی هەردووکیانی باش لەبیر بوو، تەنانەت هەواڵی دایک و باوکیشیانی پرسی.

- کچێ، خۆ لەمێژ نییە نەمدیون.

نازلی کە کەمێک پەرۆش بوو، هەرچۆنێک بوو بەخێرهاتنی کرد، بەڵام مەشرووبەکە کاری خۆی کردبوو و نەیتوانی پێش بە وتنی ئەو ڕاستییە بگرێت: "واو... هەمیشە وتوومە ژنان ئەبێ لە ئێوە بترسن. هیچ ژنێک لە بەرانبەر ئێوەدا شانسێکی نابێت بۆ ڕکابەریکردن."

دایکی سارا کە زانیویەتی نازلی مەشرووبی خواردووەتەوە، زۆر سووکەسەرانە کەمێک پێکەنی و وتی: "ئۆهـ نا ئازیزەکەم. با پێت بڵێم، پیاوان کارەکانیان پێشبینی ناکرێت، هاوڕێیەکی زۆر جوانم هەیە، هەتا بڵێی جوان و بێعەیب، دڵی چووبوو لە کارمەندێکی هاوکاری خۆی، بەڵام ئەو ئاشقی ڕابواردن لەگەڵ ژنانی کورتەباڵای ڕەشپێست بوو، بڕوا ئەکەی؟ بێهیوا مەبە."

لەو وڵاتانەی کە پێوەندییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ ڕەشپێستەکان نییە، خەڵک زیاتر بە چاوی سووکەوە لەوان دەڕوانن. واتە ئەگەر کەسێک بە ڕەشپێست ناو بەری، وەکوو ئەوە وایە کە سووکایەتییەکت پێ کردبێت. تەنانەت ئەگەر هەر بەڕاستی ڕەشپێستیش بێت. بەتایبەت ئەگەر بە جێگای ڕەشپێست، لە وشەی "ئەفەریقایی" کەڵک وەرگری، ئیتر سووکایەتییەکە زۆر گەورەتریش ئەبێتەوە. لە ڕاستیدا مەبەستی دایکی سارا ئەوە نەبوو کە سووکایەتی بە ڕەشپێستان یان بە نازلی بکات، نا، هەر وا بە سوووکەسەری شتێکی وت و بەپێکەنینەوە تێپەڕی، بەڵام نازلی داڕما. بەراوردکردنی ئەو لەگەڵ ژنێکی کورتەباڵای ڕەشپێست، بە ڕای خۆی زۆر ناجوامێرانە بوو. چونکە لە جیهانبینی سەقەتی ئەویشدا ڕەشپێستەکان لە ئاستێکی نزمتردا بوون. هەرچەن دایکی سارا ڕاستەوخۆ ئەو کارەی نەکردبوو، بەڵام دەکرا بە شێوەیەک ئەو مانایەشی لێ هەڵهێنجی. نازلی بەڕاستی بەم قسەیە تێک چوو، بەڵام هیوا کە تێگەشتبوو چی ڕووی داوە، هەرکە دیتی هەموو لە دەوری دایکی سارا کۆ بوونەتەوە، بە شێوەیەک کە کەس نەیبینێ، خۆی نزیک کردەوە و دەستی ڕاستی خستە پشت کەمەری نازلییەوە و بە گوێیدا چرپاندی: "هەر گوڵێک بۆنی خۆی هەیە."

نازلی سەری هەڵهێنا و دەستی خستە سەر ئەو دەستەی هیوا کە لە سەر کەمەری کەم کەم بەرەو سمتی دائەخزی و زەردەخەنەیەکی تاڵی لە لێو نیشت.

ئاهـ ڕەشپێستەکان ڕەشپێستەکان... بەدڵنیاییەوە جگە لە کۆمەڵێک جیاوازیی ڕووالەتی نەبێت، ئەوان هیچ جیاوازییەکیان لەگەڵ مرۆڤەکانی دیکە نییە. بەڵام سیاسەتی پیشاندانی مەزڵوومیەتی مێژوویی ئەوان، چ لەلایەن خۆیانەوە و چ لەلایەن دەوڵەتان و دەزگاگەلی زەبەلاحی وەکوو هۆڵیودەوە نەبووە هۆی ئەوەی کە لە کۆمەڵگای جیهانیدا ئاسایی ببنەوە. باسی ئەو وڵاتانە ناکەم کە لەواندا زۆرترین تێکەڵییان لەگەڵ خەڵکی دیکە هەیە (هەرچەن لەو وڵاتانەیشدا هەر کەم تا زۆر قوربانیی ڕاسیزمن). ڕەنگە لەو وڵاتانەدا ئەمە بەو بەرینییە بەرچاو نەکەوێ. زیاتر باسەکەم ئەو وڵاتانە دەگرێتەوە کە لە ژێر کاریگەریی میدیادا، مرۆڤی ڕەشپێستیان ناسیوە. ڕەشپێستێک کە دایم دەگری، ڕەشپێستێک کە دایمە برسییەتی، ڕەشپێستێک کە ئەشکەنجە ئەدرێت، ڕەشپێستێک کە لەلایەن ئەربابەکەیەوە دەستدرێژیی دەکرێتە سەر، ڕەشپێستێک کە... ڕەشپێستێک کە... نیشاندانی بێتاوانی و لاوازبوون و مەزڵوومیەتی مرۆڤەکان، ڕێزیان بۆ بەرهەم ناهێنێت.

لە زمانی فارسیدا وشەیەک هەیە کە ئەگەرچی لە عەرەبییەوە وەرگیراوە، بەڵام ئۆف... هیچ میللەتێک وەکوو فارس لە "بە هی خۆ کردن"ی وشەکاندا شارەزا نییە. تورکەکانیش وشەی هەموو زمانەکانی دیکە هەڵئەگرن، بەڵام هەر کارێک بکەن ناتوانن بیکەن بە هی خۆیان، بەڵام فارس لەم یەک کارەدا وێنەیان نییە. وشەی "رقت" بەگشتی بە کوردی ئەبێتە "بەزەیی". بەڵام لە فارسیدا کاتێک کە ئەم وشەیە لەگەڵ پاشگری "انگیز" بەکار دەهێنن و دەیکەن بە "رقت انگیز"، مانای

"بەزەبزوێن" و "شایانی بەزەیی" دەدات کە لەم بابەتەدا ڕاست ئەو وشەیە کە بۆ وەسفی حاڵی ڕەشپێستەکان دەبێت. "رقت انگیز" لە فارسیدا هاوکات کە مانای بەزەبزوێن دەدات، هەڵگری چەن پەراوێزێکی مانابیشە کە وشەگەلی "بەزەبزوێن" و "بەزەییهێن" ئەو تایبەتمەندییانەیان نییە، یان لانیکەم هەتا ئێستا نییانە. واتە جگە لە ماناکەی کە دەبێتە بەزەبزوێن، بەبێ ئەوەی کە لە هیچ کوێ بۆی پێناسە کرابێت، هاوکات چەمکگەلی وەکوو داماویی، قیزەونی و لاوازییش لەگەڵ خۆی دەگوازێتەوە. بێهوودە نییە کە ئەم وشەیە زیاتر کاتێک بەکار دەبرێت، کە بیانهەوێ باسی کرم یان بەچکەی ئاژەڵان یان ئاژەڵێک کە لە حاڵی سەربڕین دایە یان مرۆڤێک کە خەریکی شینگێڕییە یان شتی لەو چەشنە بکەن.

وا دەکەن... ئەوان بە "رقت انگیز"کردنی ڕەشپێست، بە جێگای ئەوەی کە بەرزی بکەنەوە، هێندەی دیکەش چەپۆکی بەسەردا دەدەن و هەموو ڕۆژێک بیری ئەو و بیری ئێمەی دێننەوە کە هەرکەسێک جێگە و پێگەیەکی دیارییکراوی هەیە کە دەبێ بیزانێ و پێی ڕازی بێت و ئەمە چەندین دەیەیە کە بەردەوامە. هێشتاش خەڵک لە دیتنی ڕەشپێستێک کە لە "جێگای خۆیدا" نەبێت، واتە "لە بن چەپۆکدا" نەبێت، سەریان سووڕ دەمێنێ و کەسیش سەری لەمە سووڕ نامێنێ. ئەوپەڕەکەی کاتێک ئەوان سەر ڕادەوەشێنن و دەڵێن: ""هیچ شتێک لە جێگای خۆیدا نەماوە"، ئێمە تەنیا بزەیەکییان بۆ دەکەین و هەوڵ دەدەین باسەکە بگۆڕین. ئەمە ئەو کارەیە کە میدیای ڕەنگاوڕەنگ، میدیای ئەفسوونکار لەگەڵ ئێمەی دەکات. میدیای بەئەزموون و سارد و گەرم دیتوو. میدیای سووراووسپیاوکراو.

سارا وەک شتێکی بیر کەوتبێتەوە، وتی: "دایکە، تەلەفۆنێک بۆ ماڵی نازلی و ئیلهام بکە پێیان بڵێ لێرەن، با نیگەرانیان نەبن. هەڵبەت خۆیشیان پێشتر تەلەفۆنیان کرد و وتیان، بەڵام وتنی تۆ شتێکی دیکەیە. بڵێ ئەمشەو نایەنەوە، بۆ تۆ هیچ ناڵێن."

## .٣٧

شەو دەستی بەسەر وڵاتدا گرتبوو و لە ئاسمانی ساماڵی تاراندا ئەستێرەکان ئەتووت دواپین دەرفەتیانە بۆ درەوشانەوە. لە سایەی سەری ئیدیسۆن، لە ژێر ئەو قوبەیەی کە وەکوو دەوارێک لە سەر ئەستێرەکە هەڵدرابوو، تەواو ڕۆژ بوو. هەوا قەتیس و زۆر گەرم بوو و تەنانەت شنەبایەکیشی نەدەهات. بەگشتی ئەم حاڵەتە لە باکووری تاران کە هاوینان هەمیشە دوو سێ پلە لە شوێنەکانی دیکەی ئەو شارە فێنکترە، کەم ڕوو دەدات. هەڵمەت و ئیلهام یەک لە دوای یەک خۆیان شاردبووەوە. دایکی سارا کە کەم کەم خەریک بوو لە مەلەکردن پەشیمان ببێتەوە، هەستایە سەر پێ. هەستی کرد جلەکانی لەبەر عارەق نووساون بە لەشیەوە. چوار پێنج پەیکی بچووک زیاتری نەخواردبووەوە (نا بۆ ئەو زۆر نییە)، بەڵام لاشەی قورس ببوو. لاقێکی هەڵدەهێنا و قورسایی لەشی ئەخستە سەر و ئینجا لاقەکەی تری هەڵدەهێنا و وەکوو ماینی کەحلان ئەو شوێنانەی لەشی کە هێندەک گۆشتنتر بوون، لەرەیەکی وردیان دەهات. بەو پێڵاوە بەرزانەوە، تەنانەت لە سارایش جوانتر بەڕێدا دەڕۆیی. سێ چوار هەنگاوی تا لای هیوا هەڵگرت و گەڕاوە. کراسە درێژە تەنکەکەی لە چەن شوێنێکەوە دەنووسا بە پێستیەوە و لە ژێر تیشکی گڵۆپەکان، ئازای ئەنامی لە پشت ئەو پەردە ناسکەوە دیار بوون. هیوا لە گێژەنی پێچ و خەمی کەمەریدا هەرچەن هەوڵی ئەدا، نەیئەتوانی سەیری ئەو تابلۆ بێوێنەیە نەکات و

تەنانەت کاتێک کە دیسان گەڕاوە و تا بەردەمی هیوا هاتەوە، ئەو هەر چاوی لە سەر وردەکارییەکانی لەشی بوو. ژنە سەیری هیوای دەکرد و هیوا چاوی لە سەر گۆی مەمکانی ئەو بوو کە لە هەر هەنگاوێکدا لەرەیەکی دڵبزوێنیان دەکرد. بزەیەک هاتە سەر لێوی شۆڕەژن، کە بێدەنگ بە خۆی دەوت: نا، هێشتا خوێنی جەوانی بە لەشتدا دەگەڕێ. بەڵام ڕەنگە نەزانێت کاتێک کە جەوانتریش بوو، قەت بە قەد ئەم ساڵانەی تەمەنی کە ئێستا تێیدایە، جوان و بۆ پیاوان سەرنجڕاکێش نەبووە.

ئەوەندە لە هیوا نزیک بووەوە، کە لۆیەکی کراسەکەی لە ئەنیشکی خشاند و دیسان گەڕاوە، وتی: "من زۆرم گەرمایە، ئەبێ خۆیەک بە ئاودا بدەم." هاوکات گرێیەکی بچووکی لە پشتەملی کردەوە و کراسە تەسکەکەی لە سەر شان و قۆڵی داماڵی و لە سەر سینگی داخزاند و بەری دا. وەکوو کاتێک کە پەردە لە سەر پەیکەر لا بدەی، کراسەکەی کەوتە خوارەوە. لاقی هەڵهێنا و لە نێو بازنەی کراسەکە کە ئێستا کەوتبووە سەر عەرز، هاتە دەرەوە.

نازلی لە بەرخۆیەوە وتی: هەر ئاواش دڵی عالەمێکت بردووە، پێویست نەبوو لەوە زیاترمان پیشان بدەی.

یەک دوو هەنگاو چووە پێشەوە و بەبێ نازونووز خۆی تێ هاویشت. سارا دەرفەتی گیر هێنا و سیگارییەکی حەشیشی دا بە دەست هیواوە و وتی: "ماسی گەڕاوە بۆ نێو ئاو." هەر وا کە دایکی مەلەی دەکرد، خۆیشی جارجار سیگارییەکەی لە هیوا دەسەند و مژێکی لێ دەدا. نازلی بۆ ئەوەی کە شتێکی وتبێت، پرسیاری کرد: "ئەو دووانە خەریکی چین، چییان لێ هات؟" سارا بەپێکەنینەوە وتی: "دوو کۆتری عاشق لەم کاتانەدا چی ئەکەن؟" هیوایش لەگەڵ سارا وەپێکەنین کەوت. نازلی

هەناسەیەکی هەڵکێشا و وتی: "عیشق کوا لە سەر ئەم عەرزەیا هەیە! ئەگەر هەبێ، شتێکی ترە ناوی عیشقیان لێ ناوە."

سارا وتی: "ئەم نازلییەی ئێمە، زۆر لە ژێر کاریگەریی مەولانا و شتەدایە."

- مەولانا و شتە؟ چۆن دڵت دێت ناوی مەولانا ئاوا بەسووکی دەهێنی؟

هیوا سەیری دایکی سارای دەکرد کە چۆن وەکوو ماسی، بێدەنگ و نەرم بە نێو ئاودا ڕائەخوشی و ئەڕۆیشت و ئەهاتەوە. نازلی و سارا هەر وا مشتومڕیان بوو کە هاتە کەنار و ئەنیشکی لە سەر لێواری ئەستێرەکە دانا. هێندەک لە قسەکانی ئەوانی بیستبوو، بە دەنگێکی بەرز کە سەرنجی هەمووان ڕابکێشێ و قسە بەوان ببڕێت، وتی: "بۆیان دەگێڕامەوە، لە باخەکەی ئەولا کە مزگەوتێکی لە تەنیشت بوو، باوکت سەگێکی بوو کە بە دەنگی بانگدان و بە مەلایان دەوەڕی. ئەیانوت هەر بانگ بدرایە، یان هەر جلی مەلایانەی بدیبایە، دەوەڕی. تەنانەت جاری وا بوو چەن دەقەیەک پێش بانگدان، بێدەنگیی لێئەکرد کە لەگەڵ دەستپێکی بانگدان دەست بکات بە وەڕین. باوکیشت زۆری کەیف پێ دەهات و قاقا دەیدا لە پێکەنین. جارێکیشیان بەقەستی بەری دابوو کە مەلایەک بگرێت. دوای ڕووخانی شا، سەگەکە هەر وەکوو جاران و لە سەر بەزمەکەی خۆی بوو، بەڵام باوکت ئیتر قاقای لێنەدەدا. تا ڕۆژێک لە ترسان بردی و کوشتی."

هەڵمەت و ئیلهام لە ناوەڕاستی قسەکانی دایکی سارادا گەڕانەوە.

دایکی سارا میهرەبانانە سەیریکیانی کرد و دریژەی بە قسەکانی دا: "ئەتوانین بلێین ئەو سەگە عاشقی ئەو کارەی خۆی بوو، بەڵام باوکت؟ هیچ نەبوو. تەنیا بەندەی جەو بوو، وەکوو گوڵەبەڕۆژە وا بوو."

- تۆیش کەمێک وا بووی، دایکە.

- ئۆهـ ناترسم کە بڵێم وا بووم. ناو من لە خاڵە لاوازەکانی خۆم ناترسێم کە بمهەویَ بیشارمەوە. بەڵام من قەت بەنیسبەت ئەو شتانەوە هەڵوێستم نەبوو، ئیدعایەکیشم نەبوو، نە وەکوو ئەو سەگە بە شتێک دەوەڕیم و نە وەکوو باوکت بە وەڕینی سەگەکە دڵخۆش دەبووم و نە دواییش لە وەڕینی سەگەکە ترسام و نە هەوڵیشم دا بیکوژم. ئۆهـ کچم، من ژن بووم لەم دنیا پیاوانەدا. ئەم ئاوە بکەیتە هەر قاڵبێکەوە، تێی دەچێ، چونکا زات و خەسڵەتی وایە. من وەکوو ئەم ئاوە بووم. من دەکرامە نێو قاڵبەوە و ناچار بووم کە لەو قاڵبەدا بگونجێم. ئەمە جیاوازیی هەیە لەگەڵ ئەوەی کە بە هەموو بایەک شەن بکەی.
قسەکانی کە تەواو ئەبێ، دەیهەوێ لە ئەستێرەکە بێتە دەرەوە، هیوا بەپرتاو هەڵئەستێ و خێرا دەستی ئەگرێت و بە هەموو هێزی خۆیەوە هەڵیئەکێشت و هێواشێک بە گوێیدا ئەچرپێنێت: "ئیتر مەخۆوە، خەریکی هەڵیتوپەڵیت ئەڵێی."

تەماشایەکی هیوای کرد و سەری لەو هەمووە جەسارەتەی هیوا سووڕما. چۆن هاوڕێی کچەکەی، دەوێرێ پێی بڵێت مەخۆرەوە و لەوە خراپتر بڵێت، خەریکی هەڵیتوپەڵیت ئەڵێی؟ بزەیەکی نامۆ هاتە سەر لێوی و پێوەی وشک بوو. لە سەر ئەو کورسییەی کە پێشتر هیوا لە سەری دانیشتبوو، دانیشت. چەن چرکەیەک ڕاما و دوای ئەوەی کە قسەکەی لە زاریدا هەڵگێڕوداگێڕ کرد و دڵنیا بووەوە کە زمانی تێکەڵ نایەت، وتی:

"ئا... تەنیا دەمویست پێتان بڵێم کۆتایی عاشقی، لە کۆتایی ئەو سەگە باشتر نابێت."

نازلی کە زیاتری خواردبووەوە، بەڵام بەزۆر هەوڵی دەدا کە سنووری ڕێز و حورمەت نەشکێنێ، وتی: "باشە، بەڵام لانی کەم لە ڕێگای حەقیقەت و عەشقدا ئەمری."

- کام عەشق و حەقیقەت! بەقەد دانەدانەی مرۆڤەکانی سەر زەوی، حەقیقەت هەیە. هەرکەس شتێک بە عەشق و حەقیقەت دەزانێت، ئەمە یانی هیچکامیان موتڵەق نین، یانی هیچکامیان ڕاست نین. تەڕی لێ حاڵیت. عارفەکان بۆ خۆیان قسە دەکەن، کیژۆڵە.
ئیلهام کە کەم کەم لە باسەکە حاڵی ئەبێت، ڕوو دەکاتە دایکی سارا و ئەڵێ: "یانی بە ڕای ئێوە عیشق درۆیە؟"

دایکی سارا لەگەڵ خۆی بیری کردەوە: "چەن پرسیارێکی سووک و ڕووکەش و گەمژانەیە." ئینجا بەسووکەسەرییەوە وتی: "تا بە چی بڵێین ڕاست؟" سارا بێ ئەوەی کە بیهەوێ لایەنی دایکی بگرێت، وتی: "سەیر کە هەمووومان بەشی خۆمان خوێندەواریمان هەیە، نامهەوێ بڵێم من زیاتر تێئەگەم یان شتێ، بەڵام بیر لەوە بکەوە ئەگەر هەموو خەڵکی ئەم کۆمەڵگایە بەشوێن ئەو عیشقە ئیلاهییەی کە عارفەکان باسی ئەکەن بکەوتنایە، چی ئەبوو؟ ئیتر کۆمەڵگایەکمان نەدەبوو، هەر کەسە بۆخۆی لە سووچێکەوە خەریکی فەنا فیلا بوو. (پێکەنین)

نازلی کەمێک بەتووڕەییەوە ئەڵێ: "بەڵام ئەوە سەفسەتەیە، کەی هەموو کۆمەڵگا بەدوی ئەو شتانە دەکەوێت؟"

- بەڵام بە شێوەی ئایدیالێک کە تۆ مەبەستتە، ئەبێ وای لێ بێت.

دایکی سارا کە فێنک بووەتەوە و هەوساری زمانی دیسان کەوتووەتەوە دەستی، بە حاڵەتێکی مێهرەبانانەوە ئەڵێ: "سەیر کە کیژۆڵە (ئەم کیژۆڵە وتنەی ڕاست لە ئاڕاستەی بچووککردنەوەی نازلیدا دەڵێت)، لەوە گەڕێ هەموو کۆمەڵگا بەدوی ئەم شتە دەکەوێت یان نا، بەڵام هەر ئەو کەسانەش کە بەدوی ئەم بەزمانە دەکەون، ئەزانی چەندە زیان بە کۆمەڵگا دەگەیەنن؟ ئەوانە دەبێ هێزی کاری کۆمەڵگا بن، بەڵام شەو و ڕۆژ لەبیری ماشوقەکەیاندان. وەکوو دیکەش نییە کە کابرا کچێکی خۆش بوێت، چونکا بەهەرحاڵ لە کاتێکدا یان پێی دەگات یان پێی ناگات و یەکی تر دەدۆزێتەوە و لە ماوەیەکی کەمدا دەگەڕێتەوە بۆ ژیانی ئاسایی. ئەمانە قەت بە ماشوقەکەیان ناگەن، بۆیە لە پێشچاویان ناکەوێ و هەتا دەشمرن، واز ناهێنن. جگە لەوەی کە ئەمانە ڕێکلام بۆ شێوەی ژیانی خۆشیان دەکەن و بەردەوام وەکوو گرێیەکی سەرەتانی بڵاو دەبنەوە و مورید لە دەوری خۆیان کۆ دەکەنەوە و دوکان و بازاڕ دادەنێن، بۆچی؟ چونکا ئاسانترین شێوازی ژیانیان هەڵبژاردووە. ئەگەر زۆر بەغیرەت و کۆمەڵایەتی و بەرپرسیار بن، نانی خۆیان دەردێنن، بەڵام زۆربەیان لە ڕێگای موریدەکانیانەوە وەکوو شا دەژین و خوێنی کۆمەڵگا دەمژن. یان بە سواڵ و سەدەقە و نانەسکێ دەژین و کەمترین بەشدارییان لە سازکردنی کۆمەڵگایەکی باشتردا هەیە، کە دیسان هەر ژیانێکی زاروییانەیە."

سارا لە جێگاکەی هەڵدەستێت و بەرەو هیوا دەڕوات، کە کەمێک دوورتر وەستاوە و پاڵی داوە بە ئاسنی جۆلانێکەوە، پشتاوپشت خۆی لە باوەشیدا جێ دەکاتەوە. هیوا دەستی لە ژێر سینگی سارا بەیەکەوە هەڵدەپێکێ و پشتەملی ماچ دەکاتەوە. دایکی سارا هەر وا کە بە چاو وەدوی کچەکەی کەوتبوو، وتی: "ئەمە ئەو فکرەیە کە مەلای ئەمڕۆی ئێرانی دروست کردووە."

- هەڵبەتە لەگەڵ ئەوەدا هەم کە کەڵکی خراپ لەو بابەتە وەرگیراوە...

- کەڵکی خراپ وەرنەگیراوە... کچۆڵە، زاتی بابەتەکە ئەوەیە. کەسێک کە عاشقی شتێک ئەبێ کە نە خۆی و نە کەسی تر نەیدیوە، بەدڵنیاییەوە نەخۆشە و مەترسیدار. لەوانەیە شەوێک لە خەودا ببینێت کە دەنگێک پێی ئەڵێت، برۆ ئەو شارە ئاگر تێ بەردە. ئەمە تازە بۆ ئەوانەیە کە ڕاستگۆن و بەڕاستی تووشی وەهمی عاشقایەتی لەگەڵ خودا بوونە. دەنا ئەوانەی دیکە کە سواری شەپۆلی کەرێتیی کۆمەڵگا ئەبن، ئیتر ئافەتی کۆمەڵگان. چارەڕەش ئەو کۆمەڵگایە، کە وەها کەسانێک سواری بن. دابەزینیان بۆ نییە، چونکا بەردەوام ئاو دەکەنە ئاشی نەزانی و گەمژەیی خەڵکەوە.
نازلی کە لە بەرانبەر هەموو ئەو شتانەی وا دایکی سارا هەیبوو و توانای قسەکردن و موناقشەشی پێ زیاد ببوو، کورتی هێنابوو، ڕووی کردە هیوا و بەزەلیلییێکەوە وتی: "ئاغە هیوا، ڕای ئێوە چییە؟"

هیوا خۆتێهەڵسووانی سارا نەیتوانیبوو پێش لەوە بگرێت کە گوێ بۆ موناقشەکە شل بکات، بە پێکەنینەوە وتی: "لەو باسەدا حەز ناکەم لایەنی هیچکامتان بگرم، بەڵام من دروشمی ژیانم ئەمەیە: هەر چۆن حەز ئەکەن بژین، تەنیا ئازارتان بۆ خەڵک نەبێت. هەمووی هەر ئەوەیە... – سارا لا ئەکاتەوە و ماچێکی چناکەی هیوا ئەکات– قسەیەکی زۆر گشتییە؟ کەواتە سەر کەوتم."

هەڵمەت بانگی هیوای کرد و دووبەدوو ڕۆیشتنە ئەوبەری ئەستێرەکەوە. کچەکان هەر وا خەریکی مشتومڕ بوون.

## .٣٨

سیگارێکی هەڵکرد و دای بە دەست هیواوە و یەکێکیشی بۆ خۆی داگیرساند.

- هیوا، بەرنامەت چییە؟ ئەتەوێ چی بکەی؟
- چۆن؟ مەبەستت چییە؟
- خۆت ئەزانی، مەبەستم ژیانتە، ئەتەوێ چی بکەی؟
- بەرنامەم کە زۆرە، بەڵام زۆریان دژبەیەکن، بۆیە جارێ زۆر درێژماوە بیر ناکەمەوە.
- ئەتەوێ هەتا مردن...
- سەیر کە هەڵمەت، من ئەم چەن ڕۆژە کە لێرەم، موناقشەی هیچ شتێکم لەگەڵتا نەکردووە. بە توانج و فشەوە بە منت وت خاین، وتم قەیناکا تایبەتمەندیی حزبیبوونە. بڕیارت داوە بڕۆی بۆ شاخ، بە هەموو خۆشەویستییەک کە بۆتم هەیە و دەترسم شتێکت بەسەر بێت، تەنانەت یەک چرکەش هەوڵم نەداوە پەشیمانت بکەمەوە. بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ئەمانە، تۆیش هەوڵ بدە کاتێک کە لەگەڵ مندا قسە ئەکەیت، لە سەرەوە سەیرم نەکەیت، چونکا خۆت ئەزانی کە ئەوەی کە ئەبێ لە سەرەوە سەیر بکات، تۆ نیت. ئەمەی کە ئەڵێی ئەتەوێ تا مردن نازانم چی... بەو مانایە دێت کە تۆ پێت وایە من ژیانێکی بێهوودە تێئەپەڕێنم و ئەمە...
- مەبەستم ئەوە نەبوو...
- با، ڕاست مەبەستت ئەوە بوو.

هەڵمەت هەناسەیەکی هەڵمژی، چەن چرکەیەک هیچی نەوت، ئینجا هەر وا کە سەیری کچەکانی دەکرد، وتی: "باشە، ڕاست ئەکەی مەبەستم ئەوە بوو. نازانم بۆ ئەشێ تۆ ئاوات بەسەر بێت؟ بۆ ئەشێ ئاوا بەیەکجاری واز لە هەموو شتێک بێری..."

- من هەموو شتێک ئەبینم، هەڵمەت. زیاتر لەوەی کە بیری لێ بکەیتەوە، من بەردەوام بیر دەکەمەوە. بەردەوام ڕەخنە لە خۆم دەگرم و هەوڵ ئەدەم بەردەوام تازە و بەڕۆژ بم. هەموو ئەو داڵغە و مژوڵییەتەی تۆ لە مێشکتا هەتە، منیش هەمە و لەگەڵ ئەوەیش هەموو شتێک لە چەندین ڕەهەندەوە سەیر دەکەم، بەڵام بە پێویستی نازانم بەردەوام بۆ هەموو کەس پاکانە بهێنمەوە، ئەبێ تێبگەی کە من ئەمەوێ بۆخۆم بژیم. وەکوو جاران و زیاتر لە جارانیش هەست بە بەرپرسیارێتی دەکەم، بەڵام ئەمەوێ بەم دنیابینییەمەوە، ماوەیەکی زیاتر تامی ژیان بکەم. حەز ئەکەم ببینم.

- باشە، بەڵام زیادەڕۆیی...

- نازانم مەبەستت لە زیادەڕۆیی چییە؟ کێشە ئەوەیە کە تۆ وشەیەکت بەدەمەوە گرتووە، کە خۆم بۆتم فڕ داوە. ئەمە ئازارم ئەدات. نەک لەبەر ئەوەی کە چاوەڕوانی زیاترم لە تۆ هەبێ، بەڵکوو لەبەر ئەوەی کە تۆ لە ژێر کاریگەریی مندا بووی و ئەم هەڵمەتەی کە ئێستا ئەیبینم، دەمترسێنێ. یانی بەڕاستی من بووم بە هۆی ئەوەی، کە تۆ هێندە دوگم بیت؟

- من دوگم نیم، تەنیا ئەمەوێ مرۆڤە باشەکە بم. بەهەرحاڵ، دنیا هەتا بووە شەڕ بووە، شەڕی تاریکی و ڕووناکی، شەڕی خێر و شەڕ، من نامەوێ بۆ یەک چرکەیش لە بەری ڕووناکی بترازێم و ئەمە بۆ تۆیش بە ئاوات ئەخوازم.

هیوا مژێکی تری لە سیگارەکەی دا و فڕێی دا. هەڵمەت دەستی کردە ملی و وتی: "گوێچکە بە، من و تۆ ساڵەهایە ڕفێقین و لەم ساڵانا زۆر بەرزی و نزمیمان بەیەکۆ دییە، زۆر کێشە و دڵئێشانیشمان لە ناوا بووە و هیچکاممان بە خۆمانمان نەخستە. بەهەرحاڵ، وتمان ڕفێقین، ڕفێقیش ئەشێ جەور ڕفێق بکێشێ، بەڵام... نازانم لەوانەیە، چونکا ئەزانم ڕەنگە

ئیتر یەکتری نەبینینەوە، کەمێک هەستیار بوومەتۆ. تەنیا پێت ئێژم، هۆشت بە خۆتۆ بێت.

بێدەنگی باڵی بەسەر هەردووکیاندا کێشاوە، بەڵام کچەکان لەوبەری ئەستێرەکەوە هەر دەنگیان دێت. هیوا سیگارێکی تر لە هەڵمەت ئەسێنێ و ئەڵێ: "سەیرێکیان بکە. ئەو دیمەنەت پێشتر نەدیوە؟ ژنە ڕووتەکان کە خەریکن پێکەوە قسە و مشتومڕ ئەکەن..."

هەڵمەت بزەیەکی کرد و وتی: "با، دیمەنێکی ئاشنایە. لەوە گەڕە، ئێژم هەمیشە پرسیارە بۆم، بۆ ژن ناهێری؟"

- پێشتریش ئەم پرسیارەت کردووە.
- ئەرێ، بەڵام وڵامێکم وەرنەگرتە.

هیوا بزەیەکی نیشتە سەر لێو، وەک بڵێی لەگەڵ خۆی قسە ئەکات، وەڵامی دایەوە: "من بۆ ژن ناهێنم؟ ڕەنگە لەبەر ئەوە بێت کە دەترسم. ئەزانی، کەسانی وەک من لە بنەڕەتەوە ڕاوچین. ڕاو ئەکەن، بەڵام نایانهەوێ ڕایگرن. وای دابنێ پڵنگێک کە کاری ڕاوکردنە، ناچار بکەی کە لەگەڵ ئەسپێکدا بژی کە خۆی ڕاوی کردووە. وای دابنێ لێرەدا ڕاوکردن بە واتای خواردن و کوشتن نەبێ، مەبەست هەمان گرتنییەتی. سەرەتا ئەبێ لە پڵنگەکانی هاوڕێی خۆی بترسێ کە ئەسپەکە بۆ خۆیان ڕاو نەکەن، جا لە هەموو ڕاوچییەکی تر. ئیتر ناتوانێ ڕاو بکات، چونکا ناتوانێ لای ئەسپەکەی جێ بهێڵێت، بەڵام ئەمە کێشەی سەرەکی نییە، کێشەی سەرەکی ئەوەیە کە ئەبێ لەگەڵ ناخ و زاتی خۆیدا بەشەڕ بێت. ڕەنگە ڕاوچییەک بتوانێت واز لە ڕاوکردن بهێنێت، بەڵام ناتوانێ زاتی خۆی بگۆڕێ. زاتی ڕاوچی، هێرشبەرە نەک پارێزەر. ڕاوچییەک کە ببێت بە پاسەوان، ئیتر هیچی نامێنێ."

- ڕەنگە هەر ئەمە جیاوازیی سەگ و گورگ بێ. سەگ ئەکرێ پەروەردە بکرێت و ببێتە پاسەوانێکی بەوەفا، بەڵام گورگ قەت. ئەکرێ ئاوایش سەیری بکەین: ڕاوچی بۆیە ژن تێرێ، کە تەک زاتی خراوی خۆیا شەڕ بکات.
هیوا پێکەنینێکی کورتی هات و وتی: "زاتی خراو؟ دەی ئەمەیش قسەیەکە، من کە نامهەوێ دەستەمۆ بم."

هەڵمەت لەبەر ئەوەی کە گرژی لە نێوانیاندا ساز نەبێ، پێش بە خۆی ئەگرێت و ئەو باسە درێژە پێ نادات، بەڵام بە پێکەنینێکی "من دەزانم و تۆ نازانی" کەمێک سەیری هیوای کرد، کە تێیبگەیەنێت لەگەڵی هاوڕا نییە.

چەن چرکە دواتر، هەردووکیان بێدەنگ بوون. هەڵمەت چاوی بڕیبووە ئاوەکە و زەردەخەنەیەکی لە سەر لێو بوو. وەکوو ئەوەی کە شتێکی وەبیر کەوتبێتەوە، ڕووی کردەوە هیوا و وتی: "کە ئەو ژنە هات، لە ئاوەکە بێتە دەرۆ. بۆ ئاوا بەپڕتاو هەڵسای و دەستیت گرت و لە ئەستێرەکە هەڵتکێشا سەر؟ زۆر لەناکاو و نائاسایی بوو، لەوساوە بیری لێ ئەکەمۆ. شێوازێکی تایبەت بوو، وەکوو کەسێک نەبوو کە ئەیەوێ یارمەتیی کەسێک بات. نازانم ناوی بنم چی؟ لێگەڕە... گەوجانە بوو، هەر نازانم بۆچی پرسیاریشم کرد..."

هیوا هەر وا کە لە دوورەوە سەیری دایکی سارای دەکرد کە وەکوو شاژنێک لە سەر کورسییەکەی دانیشتبوو، وتی: "ترسام کاتێک کە خۆی هەڵدەکێشێتە سەر، لاوازی بنوێنێ. نەمویست ئەو تابلۆ بێعەیبە، خەوشی تێکەوێت. ترسام کاتێک کە ئەیهەوێ لە ئاوەکە بێتە دەرەوە، بەزەییم بە لاوازی و بێهێزیی لەشیدا بێتەوە، ترسام لە بەرچاوم ببێت بە پەریی دەریاییەکی "بەزەبزوێن"."

- ئەو لەشولارە چوستوچالاکە ئەو هەیەتی، بە دووری ئەزانم هاتنەدەر لە ئاو، ئەونە بە لایۆ گران بێت، بەڵام بۆ ئەشێ ئەم بابەتە گرنگ بێت بۆت؟

- خۆیشم هەر وا بیرم ئەکردەوە، بەڵام نەمدەتوانی ڕیسک بکەم. ئەزانی من قەت بە ڕووانگەی مەجنونەوە سەیری لەیلاکان ناکەم و بچووکترین عەیبێک لە هەر لەیلایەکدا ببینم، لە پێشچاومی ئەخات. پێویستە لە مێشکی خۆمدا بیهێڵمەوە، کە بتوانم پێوەرێک دیاری بکەم. پێوەرێک کە بوونی هەیە، پێوەرێک بۆ کەماڵ. کەس چووزانێ، ڕەنگە ڕۆژێک شێعرێکی بۆ بنووسم.

- کەماڵ بە چی ئێژی؟

- کەماڵ بە زۆر شت ئەوترێ، بەڵام لێرەدا مەبەستم لانیکەم کەماڵی جوانیی ڕوواڵەتییە. سەیری بکە، هیچ شتێک لە جوانی نییە کە لەو ژنەدا نەبێت.

- کەواتە عاشقی بووی؟ چونکا جەماڵەکەی لە کەماڵایە؟

- نا نا، ڕاست بەپێچەوانەوە. عاشقبوون، کوشتنی حەقیقەتە. من تەنانەت لە یەکەم چرکەوە کە دیتم هەتا ئەو کاتەی کە ویستی لە ئەستێرەکە بێتە دەرەوە، هەوڵم ئەدا لە ڕووخسار و جەستەیدا عەیبێک بدۆزمەوە، هەوڵم ئەدا ڕەخنە لە جوانییەکەی بگرم. تەنانەت کاتێک کە کراسەکەی داکەند، خۆشحاڵ بووم کە ئێستا پەڵە چەوری ژێر پێستی کەمەر و سمتی ئەبینم و گەڕان بە کۆتایی ئەگات، بەڵام ئەو عەیبەشی نەبوو. کە ویستی بچێتە نێو ئاوەکەوە، وتم ئێستا نازونوزی بڵحانەی لێ ئەبینم و مەلە نەزانین و شڵپەشڵپ ئەبینم، کەچی جەستەی کە ئەڵێی پەیکەرێکی بەردینە و ڕێ دەکا، وەکوو مارماسی بێ خشپە بە نێو ئاوەکەدا ڕاخوشی. هاتە کەنار ئاوەکە و لە بەردەممدا سینگی نایە سەر

لێواری ئەستێرەکە، دوو گۆی جیهانبین بوون، ئەتوانم بڵێم دڵنیام کە ئەو کارەی بۆ دڵبەری نەکرد، ویستی پێم بڵێ: "سەیر کە! هەتا ئەتوانی سەیر کە، هیچ شتێکم بۆ شاردنەوە نییە." بۆیە کە ویستی بێتە سەر، نەمتوانی ڕیسک بکەم و یەک چرکەشم بەفیڕۆ نەدا. ترسام لاوازیی لێ ببینم و بتەکەم بشکێ. دەستیم گرت و بە هەموو هێزی خۆم هەڵمکێشا، بەڵام کاتێک هاتە سەر، بە گوێیدا وتم: بەسە خەریکی هەڵیتوپەڵیت ئەڵێی. هەڵمەت پێکەنی و پێکەنینی بوو بە قاقا. سیگارەکەی فڕێ دا و وتی: "باشە، هێشتا هەر هیواکەی جارانی، ئەرخەیان بوومەوە."

لەگەڵ هیوا ڕۆشتنەوە بۆ لای کچەکان، کە هێشتا خەریکی دەمەقاڵە بوون. هەڵمەت وتی، واز لەو باسانە بهێنن، ئەمەوێ دیسان باڵتان بۆ ببرژێنم. نازلی، شووشەیەکی تریش هەڵچرە. ئەمشەو تا بەیانی ئەخۆینەوە. دەستی ئیلهامی گرت و وتی من ئەچم خەڵووز دێنم، باڵەکانم لە شیش داوە، بڕۆ لە نێو بەفرگرەکە دەریبێنە. وەک بڵێی هەموویان لەو باسە ماندوو بووبێتن و لە خودایان بوو کەسێک پێیان ببڕێت، خێرا کۆتاییان بە باسەکە هێنا و جووڵەجووڵیان پێکەوت.

نازلی هەستی دەکرد سەری دێشێت، شووشەیەک ویسکی هێنا و ڕۆشت کە سەهۆڵ بهێنێت. سارا وتی: "با منیش بچم لاپتۆپەکە بهێنم، ئاوا بێ موزیک خۆش نییە." هیوا کە گەرما بێتاقەتی کردبوو، جلەکانی داکەندەوە و وتی: "منیش خۆیەک تەڕ ئەکەم و دێمە یارمەتیتان." خۆی خستە ئەستێرەکەوە و جارێک خۆی بە ئاوەکەدا ژەند و هاتەوە سەر و دیسان چووە خوارەوە و سەری لە بن ئاو ڕاگرت. کاتێک کە سەری هەڵێنا، دایکی سارا بە لێواری ئەستێرەکەوە ڕاوەستابوو. هیوا وتی: "مارال خانم چۆنە؟"

- خانمەکەی لا بەرە، وەرە کێبەرکێیەک بکەین. سێ جار ئەمسەر و ئەوسەری ئەستێرەکە. گریو ئەکەم، لێتی ئەبەمەوە.
- نایبەیتەوە.
- ئەیبینی کە ئەیبەمەوە، لە سەر چی؟
- هەر شتێک تۆ بڵێی.
- باش.
- باش.

## ٣٩.

هەڵمەت کە گەرمای مەنقەڵەکەش لێی دەدا، تەواو ڕەش مەست ببوو، قسەی خۆش کردبوو و وەبەر کەسی نەدەخست. سارا و ئیلهام بە دەنگی "ئاغاسی" کە دایکی سارا زۆری حەز لێ بوو، سەمایان دەکرد و نازلییش کە سەری دێشا، لە ژوورەوە ڕاکشابوو. سارا ڕۆشت هەواڵێکی بزانێ، دیتی خەوتووە، چەرچەفێکی ناسکی پێدا دا و دوو جار ماچی کردەوە و گەڕاوە. لە گەڕانەوەدا دیتی دایکیشی هەستاوە، کراسەکەی کردووەتەوە بەری و لەگەڵ ئیلهام سەما دەکات.

هەڵمەت بە کوردی بانگی کرد و وتی: "هیوا، بەشەرەف ڕاس ئەکەی سالار... سالارە." هیوا فریا نەکەوت وەڵامی هەڵمەت بداتەوە، سارا دەستی گرت و بەزۆر هەڵیساند کە لەگەڵیان سەما بکات. ئیلهام هاتەوە بۆ لای هەڵمەت، پێکێکی تری بۆ تێ کرد و دای بە دەستیەوە.

هیوا باشی نەدەزانی. کاتێک کە سەما دەکەی، خراپترین شت ئەوەیە کە خۆت ڕەق بکەی. جووڵەکانت نابار و ساختە دێتە پێشچاو. ئیلهام و سارا زۆر جوان سەمایان دەکرد. دایکی سارا هێندە جووڵەکانی نەرم بوون، کە ئەتوت پێی لە سەر عەرز نییە. هەڵمەت خێرا خێرا دەیبرژاند

و هەر وا بەمەستی قسەی دەکرد. ناوەناوە هەر کامەیان دەهاتن و شیشێکیان هەڵدەگرت. دایکی سارا ڕۆشت کە شیشێک هەڵگرێ، بەڵام هەر لەوێ لە لای هەڵمەت ڕاوەستا و نەگەڕاوە نێو سەماکە. زۆری پێنەچوو کە هەڵمەتیش هاتە نێو سەماکەرانەوە و زۆریش جوان سەمای دەکرد. هیوا لێیان جیا بووەوە و سارا و ئیلهام کە ماندووبوونیان بۆ نەبوو، لەگەڵ هەڵمەت کە بەمەستی زۆر جلف و قشت بوو، درێژەیان بە سەماکردن دا.

دایکی سارا شیشێکی هەڵگرت و دای بە دەست هیواوە، لە ژێر چاوەوە سەیرێکی کرد و وتی: "خۆ مەست نیت؟"

- نا زۆر، من کەمم خواردەوە.
- زۆریش کەم نەبوو. دەی... ئێستا من هەڵیتوپەڵیت ئەڵێم؟

هیوا پێکەنی و لەتە باڵێکی لە شیشەکە کردەوە و وتی: "ئێستا نازانم، بەڵام ئەو کاتە ئەتوت. هەڵیتوپەڵیت وتنیش خراپ نییە ها، من هەر بۆ خۆت وتم."

- دەستت خۆش بێت، بەڕاستی زەحمەتت کێشا.

دەستێکی هێنا بە شانی خۆیدا و هەر وا کە خۆی خاو دەکردەوە، بەگلەیی درێژەی دا: "هێشتا دەستم دێشێت، خەریک بوو باڵم هەڵکەنی."

- دڵت هەڵنەکەنرێ، باڵ هیچ نییە.
- نا، دڵ بە زۆری بازەڵە و مەچەک هەڵناکەنرێ.
- کەواتە بێخەم بم؟

شۆڕەژن بەجێگای وەڵام، بزەیەکی ساردی بە هیوا داوە و هەر وا بە دەم سەماکردنەوە ڕۆیشتەوە لای سارا و ئەوان.

**...ڕووداوێکی مزر:**

بە جلێکی کۆن و شندڕوپندڕ و سەروقژی ئاڵۆسکاوەوە، هەر وا کە بە دەنگی گۆرانییەک کە لە دوورەوە دەهات، شانی هەڵدەخست، لە بەرخۆیەوە بە بۆڵەبۆڵ وتی: دڵتان خۆشە، پێبکەنن بۆ خۆتان. خۆ ئێوە نەبوونەتە پەندی عاڵەمییان، بۆ دڵتان خۆش نەبێ.

هەر وا کە خۆی لێ نزیک دەکردەوە، وتی مەترسە، کەسێک کە بە لەقەی کەر مردبێت، بۆ لێترسان نابێ، هەر بۆ پێکەنین باشە.

دەمی هێنایە پێشەوە و ماچی کردەوە. بەنەرمی بەلاشاندا پاڵکەوت و خۆی دا بەسەریدا. داردەستێکی بە دەستەوە بوو، هەڵیهێنا و وتی خۆتم بۆ شل کە، دەی.

نازلی بەبێ ئەوەی کە هیچ ئیرادەیەکی لە خۆی بێت، خۆی شل کرد. کابراکە دەستی بۆ نێوگەڵی نازلی برد. نازلی هەراسان بوو. هەڵکێش و داکێشێکی ناهومێدانەی بە خۆیدا. دەیویست لە بەردەستی ڕابکات، بەڵام نەیدەتوانی. کەم کەم هەستی کرد کە ترسەکەی بێهۆیە. پیاوەگوندییەکە ڕاستەوە بوو و نازلیی وەرسووڕان و بە پشتدا پاڵی خست و هەر وا کە دەمی بۆ نێو سینگی دەبرد، بە سەریدا ڕاکشا. قورس بوو، بەڵام نازلی هەستی دەکرد حەز ناکات قەت ئەو قورسییە لە سەر لەشی لا چێ. بە دەستێک مەمکی گوشی و قورسایی خۆی خستە سەر ئێسکی ژێر سکی و نازلی توانیی تەکانێک بە سەر و سینگی بدات. تەزوویەکی مزر بە گیانیدا گەڕا و خەبەری بووەوە.

نێو ڕانی تەڕ ببوون. بزەیەکی شیرین نیشتە سەر لێوی و چاوی قوچاندەوە. چەن دەقەیەک هەر وا ڕاکشا. دەنگی گۆرانی و موزیک کە نەما، هەستا. ژانەسەرەکەی کەمتر ببوو. ڕۆیشتە حەمام و ئاوێکی بە

خۆیدا کرد و هاتەوە بۆ لای جەماعەت. هەموو بە دەور یەکەوە دانیشتبوون و دایکی سارا خەریک بوو باسی ژیانی خۆی دەکرد لە کەنەدا. "وەرە کیژۆڵە، وەرە لای خۆم دانیشە." ئیتر گرینگ نەبوو، هیچ شتێک نەیدەتوانی ئەو بزە لە سەر لێوی نازلی لا بەرێ.

**.٤٠**

سەعات لە چوار لای دابوو، هەوا کەمێک ساردی کردبوو. سارا هیوای تێگەیاند کە دایکی لێرەیە و ئەگەرچی مرۆڤێکی تێگەشتوو و کراوەیە، بەڵام نایهەوێت و ناکرێ ئەمشەو لای یەک بن. هیوا چاوێکی لێ داگرت و وتی: "پێم وا بێ بەسمانە ئیتر. ئەمشەو هەر ئاوایش شاکار بوو. تۆ بۆ هەمیشە لە بیرگەی مندا ئەمێنیتەوە." سارا کەمێک دڵتەنگ باوەشی پێدا کرد و بە گوێیدا چرپاندی: "تۆ زۆر گوڵی، بەختم هەبوو کە تۆم ناسی."

هەموو نیوەمەست و نیوەوشیار، کەم کەم بزر دەبوون. نازلی دوایین کەس بوو کە هێشتا لە لای هیوا بوو و نەڕۆیشتبوو بخەوێ. بەهەرحاڵ، سەرخەوێکی شکاندبوو و خەوی نەدەهات. ویستی بۆ هیوا بگێڕێتەوە کە چ خەونێکی دیوە، بەڵام لە ڕووی هەڵنەهات. هیوا بەو بزەی سەر لێوی نازلی کە یەک دەقەش لا نەدەچوو، زۆر شاد بوو. بەئارامی دوو جار بە سەر شانیدا دا و وتی: "بڕۆ بخەوە ئیتر، خەو شتێکی باشە."

- خەوم نایە، هەر لەخۆوە زۆر خۆشحاڵم، خەوم زڕاوە.
- چۆن؟
- نازانم، هەست ئەکەم شتێکم تێدا گۆڕاوە. بەتەمام لە یەکەم دەرفەتدا کارێک بکەم.
- بۆ وێنە چ کارێک؟

- ڕەنگە دۆستێکی کوڕ بگرم، یان بچم فێری مەلە بم.
- بڕۆ... یانی ئێستا دۆستت نییە؟ بەتەمای بڕوات پێ بکەم؟
- ئەزانم ئەمە زۆر ئاسایی نییە، بەڵام ڕاست دەکەم. لە نێوان دۆست و پەنیردا، پەنیرم پێ خۆشترە.
- کەواتە بڕۆ فێری مەلە بە.
- تۆ ئەمڕۆ زۆر لەگەڵ مندا باش بووی، مەجبوور نەبووی وا بی، بەڵام... نازانم.
- ئاخر من لە نێوان ژن و پەنیردا، ژنم پێ خۆشترە. (پێکەنین) پیاو چاکیان تێدایە؟ واز بێنە بەسە ئیتر بڕۆ بخەوە.
- تۆ ناخەوی؟

هیوا وەکوو لاساییکردنەوە وتی: "نا، ناخەوم شەیتانۆکە، بڕۆ دەی. نازلی لە هیوا چووە پێشەوە و باوەشی پێدا کرد و وتی: "بەسەرچاو." و گەردنی ماچ کردەوە و پێش ئەوەی کە بڕواتە ژوورەوە، سەیرێکی دواوەی کرد و ماچێکی بۆ فڕێ دا.

"ئەی فریشتەی پەرێشان

کە ئاوت لێنەکەوتووە، مەگەر مەترسی

خۆش ڕابوێرە لەگەڵ ئەم تیشکە کە لە تۆدا

ئەی ئاوی پەرێشان پژاو

کۆڵەکە زێڕینەیە

لەگەڵ ژیان

کاتی بە و لە تاڤگە جوانتر

کە جوانی"

**...بەشێک لە نامەیەک بۆ دۆستێک:**

"بەهەرحاڵ ئەمە خەونەکان و ئەزموونەکان و هەروەها ڕاستییەکانی ژیانن، کە ئەبنە هەوێنی گێڕانەوە. لەم نێوانەدا، ئێمە لە بەرانبەر ڕووداوە گرینگەکاندا کەمێک بەرپرسیارێتیمان زیاترە. ئەمانە پێداگرییەکی زۆر دەکەن بۆ هاتنە نێو دەق. ئەو ئەزموونانەی کە چێژی بێ بڕانەوەن. ئەمانە پێمان دەڵێن: ئەمن خۆم ناوئاخنی دەیان چیرۆکم، چۆن ئەتوانی بە هەر بیانوویەک من بسڕیتەوە؟ ئەوسەرەکەی بتوانی هێندەک ئاڕاستە و خێرایی و چۆنێتیی ڕەوتەکە بگۆڕی... ئەو سەرەکەی بتوانی چێژبەخشتر یان شاراوەتر یان نازانم چی تر بمگێڕییەوە، بەڵام ناتوانی بمسڕییەوە نا..."

هیوا سیگارییەکی داگیرساند و ڕۆیشت کە لە نێو دارەکاندا پیاسەیەک بکات. دوای ئەو هەموو دەنگەدەنگ و هەراهەرایە، ئەم بێدەنگییە بە دڵەوە دەنووسا. چەن هەنگاوێک خوارتر دار گوێزێکی لێ بوو، کە بنەکەیان وەکوو لەپی دەست تەخت کردبوو و دیار بوو سەردەمانێک زۆری لێ دانیشتوون. دەیتوانی وێنای بکات کە چیها لەم بندارە کراوە. بزەیەکی تاڵ نیشتە سەر لێوی، ئاخێکی هەڵکێشا و دانیشت و پاڵی دا بە دارەکەوە. دوو سێ مژی لە سەر یەک لە سیگارییەکەی دا و بیری کردەوە چەندە خۆش بوو ئەم باخ و ڤیلایە هی خۆی بووایە. "نا کوڕە، ئەرکی زۆرە"، لەم قسەیەی خۆی وەپێکەنین کەوت. مژێکی دیکەی لە سیگارییەکەدا دا و زۆر بەنەرمی دووکەڵەکەی دایە دەرەوە. سەرنجڕاکێش بوو. مژێکی تری لێ دا و سیگارەکەی لە سەر عەرز دانا

و دووکەڵەکەی ئارام ئارام دایە دەرەوە. کاکێشانێک لە بەردەمیدا دەمی کردەوە. لە گێژەنی کاکێشانەکەی بەردەمیدا، سەری لەگێژەوە دەهات. پێکەنینێکی مەستانە گرتبووی، کە هەر ڕایدەگرت و دەرفەتی پێی نەدەدا بەند بپسێنێ.

"پێناکەنم

ئەمە هەورەتریشقەیە

کە هەوڵ ئەدات بە زمانی چەم

لەگەڵ تاریکی بدوێ"

هێشتا دووکەڵەکە بەتەواوی نەڕەوابووەوە، کە هەستی کرد دەنگێک دێتە گوێی. دەنگی پێ بوو. کاروانکوژە هەڵهاتبوو و هیوا لە نێو دارەکاندا تاپۆیەکی بەرچاو کەوت، دایکی سارا بوو کە بانگی کرد: "تەنیایی خۆشە، بەڵام من شتی خۆشتریشم دۆزیوەتەوە."

- ئەتوانێ خۆش بێت، کات ئەگەر هەدا بدات.
- وە هەروەها منیش، کە هەدادانم بۆ نییە، ها؟

کراسەکەی گۆڕیبوو، ماکسییەکی ئەتڵەسیی پەمەیی کاڵی لەبەر بوو کە لەوە تەنگتر بوو هەتا جلی خەو بێت. کە هاتە پێشەوە، لە ژێر تیشکی ئەستێرە و ڕووناکایی گڵۆپەکانی ئەستێر کە تیشکیان هەتا ئێرەش دەگەیشت، کراسەکەی بەری کە تەواو نووسابوو بە لەشیەوە، بریقەیەکی کزی دڵڕفێنی دەداوە. دەتوت تاپۆیەکی سیحراوی دەوری تەنیوە. نووکی مەمکەکانی، پێش هەموو شتێک دەیانوت کە ستیانی

نەبەستووە. هیوا لە بەرخۆیەوە وتی: ئامادە هاتووە شارەزا[7]ی چیرۆکبێژم. بریقەی کراسەکەی وەها لە نێو تانوپۆوە دەهات، کە دەتوت ڕووناکایی نێو خۆیەتی، نەک زایەڵەی تیشکی دەرەوە. بارستێکی پەمەیی کاڵ، کە ئەیویست بتباتە نێو خۆی.

"هاتووی کە خوڵکێکی ساردم بکەی

یان بەفەرمی میوانی تۆم

بۆ برمودای ون... نا... شاراوە

کە گەرمە و شێدار

کە باوەشێکە ئاوەڵا تەنگ

بۆ شۆڕەسواری ورووژاو

بەڵام پێشتر ئەی شارەزا

چیرۆکێکم بۆ بڵێ

هێشتا شەو زۆری بەدەمەوەیە"

---

[7] – سالآنێکە کە بە شەهرزادی چیرۆکبێژ دەڵێم شارەزا. لە سەر ئەو باوەڕەم لە بنەڕەتەوە وشەی شەهرزاد لە شارەزای کوردییەوە وەرگیراوە و چووەتە نێو فارسییەوە یان هیچ نەبێ هاوتای یەکن. جگە لەمە، لەبیریشمان نەچێ زۆربەی چیرۆکەکانی (هەزار و یەک شەو) لە کوردستان و دەوروبەری ڕوو دەدەن، لەو شوێنانەی کە هەرگیز فارسنشین نەبوون و نین.

هاتە پێشەوە، لە حاڵێکدا کە دەنگی پێکەنینێکی نەرم و شۆخ لە زاریەوە ئەڕژایە نێو گوێی هیواوە.

- بۆ نەخەوتی؟
- ناوێرم.
- لە ترسەنۆک ناچی...
- لە زۆر شت ناچم.
- بەڵام لە من ئەچی.

هیوا ڕاوەستا و ڕووی کردە ئەو شۆڕەژنەی کە هاتبوو لانیکەم پیاسەی لەگەڵ بکات. دەستی کردە قۆڵی هیوا و بەڕێ کەوتن. بە دەستەکەی تری باسکی هیوای گرت و وتی: "ڕەنگە بتوانم بڵێم تۆ وێنەی پیاوانەی منی، منیش کەماڵ بە لامەوە گرینگە." هیوا کەوتەوە بیری کە هەڵمەت لە سەرمەستیدا زۆر شتی وتبوو.

- ڕەنگە لەبەر ئەمە بێت کە بەتەما نیم ئەو ئاواتەت بهێنمە دی، کە ئاوا بێخەوی کردووی و هێناوتی بۆ لای من.
- بەپێچەوانەی تۆوە، ئەمن ڕاست لەبەر ئەوە بەتەمام بیهێنمە دی.

سەری هەڵهێنا و بەبزەیەکەوە درێژەی بە قسەکەی دا: "لەبیریشت نەچێ من گرێوەکەم بردەوە."

- ناترسی بۆت دەرکەوێ کە من هەو نیم؟
- نا، من شاعیر نیم، تۆ شاعیری، شاعیر بەگومانەوە لە هەموو شت نزیک ئەبێتەوە، من مەلەوانم. مەلەوانێک کە تەنیا دەریا بە شیاوی ئەوە دەزانێت، کە مەلەی تێدا بکات.

سەرێکی هەڵبڕی و سەیری ئاسمانی کرد، پاشان هەناسەیەکی قووڵی هەڵمژی و درێژەی دا: "ئاهـ باوکی سارا... ژنی دووهەمی بووم. ئەو

دەریا نەبوو، کەشتییەکی ناتەواو بوو کە لە کەنداوێکی وشکدا لە قوڕ چەقیبوو. دەوروبەرمان ئاو بوو، بەڵام زەلکاو و من ساڵەها مەلەم نەکرد. بەپێچەوانەی ئەوەی کە ڕەنگە لە ڕوواڵەتمەوە دیار بێت، من ژنێکی سارد دێمە ئەژمار، قەت بیر لە پیاوان ناکەمەوە، بەڵام دەریا کە ببینم هەموو کارێک دەکەم کە خۆمی تێ هاوم. هەر کە دیتم، ئیتر گومانی تێدا ناکەم، مەلەی تێدا دەکەم.

- چونکا دەریا کانیی گومانە...

- وە نهێنی، نهێنی و گومان پێکەوە شتێک ساز ئەکەن. شتێکی بزۆز کە بەلێشاو و خەستتر لە ئاو ئەڕژێتە دەروونمەوە، من پی ئەڵێم ئەفسوون. ئێستا زانیت بۆ ئەڵێم لە یەک ئەچین؟

هیوا هەستی دەکرد ئەو قسانەی کە دەیبیسێ، مەنتقی نین، بەڵام دەرفەتی بیرکردنەوەی پێ نەدەدرا. کەم کەم خەریک بوو گاڵتەوگەپەکانی شۆڕەژن ڕووتتر دەبوونەوە. بەقەستی زیاتر خۆی لە بڤەکان دەدا و جارنەجارێکیش دەمی نزیک دەکردەوە و شتێکی بە گوێیدا دەچرپاند، کە تەنیا بیانوویەک بوو بۆ ئەوەی کە تینی هەناسەی لە پێستی هیوا بکەوێ. بەدەم قسەکردنەوە گەیشتنە لای کەوێڵێکی بچووک، کە چەندین ساڵ لەوە پێش باخەوانەکەیان سازی کردبوو. هەم کەلوپەل و ئامرازی کارەکەی تێدا دانابوو و هەمیش جارجارە ئەهات و سەرخەوێکی تێدا دەشکان. دوو دانە شۆڕەبیی گەورە لە تەنیشتی بوون، کە بە چڵوپۆپ و گەڵاکانیان تەواو شاردبوویانەوە. هیوا سەیری کرد قفڵێکی بچووک لە دەرگا ئاسنییەکەی درابوو، وتی: "بەڵام مەلە، خنکانیشی بەدەمەوەیە، ئەمە یەکێکە لە نهێنییەکانی دەریا..."

- من مەلەوانی چاکم، بەرگەی دەگرم. دەریای خرۆشانم خۆشتر دەوێت. ئاهـ شەپۆلەکانت... ناخنکێم، بەڵام حەز دەکەم دەریا تا نزیک خنکان بمبات و بەزیندوویی بمهێنێتەوە کەناری ئارامی، مرۆڤ ئەو کاتە

هەست دەکات تازە لەدایک بووە، خۆ لە شەپۆلی گومان دان و تێپەڕاندنی نهێنی...
کلیلێکی لە نێو دوو بلۆکی دیواری کەوێڵەکە دەرهێنا و دایە دەست هیواوە. هیوا سەیرێکی تری کرد و دەستی برد و قفڵەکەی کردەوە و و چوونە ژوورەوە. چرا لامپایەکی نەوتییان پەیدا کرد و هیوا هەڵیکرد. لە بەرخۆیەوە وتی: جوانیی هەموو دونیا (یان بەشێکی ئەو، با درۆ نەکەم) لە هەیاسەیدا خوڕەی دێت.

چەن جارێک ڕستەی نێو کەوانەکەی بە کوردی لە بەرخۆیەوە دووبارە کردەوە. بەئارامی پەنجەی لە قژی مارالّ ئالاند و بە دەستەکەی تری نێو قەدی گرت و لە سەر تەختەنوێنێکی داری کە جیرەیەکی دۆستانەی لێوە دەهات، گەوزاندی و وتی: "کاتێک کە لەم ژوورە بچیتە دەرەوە، ئیتر قەت ناتوانی مەلە بکەی."

شۆڕەژن دەستی خستە نێو قژی هیواوە و مێهرەبانانە نەوازشی کرد، پاشان پێکەنی و وتی: "قەت مەڵێ قەت."

هیوا چنگی کرد بە مەمکیدا کە لە ژێر ئەو کراسە خزەوە نووکەکەی قنج ببووە و وتی: "با بزانین."

شۆڕەژن چڵێسانە دەستی بە هەموو گیانی هیوادا دەهێنا و خۆی پێوە دەگوشی: "لە ئاساییبوون ماندوو نەبووی؟ وەرە دەرێ... ئێستا چاوەڕێی شەپۆلەکانتم، ئەی چێژی بێکۆتا. با ئێستا باسی ئێستا بکەین!"

شۆڕەبییەکان هەر وا خۆیان بە سەر کەوێڵەکەدا دابوو و بەنەرمی بە شنەی با دەشنانەوە. لە نێو باخ، دەنگی کپی عیشقبازیی دەریا لەگەڵ مەلەوانێک دەهات و دەچوو کە بە زەبری قەڵبەزەی هەر شەپۆلێک، بەرز دەبووەوە و ڕۆدەنیشتەوە و ڕادەشەکا.

"ئێستا کە خوڵکەکەتم هێنایە جێ

بەشێنەیی ڕامببوێرە

کە خێرایی

ئەم دوژمنە قەستەسەرە

لە شوێنپێی چێژ چاو ئەگێڕێ"

**٤١.**

دەنگی شنەبا و لێکسوانی گەڵای داران و بۆنی خاک و پرچی شەو کە بە وڵاتیدا داوە و شەپۆلان... شەپۆلان؟ بەدڵنیاییەوە دەنگی شەپۆل نەبوو کە هیوای وەخەبەر هێنایەوە. دڵنیا بوو کە مەودای نێوان خەوتن و هەستانەوەکەی، تەنیا بە قەد چاوترووکانێک بووە. بە خۆی وت: خەریکە ئەخەرەفێی، هەر ئەوەت مابوو...

- ئاهـ بەڵێ، منیش ئەمویست هەر شتێکی وا بڵێم.

هیوا سەری هەڵبڕی، دەنگەکە لە سەرەوە دەهات، بەڵام کەس دیار نەبوو.

- مەگەڕێ، دەنگ نابینرێ.
- تۆ کێی؟
- ئەزانی چییە... نابێ شەرمەزار بی، بەڵام بەقسەی من دەکەی ئەبێ بترسی.
- لە چی؟
- لە ڕەوتی ئاو.

هیوا بە دەوری خۆیدا سووڕایەوە، پشت دار گوێزەکەیش گەڕا. دەنگەکە وتی: "هەر کەسێک شتێک لە خۆی جێ دێڵێت، من دەنگم جێ ماوە، تۆ چی جێ دێڵی؟"

هیوا هەر وا کە بەئەسپایی خەریکی چاوگەڕاندن بە دەورووپشتی خۆی و چڵوپۆپی دار گوێزەکەدا بوو، وتی: "ژان..."

- وەڵامەکەت هەڵە بوو. هەر کەسێک شتێک لە خۆی جێ دەهێڵێت، من دەنگم جێ ماوە، تۆ چی جێ دێڵی؟
- لەوانەیە تۆ باشتر بزانیت!
- من بزانم باشترە؟

هیوا کەم کەم لە خۆی وەگومان کەوت، کەم کەم خەریک بوو نالۆژیکیبوونی دۆخەکەی بۆ دەردەکەوت، بە خۆی وت: خەونە.

- چ گرنگە ئیدی؟ تا کەی ئەبێ شتێک گرینگ بێت یان نەبێت. ئۆهـ نایشارمەوە کە پێشتر ئاوا دانەدانە قسەم بۆ نەدەهات، بەڵام دەی، هەرکەس بە پێوەری خۆی لێم ئەبیسێ، ئەمەیش هەر جۆرێک دەگەڕێتەوە بۆ ڕەوتی ئاو، باشترە ناوی بنێم لافاو...

هەر وا هەڵیتوپەڵیتی دەوت و هیوا خەریک بوو لە فرەوێژیی دەنگەکە تووشی سەرئێشە ئەبوو.

- ...بەهەرحاڵ، لەبیرت نەچێ ئەم دارە بە گوێزەکانیدا دەناسرێتەوە و ئەو دارەی تر بە سێوەکانیدا و ئەوەی تر... ئاهـ ئەوەی تر... دەی ئەو شۆڕەبییانە میوەیان نییە، بەڵام ئەکرێ بڵێین بە شۆڕبوونەوەکەیاندا ئەناسرێنەوە و هەڵبەت چەقبوونەکەیان... ئەمانە ئەم شتانە لە خۆیان جێ دێڵن. تۆ بە چیدا ئەناسرێیتەوە؟ تۆ ئەتەوێ چی لە خۆت جێ بێڵی؟

- من... ئازادی جێ ئەهێڵم.
- چی؟ ئازادی؟ تۆ چ پێوەندییەکت بە ئازادییەوە هەیە؟ بۆیە هەموو دارێک ئەبێ هەر یەک دوو ساڵ جارێک هەڵپاچرێ. دەبێ ئەو پێیەی کە لە بەرە ڕاکێشراوەتە دەرێ، ببڕێتەوە. کەست نەبووە هەڵتپاچێ...
دەنگ لە قاقای پێکەنینی دا و چەندین جار بەپەلە قسەکانی خۆی و هیوای دووبارە کردەوە و شتی تری پێ زیاد دەکرد و ناوبەناو لە قاقای پێکەنینی دەدا. هیوا دەستی گرت بە نێوچاوانیەوە و یەک بە خۆی هاواری کرد: "کەمی لێ بڵێ، مێشکم تەقی!"

ئەمجار هیوا بەڕاستی لە خەو هەستا، زۆر خراپ پاڵی دابوو بە دارەکەوە، بەڵام نە پشتی دێشا و نە قاچوقولی تەزیبوون. چاوی بە لەتەسیگارێک کەوت کە لە بەردەمیدا لە سەر عەرز کەوتبوو و دیار بوو خۆی کەمێک سووتاوە و کوژاوەتەوە. هیوا خۆی ڕاست کردەوە و هەستایە سەر پێ. بەرەوژوور وەڕێ کەوتەوە، بەڵام دوای دوو سێ هەنگاو گەڕاوە و پێی بە قنچکە سیگارەکەدا نا و پانی کردەوە. هێشتا هەر شەو بوو و هیوا بە بیرکردنەوە لەوەی کە هێشتا سیگاری ماوە، سەبووریی بۆ هات.

بانگی لێ ئەکەم: "هیوا... هیوا گیان..."

- تۆ ئیتر کێیت؟
- منم، کابرای نووسەر.
- ئەی ئەگەر ڕاست ئەکەی، ئەو دەنگە دەنگی کێ بوو مێشکی بەدم؟
- ئەوە باخەوانەکەی ماڵی سارا بوو، کە پێشتر باس کرا... یان باشترە بڵێم زایەڵەی دەنگی بوو... یان ڕەنگە شتێکی وا.

- ڕاوەستە، تۆ چۆن ڕێگە بە خۆت ئەدەی...
- لەبیرت نەچێ، من نووسەرم نەک تۆ.
- ئێستا هەست بە دەسەڵات ئەکەی؟ یانی ها من حاکمی مەملەکەتم و لەم شتانە؟
- تا ئێستا بیرم لەوەی نەکردبووەوە...
- وتم بۆچی هێندەک شت بڕواکردنیان بۆ خۆیشم سەخت بوو. بەڵام دەی... دیسانیش شتێک دروست نییە، شتێک لە جێی خۆیدا نییە... من و تۆ.
- ئەرێ پێم وا بێ ئەبێ بڵێم تۆ بەشێک لە منی، یان باشترە بڵێم من یەک دوو ساڵێک تۆ بووم... یان... واز بێنە دەی.

هیوا کە خەریکە سەرئێشە دەگرێ، ئەیهەوێ سیگارێکی تر هەڵکات، بەڵام پەشیمان ئەبێتەوە و ئەڵێ: "ئێستا چی ئەکەی؟ چی لەمشەو ئەکەی؟ بەتەمای ئەمەیش وەکوو قامکە تووتەکەت بسڕیتەوە؟"

- سڕینەوەی ئەمشەو یانی سڕینەوەی تۆ، بەڵام نایشکرێ هەر ئاوا درێژەی پێ بدەین، ئەمانە کاریگەریی لە سەر مەبەستی سەرەکی دادەنێن.

هیوا دادەنیشێتەوە سەر عەرز و سیگارێک هەڵدەکات. ئەو دەستەی کە سیگارەکەی ڕاگرتووە، هەڵدێنێ و ڕایدەوەشێنێ و ئەڵێ: "بەڵام وەکوو خۆت وتت، من بەشێکم لە تۆ، یان ئەتوانین بڵێین من یەکێکم لە خۆمەکانی تۆ. یەکێک لەو خۆمانە، کە چەندین ساڵە وازت لێ هێناوە. هەروەها بەو شێوەیەی کە تێگەیشتووم، ئەبێ هەڵمەتیش هەر وا بێت. کەس چووزانێ، ڕەنگە عەلی کونەبوویش... . کەواتە مەبەستێکت هەیە لە نووسینەوەی ئەمشەوی من، بەڵام بۆچی ڕێگەت داوە بە من کە ئاوا کاریگەریی لە سەر چیرۆکەکەت دابنێم بۆ بە هەڵمەت و ئەوانی تر ئەو ڕێگەیەت نەداوە؟ ها؟ خۆم پێت ئەڵێم، لەبەر ئەوەی کە ئەوان بڕیارە لە

ڕابردووتدا قەتیس بمێنن و ئیتر نەیەن لەگەڵت، بەڵام ناتوانی دەستبەرداری من بیت. کەواتە هێشتا سەردەمی زێڕینی ژیانت ئەفسوونت دەکات.

- نە بەتەواوی. تۆ سەردەمی زێڕینی ژیانم نەبووی. لە تۆ زێڕینتریشم بووە و هەڵبەت ئەفسووناویتریش.
هەر وا کە مژ لە سیگارەکەی دەدا، چاوەکانی زیت دەکاتەوە و بزەیەکی زیرەکانە دێتە سەر لێوی و ئەڵێ: "مرۆڤ لە هەر سەردەمێکی ژیانیدا لە شتێکدا زێڕینە، سەردەمی زێڕینی وەرزش، سەردەمی زێڕینی خەبات، خوێندنەوە، نووسین، پارە پەیداکردن و سەردەمی زێڕینی ئاشقایەتی و سەردەمی سەردەمی... سەردەمی... من سەردەمی زێڕینی چیتم؟"

- ئێستاش زۆربەی ئەوانەم هاوکات هەیە.
- نا نیتە، ئەگەریش هێندەکیت هەیە، هی ئەوەیە کە هێشتا منت تێدایە، من کوڕی سەردەمە زێڕینەکانم.
- نارسیسیست.
- کە زایەڵەی دەنگەکان تەنیا بەرەو من دێن... کە جارجارە لێم دەتۆرێن. ئاهـ دەنگەکان!

لە خەو ڕادەبم، بەڵام نەک بە داچڵەکان و پەشۆکاوی. هێواش و لەسەرخۆ پێڵووم دەکەمەوە و ڕووناکیی ژوورەکە کە ئەلێی لەمێژە لێرەیە، دەخزێتە نێو چاومەوە. هەوڵ ئەدەم بیهێنمەوە بیرم. لە نێوان خەونەکە و کاتی کردنەوەی پێڵووی چاومدا، شتێکی ڕەش ڕاوەستاوە. شتێک کە ناتوانم ناوی پەردەی لێبنێم چونکە دەڵێی گیانی لەبەرە. شتێکی بزۆز کە وەکوو هەورێکی چڕ، بەڵام ناسک لە نێوان من و بیرهێنانەوەی هەموو شتێکی شەوی ڕابردوودا ڕاوەستاوە و هەر جارە

کە ئەمهەویَ لە سووچێکەوە زەفەری پێ بەرم و ئەوبەری سەیر بکەم، خێرا جێگۆڕکێ دەکات و دێتەوە پێشچاوی بەشی وشیاری مێشکم.

## ٤٢.

سەعات لە ١٢ی نیوەڕۆی لادا بوو کە یەکەیەکە لە خەو هەڵدەستان. هیوا کترییەکی گەورەی دۆزیبووەوە و چای تێدا ساز کردبوو و لە لای جۆلانێکە نابوویە سەر مەنقەڵەوە کە سارد نەبێتەوە. پیاڵەیەک چای بە دەستەوە گرتبوو و لە نێو جۆلانێکەدا شانی دادابوو. ئیلهام یەکەم کەس بوو کە لە خەو هەستا و هاتە خوارەوە. هەر هیوای دیت کە چایی سەر ئاگری دروست کردووە، یەک بە خۆی قیژاندی: "ئاغە هیوا... عاشقتم."

- پیاڵەیەک بۆ خۆت بێنە و وەرە فریشتەی سپی.

هیوا بیری کردەوە کە ئیلهام چەندە خۆشحاڵە. کەم کەم جگە لە دایکی سارا، هەموویان لە خەو هەستان و لە دەوری مەنقەڵەکە دانیشتن. هەڵمەت کە دوێشەو زۆری خواردبووە و سەری دێشا، دوو سێ چایی یەک لە دوای یەک خواردەوە. ئیلهام بە سارای وت، دایکت بۆ هەڵنەستا؟ سارا سەیرێکی ڤیلاکەی کرد و وتی زۆر ماندووە. هەرچی بانگم کرد، هەر نەشبزوا، ماندووی ڕێگایە. نازلی کە ئەو بزە شیرینەی دوێشەو ئیتر ببوو بە بەشێک لە ڕووخساری، سەیرێکی هیوای کرد و چاوێکی لێ داگرت و وتی: "مەلەکردن ماندووی کردووە."

هیوا چاوی بڕیبووە دوور، بەو شۆخییەی نازلی وەبیر دەمەوبەیانی ڕابردوو کەوتەوە و بەم بیرەهاتنەوەی خۆی پێکەنینی هات. پاش چەن چرکەیەک وتی: "کەواتە هەموو سەفەریین، تەنیا دوو فریشتە پاک و بێگەردەکەمان لێرە دەمێننەوە." وە هەر وا بۆ وەڵامدانەوە، چاوێکی لە نازلی داگرتەوە.

دوو سێ سەعات دواتر، دایکی سارا هێشتا هەڵنەستابوو و هیوا نەیهێشت کە سارا بڕوات هەڵیستێنێ. پێشتر زۆر قسە کرابوون. پێچەوانەی ئەوەی کە بیریان لێ دەکردەوە، ماڵاواییکردنیان لە یەکتری، زۆر سادە و بەبێ گریان و شیوەن بەڕێوە چوو. هەموو شتێک پێشتر باس کرابوو و تەنیا کۆمەڵێک ماچ و نیگا و لەباوەشگرتن لە نێوانیاندا هات و چوو. هیوا و سارا زۆر زووتر لەوەی کە بیریان دەکردەوە، خەریک بوو لە یەکتری نامۆ دەبوون. نەک دەستیان نەکردە مل یەکتری، بگرە هێندەکیش بەشەرمەوە وەکوو دوو کەسی بێگانە وشەکانیان... – ئەو وشانەی کە بۆ کاتێکی ئاوا پێویستن- یان دەهێنایە سەر زمان. بەڵام هەڵمەت و ئیلهام کەمێک دووبەدوو خەڵوەتیان کرد و هەڵمەت بۆ دوایین جار ماچی کردەوە و پاشان بەیەکەوە لەگەڵ هیوا هاتنە دەرەوە.

ماوەیەک بە پیاسە هاتن، بەبێ ئەوەی کە تاقە یەک قسەیش لە نێوانیاندا بکرێ. هەتا هەڵمەت وتی کە ئەیەوێ بۆ دوایین جار "ئینقلاب" و کتێبەکانی ببینێت. هەتا ئینقلاب بە تاکسی هاتن. هەڵمەت لە ئینقلاب هەر دوکانێک کە بیرەوەرییەکی لێ هەبوو، بەسەری کردەوە. وەها دەستی بە کتێبەکاندا دەهێنا، دەتوت ماڵاواییان لێ دەکا. لەبەر دوکانێک ڕاوەستا و لە بەرخۆیەوە وتی: هەموو شتێک لێرەوە دەستی پێ کرد.

تازەیی ناوی هەڵمەتی بۆخۆی هەڵبژاردبوو. سێ مانگێک دەبوو کە لە تاران بوو و کەم کەم ئەیویست ئیتر بڕواتەوە. هاتبوو کە لە مەیدانی ئینقلابی تاران کۆمەڵێک کتێب بکڕێ. پێشتر هیوا کە ئەودەم خوێنی بۆ شۆڕش دەکوڵا، باسی خەبات و پێویستیی چالاکیی سیاسیی بۆ کردبوو، بەڵام هەڵمەت بە قەناعەت نەگەیشتبوو کە ئاوێتەی کاری سیاسی و حزبی بێت. ئەویش لە ئێرانێکدا کە ئەم قسانە باسی سەرە. لەم دوکانە بۆ یەکەم جار **سوارە** ی دیت، کتێبێکی بە دەستەوە بوو کە بە ڕۆژنامە

بەرگی گیرابوو و بە ئەگەری زۆر کتێبێکی قەدەغە بوو. بە ئارامی بە نێو کتێبەکاندا دەگەڕا. ناوی کتێبێکی هێنا و لە خاوەنی کتێبخانەکەی پرسی کە ئەو کتێبەیان هەیە یان نا؟ کە نەیانبوو. هەڵمەت بە لەهجەکەیدا زانیی کە کوردە. لێی چووە پێشەوە و وتی: "کوردی؟"

- بەڵێ.
- زۆر باشە. ئەو کتێوە کە بۆی ئەگەڕێی، من ئەزانم لە کوێ دەس ئەکەوێ. خەڵک کام شاری؟
- دەی وەڵا گەلێک سپاست دەکەم، ئەگەر یارمەتیم بکەی. کوردم، ئیتر فەرقی چییە کام شار بێت!

لە دەربڕینی وشەکاندا بە شێوەیەک لێوی دەجووڵاند کە هەڵمەت خێرا زانیی موکریانی نییە، بەڵام فێر بووە و هەوڵ ئەدات وا قسە بکات. نەدەکرا کەڵهوڕ بێت و نەدەبوو کرمانج بێت، سەیر بوو. لەگەڵ خۆی بردی و یەک دوو کتێبخانە گەڕان و کتێبەکەیان دۆزییەوە. ئەودەم هەڵمەت لە ڕستورانێکدا ژمێریار بوو. شەوان هەر لە نێو ڕستورانەکەدا دەخەوت و جێگا و ڕێگایەکی ئەوتۆی نەبوو کە بتوانێ میوان ڕابگرێت، مەگەر ئەوەی کە ئیتر زۆر پێویست بووایە. وەکوو جارێکیان کە ئامۆزایەکی هاتبوو بۆ تاران و چەن شەوێک لە لای مابووەوە.

- ناوت چییە؟
- سوارە.
- منیش هەڵمەتم.
- ناوێکی گەلێک خۆشە، شۆڕشگەرانەیە.

بە بیستنی وشەی "شۆڕشگەرانە"، گلۆپێک لە مێشکی هەڵمەتدا هەڵکرا.

- کەواتە یان کرمانجی یان هەڤاڵی و لە نێو کرمانجان زمانت ئاوای لێ هاتە.

- نە برا، من دەبێ بڕۆم.
- بێسە مەترسە، من هەڤاڵ نیم، بەڵام جاشیش نیم، مەترسە.
- ناترسم.
- باشە. من لە شوێنێک کار ئەکەم کە زۆر بۆ میوان بردنۆ گونجاو نییە، بەڵام کێشەیەکیشم نابێ. ئەگەر پێت خۆش بێت، حەز ئەکەم لەخزمەتا بم.
- نا هەڤال گیان، دەستت خۆش بێ، گەلێک سپاس. لە سەر ئێزنت.

لە هەڵمەت جیا بووەوە و ڕۆیی. هەڵمەت قەیرێک سەیری کرد و بەڕێ کەوەتەوە. لە دوکانێکی ئاومیوەفرۆشی دانیشت و ئاومیوەیەکی خواردەوە و بیری لەو کوڕە دەکردەوە کە خۆی بە "سوارە" ناساندبوو.

"بەڕاستی خەڵکی کوێ بوو؟ لەوانەیە لەو منالانە بووبێت کە بە هۆی ئەوەی کە لە ماڵۆ بە فارسی قسەیان تەکا کردە، فێری زمانی دایکیی خۆی نەبووە و دوایی کە بە ئاگایی سیاسی گەیشتە، هەولی دا فێری کوردی بێت، بۆیە ئاوا نائاسایی وشەکانی دەرئەبڕی. یان ڕەنگە منالی دێهات و شتی وا بێت کە... ئاە... دە لیگەڕە."

لە دوکانەکە هاتە دەرەوە، لە ئێزگەی تەکسییەکان نزیک ببووە و خەریک بوو سواری تەکسییەک بێت کە کەسێک بانگی کرد. سوارە بوو.

- ئا کاکە، چی بوو؟
- هەڤال جان... هەڤال گیان هەر ئەمشەو...
- نۆکەرتم، سەر هەردووک چاوم، خۆشحاڵ ئەبم.
- لێ... بەڵام هەڤاڵ گیان، ئیتر ئەو وشەیە بەکار مەهێنە، "نۆکەرتم" مەڵێ.

وەبیر هیوا کەوتەوە، ئەویش لە سەر ئەو وشانە قەڵس بوو، کەواتە باشی بۆ چووبوو، ئەمیش هەر لەو جەماعەتە بوو.

هەڵمەت ڕووی کردە هیوا و وتی: "لەبیرتە باسی سوارەم بۆت کرد؟"

- دەی؟
- ئەو شەوە کە لە لام بوو، زۆر مشتومڕی سیاسیمان بەیەکۆ کرد، بە هیچکوێ نەگەیشتین.
- بەڵام لەبیرمە ئەو کات کە هاتییەوە بۆ لام، وتت ئەو بووە بە هۆکار کە بێیتە نێو ڕێکخستنەوە، تەنانەت لەبیرمە من پێم وتی کە...
- ئەرێ، وتت کە بۆچی بەقسەی منت نەکرد، بەڵام بەقسەی کەسێکی نەناسیاو قەناعەتت هاورد. ڕاستییەکەی ئەویش هەمان قسەکانی تۆی ئەکرد، تەنیا یەک شت بوو بە هۆی ئەوەی کە بڕوا بە ڕاستبوونی ڕێگاکەی بکەم. کاتێک کە ڕۆیشت، وتی کە ئەیەوێ بڕوات بۆ "شەهرەک غەرب"، ئەوکات من شوێنی کارەکەم لە وەنەک بوو، بۆیە پێم وت کە چۆناوچۆن بە تاکسی یان بە پاس بڕوات، بەڵام ئەو وتی بە پا ئەڕۆم. هەستم کرد پارەی پێ نییە و ڕووی نییە بێژێ، بۆیە دەستم کرد بە گیرفانما. وتی: "هەڤاڵ گیان پێویستم نییە، پارەم پێیە. بەڵام ئەم پارەیە پارەی ڕێکخستنە، ئەم پارانە خوێنییان بۆ دریا، شەهیدان خوێنیان دا، پەلەیشم نییە. هەڤالان پێڵاویان لەپا نییە، ئایسە من بە تاکسی بگەڕم؟" ئیتر دوای ئەوە هاتمۆ بۆ سەقز و لەتەک تۆا قسەم کرد و...
- وایە... یادی شاد، زوو شەهید بوو. هەڵبەت ناوی سوارە نەبوو...

- ئەرێ دەی، بەڵام چونکا یەکەم جار خۆی بەو ناوە بە من ناساند، من هەر بەو ناوە بانگم ئەکرد.

کەمێک بیری کردەوە و درێژەی پێ دا: "یەکەم جارەکان گرینگن... یەکەم جار وەکوو هیچ شتێک نییە، وەکوو دووهەم جار و سێهەم جار نییە. دووهەم جار و سێهەم جار دووبارە ئەبنەوە، بەڵام یەکەم جارەکان قەت. لەوانەیە زۆر هەڵە نەبم ئەگەر بڵێم نوستالژییەکان هەر لەم یەکەم جارانە ساز بوون."
هیوا کەم کەم خەریک بوو کۆمەڵێک بیرەوەریی بۆ زیندوو دەبووەوە، ئەو ساڵانە ساڵانێکی زێڕین بوون، ئەو سەردەمەی کە دیسان هەستی دەکرد بەقەد پەپوولەیەک پاک و بێگەردە. ئەودەمانە ژیان مانایەکی دیکەی هەبوو، هەموو شت ڕوون بوو، دەیزانی چیی لە ژیان ئەوێت، دەیزانی ئەیهەوێ چۆن بمرێت. دۆست و دوژمن دیار بوون، دنیا ڕەشوسپی بوو. دەیزانی بە چی دەناسرێتەوە، تەنانەت دەیزانی کە چی لە خۆی جێ دێڵێت؛ جۆرێک دڵنیایی و یەقین...

کەوتنەوە ڕێ و دیسان لەبەر دەرگای کتێبخانەیەک ڕاوەستان. هەڵمەت لە پشت شووشەوە سەیری کتێبەکانی دەکرد. هیوا وتی: "باشە دەی، ئەوەندە بەتاسەوە سەیری ئەو کتێبانە مەکە، پیاو بێتاقەت ئەکەی، لە هەموو شوێنێک کتێب هەیە." هەڵمەت ئاخێکی هەڵکێشا و وتی: "بۆ کتێو خوێندن ناچم، ئیتر کتێو خوێندن بەسە، کاتی کردەوەیە."

- من بەجێگای تۆیش ئەخوێنمەوە، تۆ تەنیا ئاگات لە خۆت بێت.
- بەتەمای چی بکەی؟ لێرە ئەمێنیتۆ یان ئەڕۆیتۆ بۆ سەقز؟
- ئەڕۆمەوە.

- لەبەر ئەوە ئێژم کە ئەگەر ئەمێنیتۆ کە هیچ، ئەتوانی تا شەش حەوت مانگی تر کە کرێماڵەکەم دا (مەبەستی داوەیە)، لەو ماڵە دانیشی. ئەگەریش ئەڕۆیتۆ، ئەیەم بە کەسێک تر.
- نا من نامێنمۆ، هەڵبەت لەگەڵ تۆیش نایەم.

ماوەیەک بەبێدەنگی و بەبێ ئەوەی کە هیچکامیان قسەیەک بکەن، بەپیاسە ڕۆیشتن. بە شوێنێک گەیشتن، کە خەڵک لە شتێک کۆ ببوونەوە. هەڵمەت وتی پێم وا بێ شانۆی سەر شەقام و شتەیە، با بڕۆین سەیرێکیان بکەین.

کچێک بوو کە چارشێوێکی ڕەشی دابوو بە سەریدا و ڕاوەستابوو و چەن کوڕێک بە جلی یەکدەست سپییەوە بە دەوریدا دەسووڕانەوە و ناوبەناو یەکێکیان ڕادەوەستا و کاغەزێکی بچووکی بە دەرزییەک ئەدا لە چارشێوی کچەکە. چارشێوەکەی هەموو گیانی داپۆشیبوو و تەنیا چاوەکانی بەدەرەوە بوون.

هەڵمەت وتی: "ئەمانە زۆر بەختەوەرن، ئەم هونەرمەندە فارسانە ئەڵێم. ئەوان وەکوو ئێمە ناسنامەکانیان نەدزراوە. پێویست ناکات لە هەموو شوێنێک سەرەتا خۆیان بناسێنن. یەک وشە بڵێن "ئێرانین" یان بڵێن "فارسین"، تەواوە. هەموو ژیانیان ئەتوانن بۆ هونەرەکەیان تەرخان بکەن. هەر ئەوەندەی کە هونەرمەند بن، بەسە. ئەگەر تەنانەت بشیانهەوێ شۆڕشگێڕ بن، تەنیا پێویستە سەر بە دەوڵەت نەبن. ئێمە چی؟ ئێمە وا نین، ئێمە جیاوازین لەوان. منیش حەزم ئەکرد تەنیا هونەرمەند بم. بەلام لە کاتێکدا کە وڵاتێک پێویستی بە منە کە چەکی بۆ بکەمە شان، ئیتر هونەر دەرفەتی گەشەکردنی نابێت. تەنانەت ئەگەر چەکیش نەکەمە شان و خەریکی هونەرەکەیشم بم، دیسانەوە برینێکم

لە سەر دڵە، دیسانەوە ناتوانم لەم دڵەڕاوکێیانە ڕزگارم بێت. ئەمانە پێیان وایە ئازادییەکانیان پێشێل کراوە، ئەبێ ئێمە چی بڵێین؟

هیوا لە تەنیشتەوە قەیرێک سەیری هەڵمەتی کرد، چاوەکانی دەبریسکانەوە، پێی وت: "چییە، ئەڵێی تۆیش چوویتە سەر زاراوەی ستاندارد؟"

هەڵمەت سینگی دایە پێشەوە و بە دەنگێکی دڵنیاوە وتی: "ئێمەیش ئەبێ ببینە خاوەن وڵات."

- خووم بەم شێوە قسەکردنەی تۆ نەگرتووە، هەر سەقزیی قسە بکە خۆشترە. هەموو زاراوەکان بەیەکەوە، زمانێکی بەهێز ساز ئەکەن. کەم کەم کاغەزەکان هەموو شوێنێکی چارشێوی کچەکەیان گرتەوە و تەنیا چاوەکانی بەدەرەوە بوون. هەڵمەت هەر وا کە گوێی لە هیوا دەگرت، سەرنجی دا کچەکە سەیری ئەملای دەکرد. وردتر کە بووەوە، دیتی کە بەئاشکرا سەیری لای خۆیانی دەکا. وتی: "هیوا، ئەوە ئەناسی؟" هیوا وتی بەسە با بڕۆین. لە بەرخۆیەوە درێژەی پێ دا: "یەکەم "قەت"ـم بەدرۆ کەوتەوە."

کترییە کارەباییەکەمان هاواری لێهەڵئەستێ. پیاڵەیەک دێنم و قەیرێک دادەنیشم، هەتا دەم بکێشێ. هاوسەرەکەم چاییەکم بۆ تێ ئەکات و ئەڵێ: "ئیتر ناتوانین لەم هۆتێلەدا بمێنینەوە." ڕاست ئەکا، ئێمەی کە لەم هۆتێلەین، تەنیا لە یەک شتدا هاوبەشین، ئەویش ئەوەیە کە هەموومان پەنابەرین. ژیان لەگەڵ ٢٠٠ کەسی دیکە لە یەک هۆتێلدا، ئەویش لە زستانی جەمسەری باکووری زەوی کە جاری وایە یەک حەفتە لەبەر سەرما ناتوانی بڕۆیتە دەرەوە و پێش ڕەقبوونەوە بگەڕێیتەوە، شتێک

لە زیندان باشترە. ٢٠٠ کەس بە چەندین دین و مەزهەبی جیاوازەوە دەورەیان داوین. ٢٠٠ کەس کە هەمیشە دەنگیان دێ. دەنگەدەنگ و هەراهەرایان خەو و ژیانی لێ تێک داوین. ئەمە شەش مانگە بەدڵی خۆم نەنووستووم. بریا هەموویان برایم ئەبوون. برایم بوون، لانی کەم ئازاری خەڵکی تر نادات.

چاییەکەم ئەخۆمەوە و ئەڕۆم کە دیسان لەگەڵ سۆفیا قسە بکەم، بەڵام هەر کە لە دوورەوە چاوم بەو چاوە سارد و بێڕۆحانەی دەکەوێ، پەشیمان ئەبمەوە و دێمەوە سەر. سەیرێکی سەر دەستم دەکەم کە هیچ شتێکی لە سەر نەنووسراوە و لەخۆوە خۆشحاڵ دەبم. دەرگاکە دائەخەم و بەبێ ئەوەی کە بمەوێ، بزەیەکم لە سەر لێوە و ئەڵێم: "ڕاست ئەکەی، ئەبێ بڕۆین."

## ٤٣.

ڕۆژی دواتر، درەنگانی ئێوارە هەڵمەت جانتا بچووکەکەی بەست و بۆ دوایین جار بە نێو ئاپارتمانەکەیدا سوورێکی خوارد. لە پەنجەرەوە سەیرێکی دەرەوەی کرد، کە بێبەزەییانە وەکوو ئەوەی کە هیچ ڕووی نەدابێت، هەموو شتێکی لە جێگای خۆیدا بوو. بیری کردەوە مرۆڤ چەن زیانبارە و تەنیایی و ئارامیی چەن دوورن. هەناسەیەکی هەڵکێشا و وتی بڕۆین.

- ئەو کەسەی کە باست کرد، کەی دێ؟
- تا تۆ نەڕۆی، ئەو نایێ، ئەتناسێ. حەزم نەکرد لەگەڵ یەکتر بەرەوڕوو بنۆ. زۆر کەس لە ناو ڕێکخستن ڕقیان لە تۆیە. زۆر قسە لە دواتۆ ئەکرێ، بەدڵنیاییۆ ئەویش کۆمەڵێک شتی لەملاولا بیستە.

هیوا کە هەوڵی ئەدا دواساتەکانی بەیەکەوەبوونیان بەبێ دڵئێشان و ناڕەحەتی بێت، بەئارامی وتی: "ئەرێ دەی، هەمیشە خەڵکانێک هەن کە لە دەرفەت ئەگەڕێن. هەر کە دیتیان کەسێک کەوتووەتە بەر هێرش، بەجێگای ئەوەی کە دەستی هێرشکەران بگرن، خۆیشیان لەگەڵ ئەکەون و تەنانەت بۆ ئەوەی کە بیسەلمێنن چەندە هاودڵن، لەوانیش خراپتر دەکەن، لاشەخۆرەکان."

- بەهەرحاڵ، بەباشم نەزانی یەکتر ببینن، وتم ڕەنگە بتەوێ سێ چوار ڕۆژێک بمێنیتۆ. بەوم وت حەفتەیەکی تر بێت، کلیلەکەیشم پێ دا. تۆیش ئەگەر ڕۆیشتی، کلیلەکەت لە ژێر درگاکەوۆ بخە ناوۆ. بڕۆین؟

هیوا لە ژێر چاوەوە سەیرێکی هەڵمەتی کرد و بەخێسەیەکەوە وتی: "بڕۆین."

**ترمیناڵ غەرب**، شەوانە کەسایەتییەکی جیاوازی هەیە. بەیانی تا لای ئێوارە زۆر قەرەباڵغ و پڕهاتوهاوارە، بەڵام شەوان بێدەنگی و تاوان و گڵۆپی لێ دەچۆڕێ. لە دەرەوە لە سەر چیمەنەکانی دەوروبەری ترمیناڵ و لە ناوەوەش لە سەر کورسییەکان، خەڵکن کە ڕاکشاون و خۆیان سپاردووەتە دەست شەو و بێدەنگی. هەمیشە ئەم کاتانە چەن ئافرەتێکی سووراووسپیاو کردوو کە بە شێوەیەکی بەزەبزوێن یان باشترە بڵێم "رقت انگیز"، بە پێڵاوە پاژنەبەرزەکانیانەوە بە نێو خەڵکدا پیاسە دەکەن و بۆ موشتەری دەگەڕێن، دەبینرێن.

بلیتبڕەکە ئەگەرچی زۆر قەڵەو نییە، بەڵام کراسەکەی لەبەریدا تەنگە و دوگمەکانی سەر زگی وەختە ببچڕێن. هەر وا کە بلیت بۆ خەڵک دەبرێ، زووزوو دەستێک دەبا بۆ زگی و باوێشکێک ئەدا. نۆبەی ئەوانە و هەڵمەت ئەچێتە پێشەوە و قسەی لەگەڵ ئەکا. هیوا ئەگەرچی لە تەنیشت هەڵمەت ڕاوەستاوە، بەڵام دەنگیان نابیستێ. گمەگمێک وەکوو دەنگی

ژێر ئاو دەگاتە گوێی، هەست دەکا هەناسەی نایەتە سەر. سەیر ئەوەیە کە ئەم بارودۆخە نایترسێنێ، باشترە بڵێم تەنانەت فریای ترسانیش نەکەوت. ڕەنگە تەنیا چەن چرکەی برد، دوای ئەوە دەنگی هەموو دنیا بە چرکەساتێک ڕژانە نێو گوێیەوە. بلیتبڕەکە بە نێوچاو ترشاوی پرسیاری کرد: "چەن کەسن؟" هەڵمەت سەیرێکی هیوای کرد و وتی: "هەر خۆمم، یەک کەس."

ئۆتوبوس هەتا چەن دەقەی تر بەڕێ ئەکەوێ. ئەڕۆنە لایەوە و هەڵمەت جانتاکەی ئەدا بە شاگرد شۆفیر کە بیخاتە سندووقەوە و لەگەڵ هیوا باوەش بە یەکدا دەکەن.

- سڵاوی هەڤاڵان بگەیەنە، لەوێش هەر بە سەقزی قسە بکەی ها.
- ئا ئا، لەوێیش نایەڵم ئاڵای سەقز بکەوێت.
- بە هەڤاڵ ڕێزان بڵێ: من هێشتا لە سەر جێبەجێکردنی پرۆژەکەم سوورم، خۆی ئەزانێت.
- پێم وا بێت ئەزانم کام پرۆژە ئێژی...

هەردووکیان ئەیدەن لە پێکەنین، پێکەنینێک کە بێکۆتا دەینواند، هەردووکیان چاویان شێدار ببوو، بەڵام گریانیان نەدەهات. هەڵمەت سەر کەوت و لە پشت شووشەی ئۆتوبوسەکەوە بۆ دوایین جار دەستی ڕاوەشاند و هیوا زانیی کە ئیتر نایبینێتەوە.

" پێیان بڵێ

پاسارییەک بە لێواری ئێوارەوە نیشتووەتەوە و

سڵاوی گەزیزەکانی دەگەیاند

ئەوانەی کە بە سەر زستاندا دەگوڕێنن.

پەپوولەپاییزە بڕۆ و دڵنیا بە

کە لەبیرم ناچیتەوە "

وڕ ببوو، بەسەختی توانیی بێتەوە بۆ ماڵەوە. بە پلیکانەکاندا سەر کەوت و دەرگاکەی کردەوە، لەناکاو گەورەیی کارەساتەکە وەکوو کێوێک لە بەرانبەریدا سەری لە عەرز دەرهێنا. "ئەگەر شتێکی لێ بێت؟ ئەگەر شەهید بێت؟" هیوا خۆی بە بەرپرسیاری یەکەم دەزانێت. ئەو بوو کە هەڵمەتی بەشداریی ڕێکخستن کردبوو، هەڵبەت ئەمە دەگەڕاوە بۆ چەن ساڵ لەمەوبەر...

ئەرێ ئەمەیش هەیە، بەڵام ئەمە تەنیا بەردێکی بچووکی ئەو کێوە مەزنەیە کە لە بەردەم هیوا شین بووە. هیوا هاوکات کە هەست بە تاوانی هەبوو، هەستی بە شەرمەزارییش دەکرد. هەستی بە تەنیایی دەکرد و دەیان هەستی بێناوی ناخۆشی دیکە... بەڵام دیسانیش ئەمانە تەنیا بەشێکی بچووک لەو کێوی کارەساتە بوون. شێعرێکی هەڵمەتی وەبیر هاتەوە:

"هەر وا بەرێگەوەم ڕفێق

برینێک لەگەڵ خۆم کێش دەکەم

خۆمم

کە ئازای ئەنامی پێناسەکەم

خوێنی لێ ئەچۆڕێ."

نا، ناتوانێ ئاوا ئەمشەو بگەیەنێتە بەیانی. چاوی کەوت بەو کتێبەی کە لە سەر مێزەکە دانرابوو، بۆ یەکەم جار توانیی ناوی کتێبەکە بخوێنێتەوە: "خۆمێک لە خۆمە ونبووەکان." بە خۆی وت، ئەمە لە ڕۆژی یەکەمەوە لێرە بوو. لێرە بوو؟ هەستی کرد کتێبەکە زیندووە. سیگارێکی هەڵکرد و لەبەر پەنجەرە کێشای. کتێبەکە سەیری دەکرد. ئەویش ئەیویست سیگارێک بکێشێت، یان لانیکەم مژێک لە سیگارەکەی هیوا بدات. هیوا ڕووی کردە ئەو و وتی: "هەموومان ئەبێ ڕۆژێک تەرکی بکەین."

جانتاکەی لە بەردەستدا بوو، کردیەوە و کتێبەکەی تێ خست. مۆبایلەکەی هەڵگرت و ژمارەیەکی گرت.

- کەم ملت با بدە، ناتوانی وەکوو کونەبوو سەرت بسووڕێنی.
- ...
- هەر ئەوەندەی کە شەوان ناخەوی، بەسە بۆ سەلماندنی ناوەکەت
- ...
- لە کوێ داتبەزاندم؟
- ...
- ئەرێ ئەرێ
- ...
- ڕاست لەوێم
- ...

- چاوەڕێم.

دەرگاکەی داخست، بەڵام کە ویستی کلیلەکە لە ژێر دەرگاوە بخاتەوە ناوەوە، کەمێک ڕاما. لە بەرخۆیەوە وتی: "ماڵئاوا ئەی خەفتە ڕازاوەکان، ماڵئاوا." دانەواوە و کلیلەکەی بەخشکە بە ژێر دەرگاکەدا خستە ئەو دیوەوە.

بە پلیکانەکاندا هاتە خوارەوە، گڵۆپە فلۆرسەنتەکەی نهۆمی دووهەم خێرا خێرا هەڵدەبوو و دەکوژاوە و دوایین پەلەقاژەکانی پێش سووتانی دەکرد. دەرگایەک کراوە و هیوا کە چاوی بە شەوارە کەوتبوو و سەری لە گێژەوە دەهات، هەوڵی دا لە درزی درگاکەوە کەسەکە ببینێت، بەڵام تەنیا توانیی بۆ چرکەساتێک دوو چاوی ترسەنۆکی ژنانەی گەورەگەورە لە نێو تاریکی و ڕووناکیی دووپاتەدا بدۆزێتەوە کە لە درزی درگاوە سەیری دەرەوەیان دەکرد. دەرگاکە داخراوە و هیوا کە چاوی ئیتر خەریک بوو هیچ نەبینێت، دەستی بە دیوارەوە گرت و بە پێپلیکانەکاندا هاتە خوارەوە.

لە خوارەوە "ئاغە مەنسوور"ی دیت، کە بە پلیکانەکاندا سەر دەکەوت. هیوا بیری کردەوە: "مەگەر ماڵیان لێرە نەڕۆشتووە؟ چۆن تەنیا خۆی گەڕاوەتەوە؟"

ئاغە مەنسوور بەبێ ئەوەی هیچ بڵێ، هەر وا کە بزەیەکی بلْحانەی لە سەر لێو بوو و چاوی زیت کردبووە، وەکوو ڕۆبۆتێک کە ئیرادەیەکی لە خۆی نەبێت، بە تەنیشتی هیوادا درێژەی بە ڕێگاکەی دا و سەر کەوت. هیوا بانگی کرد: "ئاغە مەنسوور، لێرە چی ئەکەی؟" بەڵام ئەو هیچ وەڵامێکی نەداوە و وەک بڵێی بەدەم خەوەوە بەڕێدا ئەڕوات، لە پێچی پلیکانەکاندا و لە نێو هەڵبوون و کوژانەوەی گڵۆپەکەی نهۆمی

سەرەوەدا بزر بوو. هیوا لەبەر خۆیەوە وتی: کەواتە ئەو چاوە ترسنۆکە ژنانانە... .

"گەڕانەوە چارەنووسی مرۆڤە

نەبا، کەی مردن چێژی دەبوو؟

کەی مردن نهێنیی دەبوو؟

گومانی دەبوو؟

نەبا، کەی ژیان ئەفسوونی دەبوو"

**.٤٤**

هێشتا شەقامەکان قەرەباڵغ بوون کە هیوا لە ماشێنەکەی عەلی دابەزی، لەبەر دەرگای پارک ڕاوەستا. لە دوورەوە دیتی کە کەسێک لە سەر کورسییەکە خەوتووە. پەنجەرەی ئەو ماڵەی کە دەیڕوانیە نێو پارکەکە، کرابووەوە و کەسێک لە پشت پەنجەرە سیگاری دەکێشا. هیوا سیگارێکی دەرهێنا و نای بە لێویەوە، بەڵام هەڵێنەکرد و گەڕاوە بۆ لای عەلی. لە بەرخۆیەوە وتی: "لە سەر سنوورەکان سێوێکی بەنەوش هەرام دەکات."

- چی؟
- کەس چاوەڕێت نییە لە ماڵەوە؟
- کەس!
- لەگەڵ سەفەرێکی دوورودرێژ چۆنی؟

عەلی دەستێکی هێنا بە سەریدا و بە قامکە گەورەکەی نێوچاوانی خوراند و دەمی تا پەناگوێی ڕیچ کردەوە و وتی: "سەفەری دووقۆڵی؟ تێدام... ئەزانی چیت پێ ئێژم؟ تێدام."

- کەواتە بڕۆین؟
- بڕۆین، بەڵام بۆ کوێ؟
- با بڕۆین، ڕێگا بۆخۆی پێمان ئەڵێ، گرینگ ڕۆشتنە.

"گرینگ نەفەوتانی سەفەرە لە سەر لێوی پەپوولەپاییزە."

بە تەنیشت مەیدانی ئازادیدا تێپەڕین. هیوا بۆ دوایین جار بەوردی سەیری کرد. شەرئەنگێزانە چاوی تێ بڕی و خێسەی لێ کرد هەتا لێی دەرچوون، پاشان برۆیەکی هەڵخست و سووکەسەرانە دەستی کرد بە قسەکردن لەگەڵ عەلی. زۆری پێنەچوو کە لە یەکەم سەیتەرەی (عەوارزی) تاران دەرچوون. عەلی وتی: "خۆ لەگەڵ خێراڕۆشتندا کێشەیەکت نییە؟"

هیوا سەری هێنایە پێشەوە و لە ئاوێنەکەی لای دەستی خۆیەوە سەیرێکی دواوەی کرد و وتی: "نە خێرا بڕۆ و نە هێواش، جوان بڕۆ. جوان بە، جوانبوون ژیانە."

- بە چاوان، سەرۆک.

دیار بوو لە دوا قسەی هیوا شتێکی هەڵنەکڕاندووە. سەیرێکی هیوای کرد کە هێشتا سیگارەکەی بەهەڵنەکراوی بە لێوەوە بوو و وتی: "ڕاستی هیوا یانی چی؟"

هیوا کوشنەکەی دایە دواوە و کەمێک بەپارێزەوە سەری خست بە پشتدا و کاتێک کە دڵنیا بوو شتێکی لێیە کە سەری ڕاگیر بکات، ئاسوودە پاڵی داوە و وتی: "زۆرم خەو دێت، ئەزانی چیت پێ ئێژم؟"

## ٤٥.

جارێکیان بە سۆفیام وت: خەریکم ڕۆمانێک دەنووسم و ئەگەر ئاوا بەردەوام بیت، لە ڕۆمانەکەدا وەکوو کەسایەتییەکی نیگەتیڤ باست دەکەم. وتم: دەتکەم بە دراکولا.

وەک بڵێی هەر لەگەڵ ئەویشم نەبووە، چاوە بووکەڵەییەکانی سێ چوار جار ترووکاند و وەکوو کونەبوو سەری کەمێک لار کردەوە و هەر واکە چاوی بڕیبووە چاومەوە وتی: بەم کارەت تەنیا تەمەنم درێژتر دەکەیتەوە.

پێکەنین گرتمی. وتم ئاگادارم، بەڵام نووسین تەنیا کارێکە کە دەیزانم. پێم نەوت کە ڕقم لێی هەڵنەگرتووە. بەهەرحاڵ، بڕوای نەدەکرد. بەڵام سەیر بوو، ئەو قسە حەکیمانەیەی لە کوێوە هێنا؟ لێی نەدەهات.

ئەمڕۆ لەگەڵ هاوڕێکەی برایم دا قسەم دەکرد. بڕیارە بڕۆین سەرێکی لێ بدەین. لە باشووری وڵاتە و بەدڵنیاییەوە ئاووهەواگۆڕینێک خراپ نابێ بۆمان. لە ئێستاوە بیر لەوە دەکەمەوە کە چۆن بتوانم لەگەڵ ئەم کابرا هەڵ بکەم. کەسایەتییەکانی نێو چیرۆکەکان، تەنیا بۆ نێو چیرۆک باشن. لە نێو چیرۆکدا قسەیان لەگەڵ دێت، بەڵام لە دەرەوە کەمێک جیاوازە. ئەزانم ئەویش وەکوو سوێدییەکان دوای سڵاو ئەڵێ: دانیالم. کەواتە منیش ئەبێ ئاگادار بم کە لەو چرکەساتەدا ناوی خۆمم لەبیر نەچێتەوە. ئینجا باسی زیرەکی خۆی ئەکات کە چۆن ناوی خۆی لە **عەبدوڵا** وە گۆڕیوە بۆ **دانیال** کە هەم کوردی بێت، هەم فارسی بێت و هەمیش ڕۆژئاوایی بێت کە ئەحیانەن لە هیچ شتێکدا زەرەری نەکردبێت و هیچ دەرفەتێکی لەدەست نەدابێت.

هێشتا خووم بەوە نەگرتووە کە دوای سڵاوکردن، سەرەتا خۆم بناسێنم (ئیتر سالانێکە خوو بە شتێک ناگرم کە خۆم دامنەهێنابێ). هەمیشە دوای سڵاوکردن، ئەڵێم: چۆنی؟ جاری وایە تەنانەت پێش سڵاوکردن ئەڵێم: "چۆنی؟"

لە زمانی کوردی و زمانەکانی دیکەی ڕۆژهەلاتی ناویندا، دوای سڵاوکردن لەگەڵ کەسێک، تەنانەت ئەگەر یەکەمجاریش بێت کە یەک دەبینین، ئەڵێین: چۆنی؟ تەنانەت ئەگەر نەشیناسین، هەر حاڵێکی لێ دەپرسین جا دوایی ئەگەر پێویستی کرد خۆمان دەناسێنین. بەڵام لە سوێد یان لانی کەم لەم باکووری سوێدە کە ئێستا تێیدا دەژیم، ئەو جۆرەی کە تێگەیشتووم وا ناکەن. سڵاو ئەکەن، خۆیان ئەناسێنن و هێندەک کاری دیکەش دەکەن کە من هیچی لێ تێناگەم و دوایی ئەگەر دەرفەت هەبوو، ئەڵێن: چۆنی؟

سەیرە. "چۆنی؟"، گرینگترین بەشی پێوەندییە مرۆییەکانە. چۆن ئەتوانن ئاوا بیخەنە پەراوێزەوە؟ تەنیا لەبەر ئەوەی کە بەرانبەرەکەیان ناناسن!

لە پشت پەنجەرەی ژوورەکەمان دانیشتووم و سەیری ڕووبارێکی پانوبەرینی ڕچبەستوو دەکەم کە تا سێ چوار مانگ لەمەوپێش ڕەوان بوو. دوو کەس بە متۆڕی سەر بەفر، بە سەر ڕووبارەکەدا بەرەو یەکتر دەڕۆن. بە یەک دەگەن و ڕادەوەستن و من هەوڵ ئەدەم لەم دوورەوە کە وەکوو دوو مێلووره دەیانبینم، شیمانە بکەم بزانم چی بە یەکتر ئەڵێن، بێسوودە.

بەدڵنیاییەوە ئەوان باسی کۆمەڵێک شت دەکەن، کە ئێمە بۆمان گرینگ نییە. وەکوو ئەم هەموو ساڵەی کە بەسەر دوایین دیتنیدا تێئەپەڕێ و دڵنیام بۆ بۆ ئەم دوو کەسە نە گرنگە و نە واتایەکیشی بۆیان هەیە.

دوایین جار کە دیتم، پێی گرتبوو. لە نێو مۆڵێکی قەرەباڵغدا هەوڵی دەدا دەستی لە دەستی دایک و باوکی دەربهێنێت. سەیری دواوەی دەکرد، سەیری من. پێکەنیم و وتم: چۆنی؟ بێدەنگ پێکەنی.

دایکی بوو کە وتی: "سۆژین، گوڵەکەم ماندوو بووی؟ بتکەمە باوەش؟" سۆژین! سۆژین؟ بەڕاستیتە؟!! ئاهـ بەڵێ، بەدڵنیاییەوە دەبوو هەر وایشی لێ بێت. زمان زمان زمان... . زمان کە هەموو شتێکە و هیچ شتیش. باشە، بەهەرحاڵ ناوێکە ئیتر؛ سۆژین.

هەمیشە هەموو شتێک وا ناچێتە پێش کە دەبێ، یان باشترە بڵێم وا ناچێتە پێش کە دەمانەوێ، هەمیشە کۆمەڵێک لادان لە بنەما هەیە، کۆمەڵێک هەڵە، کۆمەڵێک هەڵبژاردنی ورد و بەڕواڵەت بێبایەخ، بەڵام بێگومان تەنیا بە ڕواڵەت.

لە باوەشی دایکیدا دیسان سەیری دواوە دەکات، سەیری من. دیسان بە دەنگێک کە خۆیشم نایبیسم، ئەڵێم: چۆنی؟ چاو ئەبڕێتە نێو چاومەوە و دیسان پێدەکەنێ... بێدەنگ بێدەنگ.



نیگاری سێهەمی هەستی کە ساڵانێک دواتر گەیشتە دەستم.